# گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق

## "دەستەی کورد"




بەرگی بیستەم ١٩٨٩

---

چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق

بەغدا

# گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق

## "دەستەی کورد"

بنکەی ژین

بەرگی بیستەم ١٩٨٩

چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق

بەغدا

دەستەی نووسەران :

دکتۆر جوامێر مجید سلیم ــ سەرۆك

دکتۆر حسن کتانی ــ ئەندام

عبداللطیف عبدالمجید گلي ــ ڕازگر

بنکەی ژین

# دیوانی

# شێخ ڕەزای تـاڵەبانی

ڕاستکردنەوەی و ، پاککردنەوەی لە هەڵەو ، لێزیادکردنی بـە هـەر چـوار زبانـەکەو ، مەبەستلێدانەوەیـانو ، سـەرباس بۆدانانیانو ، فهرستبۆنووسینی بە قەڵەمی :

**شێخ محەمەدی خـاڵ**
ئەندامی کۆڕی زانیاریی عیراق

## پێشـەکی

هەموو زانایەکی پێگەیشتوو وە دانایەکی تێگەیشتوو ئەزانێ کە دیوانی شیعر باشترین نموونەی بەرزیی کۆمەڵەو گەلە بەڵـکو نیو شیعرێك تـای ترازووی گەلێکە ، وە بە دووتای ئەم ترازووە کۆمەڵەو گەل ئەکێشرێ ، وە سەنگو سووکیی دەرئەکەوێ .

گەلی کورد لەبەر سافیی ئاسمانیو ، بەرزیی شـوێنیو ، جـوانیی چەشمەندازیو ، مامناوەندیی « اعتدال » هەوایو ، کزەیبای بەیانیانیو ، شنەی شەماڵی نیوەڕوانیو ، سـۆزەی بـای ئێوارانیو ، جریوەجریوی ئەستێرەکانیو ، تریفـەتریفی مانگەشـەویو ، نـەرمو شـلیی هەتـاوی نیوەڕوانی ، هەموو یەکێکیان بە ژنو پیاوەوە شاعیری مادەرزادو وێژەری زکماکن ، لەبەر ئەوە ئەتوانم بڵێم بە قەد ئەستێرەی ئاسمان شیعرو شاعیرمان تیاهەڵکەوتووە .

داخی گرانم ئەگەر شیعری هەموو شاعیرەکانمان کۆ بکرانایەتەوە لە وەختی خۆیا ، ئێستا بە سەدەها دیوانمان ئەبوو ، بەڵام بەداخەوە لە هەزارا

یەکێکیان شیعریان نەنووسراوەو کۆنەکراوەتەوە ، وە لەگەڵ مردنی خۆیان ، شیعرەکانیشیان مردوونو تێژراون ، وە بە بێ ناوونیشـان چوونەتـەوە بیابانی نەبوونی ، تەنانەت ناوی شاعیرەکانیشمان پێنەگەیشتووە ، ئەم دە پانزە بیست دیوانەی کە ئێستا لەناومانا هەن بە چاپکراوو دەستنووسەوە هەر شاعیری ناوچەی خۆمانن لە دوو سەد ساڵ لەمەوپێشەوە ، ئنجا ئـەبێ شاعیرانی کوردستانی گەورە لە دەوروبەری بابا تاهیری هەمەدانییەوە کە هەزار ساڵ لەمەوپێش بووبنو چەند بووبنو چۆن بووبن ، ئەمە مـەگەر هەر خۆی بزانێ ، یەکێك تەماشای باسی شارەزوور بکات لە کتێبی « معجم البلدان»ی یـاقووتی حەمەویدا ، یـا تەماشـای وتـارە بە نرخـەکەی خوالێخۆشبوو دکتۆر مصطفی جواد بکات لە ژێر سەرباسی «جاوانی»دا کە لە جزمی یەکەم لە جلدی چوارەمی گۆڤاری کۆڕی زانیـاریی عیراقدا بڵاوکراوەتەوە ــ تێدەگات کە هەر شارەزوور بە هەزاران شاعیرو نووسەرو وێژەری تیاهەڵکەوتووەو (دائرة المعارف)ی سەدەی بیستەم ژیانی زۆریانی نووسیوە لەگەڵ نووسینی زۆر لە چامەو چەکامە «غەزەلو قصیدە»یان •

باشە شاعیرە کۆنەکانی دەوری بابا تاهیری هەمەدانی ئەگەر فەوتـابن لەبەر دووریی‌و بەسەرهاتی ڕۆزگاری بەدکردار ، ئەی شاعیرەکانی دەوری خۆمان بۆچی شیعرەکانیان فەوتاون ؟ زۆر دوور نەڕۆین ئەوە شێخ ڕەزای تالەبانی کە پێنچی مێژەرێکە کۆچی دواییکردووە ، وە تا ئێستا دوو جـار دیوانەکەی لەچاپدراوە ، بەڵام بەداخەوە لە دە ، یەکێکی کۆکراوەتەوە ، وە ئەوی کۆشکراوەتەوە هەمووی پڕە لە هەڵەو سـاتمەو کەمو کووڕیو کورتو کوێری ، بێ گومانم شێخ ڕەزا بە قەد « کەلیم »(۱) شیعری فارسیو

---

(۱) کەلیم شاعرێکی ئێرانییە ، کە لە حاشیەکانی سـەر سـویطی دا پێی ئەڵێن : ابو طالب شیعرەکانی تا بڵێیت بەرزو بە ڕێزو بەپێزو سـۆزە ، تا ئێستا ــ وا بزانم ــ لەچاپنەدراوە ، وێنە «نسخە»یەکی زۆرچاکم هەیە کە پێیئەڵێن نسخەی سەر خەزینە .

به قەد نامق کمال شیعری تورکیو بە قەد نالیو سالم شیعری کوردیی بووە ، بەڵام ــ بەداخەوە ــ بەشی زۆریان لەناوچوونو کوا شیعرەکانی بە هەر چوار زبانەکە ؟ چییان لێهات ؟ بۆچ مەردێك لە خزمەکانی خۆی شیعرەکانی کۆنەکردۆتەوە ؟ یا بۆ خۆی لە دەفتەرێکا هەمووی تۆمارنەکردووە ؟ دیوانم نەدیوە بە قەد دیوانی شێخ ڕەزا بەدبەختو وێرانبێو هەڵەی تیابێ • ئنجـا ئەم هەڵانە دوو جۆرن :

یەکەمیان هەڵەی زۆرزلن ، وە لەو هەڵانەن کە بە کێردەکەی مەلای مەزبووره بکرێنرێ[2] وەك ئەم شیعرانە کە لە لاپەڕە ١٣دا نوسراون لـە پیتی جیمدا کە ئەڵێ :

ئەم دەغڵە کە تەسلیمی ئەکا شێخ بە هەجیجی
نوقسانی ئەکا هەر لە تەغارێ دە کەویجی
ئەسڵو نەسەبت دۆمە لە من بووی بە هەجیجی
بێمروەتو ، ئینصافو ، حەرامزادەوو بیجی

کە ئەبوو لە پیتی (یێ)دا بنووسرانایە نەك جیم ، چونکە دوایی‌یەکەیان یێ‌یە •

هەروەك ئەم چوارینە فارسی‌یەی کە لە لاپەڕە (١٨٥)دا نووسراوە کە ئـەڵێ :

گویند کە چون وطء کنی عرش بلرزد [3]
عەرشی کە بەیك وطء بلرزد بچە ارزد
مایيم یکی حجرەء تاریك کە دروی

---

(٢) ئەڵێن ڕۆژێك مەلای مەزبووره کێردێکی تیژی دەمپـانی دەمدرێژ ئـەکا بەبەر پشتێنەکەیا ، کە ئەچێ بۆ مزگەوت لێی‌ئەپرسن مەلا ئەم کێردە زلە چی‌یە  ئەویش ئەڵێ : هەڵەی کتێبی پێئەکرێنم ، ئەوانیش ئەڵێن : هەڵەی کتێب بە چەقۆیەکی پچکۆلانە ئەکرێنرێ • مەلاش ئەڵێ : هەڵەی وا زل هەڵئەکەوێ بەم کێردە نەبێ ناکرێنرێ .

(٣) وطء : چوونە لای ژنە بە حەرامی .

صد بچه بگاییم‌یکی خشت نلزرد

که ئەمە هی عوبەیدی زاکانی‌یە وەك پیرەمێردیش بەسەریەوە نووسیویە، کەچی بە هی شێخ ڕەزا دراوەتە قەڵەم •

وە هەر وەك ئەم شیعرە کە لە لاپەڕە (٧١)دا نووسراوە کە ئەڵێ :

نەجابەت کەی لە تۆدایە لە دوو چاڵی چەتیوت بەم

حەمەی «تووڵینە» بەم تووڵە لە قووڵینەی هەتیوت بەم

کە ئەمە هی شاعیری جوانەمەرگ ڕەشیدی لاوەیە ، نەك هی شێخ ڕەزایە بەو بەڵگەیەی کە لە ژینی ڕەشیدی لاوەدا نووسیومەو بڵاوکراوەتەوە •

هەروەها هەڵە زلەکانی تری یا چوارینەیەو تاقە شیعرێکی لێ‌نووسراوە وەك لە لاپەڕە (١٩٢)دا کە بە فارسی ئەڵێ :

مخوانید آیت توحید رهبان کلیسارا

خر عیسی چه داند ذوق حال (خرموسی)را

شیعرەکەی تری کە ئەڵێ :

رموز عشق عالم سوزرا پیر مغان داند

خبر نبود زحال طور سینا پور سینارا

هەڵبوێرراوە •

وەیا چوارینەیەو لەناو تاکەکانا نووسراوە ، وە هەر شیعرێکی کەوتۆتە لایەکەوە ، وەك ئەم شیعرە کوردی‌یە کە ئەڵێ :

ئەی مادەری گیتی تو هەتا ئێستە نەزاوی

زاتێکی وەکو مفتی ئەفەندی زەهاوی

شیعرەکەی تری کە ئەڵێ :

مومکین نی‌یە ئیدراکی حەقائق بە تەواوی

مومکین نی‌یە ئیدراکی نەکا زیهنی زەهاوی

له لایەکیترا بە تاك نووسراوە.

یا ئاخر شیعری چامەیە ، کە ئەبێ بکەوێتە دوای هەموو شیعرەکانەوە، کەچی کەوتۆتە ناوەڕاستی چامەکەوە ، وەك چامەی ( ئەی تەل ) لە لاپەڕە ( ٨٥ )دا ، کە ئاخر شیعرەکەی لە ناوەڕاستی چامەکەدا ئەڵێ :

یـارب بحق آل علی پایەدار کن
جاه و جلال‌و حشمت روحی فداهرا

یا لە چامەیەکا دوو شیعر هەڵبوێرراوە ، وەك لە لاپەڕە (٨٧)دا کە لەو چامەیەدا شیعری پێنجەمی هەڵبوێرراوە کە بە فارسی ئەڵێ :

سرنگون از طارم نیلی فتادی برزمین
همچو نابینا که ناگه أندرافتد چاهرا

لەگەڵ شیعری دوانزەهەما کە ئەڵێ :

تا أبد این خسرو فیروز فرخ جاه باد
گردش گردون بکام ناصرالدین شاهرا

یا لە چامەیەکدا شیعرێك هەڵبوێرراوەو شیعرێکیش پاش‌و پێش خراوە، وەك لەو چامەیەی کە لە صلحی تاڵەبانی‌و ساداتی سلێمانی‌دا وتراوە بە فارسی، شیعری چوارەمی هەڵبوێرراوە کە ئەڵێ :

در جبههء ایشان نبود قابل انـکار
انوار سیادت که به عیوق رسیداست

شیعری دووهەمی کە ئەڵێ :

کرکوك چرا برهمه آفاق ننازد
امروز که آفـاق این سه حفیداست

ئەبێ ببێ بە شیعری سێهەم .

یا ئاخر شیعری چامەیەك هەڵبوێرراوە ، وەك ئەو چامەیەی کە لە مدحی شێخ مصطفای حفیدا وتراوە کە ئەڵێ :

بندەات شیخ رضا تو فراموش مکن
ایکه در بارەء ارباب هنر با انصاف

وە وەك ئەو سێ شیعرەی کە لە سەری لاپەڕەی (١٥٨)ەوە نووسراوە کە شیعری چوارەمی هەڵبوێرراوە کە ئەڵێ :

ما بخدمت نرسیدیم ولی میشنویم
قهرماناست درین ناحیەء کردستان

وە ئەو دوو شیعرە فارسی‌یەی کە لــە لاپەڕە (١٨٩)وە نوسراوە کە شیعری سێهەمی هەڵبوێرراوە کە ئەڵێ :

من خداوند شاعران هستم
تو همانا رسول من هستی

پێویستە ئەمەش فەرامۆش نەکەین کە شەوێك ڕەحمەخانی دایکی کاك فائق هوشیار کە کچی خوالێخۆشبوو پیرەمێردە لەگەڵ دادە پەروینی کچیا هاتن بۆ ماڵمان ، منیش داوای دیوانەکەی مەولانا خالیدم لێکرد کە بــاوکی کردوویەتی بە کوردی تا ماوەیەك لە لام بێ ؛ ئەویش وتی بە خوا لای مــن نی‌یە لای فایقە ، بەلام کتێبێکی ترم لە لایە ئەوەت بۆ ئەنێرم ، بەیانی خــۆم ناردم بۆ کتێبەکە ، کە بۆی ناردم بینیم دیوانی شێخ ڕەزایە چاپی دووەهەم ، ناوبەناو پیرەمێرد بە ڕەحمەت بێ قەڵەمی تێ‌بردووە ، بەلام بەداخەوە کەمی لێ‌چاك‌کردووە ، دوای ئەوە هەرچەند شیعرێکی شێخ ڕەزام دەست‌بکەوتایە کە لە دیوانەکەیا نەبووایە لە قەراغی نوسخەکەی پیرەمێردەوە ئەم نووسی ، یا هەڵەیەکم بەرچاو بکەوتایە خێرا نوسخەکەی پیرەمــێردم چــاك‌ئەکرد ، بەڕاستی دۆزینەوەی ئەو لەتە دیوانەو بوونی نوسخەکەی پیرەمێرد زۆر هانەهانەیان دام لەسەر ئارەزووەکەی خۆم کە خزمەتی دیوانەکەی شــێخ ڕەزا بوو ، وە بڕیارم لەسەر داو ناوی خوام لێ‌هێنا •

دووەهەمیان هەڵەیە لە پیتێك یا لە ووتەیەك یا لە زیاتر لە ووتەیەکدا ،

ئەم جۆرەیان ئێجگار زۆرە ، وە بە سەدەها هەڵەی وای تیایە ، هەر چێکمان ڕاستکردەوە لە کاتی چاپکردنا ڕاستەکەی ئەنووسین ، بەڵام لە پەراوێزا ئەنووسین کە لە چاپی پێشوودا وا نووسراوە ، تا ڕاستەکەی باش دەرکەوێ ، جا لەبەر ئەوەی کە هەڵەی ئەم دیوانە ئێجگار زۆرە حەزمکرد خزمەتێکی ئەم دیوانە بکەم ، وە پێشەکی یەکی بۆ بنووسم ، وە هەڵەکانی بە پێی توانا ڕاستبکەمەوە ، وە زۆر شیعری شێخ ڕەزا بە هەر چوار زبانەکە کە لە ماوەی بیست سی ساڵی ڕابوردوودا دۆزیومنەتەوە لە کەشکۆڵو ، بەیازو ، پشتی کتێبە دەستنووسەکانا ، وە لە چاپی پێشوودا نەنووسراون ـ تێکەڵی شیعرەکانی تری بکەم هەر یەکە لە جێی خۆیدا ، وە ئەو شیعرانەی کە گرانن ، مەبەستیان لێ بدەمەوە ، وە ئەوانەی کە سەرباسیان بۆدانەنراوە بۆیان دابنێم لەگەڵ زۆر شتی‌ترا ، من لەم بیرەدا بووم ڕۆژێ کتێبێکی دەستنووسی کۆنی نامەخانەکەی خۆمم لە دۆڵاب دەرهێنا ، کە کردمەوە تەماشا ئەکەم لەتە دیوانێکی زۆر کۆنی شێخ ڕەزای تیایە کە ناوبەناو چەند پەڕەیەکی نەماوە ، وە شیعری کوردیشی تیا نی‌یە ، بەڵکو شیعری تورکی زۆری تیایە لەگەڵ هێندێ چامەو چەکامەی فارسی‌و چەند دانەدانەیەك شیعری عەرەبی ، شیعرە تورکی‌یەکانیم کە بەراوردکرد لەگەڵ شیعرە تورکی‌یە چاپکراوەکانا بینیم ۹۹ شیعری تیایە کە لە دیوانە پێشووەکەدا نین .

هەروا بیستم کە کاك حسن جاف بەڕێوەبەری قوتابخانەی «کاژاو» زۆر شیعری تورکی شێخ ڕەزای لە لایە ، داوام لێ‌کرد کە بۆم بنێرێ ، کەناردی ئەبینم دەفتەرێکە سی‌و یەك پارچە شیعری تورکیی شێخ ڕەزای تیایە ، وە ئەم دەفتەرە لە دەفتەرێکی‌تر وەرگێراوە کە هی شێخ نەجیبی برازای شێخ ڕەزایە ، وە ئەم شیعرانە زۆریان چامەن ، وە هێندێکی پێنج خشتەکین ، ئەوانیکەی تری یا پارچە «قطعە»ی سێ شیعری‌و چوار شیعرین ، یا چوارینەن یا تاکن وە هەمووی (۱۸۲) شیعرە وە لەگەڵ ۹۹ شیعرە

تورکی‌یەکانی لەتە دیوانەکەی لای خۆم کردی‌یە ٢٨٦ شیعری تورکی ، ئەمانە جگە لەو شیعرە کوردی‌و فارسی‌و عەرەبی‌یانەی کە چارەکە چەرخ « ربع قرن »ێکە کۆم کردوونەتەوە •

بەڵێ دیوانی شێخ ڕەزا ئەم هەموو ساتمەو هەڵەیەی تیایە ، لەگەڵ ئەوەی کە خانەوادەی تاڵەبانی خانەوادەیەکی زۆری ناوداری خوێندەواری ئاگادارن بە پێشکەوتنی ڕۆزگار لە هەموو ڕوویەکەوە ، کە یەکێکیان چاپ‌و چاپەمەنی‌یە ، وە ئەبوو ئەمانیش ئاورێکیان بدایەتەوە لەم دیوانە ، وە هەموو عێراق‌و تورکیاو ئێرانیان بپشکنیایە ، وە هەموو کون‌و قوژبنێکیان سەنگ‌وسووژن بدایە بۆ دۆزینەوەی تاقە شیعرێکی ئەم شاعیرە بەهرەمەندە ، تا ئەمڕۆ دیوانی شێخ ڕەزاش وەك دیوانی شێخی سعدی‌و خواجە حافظی شیرازی‌و قائانی لەچاپ‌بدرایە ، بەڵام بەداخەوە خزمەتێکی ئەم دیوانەیان نەکرد ، بەڵکو ئەویشی کە کۆی‌کردۆتەوە نەگەڕاوە بە دووی شیعرەکانیا وە هەوڵێکی تیانەداوەو هەڵەیەکی ڕاستنەکردۆتەوە ، وە چی لەبەر دەستیابووە بە هەڕەمەیی لەچاپی‌داوە ، بە هەموو هەڵەو کەم‌و کووڕی‌یەکەوە ، خولاسە ئەوەی شێخ ڕەزا بەم خەڵقەی کرد بە جنێوو‌پلار ، ئەوانەی کە دیوانەکەی ئەویشیان لە چاپدا گەلێ خراپتریان بە دیوانەکەی ئەو کرد ، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەم هەموو جنێوە تاڵ‌و ناشیرینانەی کە بەم خەڵقەی داوە ، بە جۆرێکی وا ئاوێتەی کردووە لەگەڵ شیلەی ئەدەبا هەڵی شێلاوە، ئەگەر لەم گۆشەیەوەلێی وردبینەوە لە ڕەنگی هەنگوینی پالاوتە شیرین‌ترو خۆشترە بە ڕەنگێکی وا کە وێژەری بەڕاستی بە وێژەکەیەوە خەریك ئەبێ وە ناپەرژێتە سەر وردبوونەوە لە جنێوەکانی •

ناجی هورمزی بریکار «وەکیل»ی پارێزگار بوو لە سلێمانی ، وە نووسەرێکی وێژەیی بوو لە تورکیدا ، جارێکیان باسی وێژەری تورکی خوالێخوشبوو ئەمین زەکی بۆ ئەکردم ئەیوت : سێ جار کتێبی « عراق

تأریخی» امین زەکیم خوێندەوە ، ئەوەندە وێژەکەی بەرزو بـالاّو جوانو ڕەوان بوو هەموو جارێك لە جوانیو ڕەوانی وێژەکەیا نقوم ئەبـووم وە ئاگام لە تەئریخەکەی نەئەما • شیعرە جنێوەکانی شـێخ ڕەزاش ئەمەنـدە وێژەکەی بەرزو بالاّیـە ، یەکێك ئەگەر لـە کوردیدا وێـژەر بـێ کە خوێندییەوە ئاگای لە جنێوەکانی نامێنێ •

ئەی وێژەری بەرزو بالاّ توخوا ئەگەر تۆزێ وردنەبیتەوە لەم شیعرەکە جنێوێکی زۆر پیسە کە ئەڵێ :

بەسە بۆ دەفعی ئەعدا چاوەکەم قەڵغانی سیمینت

هەزار مارتین بە قوربانی تفەنگی لوولە چەرمینت

کەچی ئەوی جلەوکێشی تەماشـا بێ وێژەو داڕشتنەکەیەتی نەك جنێـوو هەجوەکەیە • توخوا داڕشتنی ئەم شیعرە مەستت ناکات لە ماناو مەبەسـتا بە ڕەنگێك کە جنێوەکەت لەبیر بەرێتەوە •

هەموو گەلێك شاعیری زەممی هەیە بە زۆری ، بەلاّم ئێمە هەر شـێخ ڕەزامان هەیە ، لە لایەکیترەوە ئەم جۆرە ئەدەبو وێژەیە زۆر جیاوازە لەگەڵ هەموو شێوەکانیتر لە ئەدەب ، نەخوازەلاّ ئەم وردەکارییەی کە شێخ ڕەزا کردوویەتیەکار لە جنێودانـا •

ئێمە لەم ڕووەوە تەماشای ئەم هەجوانە ناکەین کە ئەم زەلاّمانە کێنو کێنین ، وە شایستەی ئەم جنێوانەن یان نا ، بەڵکو لـەم ڕووەوە تەماشای ئەکەین کە جۆرە ئەدەبێکی تایبەتییەو ، وێنەی لە هەموو زمانێکا هـەیە ، وە نەبوونی مایەی کەلێنو کەلەبەرێکی ئێجگار گەورەیە لە وێژەی گەلا •

جگە لەمە ، دیوانەکانی تر هەموو شیعرەکانیان لە یەك ئەچن ، وە ئەڵێی بە گوێچکەی یەکیانا چرپاندووە ، بەلاّم دیوانی شێخ ڕەزا وا نییە ، بەڵکو زۆر شتی وای تیایە کە هێشتا نەبیستراوەو نەوتراوە لە کوردیدا •

زەممەکانی شێخ ڕەزا گەلێ جۆرن ، هێندێکیان بێپەردەن وەك ئەم شیعرەی کە لە زەممی شێخ حمیدناوێکا ئەڵێ :

بەسە بۆ دەفعی ئەعدا چاوەکەم قەڵغانی سیمینت
هەزار مارتین بە قوربانی تفەنگی لوولەچەرمینت

هێندێکیان لە ژێر پەردەیەکی تەنکان ، بەم ڕەنگە دوو مانای هەیە ، بە مانایەکیان زەممەو بە مانایەکیان زەم نی‌یە ، وەك ئەم شیعرەی کە ئەڵێ :

شێخ حەسەن ئیعلانی حەربی کرد لەگەڵمان بۆ کەرێ
سەیری کەن یاران چ گۆبەنگێکی گێڕا ئەم کەرە

مەبەس لەم کەرە یا ئەو کەرەیە کە شێخ حەسەن ئیعلانی حەربی لەسەر کردووە ، بەم مەعنایە زەم نی‌یە ، یا شێخ حەسەن خۆیەتی ، بەم مەعنایە زەممە • لەم جۆرە زەممانە زۆری هەن لەم دیوانەدا •

هێندێکیان لە ژێر پەردەیەکی ترایە وەك ئەم شیعرە فارسی‌یە کە ئەڵێ :

نه تودرپیش مریدان چوشکر شیرینی
بەخودا ای پسر شیخ تو هرجا شکری

واتە وەنەبێ‌تۆهەر لای مریدەکانی باوکت شیرین‌بیت ، بەخوا ئەی کوڕی شێخ لە هەموو شوێنێك تۆ هەر شیرینیت •

نوکتەکە لەم عیبارەتەدایە کە ئەڵێ ( تو هر جا شکری ) ئەگەر مەبەست ئەوە بێ کە تۆ لە هەموو شوێنێك شەکری ئەوە مەدحە ، وە ئەگەر مەبەست ئەوەیە کە تۆ جاشەکەری ئەوە زەممە ، ئەمەش لە نووسینا • بە فاریزەیەك جیائەبنەوە ، بەم ڕەنگە ئەگەر فاریزەکە لە دوای ( جا )وە بێ ئەوە مەدحە ، وە ئەگەر لە دوای ( هر )ەوە بێ ئەوە زەممە ، ئەممـا لە خوێندنـەوەدا ئەگەر لە دوای ( جا )وە ئیستێکت‌کرد ئەوە مەدحـە ، وە ئەگەر نەتـکرد ئەوە زەممە •

هێندێکیان له ژێر پەردەیەکی ئەستوورایە بە ڕەنگێــکی وا ئــەگەر ڕاڤەنەکرێ کەم کەس تێیئەگات ، وەك ئەم چوارینەیەی کە لە زەممی شێخ علی کاکیدا ئەڵێ :

شێخ علی خۆ تۆ منت ئاوارەکردو دەربەردەر
چاکە هەجوێکت بکەم ئەمما موفیدو موختەسەر
بۆ حەمەی وەستا فتاح خۆ تۆ منت ئاوارەکرد
ئەی حەمەی وەستا فتاح دایکت بە کێری تێرەکەر

کەم کەس ئەزانێ هەجوە موفیدو مختەسەرەکەی شـێخ علی لــەم چوارینەیەدا کامەیە، شێخ علی نەکەیت بە تێرەکەرەکە هەجوەکە دەرناکەوێ •

لەم زەممەدا ئاماژە « ئیشارە »ش هەیە بۆ قسەیەك کە بڵاوبۆتەوە لــە کاتی خۆیا کە شێخ علی ــ بە ڕەحمەت بێ ــ سووکەنکاحێکی خستۆتەسەر دایکی حەمەی وەستا فتاح ، چونکە جوانکیلە بووە ، وە هەمیشەش لە ماڵی شێخ علیدا ئیشی کردووە ، وە ئاوی دەستنوێژی شێخی داوە •

هێندێکیان لەمەش نادیارترو پۆشیدەترە ، وەك ئەم شیعرەی کە لــە هەجوی شێخ حمیدی تاڵەبانیدا وتوویەتی ، وە من لــە کاك حــەمە بۆرم بیستووە کە ئەڵێ :

کە نییەکەی فەقێ قادر چ ڕەعناوو زەریفە
بە تاپۆ هی حمیدەو تصرفی لەتیفە

حمید ئاغاو لطیف ئاغا دوو شێخی تاڵەبانین ، ڕەعناو زەریفێ دوو ژنی شێخ حمیدن ، ئەم دوو شێخی تاڵەبانییە یەکی کانییەکیان بووە بە نــاوی کانی فەقێ قادرەوە ، کە بە سەر زەمینی ئەویکەی تریانا ڕۆیوە ، کەنی : کچە ، ئەیێژرێ : کەنی وەرە ، واتە کچێ وەرە ، هەر وەك کورتە «مختصر»ی کانیشە ، ئیتر خۆت تێبگە •

بێ گومانم ئەگەر لە مەیدانی شیعرو شاعیرێتی‌دا تەختێکی ڕەوانبێژی دابنرایــە لە هەر چــوار زبانەکەدا شــێخ ڕەزا لەناو هــەموو شــاعیرانی کوردەواری‌دا ئەچووە سەری دائەنیشت ، وە ئەبوو بە شــای شــاعیران « أمیر الشعراء » . بەڕاستی لە کوردی‌و فارسی‌و تورکی‌و عەرەبی‌دا کەم کەس هێشووی لە پشتەوە کردووە ، وە ئەو حازربەدەستی‌یەی کە ئەو بوویــەتی کەس نەی‌بووە ، لە هەر زمانێك لەم زمانانەدا کە دێتە پێشەوە ئەڵێیت شۆڕە سوارێکی شەنگ‌و شۆخە وا بەسەر پشتی ئەسپێــکی کوێــتی باڵــەبانی چوارپەل‌سپیی ڕەسەنەوە، بە ئارەزووی خۆی لە دەشتێکی تەختی پان‌و پۆڕی نەرمانا دەمێ بە ڕەوت‌و دەمێ بە نەرمەغار چەرخەو مەقەستە ئەکاو دەمــێ بە تاو دێت‌و ئەچێ‌و لنگ ئەداو دەمێ جاریش لەپڕ بە پرتاو دێــت‌و ئــەڕوا وەك بروسکە لەچاو ون‌ئەبێ ، وە تەماشاکەران بێ پەروا ئەبلەق ئەبن‌و واقیان وڕئەمێنێ ، وە چەپڵەڕێزانی بۆ ئەکەن‌و ئافەرینی ئەکەن .

ئەگێڕنەوە ئەڵێن زانایەکی گەورە لە شێخ ڕەزا ئەپرسێ ئــەڵێ : شاعیرێکی زۆر بەرزو ڕەوان لە کوردی‌دا کێ‌یە ؟ هەروا لە فارسی‌و لــە عەرەبی‌و لە تورکی‌دا کێن ؟ شێخ ڕەزاش ئەڵێ : شاعیری وا لە کوردیــدا مصطفی بەگی صاحێبقرانە ، وە لە فارســیدا فیردەوســی‌و لە عــەرەبی‌دا موتەنەببی‌و لە تورکی‌دا نامیق کەمالە ، لە هەر چوار زبانەکەشا کاکی خۆتە .

بەڵێ شێخ ڕەزا هەروەك شــیعری زەممی هەیە شــیعری مەدحیشی هەیە ، بەڵام چونکە شیعری زەم بە تێکڕایی کەمترە لەناو شاعیرەکانمانا ؛ شیعرە زەممەکانی شێخ ڕەزا زۆر ئەنوێنن ، بەڵکو هەر ئەم دەبینرێ ، وە شیعرەکانی تری نایەتە بەرچاو ، بە هەمە حاڵ شێخ ڕەزا شاعیرێکی زۆر هەڵکەوتوو بووە چ لە زەم‌و چ لە مەدحا بە ڕەنگێك کە یەك لە یەك بەرزترو باڵاترن ، بەڵکو ئەوەندە بەرزو باڵایە لە شیعرو لە شاعیرێتی‌دا سەرۆکایەتیی شیعری لە چەرخی خۆیا وەرگرتووە ، وە بــە ترازووی ئەدەب شــاعیرانی کێشاوەو پلەی بۆ داناون .

شاعیری بەناوبانگ ئەمین فیضی بەگ ئەگێڕێتەوە ئەڵێ منو شێخ ڕەزا لە بەغداد بووین ، لەو ماوەیەدا دوو پیاوی گەورە لە لایەن سوڵتان عبدالحمیدەوە دەربەدەر « نفی » کرابوون بۆ بەغداد وە لەوێ دەستبەسەربوون ، یەکێکیان کازم پاشای برای سوڵتان عبدالحمیدو ئەوی تریان نظام العلماء ــ کە دانایەکی گەورەی شیعە بوو ، ئەمین فیضی ئەڵێ : ڕۆژێ شێخ ڕەزا پێی وتم بابچین بۆ لای ئەم دوو پیاوە گەورەیە بۆ بەخێرهاتنیان ، ئەمین فیضی ئەڵێ : یەکەم جار چووین بۆ لای کازم پاشا ، لە دیواخان دایان‌نابن ، تا کازم پاشا هات بۆ لامان ، شێخ ڕەزا پێی وتم من بە تورکی نیو شیعری بۆ ئەڵێم تۆش نیو شیعرەکەی تری بۆ تەواو کە ، وتم : باشە ٠ ئەمین فیضی ئەڵێ : ئیتر شێخ ڕەزا نیو شیعرەکەی خۆی پێ‌نەوتم ، وە منیش لێم نەپرسی ، کازم پاشا کە هات شێخ ڕەزا وتی :

دولتك صادقه سی چوق یشا پاشا (١)

ئەمین فیضیش کوتوپڕ ئەڵێ :

کیمسه اولماز سنا مانند و معادل حاشا (٢)

کازم پاشا زۆری پێ‌خۆش ئەبێ ، وە بەو بۆنەیەوە هەردوکیان ئەناسێ وە سەرەتای ناسیاوی‌یان لەم دوو نیو شیعرەوە دائەمەزرێ ٠ ئنجا لەوێوە ئەچن بۆ لای نظام العلماء ، شێخ ڕەزا بە ئەمین فیضی ئەڵێ : لێرەش من بە فارسی نیو شیعری بۆ ئەڵێم ، تۆش نیو شیعرەکەی‌تری بۆ تەواوکە ، کە ئەچن شێخ ڕەزا ئەڵێ :

انتظام همه عالم بەنظام العلمااست (٣)

ئەمین فیضیش ئەڵێ :

---

(١) واتە هەربژیت ئەی پاشا بۆ خۆتو ڕاستی‌و دڵسۆزیت بۆ دەوڵەتت .
(٢) واتە کەس نی‌یە کە ببێ بە وێنەو هاوتای ئێوە لەم دڵسۆزی‌یەدا .
(٣) واتە ڕێکیی هەمووو جیهانی‌یان بە جەنابی نظام العلماوەیە .

این سخن مظهر تصدیق جمیع حکماست (٤)

لەوێ کە هەڵ ئەستن شێخ ڕەزا بە ئەمین فیضی ئەڵێ : ئافەرین ئەمین فیضی ، بە ڕاستی کە من مردم هەر تۆیت کە جێگام بگریتەوە بە تەواوی . لەمەوە دەرئەکەوێ کە شێخ ڕەزا ویستوویەتی ئەندازەی شاعیریی ئەمین فیضی تاقی بکاتەوە ، بۆیە نیو شیعرەکانی خۆی پێ نەوتووە .

هەروا جارێکیان چەند شاعیرێکی کەرکووکی ئەچن بۆ لای شێخ ڕەزاو دائەنیشن لە لای ، وە کۆڕێك ئەگرن لەناو خۆیانا بە شیعروتن ، شێخ ڕەزاش شیعرەکانیان پەسەند ناکا وە بەم شیعرەی پاشوو تێیان ئەگەیەنێ کە پایەو پلەیان لە شاعیرێتیدا چییە ، ئەڵێ :

چونکە شاعیر زۆر بووە لەم عەسرەدا

بۆتە حەشری تێرەکەر لەم حوجرەدا

هەروا جارێکیان احمد پاشای بابان لە ئەستەنبووڵ شێخ ڕەزا بانگ ئەکا بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ ، وە لەگەڵ ئەوا هەشت نۆ کەس لە گەورە پیاوانی ئەستەنبوولیش بانگ ئەکات ، احمد پاشا بە شێخ ڕەزا ئەڵێ : چەند کەسێکیشم لە پیاوماقووڵانی ئەستەنبووڵ بانگ کردووە ، پێت ناڵێم کێن وە هەموو شیان ئەناسیت ئنجا کەهاتن ئەگەر کوتوپڕ سەرو شعرت بە سەردا هەڵدان ئەوا خەڵاتێکی زۆر باشت ئەکەم ، بە ڕێکەوت یەکەم کەس کەدێ «شیروان زادە»ی بغدادی ئەبێ کە لەگەڵ دێتە ژوورێ کوتوپڕ شێخ ڕەزا ئەڵێ :

رایت عدل برافراشت ز نو ، شیروانی

آفرین باد براین شیوهء نوشیروانی

---

(٤) واتە ئەم قسەیە جێی بڕوای هەموو تێگەیشتوویەکە .

واتە بەیداخی دادی سەرلەنوێ هەڵدا شیروانی ، ئافەرین بێ لـەو شێوەی نەوشیروانی‌یە .

بەم ڕەنگە بەرودوا هەرچی دێ شیعرێکی جوانو ڕەوانی بۆ ئەڵێ ، لەپاشا احمد پاشا خەلاتێـکی قورسو قەڵـەوی شێخ ڕەزا ئـەکات ، وە شیعرەکانی لای احمد پاشا ئەمێنێتەوە ، بەڵام داخەکەم نازانین ئەم شیعرانە چی‌یان لێ‌هاتووە .

ئەگێڕنەوە ئەڵێن : چەند وێژەرێك دەچن بۆ دیدەنی شێخ ڕەزا ، شێخ ڕەزا پێ‌یان ئەڵێ : ئەمڕۆ تۆزێ ماتم تکائەکەم هەر یەکێکتان چەند شیعرێکی جوانی شاعیرێکی کۆنم بۆ بخوێنێتەوە ، هەر یەکە چەند شیعرێکی جـوانی شاعیرێکی بۆ ئەخوێنێتەوە ، یەکێکیان زۆر تەعریفی غەزەلێکی نالی ئـەکا ، وە لە یەکەم شیعرەوە دەست‌ئەکا بە خوێندنەوەی ئەڵێ :

ئەی سەروی بلندقەددو برۆتاقو مەمك‌جووت

کابرا لێرەدا ئەوێستێ ، هەرچەند ئەکا نیو شیعرەکەی تری بـۆ نایەت وە شێخ ڕەزاش زۆر بە ئارەزووەوە چاوەڕوانی نیو شعرەکە ئەکات ، کابراکە هەربۆی نایەت ، شێخ ڕەزا ئەڵێ : نیوشـیعرەکەم بۆ بخوێنـەرەوە ، کە ئەیخوێنێتەوە شێخ ڕەزا ئەڵێ :

فەرقی نەبوو ئەم شیعرە لەگەڵ میزو لەگەڵ گووت

شێخ ڕەزا برایەکی بووە لە خۆی گەورەتر ، ناوی شێخ قـادر ، وە شاعیرێکی باش بووە بەڵام هەر بە تورکی وە هەر لە تصوفا شیعری وتووە ، ڕۆژێ نیـو شـیعری تـورکی ئـەڵێ لـە ئەحـوالی گیـانی خۆیـا زۆری پێ‌جوان ئەبێ ، بەڵام هەرچەند ئەکات نیو شیعرەکەی تری بۆ نایەت، نیو شیعرەکەی ئەمەیە کە ئەڵێ :

می او می ، ساقی او ساقی ، حالت او حالت دگل

واته عەرەق هەر عەرەقەکەی جارانو عەرەق گێر هەر عەرەق گێرەکەی جارانە ، بەلام چۆنێتیو مەستی‌یەکە چۆنێتیو مەستی‌یە کەی جاران نی‌یە ، شێخ قادریش بە شێخ ڕەزا ئەلێ : ڕەزا ئەم نیو شیعرەم وتووە ، هەرچەند ئەکەم نیو شیعرەکەی ترم بۆ نایەت ، بزانە تۆ تەواوی ناکەیت ، ئەمیش ئەلێ نیو شیعرەکەی تۆ چی‌یە ؟ کە بۆی ئەخوێنێتەوە کوتوپڕ بۆی تەواو ئەکات بەلام لە پەردەیەکی گاڵتەو قەشمەری‌دا ئەلێ :

گوت او گوت ، تفرك او تفرك ، آلت او آلت دگل

واتە قنگ هەر قنگەکەی جارانو تف هـەر تفەکەی جارانە ، بـەلام هۆکار « آلەت »ەکە هۆکارەکەی جاران نی‌یە .

کە لەگەل وا ئەلێ شێخ قادر وەك بەرداشـێك بسالێ بـەسەر سنگیا هەرچی هەستو هۆش بێ لەسەریا نامێنێ ، گۆزەلەیەکی پڕ لە ئاوی لـە تەنشتەوە ئەبێ ، پڕی پیائەکا کە بی‌مالێ بە سـەری شێخ ڕەزادا ، شـێخ ڕەزاش خێرا هـەڕا ئەکاو شێخ قادر بە دوایەوە ، ناچار خـۆی ئەکا بـە ژوورەکەی شێخ علی کاکیا ئەلێ : شێخ هاوار لە دەست شێخ قادرە بۆزە ، کوشتمی بەگۆزە .

## باووباپیرانی شێخ ڕەزا

شێخ ڕەزا کوری شێخ عبدالرحمانی کوری مەلا احمدی کوری مەلا محمودی زەنگەنەیی‌یە ، ئەم مەلا محمودە لە سالی ۱۱۳۰ هـ لە دایك بووە ، لەپاشا لە مزگەوتەکان وە لە لای مەلا باشەکان خوێندنی تەواوکردووە ، بووە بە امام لە دێی «ڕەمەزانمامك» لە نـاوچەی زەنگەنە ، وە لە سالی ۱۱٦۰هـ شێخ احمدی هیندی لە هیندستانەوە هاتووە بۆ زیارەتی بغدا ، لە پاشا ڕێی ئەکەوێتە دێی ڕەمەزانمامك وە ماوەیەك لەوێ ئەمێنێتەوە ، وە مەلا محمود اجازەی تەریقەتی قادریی لێ وەرئەگرێ ، لەپاشا شێخ احمدی هیندی لەوێوە ئەچێ بۆ « سووورداش » لەوێ بە دەستی مریدێکی خۆی ئەکوژرێو لەوێ

ئەنێژرێ ، مەلا مەحمود لەپاش چەند ساڵێك چەند مریدێك لە گەڕەکی تەکیە پەیدا ئەکات ، ئەم مریدانە ژوورێكو هەیوانێکی تیا دروست ئەکەن ، مەلا محمود هەموو ساڵێك بۆ دیدەنیی مریدەکانی هاتووە بۆ لایان ، ساڵی ١٢١٥ھ کە دێ بۆ لایان لەوێ نەخۆش ئەکەوێو ئەمرێ وە لەو ژوورەدا ئەنێژرێ .

لە ساڵی ١١٩٤ھ مەلا احمدی کوڕی مەلا محمود لەدایك بووە ، وە ئەمیش وەك باوکی خوێندوویەتی تا بووە بە مەلایەکی باش، لە ساڵی ١٢٥٧ھ کۆچی دوایی‌کردووە ، وە لە ژوورەکەی باوکیا نێژراوە .

لە ساڵی ١٢١٢ ھ شێخ عبدالرحمانی کوڕی مەلا احمد لە دایك بووە ، وە لە ساڵی ١٢٧٥ھ کۆچی دوایی کردووە ، شێخ عبدالرحمان وەك باوكو باپیری زانایەکی زۆر باش بووە .

شێخ عبدالرحمان سێ کوڕی بووە شێخ علیو شێخ قادرو شێخ ڕەزا ، شێخ علی لە ساڵی ١٢٤٨ھ لەدایك‌بووە ، وە لە ساڵی ١٣٣٠ھ کۆچی دوایی کردووە ، وا دەرئەکەوێ کە شێخ علی وەك شێخ ڕەزاو شێخ قادر هەوەسی لە شیعروتن نەبووە ، بەڵکو ئارەزووی زانینو زانیاری بووە ، لەبەر ئەوە دوای دەست‌کردنی بە خوێندن بە شەش حەوت ساڵ چووە بۆ مەدرەسەی زانای بەناوبانگ مفتی زەهاوی لە بەغدا وە لە لای یەکێك لە فەقێ بەرزەکانی مفتی دەرس‌ئەخوێنێ ، مانگی ڕەمەزان دێ یەکەم شەو مفتی ئەیەوێ چەند ئامۆژگاری‌یەکی خەڵقەکە بکات وە چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەریان بۆ بخوێنێتەوەو مەبەستیان بۆ لێ‌بداتەوە ئەنێرێ بە شوێن شێخ علی‌دا کە سی شەوەی ڕەمەزان هەموو شەوێك قورئانیان بۆ بخوێنێ ، شێخ علی کە دێ بە تەریقی‌یەکەوە ئەڵێ : بە خوا قوربان قورئانم لەبەر نی‌یە ، بەڵام خوا یار بێ بۆ شەوی ئەم جەژنە حازر ئەبم بە ڕەنگێك کە لە هەر لایەکەوە بفەرموون لە قورئان بۆتان بخوێنم ، شەوی جەژن ئەچێتە خزمەت مفتی ئەڵێ : قوربان بەم مانگە هەموو قورئانم لەبەرکردووە ، لە کوێوە ئەفەرموون تا

بۆتان بخوێنم ، مفتی زۆر ئافەرینی ئەکات و دای ئەنێ و دەست ئەکات بە قورئان خوێندن لەبەر ، وە بەو بۆنەیەوە شێخ علی بە ڕەحمەت بێ هەموو قورئانی لەبەربوو تا مردن ، هەروەك فەرموودەیەکی زۆری پێغەمبەریشی لە بەربووە ، خوا لە هەموو لایەکیان خۆش بێ ، وە پەردەی بەخشش و میهرەبانیی خۆی بدا بە سەریانا .

شێخ ڕەزا لە سالی ١٢٥٣هـ = ١٨٣٧م لە دێی قرخ لە ناوچەی چەمچەماڵ لەدایك بووە ، لە تەمەنی حەوت سالیدا لای باوکی دەستی کردووە بە خوێندن ، لەپاشا چەند کتێبێکی سەرەتایی لای شێخ عبدالغفوری مامی خوێندووە ، هەر وەك ماوەیەکیش لای مەلا باشەکانی کەرکوك خوێندوویەتی ، ئنجا ئەچێ بۆ کۆیە ، وە لە مەدرەسەی زانای بەناوبانگ جەلی زادە مەلا ئەسعدی باوکی حاجی مەلا عبدالله دائەمەزرێ ، وە لەگەل حاجی مەلا عبداللەی کوڕی مەلا ئەسعدو شاعیری بەناوبانگ کەیفیدا پێکەوە فەقێ ئەبن لە مزگەوتی گەورەی کۆیە ، وە هەرسێکیان لە ژوورێکا ئەبن ، وە پێکەوە موتالا ئەکەن و دەرس ئەخوێنن و گوێ لە دەرسی یەکتری ئەگرن ، لەپاشا زویری ئەکەوێتە ناوەندی شێخ ڕەزاو کەیفییەوە ، وە هەر دوولا شیعری زۆر سەخت و خراپ بە سەر یەکا هەڵئەدەن ، بە ئەندازەیەك کە شێخ ڕەزا بە کەیفی ئەڵێ :

شاعر چو توی لب لبانت ریدم

وز فرق سرت تا بدهانت ریدم

کەیفی لەوەرامی ئەم شیعرەدا بە شێخ ڕەزا ئەڵێ :

فرقی نه چنان بود میان سرو (ك)م

ای ریدی به (ك)م گوزری گوت به (ك)م

کەیفی بەم شیعرە زویرییەکەی ناوەندی خۆی و شێخ ڕەزای کرد بە

شەڕەجنێوی کۆڵانەکان ، لەبەر ئەوە حاجی مەلا عبدالله خەبەری دا بە باوکی ، وە مەلا ئەسعد کەیفی دەرئەکا لەسەر شێخ ڕەزا .

وا دیارە شێخ ڕەزا چەند ساڵێك لە کۆیە ماوەتەوە ، وە خوێندنی هەر ئەوە بووە کە لەوێ خوێندوویەتی ، بەڵام خوێندنێکی باشی خوێندووە ، وە (نحو)و (صرف)و (بلاغە)یەکی زۆر چاکی تیاوەرگرتووە ، وە لەو ماوەیەدا بێ گومان گوێی لە زۆر دەرسی تریش گرتووە لە هەموو عیلمەکانا ، ئەم جۆرە هەڵکەوتوانە وەك موسەجیلە وان هەرچێکیان بەرگوێ کەوت خێرا وەری ئەگرن ، وە لە بیریان ناچێتەوە .

لە خوا داواکارم بە میهرەبانیی خۆی بارانی خۆش بوون و لێ بوردن و چاوپۆشی بباریێنێ بە سەر گۆڕی پڕ لە نووریانا ، وە گیانی پاکیان بە بەهەشتی بەرین و فیردەوسی خۆی شاد بکات .

ڕۆژێ نەبوو ئەم دلبەرە بێ ڕەحمە وەفا کا
جارێ نەبوو ئەم کافرە شەرمێ لە خودا کا
حەیرانن ئەطیبا لە عەلاجی مەرەزی من
لوقمانی وصالت مەگەر ئەم دەردە دەوا کا (١)
کارێ کە غەم و دەردی فیراقت بە منی کرد
سەرما بە هەتیو با بە دەواری شڕی ناکا
دیوانەیە شەخسێ کە بە غەیری لەبی لەعلی

---

(١) لقمان : کوڕی ( باعوراء )وە خوشکەزای (ئەیوب) پێغەمبەرە ، بەشێ زۆری زانایان لەسەر ئەوەن کە پێغەمبەر نەبووە ، بەڵکو زانایەکی دانا بووە ، وە خوا ئامۆژگاریەکانی پەسەندکردووە بۆیە لە قورئانا بۆمان ئەگێڕێتەوە . ( لقمانی وصالت )واتە وەصلت وەك لقمانی حەکیم دەرمانی هەموو دەردێکە .

وەك شاهی سکەندەر تەڵەبی ئاوی بەقا کا (٢)
تاب و تەبی ئاتەشکەدەیی هیجری وەکوو شمع (٣)
نزدیکە منیش ڕەهڕەوی سەحرایی فەنا کا
لەم ڕێگەیە تەقدیری ئەزەل وابوو کە ئێمە (٤)
پامالی جەفابین و ڕەقیب سەیرو سەفا کا
ڕۆح و دڵ و دین هەرسێ ئەکەم بەذل و نشاری (٥)
کامی دڵی من گەر لە لەبی لەعلی ڕەوا کا
سەردانێ لەڕێی عشق «ڕەزا» لازمە عاشق
بۆ یار، سەرومالی سوپەری تیری قەزا کا

## عەشیرەتی جاف

خەڵقینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا (٦)
مێروولە نەچێ چاکە بە گژ قوللەیی قافا

---

(٢) جاران دەنگ بلاوبووە کە لەوپەڕی جیهانەوە تاریکستانی‌یەك هەیە کانی‌یەك ئاوی سازگاری تیایە پێی ئەڵێن ئاوی بەقا، واتە هەر کەسێك لێی‌بخواتەوە هەرگیز نامرێ وە هەر ئەمێنێ، هەروا بلاوە کە ئەسکەندەر زۆر گەڕاوە بە دوای ئەو ئاوەداو نەیدۆزیوەتەوە، واتە هەرکەسێك لەسەر لێوی دلبەرا ـ کە ئەڵێی لەعلی بەدەخشانە ـ تالبی ئاوی بەقا بێ شێتە، ئەگینا عەودالی ئەویان ئەبوو نەك ئەمیان .

(٣) ئاتەشکەدە : جێگای ئاگرە لە عیبادەتخانەی ئاگرپەرستا . ڕەهڕەوی : لە چاپی پێشوودا «واردی» . سەحرای : لە چاپی پێشوودا «سەحرائی»یە، واتە تاوو گڕی کوورەی هیجرانی نزیکە منیش وەك مۆم بسووتێنێ و بمبا بۆ دەشتی نەبوونی .

(٤) تقدیری : لە چاپی پێشوودا «تقدری»یە . ڕەقیب : جاسووسی ناپاك.

(٥) هەرسێ : لەچاپی پێشوودا «هەرسیە». بەذل : بەخت‌کردن . نشار : شاباش‌کردن .

(٦) ئەم تیرەی جافە دوو سەدو پەنجا ساڵ لەمەوپێش باپیریان ظاهر بەگ‌ناو لە جوانڕۆوە هاتووە بۆ ناوچەی ( وارماوا )وە لەوێوە لە نزیك دێی

=

کێ بێ لە دلێرانی زەمانە کە نەچووبێ
وەك تیری قەزا نووکە ڕمی جافی بە نافا (٧)
خوێن ڕێژو ، شەڕەنگێزو ، عەدووبەندو ، تەنوومەند
گەندیان هەموو وەك شێرە لە مەیدانی مصافا (٨)
چونکە بە ڕەسەن وردو درشتیان هەموو جەنگین
مەی ساری یە نەشئەی ، چ لە دوردا ، چ لە سافا (٩)
وا بێ‌خەم‌و پەروا دەچنە عەرسەیی هەیجا
تۆ ناچی یە سەر دۆشەکی بۆکێ لە زەفافا (١٠)
یأتون الی الأمر صغـارا وکبـارا
یسعون الی الحرب ثقالا وخفافا (١١)
وەسمان بەگیان ئامیرە وەختێ کە بلێ دەی

---

=(چەمەرگە)وە کۆچی دوایی کردووە ، وە سلێمان بەگی کوڕی لە جێی دانیشتووە ، دوای سلێمان بەگ کەیخوسرەوبەگی کوڕی چۆتە هەڵەبجە ، وە حەمەد پاشای کوڕی لەوێ لەدایك‌بووە ، حەمەد پاشا دوو کوڕی بووە ، محمود پاشاو وەسمان پاشا ، محمود پاشا لە (قزرابات) مردووە ، وە لە مزگەوتەکەی خۆی لەوێ نێژراوە ، وە ئەوقافێکی ئێجگار زۆری بۆ داناوە ، وەسمان پاشاش لە هەڵەبجە کۆچی کردووە ، وە لە خانەقـای تەوێڵە وە لە خزمەت شێخی سراج‌الدینا نێژراوە .

(٧) زەمانە : لە چاپی پێشوودا «عەشایر»ە . قەزا : لە چـاپی پێشـوودا « ئەجەل »ە . ناف : ناوکە .

(٨) گەندیان هەموو وەك : لە چاپی پێشوودا «کامیان کە گەنە»یە . مصاف : جێی ڕیزبەستنە لە کاتی جەنـگا .

(٩) چونکە بە ڕەسەن : لە چاپی پێشوودا «چونکە ڕەسەنی» . درشتیان . لە چاپی پێشوودا «درەشتیان» . ساری‌یە : لە چاپی پێشوودا «ساریە»یە . دورد : خڵتەی شەرابە کە ساف نەبووبێ ، لە چاپی پێشوودا «دڵدا»یە .

(١٠) هەیجا : جەنگێکە کە خوێنی تیا ڕژابێ .

(١١) یأتون : لە چاپی پێشوودا «یبغون»ەیە . ثقالا : واتە بە سواری . خفافا : واتە بە سووکی‌و چالاکی .

دێنه جەوەلان هەروەکو حاجی لە تەوافا
خواهم ز خدا آنکه شود دشمن جاهت (۱۲)
کۆتی لە دەسا ، دەس لە ملا ، مل لە تەنافا
ڕەحمێ بکه با شێخ ڕەزا بێتەوە گوفتار (۱۳)
حەیفه بڕزێ تیغی موجەوهەر لە غیلافا

شێخ ڕەزا بەم شیعرانە داوای توتنی بۆندار ئەکات لە حاجی ئەسعد ئاغا ئەڵێ :

تۆ کەم نەزەری دەرحەقی من ئێستەکە ئاخا (۱٤)
من ماومە هەوای سوحبەتی تۆم هەر لە دەماخا
تا ڕۆژی قیامەت بە خودا زیندووە نامرێ (۱٥)
بابێ کە بمێنێ کوڕی وەك تۆی لە وەجاخا
بۆ توتنەکەی « بێشەمە »وو « شاور »و « شێتنە »(۱٦)
شێت بووم‌و نەهات ، وەختە دڵم ڕەش‌بێ لە داخا
جاران چ بە جاخ‌و چ بەبار بۆت دەهەناردم (۱۷)

---

(۱۲) ئەم نیوشیعرە فارسی‌یە ، واتە داواکارم لە خوا کە دژمنت پەتکات . خودا : لە چاپی پێشوودا «خوا»یە کە ئەمە لەنگە .
(۱۳) واتە بەرانبەر بەم غەزەلە دیاری‌یەکی باش بنێرە بۆ شێخ ڕەزا تا بکەوێتەوە شیعروتن . غیلاف : کێلان . ڕەحمێ بکه با شێخ ڕەزا : لە چاپی پێشوودا لطفێ بکه ( رضا ) ( با شیخ رضا ) یە .
(۱٤) قافی‌یەی ئەم غەزەلە لە چاپی پێشوودا هەمووی «ئاغا»یە ، بەڵام خوالێخۆشبوو پیرەمێرد لە نوسخەکەی خۆیا بەسەریەوە نووسیوە کە قافی‌یەی ئەم غەزەلە هەمووی «ئاخا»یە ، وەڕاست ئەکات بە نیشانەی قافی‌یەکانی تر کە ئەڵێ : « وەجاخا . لە داخا . لە جاخا . بلاخا . بەزاخا . باخا . یەساخا» .
(۱٥) قیامەت : لە چاپی پێشوودا «قەیامەت»ە .
(۱٦) « بێشەمەو شاورو شێتنە » ناوی سێ‌شوێنن لە قەزای قەڵادزە کە توتنی بۆنداریان هەیە . ڕەشبێ : لە چاپی پێشوودا «دەرچێ»یە .
(۱۷) نەلەجاخا : لەچاپی پێشوودا « نە بە جاخا »یە .

ئاتیری ئەمێستا نەبەبارو نە لە جاخــا
ڕێی نەوتەکە باجگیری ئەگەر زۆرە دەفەرمووی (١٨)
ڕێی خاسە بە شەو خاڵی‌یە ، با بێ بە بلاخا
ئەمزانی فەلەك ، گۆبەنی هەر بۆ منە ، یاخۆ
سەد دەستی وەکوو دەستی منی کردوە بە زاخا (١٩)
یارب گوزەرانکا بە سەفا وەختی ئەزیزت
پەیوەستە لە دەوری چەمەن‌و گەردشی باخا (٢٠)
بۆ چوونە تەوافی حەرەمی شاهیدی مەقصوود
عالەم هەموو مەئزوونە «ڕەزا» هەر لە یەساغا

**بۆ مودیری قزلجە**

لە تەرەف (ك)ەوە بەریدی سەبا
بۆ مودیری قزلجە نامە ئەبــا
بۆ جەنابی مقرب الخاقـان (٢١)
میر علی بەگ لە ئەنجەبی نوجەبا
میرم ئایا چلۆنە عیللەتەکەت
باز بە خارشتە بن‌گونت عەجەبا
ئیحتیاجت بنووسە عەیبی چی‌یە
مەحرەمی ڕازی تۆم بە عەهدی صەبا
سەد ترت دا بە کۆدەکی لە گونم (٢٢)

---

(١٨) (ڕێی نەوتەکە) واتە ئەگەر بڵێین : ڕێی بابەگوڕگوڕ باجگری زۆرە ، وە ناوێرم لەوێوە بێم ، وەڕێی خاسەش بە شەو چۆڵە ئەترسم ڕووتم کەن، منیش ئەڵێم : با لە ڕێی بلاخەوە بێ .
(١٩) کردوە : لە چاپی پێشوودا « کردووە » کە ئەمە لەنــگە .
(٢٠) چەمەن : لە چاپی پێشوودا «حمەنو» .
(٢١) مقرب الخاقان : لە چاپی پێشوودا «مقربی الخاقان»ە .
(٢٢) بە کۆدەکی : وتەیەکی فارسی‌یە ، واتە بە منالی .

ئەی ترت ڕەعدو وەی تست ڕەشەبا
دوودەماتتان چرووکە بونیادی (٢٣)
بو قباخت بنم دگل هەبەبا
عبدالرحمان بەگی برات فەرمووی
ئابڕووی خانەدان علی ئەییـا
خاڵە کوێریش صەراحەتەن ئەیوت (٢٤)
کە علی بەگ بووە بە دێڵەبەبا
لە ئەبانت ئیبا مەکە مـیرم (٢٥)
هذه ارثـکم أخـاً وأبـا
گەر بە (ك)ی قزڵجە تێر ناخۆیت
وەرە با شێخ «ڕەزا» بە ڕەشتا با

## دەستێکی هەیە لە کەرەمدا

دەستێکی هەیە (...) لە کەرەمدا
میوانی ئەزیزی هەیە دائم لە حەرەمدا
الحق ژنەکەی موشفیقە دەرحەق بە غەریبان (٢٦)
سەد(ك)ی بەڕۆم‌و دوو هەزاری بە عەجەمدا
هێند(ك)ی هەتیوان بە (ق)ی داکیا چووبوو (٢٧)

---

(٢٣) دوودەمان : وتەیەکی فارسی‌یە بە مەعنا خانەوادەیە . بنم دگل : ئـەم دوو وتەیە تورکی‌یە ، واتە لەم قەباحەتەدا من دخلم بەسەرەوە نی‌یە . هەبەبا : وتەیەکە بۆ سەرسوڕمان بەکاردێنرێ وەك وتەی : هەی‌بابە .

(٢٤) کوێریش : لە چاپی پێشوودا «کویرش» .

(٢٥) لەئەبانت : جەمعی ئەبی بە مەعنا بـاوکە ، لەسەر ئاهەنـگی جـەمعی کوردی وەك (کوڕان)و (کچان) ، واتە لە باووباپیرانت حاشا مەکە ، وە ئەم نەخۆشی‌یە بە کەلەپوور لەوانەوە بۆت‌ماوەتەوە .

(٢٦) بەرۆم‌ودوو : لە چاپی پێشوودا « بە ڕۆم‌داوە »یە .

(٢٧) بە (ق)ی داکیا چووبوو : لە چاپی پێشوودا «بە (ق)یا چووە دایکی»یە . شکەم : وتەیێکی فارسی‌یە بە مەعنا سکە .

دەستێکی شکابوو بە منالّی لە شکەمدا
بەر زەربەتی کام(ك)ی قەوی کەوتووە ئاخۆ (٢٨)
بەو دەردە چووە ساعیدی (...) لە ڕەحەمدا
حەققا کە مەجیدی کوڕی زۆر تەبعی جەوادە
سەد (گ)ی بە یەك لەحزە بە بێ پوول‌و درەمدا
گەووادو تەرەس ، ملحدو بێ‌دین‌و مونافیق
نەیدیوە کەسێ میسلی لە مسقوف‌و عەجەمدا
بۆ سەددی ڕەهی قافلە وەك تەپلی سکەندەر
ئاوازی دەهۆلّی (ق)ی دایکی لە حەرەمدا
ئەو (ك)ە زلەی کێ‌بوو لە کیلانی فەتاح بەگ
مستێکی کوتایە (ق)ی ، مستێکی لە دەمدا

**چوارینە**

**لە هەجوی شێخ حەمە عەلی کەرەدا**

سابێ زگی خۆت هەلّمەدڕە ، مەمرە لە داخا
ئەم قەومە هەموو مردن‌و تۆ مای لە وەجاخا
لەولاوە ڕەگێکت لە زەهاو هەلّئەوەشێنێ
لەملاوە ڕەگێکت لەکنی ساوجبلاخا

**چوارینە**

**لە هەجوی قازیی کۆیەدا**

شێخ ڕەزا بێت‌و لە سەر تۆ هەجوی قازیی کۆی بکا

---

(٢٨) ڕەحەم : منالّدان .
(٢٩) شێخ حەمە علی کەرە : کوڕە گەورەی حاجی شێخ علی تالّەبانی‌یە ، گوێی سەنگین‌و زبانی لالّ بوو ، هەروەك نەخوێندەواریش بوو ، لە دوای جەنگی تێکرایی جیهان ، هەرچەند لە بەینی کەرکووك‌و بغدادا
=

سەیری کە چی پێ بکا ، دۆم بێو کەڵاش بۆ خۆی بکا
چونکە غەدری کرد لە « لامع » شەرت بێ قازی وا بگێم
هەر گەنو گوویی لە زگیایە ، بە جارێ ڕۆی بکا
داخڵی فەرجە ، لەسەر قنگ کێر بە گون دەعوا ئەکا
نانی کونماسی ئەخوات و پاسی جرتاوا ئەکا

ئەم شیعرە پەندێکی پێشینانی گرتۆتە خۆی کە ئەڵێ : « سەگی کونەماسییەو پاسی جرتاوا ئەکات » .

کونەماسی ناوی دێیەکە لە ناوچەی «شارباژێر» هەروەك «جرتاوا» ناوی دێیەکە لە ناوچەی ناوبراو .

ئەم پەندە بە یەکێك ئەووترێ لە شوێنێك بەهرەیەکی دیبێ کە خزمەتی ئەو شوێنە نەکات وە خزمەتی شوێنێکی تر بکات کە هیچ بەهرەیەکی لێ نەدیبێ . واتە (ك)لە کاتێکا کە لەناو (ق)دا هاتو چۆ ئەکات و خۆشی وەرئەگرێ ، یاساولێکی وەك گون لەبەر دەرگای قنگا ڕائەگرێ و فەرمانی چاودێری و پاراستنی ئەوی پێ ئەدا .

ئەگێڕنەوە کە مصطفی بەگی باوەجانی ــ کە نەخوێندەوار ، وە شاعیرێکی کوتوپڕی زۆر بەرزو بە مەعنا بووە ــ دەچێ بۆ لای وەسمان

---

=
شەمەندەفەرو ئوتومبیل هەبوو ، بەڵام ئەم هەر بە سواریی ماین و ئەسپ هاتوچۆی ئەکرد . شێخ حەمە علی دوو ژنی بوو یەکێکیان فاطمەخان کە خەڵقی سابڵاخ بوو ، وە دایکی شێخ جمیل و شێخ جمالە ، ئەویتریان زێباخانە کە خەڵقی زەهاوە. قافییەی ئەم چوارینەیە لە چاپی پێشوودا ( لە داغا . لە وەجاغا . ساوجەبلاغا )یە بە غەینێك لە ناوەندی دوو ئەلفا ، کە ئەبێ هەموو بە خێ بن .

(٣٠) وا دەرئەکەوێ کە لامع ناو زانایەکی گەورە بووە لە کۆیە ، وە قازیی کۆیە هەجوی کردووە ، شێخ ڕەزاش بەم چوارینەیە تۆڵەی لامع ئەسێنێ لە قازیی کۆیـە .

پاشای جاف ، که ئەچێ شێخ ڕەزای تاڵەبانیش لەگەڵ چەند کەسێکی تـرا لەوێ ئەبن ، ئەوانەی کە لەوێ ئەبن زۆر تەعریفی شاعیریی مصطفی بـەگ ئەکەن بۆ شێخ ڕەزا ، شێخ ڕەزاش دەمار ئەیگرێ وە بە شیعرێك پلارێکی ڕەق ئەگرێتە مصطفی بەگ ئەڵێ :

ئەحمەقم نەمکرد هەتا ڕیشم نەبوو گانێ بدەم
مصطفی بەگ چاکی کرد تا ڕیشی هات هەر گانیدا

مصطفی بەگیش ناکاتە نامەردی بە شیعرێکی ڕەقتر وەڵامی ئەداتەوە ئـەڵێ :

کاتێك وەك پاسناو بیکوتمە ژێرت
وەك چەقچەقەی ئاش هەڵپەڕێ کێرت

شێخ ڕەزا شیعرەکەی زۆر پەسەند ئەکات وە ئەڵێ : ئەم شیعرەو تاقە شیعرێکی من کەوتوومە وان بە چڵەپۆپەی ڕەوانبێژیەوە ، لەم دوو شیعرە جوانتر تا ئێستا لە وێژەی کوردیدا نەووتراوە چونکە زاراوەیان تیایە .

کێ دیویەتی ئەی شێخ علی ماڵی خەزوور بۆ زاوا (٣١)
تۆ لە کوێ تەکیە لە کوێ بزنەگەڕی مەزناوا

---

چونکە شاعیر زۆر بووە لەم عەسرەدا(٣٢)
بۆتە حەشری تێرەکەر لەم حوجرەدا

---

(٣١) مەبەس لەم شێخ علی‌یە شێخ علی کاکێتی کە شێخی تەکیە بووە .
(٣٢) وا دەرئەکەوێ چەند شاعیرێکی کورد ــ کە پایەی شاعیری‌یان لە شێخ ڕەزا کەمتر بووە ــ بە ڕێکەوت کۆبوونەتەوە لە ژوورەکەی شێخ ڕەزا لـە تەکیەدا ، وە کۆڕێکیان گرتووە بە شیعروتن ، شێخ ڕەزاش شیعرەکانیانی بە دڵ نەبووە ، وە ئەم شیعرەی تیا وتـووە ، وە پلـەی شاعیری‌یـانی دەستنیشان کردووە .

سێ ئیسم هەن بێ موسەمما هەروەکو ئاوی بەقا (٣٣)
تەیری عەنقا ، شاری جابولقا ، پلاوی خانەقا

ماری ڕەشە خنکاوە لە گێژاوی خەلادا
(ك)مەلە قنگی کاکە حەمەی حاجی مەلادا

مەیلی ئەشعارم هەیە ، تیغی زبانم موو ئەکا
هەر کەسێ جارێ کە بیگێم پڕ بە شارێ گوو ئەکا

پێم مەڵێن ئەم دوو ژنەت تۆ بۆچی‌یە ئەی شێخ ڕەزا (٣٤)
شوکری بۆ تەسكو تروسکی‌وو جەمیل بۆ سكوزا

یەهوودی بەچچەیێکم گرتو لێم بردو تیاخووسا
کە تێم نا چاوی نووسا ، بانگی کرد یا حەزرەتی مووسا

دەماری مردووە (ك)م لە ماری مردوو دەکا (٣٥)
لە ساقو ساعیدی میهتەر نەسیمی جادوو ئەکا

شێخ سەتار ئێمەی بەزاند ، وا بۆ مەلای گونسەنگەلا
دینی پێغەمبەر بە ئاشکار خۆشە ، یا من یا مەلا

ئەحمەقم نەمکرد هەتا ڕیشم نەبوو گانێ بدەم
مصطفی بەگ چاکی کرد تاڕیشی هات هەر گانی‌دا

عەمرم گەیشتە هەشتا (ك)م بەکارە هێشتا
تەصدیقی گەر نەفەرمووی هەستم بەرم بە ڕەشتا

---

(٣٣) مەبەس لەم خانەقایە ، خانەقای سید أحمدە لە کرکووك بە نیشانەی شیعرێکی تری لەم دیوانەدا کە ئەڵێ :
خانەقا ! تەوبە لەسەی ئەحمدو نانو خوانی
لە تەعامی شەلەمو بامیەو باینجانی

(٣٤) مەبەس لە شوکری ، شاعیری بەناوبانگ شکری فەزلی‌یە کە شێخ ڕەزا هەجوی کردووە ، وە فەزلیش بە شیعر وەڵامی داوەتەوە ، مەبەس لە جەمیل جەمیل صدقی زەهاوی‌یە .

(٣٥) میهتەر : وتەیەکی فارسی‌یە بە مانا گەورەی مەیتەران .

هەر لە دەنگی کەڕەناو شەیپووری جەنگیزخان ئەکا (٣٦)
وردە ئاهەنگی پیاوی پیر کە وەختێ گان ئەکا

---

پیتی بێ

**شین بۆ قادری وەستاخدر**

بۆ نەسووتێ جگەرو بۆچی نەبێ دڵ بە کەبــاب
بۆچی نەڕوا لە تەنم ڕۆحی ڕەوان میسلی غوراب
بۆ لە سەرچاوەیی چاو هەڵنەقوڵێ ڕەشحەیی خوێن (٣٧)
بۆچ لە فەووارەیی موژگان نەتکێ قەترەیی ئاب (٣٨)
بۆ لەبەر ناڵە نەبێ حەڵقەیی حەڵقم بە سروود
بۆ لەبەر گریە نەبێ چەشمەیی چەشمم بە سەراب
موونسی ڕۆژو شەووم ، باعیسی ئارامی دڵم
ڕۆیوو من لە غەمی کەوتمە نێو بەحری عەزاب
بە وقووعی سەفەری قادری ئوستاد خدر (٣٩)
بە جەفا عەیشمی تاڵکرد فەلەکی خانەخەراب
چەنگو نەیلێمەدە موتریب کە لەبەر فرقەتی ئەو (٤٠)
ڕنەکی ڕۆحە لە گوێم نەغمەیی ئاوازی ڕوباب

---

(٣٦) شەیپوور : شتێکی درێژکۆلەی بۆشە لە جۆرە تەنەکەیەکی ئەستوور ، کە فووی پیاکرا دەنگێکی زۆر گەورەی لێپەیدا ئەبــێ کە پێی ئەڵــێن : بۆریــە .
(٣٧) ڕەشحە : نمودڵۆپ . نەتکێ : لە چاپی پێشوودا «نەچکێ»یە .
(٣٨) حەلق : گەروو. سروود : نەغمەو ئاواز . چەشــمە : ســەرچاوە . سەراب : ریگیڕەوان .
(٣٠) مەبەس لەسەفەر : مردنە . ئوستاد خدر : لە چاپی پێشوودا « وەستا خدر »ە کە لەنگە . بە جەفا : لە چاپی پێشوودا «خانەیی»یە .
(٤٠) چەنگ : ناوی جۆرە سازێکە . نەی : نای. ڕنەکی : لەچاپی پێشــوودا «ڕەنەکی»یە . ڕوباب : پارچەیەکە دەنگێکی هەیە وەك دەنگی نەی .

ساغەری مەی مەدە ساقی کە لەبەر دووریی ئەو (٤١)
تاڵە وەك زەهری هەلایل لە مەزاقم مەیی ناب
کاری کردن نەبوو ئەم کارە کە گەردوونی دەنی
کردی ڕووی ڕەش بێ وەکو بەختی من و پەڕی غوراب (٤٢)
ئەی «ڕەزا» ڕەنگە لەبەر فیرقەتی ئەو موونیسە تۆ
قەت نەبی خاڵی وەکوو کوورە لە سۆزی تەب و تاب (٤٣)
دەمکوژێ حوکمە دەزانم بە خودا دەردی حەبیب
وەرە سا بەشقی خودا دەس لە یەقەم بەردە ڕەقیب (٤٥)
وەرە دەستێك بخەمە گەردنی بللورینت
تاوەکوو سفرە لەداخا بدڕێ ورگی ڕەقیب
تالعم نەحسە ئەترسم کە بە ئازاری فیراق
بمرم و ڕۆژێ نەبێ دەوڵەتی وەسڵم بە نەسیب
چاوی فەتتانی تۆ ئەو ساحیرە جادووگەرەیە (٤٦)
کە بە یەك عیشوە ئەدا عابیدی سەدساڵە فریب
تا لە تۆ دوورە دڵی غەمزەدە ئەی ڕاحەتی جان (٤٧)
مەشریق و مەغریبە مابەینی ، لەگەڵ سەبرو شەکیب

---

(٤١) ساغەر : ووتەیێکی فارسی‌یە بە پیاڵەی شەراب ئەڵێن . مەزاقم : لەچاپی پێشوودا «موزاقم» .
(٤٢) غوراب : قەلەڕەشە .
(٤٣) تەب : تاونەخۆشی .
(٤٥) یەقە : یەخە .
(٤٦) فەتتان : فیتنەگێڕ ، ئەو : لە چاپی پێشوودا نی‌یە. جادووگەر : سیحرگێڕ . عیشوە : نازو خۆبادانێکی تایبەتی‌یە .
(٤٧) غەمزەدە : خەمبار . شەکیب : سەبرو دان‌بەخۆداگرتن ، واتە ئەی دلبەری خۆشەویست ئەوەتی دڵی خەفەتبارم لە تۆ دوورکەوتۆتەوە سەبرم لێ‌دوورکەوتۆتەوە بە قەد دوورکەوتنەوەی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاوا.

بێ فراز نابێ نەشیب ، ئەم قسەیە ڕاستە وەلێ (٤٨)
من لە ڕێی عەشقی تۆ نەمدی بە خودا غەیری نەشیب
غەیری زوڵفە لەسەرو سەفحەیی ڕووت ثابیتە ، یا
طینەت‌و طیبە کە مەمزووجە لەگەڵ زینەت‌و زیب (٤٩)
شێخ دەگۆڕێتەوە گەر چاوی بە زڵفت بکەوێ
خەرقەوو سەبحە بە زوننارو چەلیپاوو صەلیب (٥٠)
تاقەتی تاق‌بووە بێچارە لە ژێر باری فیراق
بکە ڕەحمێ بە « ڕەزا » چاکە تەرەححوم بە غەریب
شێخ سەعید سەرداره ، شێخ مەعرووف هەتا حەزکەیت نەجیب (٥١)

---

(٤٨) فراز : شوێنی بەرز. نەشیب : شوێنی‌نزم‌و پەست ، واتە هیچ چاڵی‌و دەرەیەك بە بێ بەرزی‌و هەورازێك نەبووە ، بەڵام بە خوا من لە عەشقی تۆدا هەر پەستی‌و نزمیم‌دیوە ، جارێك نەم‌دی بە خۆمەوە بەرزی‌یەك. ئەم قسەیە ڕاستە : لە چاپی پێشوودا «ئەم قسەیە حقیقە».

(٤٠) طینەت : سروشت . طیب : بۆنی‌خۆش . زینەت : جوانی . زیب : ئارایش .

(٥٠) خەرقە : جۆرە پاڵتۆیەکی مەلایانەیە . سەبحە : تەزبێح. زوننار : جۆرە پشتێنێکە هەر گاور ئەیبەستێتە پشتی . چەلیپا : بە شتێك ئەڵێن کە لەسەر شکڵی دوو خەت بن کە بە ناوڕاستی‌یەکا بچن . صەلیب : موعەڕڕەبی چەلیپایە کە ئەمیش هەر گاورئەیکاتە ملی .

(٥١) شێخ سەعیدو شێخ معروف دوو کوڕەزای کاك ئەحمدی شێخن . کاك ئەحمد لە ساڵی ١٣٥٠ ز کۆچی دوایی کردووە ، تاقە کوڕێکی بووە ، شێخ محمدە بچکۆلە ، ئەم کوڕە حەوت کوڕی لە پاش بەجێ‌ماوە. سید ئەحمدو شێخ سعیدو شێخ مارف‌و شێخ مصطفی‌و سید حسن‌و سید عومەرو سید عیسا ، سید ئەحمد لە پێش کاك ئەحمد بەشەش حەوت ساڵ کۆچی کردووە ، شێخ مصطفی‌ش بە سەرێنی کاك ئەحمد بووە بە نەقیبی سلێمانی لە شوێنی سید ئەحمدی کوڕی میرەسوورە . ئەم شێخ مصطفی‌یە لە ساڵی ١٢٧٤ھ لەدایك بووە ، وە لە ساڵی ١٣٢٠ھ لە مەککە کۆچی کردووە ، دوای ئەم شێخ مارف بوو بە نەقیب الاشراف، دوای ئەم شێخ محمود بوو بە نەقیب وەك لە خوالێخوشبوو سید برایمی برایم بیستووە .
ئەوانەی کە بەینی شێخانی سلێمانی‌و تاڵەبانی‌یان تێك‌دا ــ وەك خۆیان ئەڵێن ــ یەك دوو پیاوی خراپ‌بوون لە شێخانی کانی‌کەوە .

بۆ جەوانمەردیو شەهامەت بەینی بین الله نەقیب
گەر ڕەقیب نەبوایە کەی مابەینی ئێمە تێك ئەچوو
(ك)بە (ق) داکی موفەتتین ، گوو بە ڕیش باوکی ڕەقیب

پیتی تێ

## ئێستریـکی ڕووتو قـووت

میر بە سەد مینئەت هەناردی ئێستریکی ڕووتو قووت
دەستوپا سستو سەقەت ، ئەندامی هەر وەك عەنکەبووت(٥٢)
خاوەنی ئالیکی نالێم پێی نەداوە موتلەقا
داوەتی ئەمما وەکوو بیستوومە قووتی لایەمووت
پووش لە لای حەلوایە ، حەتتا گەر پەلۆشەی چنگ کەوێ (٥٣)
بای ئەدا ، لوولی ئەدا ، قووتی ئەدا ، مانەندی حووت
گەرچی ناتوانێ ببزوێ ، هێند لەڕو کەم قووەتە
دەنکە جۆیێکی نیشاندەی تا قیامەت دێ لە دووت
پشتی ڕێشو شانی زامدارو جدەو بوو ، ناعەلاج (٥٤)
چەند قورۆشێکم هەبوو ، بۆمدا بە نەوتو عەنزەرووت
مەسڵەحەت وایە هەتا نەیخواردووم بێ‌نێرمەوە
زۆر ئەترسم دەفعەیێ قووتم بدا بمکا بە قووت
سەی فەتاحی مەیتەرم ڕۆژێ بە حوججەت لێی‌نەوی
کلکی دەرهێنا لە بن ، ئنجا بە ئاستەم گوێی بزووت (٥٥)

---

(٥٢) عەنکەبووت : جاڵجاڵۆکە .
(٥٣) گەر پەلۆشەی : پەلۆشە بنکە گیایەکی ئەستوورو درێژو قژقژاوی‌یـە دەردێنرێو بەدەست شی‌ئەکرێتەوەو ئەکرێ بە چاوگی‌ئاگر . حووت : نەهەنگی گەورە ، لە چاپی پێشوودا « کوپەلۆشەی »یە .
(٥٤) جدەو : برینێـکە لە پشتی گوێدرێژ پەیـدا ئەبێ بـە هـۆی بـاری قورسو گرانەوە .
(٥٥) گوێی : لە چاپی پێشوودا « گوێ »یە .

گەر قەڵەوبێ ئەم ئەجننە لێرە تەسخیر ناکرێ (٥٦)
غەیری چەند دەروێشی ڕەففاعی بە زەبری جەلجەلووت
ئەم مەتاعە چاکە هەر لائیق بە حاجی ئەحمەدە (٥٧)
جووتی پێبکا هەروەکوو جووت ، هەر دولنگت کرد بە جووت
لائیقی شەئنی منو شایانی شەئنی تۆ نەبوو
چاوەکەم چیت بێ بڵێم ، چارم نییە غەیری سوکووت

## لەسەر غەزەلێکی خواجە حافظی شیرازی
## لە هەجوی مەعرووف ئەفەندیی باشکاتبی بیدایەتی هەولێرا (٥٨)
## تەخمیسی شێخ ڕەزا

مەعرووفی بێدیرایەت ، گووت کردە ناوبیدایەت
چیت پێ بڵێم قوڕمساغ ، هەردوو گونم بە دایەت

---

(٥٦) ئەم ئەجننە : لە چاپی پێشوودا «ئەم ئەجننە نێرە»یە . جەلجەلووت : دوعایەکە ئەخوێنرێ بەسەر یەکێکا کە شێت بووبێ .
(٥٧) چاکە : لە چاپی پێشوودا « چاکی کە »یە .
(٥٨) ئەگێڕنەوە کە کابرایەك لە خزمەکانی شێخ ڕەزا ئیشێکی ئەبێ لە دادگای هەولێر لە کاتێکا کە مەعروف فەندی باشکاتبی بدایەت ئەبێ لەوێ ، کابرا داوا لە شێخ ڕەزا ئەکا کە کاغەزێکی بۆ بنووسێ بۆ مەعروفە فەندی تا ئیشەکەی بۆ جێبەجێ بکات شێخ ڕەزاش کاغەزەکەی بۆ ئەنووسێ ، بەڵام کابرا لە کاتێکا کاغەزەکەی ئەداتێ کە مەعروف ئەفەندی زۆر سەری قاڵ ئەبێ وە کاغەزەکەی بۆ ناخوێنرێتەوە ، وە کابرا دەرئەکات ، کابراش ئەگەڕێتەوە بۆ لای شێخ ڕەزا وە قسەکەی بۆ ئەگێڕێتەوە ، شێخ ڕەزاش ئەم تەخمیسەی بۆ ئەنێرێ بە کابرادا ، مەعروف ئەفەندی کە شیعرەکان ئەخوێنێتەوە لە عاستی خۆی وشك ئەبێ ، بەڵام زۆر دڵنەوایی کابرا ئەکات عوزری بۆ ئەهێنێتەوە ، وە ئیشەکەی بۆ جێبەجێئەکات ، کابرا دێتەوە بۆ لای شێخ ڕەزاو قسەکانی مەعروف ئەفەندیی بۆ ئەگێڕێتەوە، شێخ ڕەزاش ئنجا ئەم تاقە شیعرەی بۆ ئەنووسێ ، وە بە هەمان کابرادا بۆی ئەنێرێ ئەڵێ :
مەعروفی پڕدیرایەت ، گوڵی باخی هیدایەت
چیت پی بڵێم چاوەکەم ، ڕەحمەت لەبابو دایەت

گونمی بە تیر شەهید کرد ، (ك)م ئەکا ریعایەت (٥٩)
« زان یار دلنوازم ، شکریست با شکایت
گر نکتەدان عشقی خوش بشنو این حکایت »
مەعرووف کە حیزی وەك ئەو نەبوو لە نەسلی ئادەم
ئازاری مەقعەدی بوو ، بۆم ڕاکشا لە سەر دەم
مردم ئەوەند سوار بم ، خۆم کوشت ئەوەند پیا دەم (٦٠)
« بی مزد بودو منت هر خدمەتی کە کردم
یارب مباد کسرا مخدوم بی عنایت »
خاشاکی دەوری دوبری ، لێم بوو بە ماری هەیجا (٦١)
(ك)م بە سەد مەشەققەت ڕۆیی‌و گونم نەگونجا
(ك)م لە پەشمی پاشی دانەی گونی ترنجا
« در زلف پر شکنجش‌ای دل مپیچ کانجا
سرها بریدە بینی بی‌جرم‌و بی‌جنایت »
ڕووم‌کردە سەمتی سمتی یەعنی مەکانی مەعهوود
ئەرزێکی پڕ نەجاسەت ، دەشتێکی شەهوەت‌ئالوود
ڕانیم فەرەس چەپ‌وڕاست ، ڕێگەم نەبردە مەقسوود (٦٢)
« از هر طرف کە رفتم جز وحشتم نیفزود
زینهار ازین بیابـان وین راه بی نهـایت »
دەرمانە سمتی ئەمما نەرمانە وەك بەری دەست
کاروانی کێر بەناویا دەڕوا هەمیشە سەربەست

---

(٥٩) ئەکا ریعایەت : تا خۆی خێری لێ‌ببینێ .
(٦٠) سواربم : لە چاپی پێشوودا « سواربم‌و »ە .
(٦١) لێم بوو : لە چاپی پێشوودا « لێم‌بوون »ە .
(٦٢) ڕانیم : واتە تاوم دا ، لە چاپی پێشوودا « رانیم »ە .
(٦٣) این‌راه : لە چاپی پێشوودا « این‌راهرا »یە .

هەر مەنزڵێکی سەد میل ، هەر میلێ سێسەدو شەست
« این راه بی نهایت صورت کجا توان‌بست
کش صد هزار منزل بیش‌است از بدایت »
باوکی پیاوێکی چاك بوو ، زاتێکی زۆر موقەددەس
خۆی پوشت‌و داکی خۆگێ ، هەتا خودا بڵێ بەس
بۆ نەختێ ئاوی شەهوەت ، جەرگی بووە بە قەقنەس
« رندان تشنه لبرا آبی نمیدهند کس
گویا ولی‌شناسان رفتند ازین ولایت »

## هەجوی

### مودیری تەحریرات

گزر دوائر اقلامی ارقەسندە دوات (٦٥)
مدار اهل قلمدر مدیر تحریرات
« نگفتمت كه حذر كن ز تیغ ناطقەام
فان ناطقتی آفة من الآفات »
لەبەر عەباکە جەبەم کردی ئەی فەقیری هەژار (٦٦)
ئەوە عەباکەتە (ك)م بە قنگی خۆت‌و عەبات

## چوارینــە

### بە بۆنەی کوشتنی ناصرالدین شاوە

ئەهلی عیبرەت بێنەوە با سەیری ناصرشا بکەین (٦٧)

---

(٦٤) وەلی : لە چاپی پێشوودا « کەوەلی »یە .
(٦٥) واتە مودیری تەحریرات ئەگەڕێ بە سەر نووسەرەکانیا لە کاتێـکا کە دوێتەکەی لە پشتەوە هەڵگرتووە ، وەك قەڵەمدانی جاران کە ئەکرا بـە لاقنگ‌دا ، تا هەرکەسێ قەڵەمێکی ببێ بیکا بە دوێتەکەی ئەوا .
(٦٦) جەبەکردن : دەرکردن «ئیستثناء»ی شتێك لە شتێك .
(٦٧) واتە ناصرالدین شا ، تا هاتی‌بوو دوو جار سی کە ئەکاتە شەست ساڵ

دوو له دوو سی کەم شەهیی کردو کشێکی ڕێ نەهات
هاتی وا ، سەیری نەهاتی کەن کە سەدتیپو سوپا
پاسەوانی‌بوو لە نێوبەستا ، پیادەی کردی مات

**شێخ ڕەزا لە هەجوی شێخ ڕەشیدی ئامۆزایا ئەڵێ :**

ڕەشە ! ڕەششاشی کەری ڕەش بەڕەشت
چڵو چێوی چەمی ڕەشنەش بەڕەشت
بە بەشت ، هەم بە لەشت ، هەم بە ڕەشت (٦٨)

**هەروا لەزەمی شێخ احمد ناوێکا ئەڵێ :**

مزەی ئەوەندە نەبوو ئاشەکانی جێشانەت (٦٩)
ببێ بە قووتی شەوێکت ، ڕیامە جێ‌شانەت
بە بێ سەبەب لە سلیمانی شاربەدەر نەکرای
نە کەوتە دەستی عەدووت مەکتەبەو کتێبخانەت

---

بە ئیستیسنای دوو ســاڵ کە ئەمێنێتەوە پەنجاو هەشت ساڵ شایەتیی کرد ، کەچی لەم ماوە دوورو درێژەدا کشێکی نەهاتە ڕێ ــ کە نیشانەی مردنو نەمانە ــ بەڵام کاتێك کە نەهاتیی هات بە سەد پاسەوانی تایبەتی خۆیەوە لە بەستێکی وەك بارەگای عبدالعظیم‌دا پیادەیەکی وەك مــیرزا ڕەزای کرمانی کوشتی .

چەند جوانە کۆکردنەوەی «کش»و «مات»و «پیادە»و «شا» لە دوو شیعرا کە ئەمانە لە زاراوە «مصطلحات»ی یــاریی شــەترنجن ، وە چ عیبرەتو پەندێکی بەنرخە .

ئەم چوارینەیە لە چاپی پێشوودا نی‌یە . ئایةاللەی مەردۆخی لە جلدی دووهەمی مێژووی ئەردەڵانا نووسیویەتی بە ناوی شێخ ڕەزاوە لە باسی کوشتنی ناصرالدین شادا .

(٦٨) ئەم چوارینەی دوای ئەم چوارینەیە لە چاپی پێشوودا نین وە هــەر یەکەی لە کەشکۆڵێکی دەستنووسا بەرچاووم کەوتووە .

(٦٩) جێشانە : ناوی دێیەکە .

## تـــاکەکان

بەسە بۆ دەفعی ئەعدا چاوەکەم قەڵغانی سیمینت (٧٠)
هەزار مارتین بە قوربانی تفەنگی لوولە چەرمینت

---

ئەسپەکەت دەرکرد لە دەستم ، وای دریغ بۆ ئەسپە کوێت
سنگەکەی ماوە کەریمخان پێم بڵێ بیکوتمە کوێت

---

خورووی نامرێ بە (ك)ی من تلیشی ناوگەڵی داکت
بڵێم چی سەد هەزار لەعنەت لە خۆت‌و شیری ناپاکت

---

کێر ئەگەر مەیلی کونی کرد سەرەکەی بگرە لەمشت
همە جا خانەء عشق‌است چ مسجد چ کنشت

---

### پیتی خێ

شێخ محمد علی‌یو چەند نەفەرێ چووینە ئوجاخ
گشت بە کەیف‌و بە نیشات‌و بە سروورو بە دەماخ
گەرچی چەند ڕۆژێ بوو تەعلیمی تفەنگ بازی ئەکرد
ڕۆستەم ئاسا چووە پارێز لە یەکێ تیتلەبیجاخ (٧٢)
هەر کە ئەنگاوتی وتم : دەك دەس‌و بازووت نەڕزێ
هەر کەسێ پێت نەڵێ ڕۆستەم تەرەسەو قوڕڕمساخ

---

(٧٠) مەبەست لە قەڵغانی سیمین هەردوو سمتێتی کە وەك زیو سپی‌یە .
مارتین : ناوی جۆرە تفەنگێکە وەك بڕنەو تفەنگی‌لوولە چەرمین : بریتی‌یە لە کونی قنگی .

(٧١) ئەم سێ شیعرە قافی‌یەکەیان خێ‌یە کە لە چاپی پێشوودا لە پیتی غەینا نوسراون ، کە غەین لەکوردی‌دا نی‌یە .

(٧٢) تیتلەبیجاخ : مەلێکی ڕەشی قاچ‌ومل درێژە ، سەربالەکانی وەك حاجی لەقلەق سپی‌یە لە کۆتر گەورەترە ، زۆر جیقەجیق ئەکات نەخوازەڵا کە ئادەمی ببینێ .

## سەرگوروشتی خـۆی

ئەو ڕۆژە کە تۆرام‌و لە کەرکووك سەفەرم کرد (٧٣)
مانەندی عەقاریب لە ئەقاریب حەزەرم کرد
گەردوون سنەکی کردم‌و هێنامی‌یە کۆیە
میوانی لە کن مامە غەفووری لەجەرم کرد
خواستم کە بڕۆم بۆ سەفەری ڕۆم بە سەیاحەت
نەیهێشت‌و دووسەد ئەهلی عەمامەی لەسەرم کرد (٧٥)
دانیشێ نەچێ ، من کچێ خۆم مارەئەکەم لێی
ئەو تالبی دنیایە ئەوا موعتەبەرم کرد
چورسا لەبەرم جوببەوو فیسا لەسەرم فێس
نە فێسی لەسەر نام‌و نە جوببەی لەبەرم کرد (٧٦)
شەش مانگە بەم ئەفسانە گلی‌دامەوە لای خۆی
نەمزانی — ملم‌بشکێ — تیاچووم زەرەرم کرد
وەڵڵاهی دەکەم دەرحەقی ئەو ، بەڵکو زیاتر
ئەو کارە کە دەرباری ڕەشیدی پسەرم کرد
کارم تەڕ ئەبێ ئەم وت ئەگەر لوتفی بێ مام (٧٧)

---

(٧٣) ئەوڕۆژە : لە چاپی پێشوودا «ئەوڕۆژە»یە . کە تۆرام‌و : لـە چـاپی پێشوودا «کەتوورام»ە .

(٧٤) سنەکی کردم : واتـە سـەمەندوکی کـردم ، لـە چـاپی پێشـوودا «سینگی‌کردم»ە . کۆیـە : لەچاپی پێشـوودا «کۆی»یـە . لەحـەر : چرچ‌ولاواز .

(٧٥) لەسەرم کرد : واتە ناردنیە سەرم کە نەڕۆم .

(٧٦) لە سەر نام‌و : لە چاپی پێشوودا «لەسەرم‌ناو»ە .

(٧٧) کارم تەڕ ئەبێ : واتە ساز ئەبێ . تڕم‌کرد ، واتە تڕەکە بەریشی ، لە چاپی پێشوودا : « تەڕم »ە .

بنکەی ژین

ئەی لایقی ڕیشی بەخودا کاری ترم کرد
بۆ مجتهدان گەرچی جەوازی نی‌یە تەقلید
من مجتهدم هاتمو تەقلیدی کەرم کرد
ئەی گووی‌خلە بەو لوتفە کە ئەو کردی لەگەڵ من
لەم مەرحەمەتو لوتفە ئەوا من گوزەرم کرد
هەرچەندە وتم وەختێ کە دیم نەخوەتی قەلبی
یاڕەب کە لەگەڵ شێخ علی بۆچی شەڕم کرد
هەر دەچمەوە لای گەرچی بڵێ : هاتەوە دیسان
ئەو خوێڕی‌یە بێکارە کە من لێرە دەرم کرد
هەر چەندە ڕەزا باعیسی بەدنامی‌یە عەودەت
لەم سووکی‌یو بەدنامی‌یە سەرفی نەزەرم کرد [٧٨]

**باسێکی باووباپیرانی**

خودا وەختێ کە حەزکا بەندەیێکی خۆی بکا خوشنوود [٧٩]
لە ڕێگەی دوورەوە بۆی دێ بە پێی خۆی شاهیدی مەقصوود
لە هیندستانەوە شەش مانگەڕێ تا خاکی کوردستان [٨٠]
خودا شێخ ئەحمدی هیندیی ڕەوانکرد بۆ مەلا مەحموود
مەلا مەحموودی زەنگنە یەعنی قوتبی دائیرەی ئیرشاد
لە دەوری مەرقەدی هەر دەنگی یاهوو دێتو یا مەعبوود
لەپاش ئەو ، ئەرشەدی ئەولادی شێخ ئەحمەد لەجێ‌دانیشت
بعینە وەك سولەیمان جێ‌نشینی حەزرەتی داوود
بەڵێ بابی وەها ئەڵبەت دەبێ فرزەندی وا بێنێ
ئیلاهی سەد هەزار ڕەحمەت لە قەبری والیدو مەولوود

---

(٧٨) لەم سووکی‌یو بەدنامی‌یە : لە چاپی پێشوودا «لەم سووکیەو بەدنامەیە»یە .
(٧٩) خودا : لە چاپی پێشوودا « خوا »یە کە لەنگە .
(٨٠) خودا : لە چاپی پێشوودا « خوا »یە .

به ڕەحمەت چوون ئەوان ، با بێینەوە سەر باسی ئەوڕەحمان
فیدات بم ئەی نەتیجەی دوودەمانی ئەحمەدو مەحموود (٨١)
نەتیجەم مەقسەدە تالیو موقەددیم شەرتی تەحصیلە (٨٢)
ئەوانەی بۆیە ئیجاد کرد خودا ، تا ئەم ببێ مەوجوود
ئەمێستاش شێخ علی نەجلی کەبیری صاحیب ئیرشادە
ئەمیش وەك باوكو باپیری لە زومرەی ئەولیا مەعدوود
ڕەزاش لەو نەسلەیە ، بیبەخشە یا ڕەببی کە قەت نابێ
گوڵی بێخارو ، بەحری بێ بوخارو ، ئاتەشی بێ دوود

**کشوفش کردنی بـەگ**

لە بەگ وابوو کە من ماتم کشی کرد (٨٣)
کە ڕوانی ماتە خۆی ، داماو فشی کرد
گەهێ سەیرانی سەر گونبوو گەهێ (ك)
حەقیقەت مصطفی بەگ گەردشی کرد
دەبوو باوکی ، سەگی ناونایە ، ئەمما
بەگی ناونا قووڕمساغ یاغبشی کرد

**سەروو نـەی**

سەروو نەی چین کە لەگەڵ قامەتی تۆ بێنە نەبەرد (٨٤)

---

(٨١) دوودەمان : فارسی‌یە بە مەعنا خانەوادەیە .
(٨٢) مەبەس لە نەتیجە شێخ عبدالرحمانە . مەبەس لە تالی : شێخ ئەحمەدە. مەبەس لە موقەددیم مەلا مەحموودە. مەبەس لە ئەوان . مەلا مەحموودو شێخ ئەحمەدە ، مەبەس لە ئەم : شێخ عبدالرحمان . نەتیجەو ، تالیو، موقەددیم : زاراوەیەکی منطقین لە قضیەی شەرتی‌یەدا .
(٨٣) شێخ ڕەزا لەگەڵ مصطفیبەگ ناوێکا یاریی شەترنج ئەکا ، مصطفیبەگ وا ئەزانێ کە شێخ ڕەزا ماتە واتە زەبوونەو کشی لێئەکاو لە پاشـا کە ئەزانێ وا نی‌یە ئنجا فشی ئەکا . کە ڕوانی ماتە خۆی : لە چاپی پێشوودا «کە من هەستام ئەو»ە .
(٨٤) نەیچین : جۆرە قامیشێکی چینی‌یە بە تایبەتی ئەچێـنرێ بۆ ئـەوەی

شەکەری خواردووە نەی ، سەرو سەری داوە لە بەرد

گەر دەلیلێ وەکو نوقتەی دەهەنت نەبوایە

منیش ئینکارم ئەکرد وەك حوکەما جەوهەری فەرد (٨٥)

لێی دەپاڕێمەوە ئەی ڕوحی ڕەوانم توخودا

چییە دەرمانی دلم ؟ پێم دەڵێ : لاچۆ ، دڵەدەرد

---

شەکری لێدروست بکرێ ، واتە سەروو نەیچین ئەگەر بێن‌و ملەملە بکەن لەبەرزی‌و بڵندی لەگەڵ بالآی تۆدا ـ ئەی دلبەر ـ بە نەیچین ئەڵێن : شەکرت‌خوارد ، واتە ناماقووڵیت کرد ، بە سەرویش ئەڵێن : سەرت دا لە بەرد .

(٨٥) دەهەن : لە زبانی فارسیدا بە دەم ئەڵێن ، واتە ئەی دلبەر ئەگەر دەمی تۆ نەبوایە کە لە پچووکی‌دا جوزئی لایتجزایە منیش وەك حوکەما ئینکاری جوزئی لایتجزام ئەکرد ، بەڵام بڵێم چی ناتوانم ئینکاری بکەم چونکە دەمی تۆ بە درۆم ئەخاتەوە .

جەوهەری فەرد : بە وردیلەیەك ئەڵێن کە لەبەر پچووکیی خۆی قابلی دابەش‌کردن نەبێ. زانایان لە زەڕڕەدا دووبیریان هەیە ، یەکەمیان کە حوکەمان ئەڵێن : زەڕڕەی وا کە قابلی دابەشکردن نەبێ نی‌یە ، واتە هەرچەند پچووك‌بێ قابلی دابەشکردنە ، قونبولەی زەڕڕە کە تەقێنرا قسەی حوکەمای جێگیرکرد ، چونکە لە دوولەت‌کردنی زەڕڕە ، ئەو تین‌و تەووژمە گەرمی‌یە پەیدا ئەبێ ، قورئانیش لە ئایەتی (٦١) لە سوورەی (یونس)دا ئەگەیەنێ کە زەڕڕە قابلی دابەشکردنە ، ئەفەرموێ ( وما یعزب عن ربك من مثقال ذرة فی الارض ولا فی السماء ، ولا اصغر من ذلك ولا اکبر الا فی کتاب مبین ) واتە پەنهان‌و پۆشیدە نامێنێ لەپەرەوەردگاری تۆ هاوسەنگی زەڕڕەیەك نە لە ئاسمان‌و نە لەزەوی‌دا وە نە پچووکتر لە زەڕڕەو گەورەتر لەو مەگەر لە نامەیەکی ڕۆشنا هەیە کە علمی‌خوایە ، واتە ئەوی ئێوە بە جەوهەری فەردی دائەنێن قابلی دابەش‌کردنە .

ئنجا بابێینەوە سەر مەعنای شیعرەکە ، واتە ئەگەر دەمی پچووکی تۆ نەبوایە ـ ئەی دلبەر کە قابلی دابەش‌کردن نی‌یە لە پچووکی‌دا ـ منیش وەك حوکەما ئەم وت : کە جەوهەری فەرد نی‌یە . بەڵام دەمی پچکۆلانەی تۆ چەسپانی کە جوزئی لایتجزا هەیە .

## تاکەکان

گەرچی میرانی خدر بەگ مووددەتێك قورعەی نەدا
پار لە خۆشناو قورعەیان کێشاو گەلێکیان پێوەکرد

---

وەختێ ناجی ڕووتکرا ، وەك شێری نەڕ جەنگی ئەکرد
گاهگاهێکیش لە ترسان وردە ئاهەنگی ئەکرد

---

خەیدەری کەڕراڕە ، یاخۆ خالیدی ئیبنی وەلید
ڕۆستەمێکە ڕۆژی دەعوا ، بەینی بەینەللا حەبیب

---

قوربانی پەلێ بم کە پەلی هەمپەلی پەلکرد
خۆیو سەگەکەی هەردوو بە جارێ شەقوپەقکرد

---

### پێنتی ڕێ

### ستایشی ئەحمەد پاشای بابان

ڕۆژی یەکشەممە کە مەشهوورە بە ڕۆژی پازاڕ (٨٦)

---

(٨٦) پازاڕ : بە پێ ، جۆرە بەردێکی زەردباوی زۆر جوانە دانـەی تەزبێچی لێدروست ئەکرێ ، ئەم وتەیە بە پێ نوسراوە ، وە هەموو کەسێك بـە پێی ئە خوێنێتەوە ، کە لە ڕاستیدا بازاڕە بە بێ ، چونکە لەوڕۆژەی بازاڕ زۆر قەلەبالغە ، وە مسلمـانو گاورو جوولەکە وەك یەك لـەو ڕۆژەدا ئەچن بۆ بازاڕ ، هەریەکە بۆ ئیشو کاری خۆی ، بەلام جومعان مسلمان بە پێی فەرموودەی پێغەمبەر دروودی خوای لێبێ ، کـە ئەفەرمـوێ « الجمعة حج المساكين وعيد المؤمنين » کەمیان ئەچن بۆ بازاڕ ، بەلکوو ئیستراحەتی تیائەکەن ، وەخۆیـانی تیائەشۆنو هاتوچـۆی یـەکتریی تیائەکەن وە ئەچن بۆجومعە بۆ گوێگرتن لە دوان « خطبه »و ، نوێژی جومعەکردن بە جەماعەت . شەموانیش جوولەکە دووکانی تیا دانانێن ، بەلام یەکشەموان هەموو لایەکیان چونیەك ئەچنە بازاڕ لەبەرئەوە ڕۆژی یەکشەممە مەشهوورە بە ڕۆژی بازاڕ ، وە هەموو بازاڕێك زۆر پڕوچڕە ، وە هەموو کەسێك دووی کاری خۆی ئـەکەوێ ، دومبال : وتەیـەکی فارسییە ، بە مەعنای دووی یەکێك کەوتن .

من بە غار کەوتمە دومبالی کوڕێـــکی بولغـــار
کوڕ چ کوڕ لێوی وەکوو لالەیی حەمرا ڕەنگین
کوڕ چ کوڕ چاوی وەکوو نێرگسی شەهلا بیمار
ئەهلی ئینصاف بەخودا ڕەنگە چەنەی بشکێنێ
گەر کەسێ بێتو بکا قامەتی تەشبیە بە چنار
لە هەمووی سەرفی نەزەر سمتو سورینێکی هەبوو
نازكو نەرمو لەتیف ، میسلی تەلای دەستەوشار (٨٧)
خڕو مەخرووتو ، مودووەر ، سپیو نەرمو دوونیم
هەروەكو کۆمەلە بەفرێ کە شەقی کەی بە مشار
کە بە دیققەت نەزەرم کردە سورینیو کەفەلی
هەردوو چاووم پەڕییە تەوقی سەرم وەك سەگی هار
دامەنم گرتو وتم : « مرحمت ایت آلماسم (٨٨)
بویلە یاندرمە بنی آتشی عشقك ایلە زار »
چشم جادوی سیاهت همە بنداست و فریب
همە نازاست و گریشمە ، همە خواب است و خمار
بنی صید ایتدی سنك دیدەیی آهوروشك
ای سنك دیدەلرك آهوەکی شیر شکار
ساعەتێك چاك لەسەرو سوورەتی نەحسم فکری

بنکەی ژین

(٨٧) سورین : وتەیەکی فارسی‌یە بە مەعنا سمتو کەفەلە. تەلای دەستەوشار: ئەلێن گۆیا جۆرە زێڕێکی ساغی پاکی بێخەوشی نەرمو شلە وەك گونکە هەویر وایە ، لە دەستا کە گوشرا لـە بەینی پەنجەکانەوە دەرئـەچێ ، لەگەل پەنجەت لێ‌شل‌کرد ئەچێتەوە جێی خۆی .
(٨٨) واتە داوێنم گرتو پێم وت : مەرحەمەتێکم لەگەل بکە ئەی ئەو کەسەی کە وەك ئەلماس بە نرخی لە دلما بەم ڕەنگە مەمسووتێنە ، وە ئـاگری عەشقم بکووژێنەرەوە .

پێی وتم : گیت ایشنه حاجی بەبە یاغمەمی وار (٨٩)
صاچمەلاقردیلرن حاصلی‌یوق آقچە گتیر
آقچەسز ایتمە صاقن آرزوی بوس و کنار (٩٠)
من کە یەك پارەیی جلقم لە ئەزەل شك نەئەبرد
پێم وت : ایشتە کمرمدە دولیدر یوز دینار (٩١)
من بیوك ذات شریفم وکلا خواجەسیم (٩٢)
طانیور بندەکزی جملەءشاه و خونکار
الغرض هێندە درۆم‌کردو فسوونم بۆ خوێند (٩٣)
کەوتە دووم هەر وەکو ذووی گورگ ئەکەوێ بەرخی هەژار
موختەسەر خۆشە قسە ، بردمە مەنزڵگەهی خۆم
گرتم‌و خستم‌و لێم‌بردو گونم کرد بە چوار
مۆڵەتم ساتێ نەدا ، ئەو شەوە تا وەختی سەحەر
کاری خێرم بە مەزندە گوزەری کرد لە هەزار
وەختی سبحەینێ کە داوێنی فەلەك ئەتڵەسی بوو
هەر لەجێ ڕاستەوە بوو دامەنی گرتم وەك خار
چنگی وەك پەنجەیی شاهین لە یەقەم قایم‌کرد
دەستی کردە جەزەع‌و ناڵەوو هاوار هاوار
زەفتی‌یەو ئەهلی مەحەللە هەموو جەم‌بوون لەسەرم

---

(٨٩) واتە پێی وتم : بابە حاجی برۆ بە لای ئیشی خۆتەوە ، بۆ تاڵان‌و بڕۆیە ؟ !
(٩٠) واتە قسەی هیچ‌وپووچ مەکە بێ کەڵکە ، پارە بێنە ، بێ پارە ئارەزووی ماچ‌وموچ مەکە وریابە .
(٩١) واتە پێم وت : ئەوەتە سەد دینارم لە کەمەردایە ، پڕە لە پارە .
(٩٢) واتە من کەسێکی بەڕێزم ، خواجەی وکەلام ، هەموو شاو خونکارێك من ئەناسن .
(٩٣) فسون : جادوو .
(٩٤) جەم‌بوون : جمع‌بوون . سالووس شعار : هەتیوباز .

پرسی‌یان مەلخەبەر ئەی زاهیدی سالووس‌شعار
پێم‌وتن لـەم کوڕە بولغارە بپرسن کە لە من
چی دەوێ ؟ بۆچی دەناڵێنێ وەکوو هەوری بەهار
چاکی‌کرد پەردەیی ناموسی وتی : « سیکتی بنی » (٩٥)
ویرمدی پارەسنی بویلەمی قانون کبار ؟
دیدیلر حاجی افندی چوچوقك حقنی ویر (٩٦)
سر کە فاش اولدی دها فائدە ایتمز انکار
یوقیسە پارك اگر مهلتن اوچ گون اولسون (٩٧)
حقنی اوچ گونە دەك ویرملیسن ای غدار
ئەمە سێ ڕوژە کە سەرگەشتەوو حەیران دەگەڕێم
کێم هەیە غەیری وەلی نیعمەتی فەرخوندەشیعار (٩٨)
یەعنی هەم نامی نەبی ، حەزرەتی ئەحمد پاشا
فەخری دین ، کانی حەیا ، بەحری کەرەم ، کۆهی وقار
مەدحی ئیحسانی بکەم ، عیلمی بکەم ، فەزلی بکەم
بەخودا خاریجە ئەوصافی‌حەمیدەی لە شومار
کەفی زەڕبەخشی کەوا مەنبەعی دوررو گوهەرە
میسلی بەحرێکە نێ‌ساحیلی بێت‌و نێ کەنار
تەبعی جەوادو کەریم هەر وەکوو قائانی دەڵێ

---

(٩٥) چاك‌کردن : وتەیەکی فارسی‌یە بە مەعنا دڕینە ، واتە پەردەی ناموسی خۆی دڕی ، وتی : وای لێ‌کردووم‌و پارەکەم ناداتێ ، ئەمەیە دەستووری گەورە پیاوان ؟ !

(٩٦) واتـە وتیـان : حاجی ئەفەندی حەقی ئەم‌منالە بـدە ، شـتی نهێنی کەئاشکرابوو ئیترئینکاری بێ کەڵکە .

(٩٧) واتە پارەت ئەگەر نی‌یە تا سێ‌ڕۆژ ماوەت بێ ، لەم سـێ ڕۆژەدا ئەبێ حەققەکەم بدەیت .

(٩٨) فەرخوندە : وتەیەکی فارسی‌یە بە مەعنا موبارەکە .

زز به قنطار همی‌بخشد و اشتر به قطـار
تاوەکو دەورە بکات‌و بگەڕێ چەرخ‌و فەلەك
تاوەکو دێت‌و دەچێ ، بێت‌و بچێ لەیل‌و نەهار
بە مرادی بگەڕێ شەمس‌و قەمەر ، چەرخ‌و فەلەك
زەفەرو فەتحی قەرین ، بەختی موعین ، تالعی یار
ڕەئیی ئەو باعیسی تەنظیمی ئومووراتە ، وەلێ
بۆ کورەی عالەمی ئیمکان بووەتە قوتبی مەدار

**ئـازاییی عەشیرەتی تاڵەبـانی** •

بارەکەڵڵا ئافەرین ئەی عەشرەتی نەصرەت‌شیعار
مەردی مەیدان ، شێری جەنگاوەر ، هوزەبری کارزار (۹۹)
چوار عەشیرەت ، کاکەیی‌و ، وەندو ، جەباری‌و ، داوودە
ئیتتفاقیان‌کردو هاتن چوارسەدو پەنجا سوار
هەر بە ئەووەڵ حەملە چەندتان کوشت‌و چەندتان سەربڕی
چەند کەلەشیان لێ‌بەجێ‌ما ، بوون بە طعمەی موورو مار
ئێستەکەش لەو دەشتە شەڕیانە لەسەر لاشەی ڕزیو
کەرگەس‌و شاهێن‌و گورگ‌و مامەرێوی‌و کەمتیار
بەینی بەینەاللە ( عوبەید )ی فیلەتەن کارێکی کرد
هیچ کەسێك نایکا مەگەر حەیدەر ، بە زەبری زولفەقار (۱۰۰)
هەر سوارێ فیرقەیێکی ڕارفاندو دایە پێش
کەوتە سەر کوێخا مەخول ( عبدالوهاب )ی نامدار
لێی‌خوڕی وەك شێری غەڕڕان ، سا مەڕۆ ڕاوەستە بۆم

---

(۹۹) هوزەبر : وتەیەکی فارسی‌یە بە مەعنا شێرە ، کارزار : فارسی‌یە بە مەعنا جەنگە .

(۱۰۰) بە زەبری : لە چاپی پێشوودا « بەزەربی » . زولفەقار : ناوی شیرەکەی پێغەمبەرە کە دای بە ئیمامی علی ، وە تا مرد جەنگی پێ‌کرد .

ئەی تلیشی دایە ( ڕێزوار )ت بە ڕیشی یادگار
چەکمەیێ سووری لە پێدابوو بە جارێ زەردی کرد
تس لە ملیۆن تێپەری کرد ، تڕ گەیشتە سەد هەزار
یەك لەیەك ئازاترن تەعریفی کامێکتان بکەم
دەك فیدای دەست‌و تفەنگتان‌بم سولالەی شێخ سەتار
شاسوارێکی وەکوو تۆمان هەبێ باکمان چی‌یە
تۆش لە ڕاستیدا سوارێکی وەکوو ئەسفەندیار (١٠٢)
ئەم قسانە گشت مەجازن گەر حەقیقەتتان دەوێ (١٠٣)
بەزلی نان‌و هیممەتی پیرانە بۆتان کەوتەکار
جائیزەم مەتلووبە ئەم مەدحەم بە خۆڕایی نی‌یە
هورتەمانیش بێ ( ڕەزا )م ، گەر هیچ نەنێرن یا سەتار (١٠٤)

## سادەڕوویێکی سنەیی

دوێنێ شەو بۆ دەفعی حاجەت چوومە حەممامی غەفوور
سادەڕوویێکی تیابوو سمت‌و ساقی وەك بلوور
جێ‌بەجێ هەروەك موهەندیس دامە بەر مەددی نەزەر
هەر لە تەوقی سەریەوە تا نووکی پەنجەی خوارۆژوور

---

(١٠١) تلیشی : نە چاپی پێشـوودا « تلیش »ە . ڕێزوار : نـاوی ژنێـکی ناودارە لەناو کاکەیی‌دا هەروەك « یادگار » ناوی پیاوێکی بەناوبانگە لـە ناویانا .

(١٠٢) تۆش لە ڕاستیدا : لـە چاپی پێشوودا « تۆش لـە حەقیقـەتدا » . ئەسفەندیار : کوڕی گوشتاسبی شـای ئێرانە ، یەکەمین کەسێکە کـە بڕوای بە زەردەشت هێناوە ، وە نزای بۆ کردووە کە تیرو شـیر کاری تێ‌نەکات ، وە بەم بۆنەیەوە لە هەموو جەنگێکا زاڵ‌بووە .

(١٠٣) گشت : لەچاپی‌پێشوودا « گشتی »یە .

(١٠٤) هورتەمانیش : هورتەمان وتەیەکی فارسی‌یە بە مەعنا مرۆرە ، لە چاپی پێشوودا « هەرتمان »ە کە ئەمە هەڵەیە .

چۆن بە حەسرەت گورگی برسی سەیری دووگی مەڕ بکا [105]
سەمتی سمتیم گرتە چاوو ، تێی‌دەفکرِیم دوور بە دوور
عاقیبەت شەوق‌و هەوەس پەردەی حیجابی پارەکرد
خۆم کوتا دێوانە ئاسا بۆ سەراپەردەی حوزوور
هەرکە فەرمووی مەردومی شاری سنەم ( یاربابلم )
هاتە گەردش بێ تەوەققوف وەك عەموودی لەندەهوور

* * *

بنكەی ژین

(105) چۆن بە حەسرەت گورگی برسی : لە چاپی پێشوودا « وەك سەگی برسی بە حەسرەت » نووسراوە .

# حـافز لەشیعری کوردیدا

د. امین علی موتـابچی

کۆلێجی زمان ــ بەغدا

کورد هەر وەکو میللەتانی جیهان خاوەن زمانێـــکی تـــایبەتی خۆیو ئەدەبیاتێکی تەڕوپاراوە کە بەپێی زرووفی تـــایبەتیی میللەتەکەیو بـــاری کۆمەڵایەتیو ئاینیو سیاسی ، توانیوێتی کە ئەو بەرهەمـــە ئەدەبییەی کە ڕۆڵەکانی شانازیی پێوەدەکەن ، لەگەڵ ئەو هەموو ناهەمواریو نالەبارییە کەخراوەتە ڕێی نەشوو نوماو پەرەســەندنی لەنـــاو ئەدەبیـــاتی جیهـــانیدا بەگشتیو لەناو ئەدەبیاتی میللەتە موسڵمـــانەکانی دراوســێییدا بەتـــایبەتی پیشانبداو جێیخۆی بکاتەوە ، ئەگەرچی تا ئێستا هێندێ ئەڵقەی زنجیرەی ئەدەبەکەمان شاراوەو گومە بەڵام ئەوەی کە ئێستا لەبەردەستدایە بەکۆنو تازەیەوە لەخۆیەوەو لەپڕ نەهاتۆتە کایەوە دەبێ بناغەو سەرەتاو گەنجینەیەکی بووبێ • جگە لەوەی کە هەروەکو چۆن میللەتانی دراوسێمان بەتـــایبەتی ئەوانەی لەڕۆژهەڵاتماندان بەرهەمی کۆنیان دەگەڕێنـــەوە بـــۆ زۆرکۆن ، ئێمەش دەتوانین بەرهەمی زۆرکۆنمان بەواتا پێش ئیسلام ، بگەڕێنینەوە بۆ ئەو بەرهەمانەی کە ئێمەش هاوبەشین لەگەڵ ئەو میللەتـــە شەرقییانەدا • بەواتا بۆ ئەو ئەدەب و نووسراوانەی کە لە ئەدەبیاتی پێش ئیسلامدا ، لەم ناوچەیەدا هەبووە و وێنەیان تا ئێستا ماوەو دەستدەکەوێ [1] •

ئەوەی شایانی باسەو جێیداخە ئەوەیە کە ئەو بەرهەمە ئەدەبییانـــەی دەکەونە نێوان هاتنی ئیسلامو پەیدابوونی ئەدەبی کوردی لەسەر شێوەی ئەدەبیاتی میللەتە موسڵمانەکانی دی [2] •

لەعەرەبی‌یەوە بگرە تا فارسی‌و تورکی‌و پەشتو و بلووچی ۰۰۰۰ لەو ماوەیەی‌دا چەند ئەلقەیەك لە زنجیرەکەی ڕۆشن‌و دیار نی‌یە ۰

خۆی ئەگەرچی ئەدەبیاتی کوردی بەتایبەتی شیعری کوردی ، لەسەر شێوەی خۆماڵی بەواتا میللی ، لە فۆلکلۆرەوە بگرە تا شیعری ئاینی‌و مەتەڵو گۆرانی ( تەرانە ) بێ‌بەش نەبووە ، ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی تریشەوە پەخشانی کوردیش هەر وەکو چەند جار گوتراوە ، بەهۆی نزیکی زمانی کوردی لە زمانی فارسی‌یەوە و خوێندنی زمانی فارسی و بەکارهێنانی لە پاڵ زمانی عەرەبی‌دا وەکو زمانێکی زانستی ، لە مزگەوت و حوجرەکان‌دا، بۆتە هۆی ئەوەی کە بەرهەمی پەخشانی بەواتا پەخشانێکی نووسراوی هونەری ، دواتر بکەوێ ئەمە جگە لە (چیرۆك و فۆلکلۆر و پەند و مەتەڵ و سەرگوزەشتە) کە دەم بەدەم بۆمان ماوەتەوە ، ئەمە لەلایەکەوە ، لەلایەکی تریشەوە تورکی‌یش لە هەندێ ناوچەی کوردستان‌دا و لەبۆ ماوەیەك جارو بارێ بۆتە زمانی پەخشانی بەتایبەتی ، لەنامە نووسین‌و سەنەد و کارو باری میری‌و قوتابخانەدا ، کە سەیردەکەین لەگەڵ ئەم هەموو نالەباریی زرووف‌و کۆسپ‌و تەگەرەو قەدەغە و ڕێ‌لێ‌گرتن و گەلێ هۆی‌تر هەروەها نەبوونی ئەو هۆیانەی کە دەبنە هۆی نەشونومای ئەدەبیات ، زمانی کوردی بێ‌بەشی نەکردووین لەبەرهەمێکی وەها کە هەتا هەتایە شانازی پێوەبکەین ۰

سەرنج : لەبەر ئەوەی باسەکەمان « حافز و شیعری کوردی »یە ، دەبێ بەسەرەتایەك دەربارەی شیعری کوردی دەست‌بکەین بە باسەکە ۰

١ ــ شیعر لە ئەدەبیاتی کوردی‌دا :

هەر وەکو لەپێشەوە گوتمان ــ شیعر لە زمانی کوردی‌دا(٣) بەپێی ئەو زرووفەی کە هەی‌بووە ، سەری‌هەڵداوە و شاعیرانی بەرز هاتوونەتە کایەوە و ئاسمانی ئەدەبی‌یاتی کوردی‌یان بە ئەستێرەی گەشی ورشەدار ڕازاندۆتەوە ۰

ئـەوەی تائێستا دەی‌زانـین و لەبەردەستدایە ، لەقسەکانی
پیری‌شالیارەوە[٤] بیان‌گرە تا ئەو شیعرە ئاینی‌یە بەسۆزانەی شێوەی
گۆرانی‌و ، چوارینەکانی بابەتایەری هەمەدانی‌و ئینجا فەقێ‌تەیران بەخۆی و
داستانی شێخی سەنعانەکەی‌و ، مەلای جزیری بە غەزەلە سۆفی‌یە تەڕو
پاراوەکانیەوە و « ابن الحاج » بە مەهدی نامەکەی‌و ، خانی و بێسارانی و
خانای قوبادی تا دەگاتە نالی و مەولەوی ، هەموویان لاپەڕەی ڕەنگینی
ئەدەبیاتی کوردیان بەشیعری بەرز و پڕ واتاو تەڕو پاراو ڕازاندۆتەوە[٥]
هەر وەها ڕۆڵەو نەوەکانی ئەوانیش وا ڕۆژ بەڕۆژ ئەڵقەی ئەو زنجیرەیـە
پترو پتەوتر دەکەن و بەرەو پێشەوەی دەبەن ، تا لەکاروانی میللەتان دوا
نـەکەون •

٢ ـ کاریگەری و ڕەنگ‌دانەوەی زمان و ئەدەبیاتی میللەتە دراوسێکان
لە زمان‌و ئەدەبیاتی کوردی‌دا [٦] •

هەر وەکو دەی‌زانین و هەر وەها لەباسەکانی پێشوودا وتـوومانە ،
خوێندەوارەکانمان کە زوربەیان مەلاو پیاوەئاینی‌یەکان بوون و لە حوجرەی
مزگەوت‌و لە گۆشەی خانەقاو ماڵە میرزادە و پیاوە گەورەکان‌دا خەریـکی
خوێندن و زانست بوون‌و بەپێی بەرنامەی خوێندنی ئەو زەمانە سەرەتای
خوێندنیان بریتی بووە لە قورئانی پیرۆزو زمانی عەرەبی ، چونکە موسڵمان
بوون و زمانی ئاینی ئیسلامیش کە زمانی قورئانی پیرۆزە عەرەبی بووە و بۆ
ئەوەی بەباشی لە ئاین‌و ئوسوولی ئیسلام و قورئان و تەفسیر و فەرمودەکانی
پێغەمبەر « د•خ » تێ‌بگەن‌و شارەزابن و بتـوانن لەکاتی بوون بەمـەلاو
ڕابەرو پێش‌نوێژو ڕاوێژکەر ، سەریان لەپرسیارو تەنگ‌و چەڵەمەی ئاینی‌و
ئەو شتانەی پەیوەندیی بـەکەلامی خـواو فەرمـوودەی پێغەمبـەرەوە
(د•خ) هەیە ، بەڕاستی‌و دروستی جێ‌بەجێ بکەن ، ئا لەبەر ئەوە زۆربەیان
نامەو کتێب‌و بابەتی ئاینی‌و لێکدانەوەو لەسەر نووسینیان بەعەرەبی داناوەو

بووه ، لەبەر ئەوە توانێکی تەواویـان لە زمـانی عەرەبیدا پەیداکردووەو هەبووە • لە ( ابن الحاج )ەوە بیانگرە تا شێخ مارفی نۆدێ و کاك ئەحمەدی شێخ و شێخ بەیتووشی و جەزیری و مەولەوی و مەلاوەسمان[٧] ••• جا لەبەر ئەو شارەزایییەو توانایییان لە عـەرەبیدا وای لێکردوون ، کە قورئـانو داستانەکانی و ، حیـکایەتی پێغەمبـەرانو گەلێ فەرموودەی پێغەمبـەرو ( د•خ ) پەندو شیعری شاعیرانی عەرەب ، کاریان تێبکاو لە شیعرەکانیاندا بەئاشکرا دیاربێ[٨] •

ئەمە جگە لە ئەلفوبێ و عەرووزو قافیەو خۆشخوانی و گەلێ زاراوەی ئاینی و زانستی و دەستووری و پزشکی و ئەستێرەناسی و فەلسەفی ، لەڕێی کاریگەریی فارسییەوە بێتە زمانی کوردییەوەو ئەمانیش شارەزای ببن •

هەر وەها بەپێی شوێن و نزیکی و هێندێ کتێبی زانستی و ئـاینی کە لەمزگەوتەکاندا لەپاڵ کتێبە عەرەبییەکاندا خوێنراوە ، شارەزاییـیەکی تەواو پەیدا بکەن لەزمـانو ئەدەبیـاتی فارسـیدا ، هەر وەهـا بەپـێی فەرمانڕەوایی و هێندێ کتێب و قوتابخانە شارەزاییشیان لە تورکیدا هەبێت•

٣ ــ ڕەنگدانەوەی زمان و ئەدەبیاتی فارسی : خوێندەوارانی کورد ، بەپێی ئەو دەوروبەرەو بـەپێی زرووفو نـاوچە جوغرافیـەی و بـاری سیاسیی میللەتەکەی دەبوایە شارەزایی پەیدابکەن لەزمـان و ئەدەبیـاتی دراوسێکانیدا • هەر وەکو گوتمان عـەرەبی بەهـۆی ئـاینی پـیرۆزی ئیسلامەوەو ، قورئانی پیرۆزەوە شـارەزاییەکی تەواویان پەیـداکردووە هەروەها زمانی تورکیش بەهۆی فەرمانڕەوایی و قوتابخانەو کاروبـاری دەولەتەوە •

زمـانی فارسیش لە نۆرەی خۆیدا کاریگەرییەکی تەواوی هەبووە ئەویش بەهۆی ئەوەی کە گەلێ لەو کتێبانەی لە مزگەوتەکاندا دەخوێنـرا فارسی بوون • تەنانەت دوای تەواوکردنی قورئان دەبوایە چەند کتێبێـکی

فارسی بخوێنن بۆ ئەوەی شارەزای خوێندنو نووسینی فارسی بین وەکو پەندی عەتارو سمایل‌نامەو گولستانو توحفەی عوشاقو ... هتد .

ئەوەی شایانی باسە دەبێ ئەوە بزانین کە کاتێ فارسەکان دەستیان دایە زیندووکردنەوەی زمانو ئەدەبیاتی فارسی دوای دوو سێ سەدە لە فەرامۆشی و بەکارهێنانی لەبۆ شیعر و نووسین و شتی زانستی ئەلفوبێی عەرەبی‌یان وەرگرت چونکە ئەو ئەلفوبێ‌یەی کە زمانی پەهلەوی پێ‌دەنووسرا لە ئارامی‌یەوە وەرگیرابوو ، ئیتر بەکار نەدەهات و ئەلفوبێی عەرەبی‌یەکە کە تاڕادەیەك بەکارو ئامادەبوو وەریان‌گرت ، دوای ئەوەی هێنایان بۆ ئەو دەنگانەی لە زمانەکەیان‌دا هەیەو لە عەرەبی‌دا نی‌یە لە ڕووی «تیپی» ئەلفوبێی عەرەبی‌یەکە بەدانانی خاڵوخەت و نیشانەی «تیپی‌یان» بۆ دانا وەکو «پ ، چ، ژ ، گ»(۹) .

هەر وەها عەرووزی عەرەبی و شێوەی شیعری عەموودی عەرەبی و قافیە و گەلێ زاراوەی زانستی و فەرهەنگی‌یان لە عەرەبی‌یەوە وەرگرت .

کوردیش کاتێ دەستی دایە نووسینی تازەی بەواتا دوای ئیسلام ، ئەو ئەلفوبێ‌یە ڕێکخراوەی فارسەکانیان وەرگرتو کوردی‌یان پێ‌نووسی. ئەوەبوو لە سەدەی بیستەم‌دا بەواتا دوای شەڕی جیهانی یەکەمو بادانەوە بەلای شتی خۆماڵی‌دا ، نیشانەو سەرو ژێرێ کە تایبەتین بەزمانی کوردی‌یەوە - بۆ دانا ئەوەبوو شاعیرەکانمان لەو کاتەوەی دەستییان‌دایە شیعرگوتن بەکوردیو تۆماریان دەکردو لەسەر کاغەزو لاپەڕەی کتێبەکانیان ، شێوەی شیعری عەرەبی‌یان بەواتا شیعری عەرووزیان لەڕێگەی فارسەکانەوە وەرگرت ، بەتایبەتی عەرووزو قافیە . ئەو بەحرانەی کە دەگونجا لەگەڵ تایبەتیی زمانو شیعری کوردی‌دا هاتەکایەوە(۱۰) .

هەر وەها قاڵبو جۆرەکانی شیعری عەرەبی ، کە ئەوان لە پێش

ئێمەوە وەریان گرتبوو ، لێیانوەرگرتن . وەکوو قەسیدە ، غەزەل ، تەرجیع‌بەند ، چوارین ... هتد .

هەروەها شیعری فەلسەفی‌و ئاینی‌و سۆفی‌گەری ... ئەوەی کە گوتمان شتێکی زۆر ئاسایی‌یە لەنێوان دووزمانی نزیك کە لەیەك سەرچاوەی ترەوە یەکێکیان لەڕێگای ئەوی تریانەوە گەلێ شت وەربگرێ . چونکە ئەویان زرووفی باشتر بووەو زووتر سوودی لەو سەرچاوەیە وەرگرتووە ، کە ئەویش سەرچاوەی عەرەبی‌یە .

شیعری کوردیی کۆن :ــ

کە دەڵێین شیعری کۆن مەبەستمان لەبەرهەمی شیعری ئەو شاعیرانەیە کە شیعریان لەسەر شێوەی کۆن بەواتا عەرووز گوتووە ، جگە لەو شاعیرە دەگمەنانەی کە شاعیری سووری کۆنن بەڵام لەسەر کێشی عەرووز ، نا لەسەر کێشی خۆماڵی شیعریان هۆنیوەتەوە ، وەکو مەولەوی‌و گەلێ لەشاعیرانی شێوەی گۆرانیمان [11] .

ئەوەی شایانی باسە کە شیعری کۆن لە ڕووی وێنەو ناوەرۆك‌و داڕشتن‌و تایبەتی‌یەکانی‌یەوە جیاوازیی هەیە لەگەڵ شیعری تازەدا [12] .

ئەوەی کە تائێستا باسمان‌کرد بریتی‌یە لە پێشەکی‌یەك دەربارەی بابەتی باسەکەمان بەواتا ئەدەب‌و شیعری کوردی‌و کاریگەریی زمان‌و ئەدەبی دراوسێکانی‌دا بەگشتی . دوابەدوای ئەمە دەچینە ناو باسەکەوەو باسی ئەو شاعیرە بەناوبانگانە دەکەین کە بەرهەمیان لە شیعری کوردی‌دا ڕەنگی‌داوەتەوە .

ئینجا دەست‌دەکەین بە ڕەنگدانەوەی (حافظ) لە شیعری کوردی‌دا ــ

ا ــ ئەو شاعیرە بەناوبانگانەی کە بەرهەمەکانیان لە شیعری کوردی‌دا ڕەنگی‌داوەتەوە :

شاعیرانی کۆنی کورد بەتایبەتیو تا ئەندازەیەك ئەوانەی لە سووڕی تازەکردنەوەدا دەوریان هەبووە ، تاڕادەیەك لە ژێر کاری گەریی شاعیرە بەناوبانگەکانی فارسی‌دا بوون کە ئەوانیش ئەمانەن : ـ

١ ـ لە شێوازی (سبك ـ اسلوب)ی خۆراسانی‌دا (١٣) • فرخی سیستانی ـ فردوسی ـ ناصرخسرو ـ عنصری ••• هتد •

٢ ـ لەسەر شێوازی عراقی : نظامی ، عطار ، مولوی ، سعدی ، حافظ•••

٣ ـ لەسەر شێوازی هیندی : «اصفهانی» • بیدل ، صائب ، هاتف •

٤ ـ لەسەر شێوازی (بازگشتو تازە) : ایرج میرزا ، بهار ، پروین ، میرزادە عیشقی •

یەکەم / ئێمە لەم باسە بچووکەدا کە ناوی حافزو شیعری کوردی‌یە تەنانەت باسی حافز دەکەینو کاریگەریو ناوی لە شیعری چەند شاعیرێکا• چونکە باسی هەموو شاعیرانی کورد بکەین لەسنووری ئەم باسە دەردەچێتو لە دووتوێی کتێبێکا نەبێ جێی نابێتەوە •

دووەم / لەو شاعیرە کوردانەی کە لە شیعریان‌دا حافز ڕەنگی داوەتەوەو ناوی حافز هەیە تەنها باسی جەزیریو نالیو سالم دەکەین • ئەوانی تر دادەنێین بۆ کتێبێك یا چەند باسێکی جیاجیا •

بەرلەوەی دەست بەباسەکە بکەین پێویستە شتێ دەبارەی حافز بنووسین تا خوێندەواران حافز بناسنو بزانن پایەی چۆن‌بووە (١٤) •

حافز ( خواجە شمس‌الدین محمد کوڕی بهاءالدین حافزی شیرازی ) ( لسان الغیب ) ، یەکێکە لە گەورەترین شاعیرانی فارسی کە بە مەهارەتێکی بێ‌هاوتا بیری وردی سۆفیگەریو حیکمەتو عشقو خۆشەویستی ••• هتد لە غەزەلە بەرزەکانی خۆی‌دا بە وشەی

هەڵبژاردەو ئاراستە دەردەبڕێ کە لەم بارەوە شاکارێکی نەمری بێهاوتای لە ئەدەبی فارسی هێناوەتە کایەوە •

حافز ناوەڕاستی نیوەی یەکەمی سەدەی چواردەهەمی زاینی دا لە شیراز لەدایك بووە • هەر لەوێش دەرس و خوێندنی دەست پێ کردووەو زانستە ئەدەبی یەکان و ئاینی یەکان و پلەکانی سۆفی گەری بەسەر بردووە• لەبەرئەوەی سی (٣٠) جزمی قورئانی لەبەربووە حافزی کردووە بەنازناوی ( تخلص ) شعری خۆی تا لەساڵی ٧٩١ی کۆچی دا (١٣٨٩) زاینی دا لەشیراز کۆچی دوایی کردووە • هەر وەکو گوتمان بە «خواجە حافز» وەیا تەنها حافز ناوبانگی دەرکردووە • لە ئەدەبیاتی فارسی دا • (شێخ) بۆ (سعدی)و (مولانا) وەیا (مەلا) بۆ (مولوی)و خواجە بۆ حافز بەکارهێنراوە • حافز جگە لەحافز گەلێ لەقەبی هەبووە • لەقەبی ئەسڵی ( شمس الدین ) بووە ، وەکو لەم بەیتەدا دەردەکەوێ (١٥) •

بسوی جنت اعلی روان شد

فرید عهد شمس الدین محمد

( محمد گلندام ) کە هاوڕێ و هاونشین و نوسەری دیوانی حافز بووە
( محمد گلندام ) کە هاوڕێ و هاونشین و نوسەدی دیوانی حافز بووە
لە پێشەکی یەکەی خۆی دا «شمس الله والدین»ی نووسیوە (١٦) •

جگە لەوەی کە لەیەکێ لە دیوانە چاپ کراوەکانی حافزدا «شمس الدین والدنیا»یان نووسیوە •

دوای مردنی حافز ، ئەهلی زەوق و عیرفان لەبەر خۆشەویستی یان بەرامبەر حافز بەچاوی ڕێزەوە سەیری حافزیان کردووە ، بەم لەقەبانەش ناویان هێناوە وەك :

[ بلبل شیراز ، لسان الغیب ، مجذوب سالك ، خواجە عیرفان ، خواجە

شیرازی ، ترجمان الحقیقة ، کاشف الحقایق ، ترجمـان اسرار ، ترجمـان اللسان ، شکرلب ، شکرزبان ، فخر المتکلمین ، فخر المتالهین ، افصح المتاخرین ، قطب العارفین ، قدوة السالکین ، زبـدة الموحدین ، عمدة العارفین ، زبدة المتکلمین ][١٧] .

بۆچی حافز بە خواجە حافز ناوبانگی دەرکردووە ؟ :

لەبەر ئەوەی کە گەورە پیاوانی زانستو ئەدەب بە خواجە بەناوبانگ بوونو حافزیش خۆی یەکێك بووە لە هەڵکەوتووانی زانستو ئـەدەبو حیکمەتو عیرفان ، بەو ناوەوە ناویان هێناوە .

خۆی دەڵێ :

دی میشد و گفتم صنما عهد بجای آر

گفتا غلطی ، خواجه ، در این عهد وفا نیست[١٨]

دوێنێ دەڕۆیشتو گوتم (ئەی بت) ( نازەنین ) پەیمان بەجێ بهێنـە ، گوتی هەڵەی ، (خواجە) لەم زەمانەدا وەفا نیی‌یە .

جگە لەوەی کە خەڵك ئەو ناوانەیـان لێ‌ناوە ، حـافز خـۆشی لـە غەزەلەکانیا ئەم ناوانەی لەخۆی ناوە :ـ

١ ـ شیرین سخن [١٩] :

سرود مجلست اکنون فلك برقص آرد

که شعر حافظ شیرین سخن ترانهء تست

سرودی مەجلیست ئێستا چەرخی (فەلەکی) هێناوەتە سەما چونکە (کە) شیعری حافزی شیرین کەلام تەرانەیە :

« اغنية مجلسك الآن تدعو الفلـك الدائر الى الرقـص والطرب لأن أشعار « حافظ » الجميلة هي تراتيلك وأغنياتك ! » .

ترجمة ابراهيم امين الشواربي [٢٠] .

٢ ـ خوش لهجه ، غزلخوان :

سحر بطرف چمن می‌شنیدم از بلبل
نوای حافظ خوش لهجه غزلخوانش

٣ ـ خوش آواز :

زچنگ زهره شنیدم که صبحدم میگفت
غلام حافظ خوش لهجه خوش آوازم
لەتەوای چەنگی زوهرەم بیست لەبەیاندا ،
کە دەیگوت بیمە غولامی حافزی خۆش لەهجەو خۆش ئاواز :

« ولقد سمعت ( الزهرة ) تغني على قيثاوتها في وقت الصباح بهذا الكلام فتقول : انا خادمة ل ( حافظ ) فهو طيب اللهجة ، طيب الالحان والأنغام » ... !

الشواربی [٢١]

٤ ـ پشمينه پوش :

سرمست در قبای زرافشان چو بگذری
يك بوسه نذر حافظ پشمينه پوش‌کن
کاتێ بەمەستی لەژێر کەوای زێربافا تێدەپەڕی
یەك ماچبکە بەنەزری حافزی خوری‌پۆش .

واذا مررت علي وانت ثمل وفي عباءة موشاة بالذهب فانذره قبلة واحدة ( حافظ ) الذی يرتدی الصوف في فقر وسغب ... !!

« الشواربی » [٢٢]

٥ ــ خلوت نشين :

حافظ خلوت نشين دوش بەميخانه شد
از سر پيمان گذشت برسر پيمانەشد

ليلة الامس ••• مضى الزاهد من خلوته الى حانة الشراب فنقض اطراف العهد وامسك برؤوس الاقداح والاكواب ••• !!

الشواربى (٢٣)

٦ ــ شبخيز :

بس دعاى سحرت مونس جان خواهد بود
تو كه چون حافظ شبخيز غلامى دارى

دوعاى سەحەرت مونسى گيانتە «مونسى گيان دەبێ» چونكە هەتــە غولامێك وەكو حافزى شەونخون .

« وستكون دعوات السحر مؤنسة لروحك
لأن لك خادماً يسهر الليل شبيها بحافظ »

« الشواربى »

هەر وەكو گوتمان چونكە حــافز قورئانى لەبــەر بووە بەحــەوت روايات ( الروايات السبع ) لەبەر ئەوە نازناوى ( حــافز )ى وەرگرتووە .

لەم بەيتەدا شێوەى نازناوى خۆى بەيانكردووە .

ز حافظان جهان كس چو بنده جمع نكرد
لطايف حكمى بانكات قرآنى (٢٤)

لە حافزانى دنيا كەس وەكو بەندە كۆى نەكردەوە
ناسكى حيكمەو نوكاتى ( شتىورد )ى قورئان .

حافز زانیاری‌و شاره‌زایی‌یه‌کی ته‌واوی هه‌بووه له زانستی ئـه‌ده‌بی‌و علوومی (معقول‌و منقول)دا ، هه‌موو قورئانی له‌به‌ربووه به‌پێی روایـاتی چوارده[٢٥] • جگه له‌مه ته‌فسیریشی خوێندوه‌و شاره‌زایی ته‌واوی تیـادا هه‌بووه ، هه‌روه‌ها حیکمه‌تیشی خوێندووه • حافز گه‌لێ کتێبی خوێنـدوه وه‌کو «کشافی زمخشری» له‌ته‌فسیردا و «مصباح المطرزی» له نه‌حوداو ، و «طوالع الانوار من مطالع الانظار»ی «بیضاوی» له حیکمه‌ت‌و ته‌وحیددا و گه‌لێ کتێب و نامه‌ی دی[٢٦] •

بووژانه‌وه‌و هاتنه‌کایه‌ی زمان‌و ئه‌ده‌بیاتی فارسی سه‌ر له‌نوێ :

دوای ئه‌وه‌ی زمانی فارسی که‌وته‌وه گه‌ڕو پاشاو میرو حـاکمی وا هاتنه‌کایه‌وه که پشتگـیری شـاعیران‌و ئه‌دیبـان بـکه‌ن‌و هانیـان‌بده‌ن‌و ڕێزیان‌لێ‌بگرن‌و ، دوای ئه‌وه‌ی گه‌لێ زاناو شاره‌زای ناوچه‌ی ڕۆژهه‌ڵات له‌زمانی عه‌ره‌بی‌دا هاتنه‌کایه‌وه‌و گه‌لێ دانراوو نووسراویـان ده‌ربـاره‌ی زمان‌و ئه‌ده‌ب‌و ته‌فسیری قورئان‌و مێژوو خسته‌کایه‌وه وه‌ك :

« محمـد کـوڕی جه‌ریـری طـبری » ، « ابو ریحـان بـیرونی » « ابن سینا » ••• هتد •

ئه‌وه‌بوو دوای ماوه‌یه‌ك که ده‌وری دوو سێ سه‌ده ده‌بوو سه‌رله‌نوێ شـاعیرانی ئێرانی ده‌ستیان دایه شیعرنووسـین به زمـانی خۆیان شـان به‌شانی نووسین‌و شیعر به زمانی عه‌ره‌بی •

له‌سه‌ر ڕێ‌و شوێنی شیعری عه‌ره‌بی به‌واتـا شیعری عـه‌رووزی ، ده‌بینین که له‌ماوه‌یه‌کی که‌مدا گه‌لێ شـاعیرو ئه‌ده‌بی ناودار هاتنه‌کایه‌وه • له «رودکی»یه‌وه بیان‌گره تا (فرخی و دقیقی و فردوسی و عنـصری ••• هتد ) •

ئا به‌م جۆره شیعرو ئه‌ده‌بی فارسی بنجی خۆی داکوتاو ڕۆژ به ڕۆژ

بەهۆی ئەو زرووفەو دەوروبەرە باشـەوە پشتگیریو هـاندانی پاشـاو میرەکانیان بەرەوپێشەوە دەڕۆیشتو بوون بەخاوەنی ئەم بەرهەمە نایەبەی کە ئێستا دەی‌بینین •

شیعری فارسی لەڕووی شێوەو ( سبك ) تایبەتیـەوە ، دەکرێ بـەم جۆرانەوە : شێوەی خـۆراسانی ، شێوەی عـراقی ، شـێوەی هینـدی « اصفهانی » شێوە وەیا ماوەی بازگەشت ( بەواتا بادانەوە بەلای پێشوودا ) •

هەر وەکو شارەزایانی شیعرو ئەدەب دەڵێن ، کۆڵەکەو پایەی شیعرو ئەدەبیاتی فارسی « مولوی‌و سعدی‌و حافظ »ە کە بەرهەمەکانیان بریتی‌یـە لەشیرەی فیکری ئیسلامی •

جا لەبەر ئەوەیە کە شاعیرانی کوردیش چونکە شارەزایی‌یەکی تەواویان هەبووە لەزمانی فارسی‌و عەرەبی‌دا توانیویانە کە دوڕو گەوهەری شیعرو ئەدەبیاتی ئەو زمانە لەمحەك بدەن‌و هەڵی‌بژێرن‌و لە بەرهەمەکانیان‌دا ڕەنگ بداتەوە • بەجۆرێکی وەها ئەگەر لەوان باشتر نەبووبـن لەوان کەمـتر نەبوون‌و باغچەی شیعرو ئەدەبی کوردیان بەگوڵاڵەو نێرگس‌و ڕێحـانەی کوردی لە هێندێ شوێنا لەسەر نەخشی ئەوان بڕازێننەوە •

لەبەرئەوەیە دەبینین ، کە شاعیرەکانمان بەرهەمی شـاعیرە کەڵـەکانی فارسی کاری تێ‌کردوون ، چونکە دەبینین کە بەرهەمی حافز ، لەو بەرهەمانە بووە کە زۆر ئاسایی شارەزای بن‌و لەزۆر شوێن‌دا لە شیعرەکانیان‌دا نـاوی بهێنن • جگە لەوەی کە هێندێ جار شیعرو واتاو مەبەستو بیرو شـێوەی حافز لە ناو قاڵبی شیعرەکانیان‌دا جێ‌بـکەنەوە جـگە لەوەی کە واتـای سۆفی‌گەری‌یەکەی حافز لەناو بەیتەکانیاو غەزەلەکانیـا زۆرتر سـەرنجی شاعیرانی ئێمە ڕابکێشێ ، جگە لەو غەزەل‌و بەیتانەی کە پڕن لەسۆزی عیشق‌و خۆشەویستی ، هەروەها هەستی نازك‌و ئەندێشـەو بیری وردی حـافز چ لەغەزەلە سۆفی‌یەکانیابێ ، یاعیشقی‌یەکانیا ، وای لێ‌کردوون کە ئەوانیش

پەیڕەوی بکەن . ئەمە لەلایەکەوە ، لەلایەکی تریشەوە چونکە حافز پیاوێکی بەدینو زاناو موسڵمانو شارەزا بووە ، زیاتر لایان کردۆتەوە بەلایا .

لەم باسە بچووکەدا باسی چەند شاعیرێکی کوردو بەرھەمیان دەکەین کە ڕەنگدانەوەی حافزیان پێوەدیارە . ئینجا ڕاستەوخۆ بەواتا ھەمان بەیتو غەزەلی حافزی وەرگرتبێو تێ ھەڵکێشی کردبێ لەگەڵ بەیتو غەزەلی خۆیاندا ، یا مەبەستو واتای بەیتو پارچەو غەزەلی حافزیان وەرگرتبێو بەشێوەو خەیاڵو بیری کوردی دایانڕشتبێ ، وەیا ھەر تەنھا ناوی حافزیان ھێنابێ ، لەبەر ئەوەی لەوزەی ئەم بەحسە « باسە » بچووکەدا نی یە کە ھەر شاعیرێکی کورد کە حافز ڕەنگی لەبەرھەمێکی یا چەند بەرھەمێکیدا دابێتەوە ، لێرەدا تەنانەت لەبۆ وێنەو ڕێز باسی ئەو شاعیرە ناودارانە دەکەین کە پایەیەکی بەرزیان ھەیە لە ئەدەبیاتی کوردیداو ، ئەوانی تر بەجێ دێڵین بۆ باسو نووسینی تر . دەستپێ کردنی باسەکەمان بە پێی کۆنیی زەمانی شاعیرەکانمان دەست پێ دەکەین . لێرەدا یەکەم شاعیر (مەلای جزیری)یە کە باسەکەمان بەو دەست پێ دەکەین .

شیعری مەلای جزیریو حافزی شیرازی :

مەلای جزیری :

ناوی شێخ ئەحمەدەو بە «مەلای جزیری» بەناوبانگە . نیسبەت بۆ جزیرەی «ابن عمر» . نازناوێکی تری ھەیە کە لە ھێندێ قەسیدەدا دەبینرێ ئەویش « نیشانی »یە . کوڕی شێخ محەمەدە ، لە ھۆزی « بوختی » کوردی ، لە خێزانێکی خوێندەوارو دیندار .

دەربارەی مێژووی ژیانی گەلێ بیروڕا ھەیە ، بەڵام ئەوەی کە خاوەنی « العقد الجوهری »یە دەڵێ نزیکتر لە ڕاستییەوەیە کە لە دوایی یەکانی سەدەی دەھەمی کۆچیدا ژیاوەو ھاوچەرخی «ئەمیر شەرەفخانی کوڕی میر ئەبدال» میرانی «ئازیزان»ە کە فەرمانڕەوای ناوچەی جزیرەبوون[٢٧] .

ماموستا (هەژار) دەڵێ ئەگەر زابا ، فۆن هارتمانی ئەڵمانی ، یان ئەمین زەکیو بلەچ شێرکۆو عەلی عەونیو ماموستا عەلائەددین سەجادی بەر لە ژینامە نوسینی ئەوعارفە ، دیوانەکەیان بە وردی خوێندبایەوە ، تەنیا ئەو شیعرەی کە باسی تیرەکانی خان شەرەفە ، بەس بوو کە بۆیان دەرکەوێ ، مەلالە چەرخی یازدەدا زیندوو بووە ، ئەو گۆڕەی تێیدا نێژراوە ژێرزەمینی مزگەوتێکە ، کە خان شەرەفی جزیری لەپاش هەزارەمی کۆچی سازیداوە ، ئیتر ئەو هەموو شێوانو ئاڵۆزبوونەی تێنەدەچوو قسەهێنانو بردنەی پێنەدەویست[٢٨] •

ئەوەی شایانی باسەو درێژەپێدانی ناوێو بێترس دەتوانین بڵێین کە ئەو شاعیرانەی زۆر پەیوەندیو عیشقیان لەگەڵ حافزو شیعری حافزدا هەبووە ، خۆیان حافزێك بوون بۆخۆیان ، جا هەر لەبەر ئەوەیە کە ئەو داستانو حیکایەتانەی کە دەربارەی حافز لە ئەدەبیاتی کوردیداو لەناوخەڵكدا دەم بەدەم گێڕاویانەتەوە ، هەمان داستانو ڕووداوو خەرمانەیەك لە پیرۆزیو بەرزی دراونەتە پاڵ شاعیرەکانی کوردیشەوە • بەتایبەتی بۆ مەلای جزیری هەمان داستانو قسەوباس هەیە کەدەربارەی حافز ڕێکخراوە • ئینجا ئەم داستانو سەرگوزەشتانەی کە دراونەتە پاڵ حافز یا مەلای جزیری ئەگەر ڕاستیش نەبێ ، لەبەر بەرزیو پایەو خۆشەویستییان لەناو خەڵکا ، بۆیان دروستکراوە • بێسوود نییە جارێ باسی ئەو داستانە سەیرە بکەین کە دەربارەی حافز دەیگێڕنەوە[٢٩] ئەویش داستانی حافزو شاخی نەباتە • دەڵێن : حافز پێش ئەوەی ببێ بەم حافزە ، حەز لە شۆخێکی شیرازی دەکات بەناوی شاخی نەباتەوە • ئەم ژنە شۆخە جگە لەسەرمایەی جوانی ، سەرمایەی دنیاشی دەبێو خاوەنماڵو کۆشكو تەلار • وارێك دەکەوێ کە شاخی نەبات ، لوتف دەکات بە حافزو وەعدەو پەیمانی دەداتێ کە شەوی جومعە بێت بۆ ماڵەوە ، بۆ لای حافزیش

ئێوارەی شەوی جومعە ، وەکو مراد حاصلێك خۆی ئامادە دەکاتو بەرەو کۆشكو تەلاری شۆخی تازەنین شاخی نەباتی شیرین دەکەوێتە ڕێ • لەدەرگا دەدا وارێك دەکەوێ کە شاخی نەبات خۆی بەپیر دەرگاوە دەچێو دەرگای لێدەکاتەوە • لەوکاتەدا کەدەیەوێ پێ بخاتە ئەودیو دەرگاکە ، حافز دەڵێ ئای لەبیرم چوو ئائێستا دێمەوە •

شاخی نەباتیش پێی‌دەڵێ ئەگەر بڕۆیت نایەیتەوەو ڕێت نادرێ • حافز پشتاوپشت دەگەڕێتەوە • ئەویش لەبەرئەوە دەبێ کە هەموو شەوێکی جومعە کردوویەتی بەعادەت لەسەر قەبری پیاوچاکێك لە شیراز ، مۆمی بۆداگیرسێنێ • حافز بەرەو شەخسەکە دەڕوات ، بەپەلە پەل تاکو مۆمەکە داگیرسێنێ ، کە دەگاتە ئەوێ تەماشا دەکات مەجلیس گیراوەو چراخانەو ، پیاوی نورانی دانشتوونو خەریکی شەراب خواردنەوەن ، کە حافز دەگاتە نزیکیان هەموو بەخێرهاتنی لێدەکەنو جامێ لەو شەڕابەی دەدەنێ ، ئیتر خافز کە جامە دەنێ بەسەریەوە خۆی لەدنیایەکی‌تردا دەبینێو دەبێ بەم حافزە کە شوهرەتی هەموو ئافاقی گرتۆتەوە •

حافز لەو عیشقە مەجازی‌یەوە کە بەرامبەر شاخی نەبات هەیبووە ، دەکەوێتە عیشقی حەقیقی‌یەوە ، بەواتا عیشقی حەقیقی ئیلاهیو دەڵێ بەم حافزەی کە ناوبانگی وەکو خۆی دەڵێ هەموو ئافاقی گرتۆتەوە •

دەربارەی مەلای جزیری ئێمەش داستانێکی سەیر دەگێڕینەوە ، ئەگەر بێتو دروست‌کراویش‌بێ ، دەلالەت لەپایە بەرزیو عیشقی مەلای جزیری دەکات •

دەڵێن گوایە مەلای جزیری حەز لە «سلمی» ناوێك دەکات خاوەن کۆشكو تەلار ، زۆر جار لەعەسران وەیا چێشتەنگاو مەلا دەچێتە سەرقەبرانێك کە بەرامبەر تەلارەکەی ماڵی (سلمی) خان دەبێ ، دادەنیشێ

بەرامبەر تەلارەکە بە ئومێدی ئەوەی کە (سـلمی) بێتـە دەرێ و ، جزیری ببینێ چاوی ڕۆشن و گرێی دلی خامۆش ببێ بۆ چەند سالێ ، پـالدەدا بە کێلی قەبرێکەوەو چاوەڕوان دەبێ ، دەلێن عیشق و جەزبەی «سلمی» ئەوەندە مەلا دەخاتە حال و گەرمی دەکات و ئەوەندەی نامێنێ ، لەشـوێنی خـۆی بسووتێ ، کاتێ کە هەلدەسێ کێلی قەبرەکە وەکو دیواری تەنووری داخراو بۆنان ، گەرم دەبێ و دەلێن پیرەێژنێ کە بەمە دەزانێ هەرچەند مەلا دەبینێ لەوێ چنگێ هەویر دەشێلێ و کە مەلا دەڕوا ، گوایـا بەگەرمی ئەو کێـلە نانەکەی دەبرژێنێ • ئەم داستانە بەشێوەیەکی تریش دەگێڕنەوە کە گوایـا مەلا کە دەچێتە ئەو گۆڕسـتانەو پـال بەو کێـلەوە دەدا ، مەشـغوولی ڕازونیازی لەگەل حەقی ئیلاهیدا کردووە(٣٠) •

ئەم داستانە ئەگەر خەیال و دروستکراوبێ ، وەکو داستانەکەی حافزەو ئەوە دەگەیەنێ کە مەلای جزیری هەروەکو حـافزو هەموو سۆفیەکانی «عرفـا» لە عیشقی مەجـازییەوە ، بەرەو عیشـقی حەقیقی خـوا لای لێکردوونەتەوە •

پلەو پایەی مەلای جزیری(٣١) :

مەلای جزیری مەلاو شاعیرو سۆفیو خوێندەوارێـکی زۆر شارەزاو بەتوان و پایەبەرزبووە ، ئەمەش لەبەرهەمەکەیدا ئاشکرایە • کە سـەیری دەکەین دەبینین جگە لەوەی کە شارەزاییەکی تەواوی هەبووە لەقورئانی پیرۆزو داستانەکانی و حیکایەتی پێغەمبەران و فەرموودەکانی پێغەمبـەری موسلمانان « دروودی خوای لەسەربێ » شارەزاییەکی تەواوی هەبـووە لە زمان و ئەدەبیاتی فارسیدا ، بەجۆرێکی وەها نەك تەنها هەر سـەعدیو حافزی ناسیوەو شارەزای شیعرو بەرهەمیـان بووە ، بەلـکو بەرهـەمی شاعیرەکانی شـێوەی «شـێوازی ــ سـەبك»ی خوراسانیشی دیوە و ئیشارەتی بۆ کردوون •

بۆ وێنه كه دەڵێ :

پیری شەعارە د شیعریو «مەلێ» شاڵفروش (٣٢)
تو نیشان من مەدە فەرخی کو لنك بویە فەرخ

واتا : مەلا ئەمڕۆ لە بازاڕی هونەری شیعرو شـاعیری ، کاڵای (٣٣) پەشمینە دەفرۆشێ ، تۆ نـاشێ لەبەرانبەریا نـاوی فەڕڕوخی بهێنی . ئەو لەچاومن ، کوێن فرۆشو هەرزە وێژێکی هەرجـایی حیسـاب دەکرێ . فەڕڕوخی بەرانبەر بەمن جوجەڵەییێکە زەڕنەقوتەو هێشتا توکی لێ نەڕواوە .

هەژار ــ مەلای جزیری ل ٢٠٧

ئەمە نیشانەی شارەزایی و توانی مەلای جزیـری پیشـان دەدا لـە ئەدەبیاتی فارسیدا . جگە لەمە لە زۆر شوێنا شیعری مەولانا «عبدالرحمن جامی» لە شیعرەکانی مەلای جزیریدا ڕەنگی داوەتەوە ، تەنـانەت لـەم قەسیدە فارسیيەیدا ئەو پەڕی توان و شارەزایی جزیریمان بۆ دەردەکەوێ .

جزیری :

یارب این گلدسته یا نرگس رعنااست این
سرو گلشن یا الف یا قامت یکتااست این

جامی :

قامت است این یا الف یا سرو یا نخل مراد
یا مگر گلدستهء باغ جهان آراست این (٣٤)

جزیری :

سنبل تر یا بنفش یا سوسنو گل چیچك
زلف با مشك ختن یا صورت صفرااست این

جــامی :

عارض است این یا قمر یا لالهء حمراست این

یا شعاع شمس یا آیینهء دلهااست این

لەگەڵ شوێنی تردا ئەم ڕەنگ دانەوەیەی جامی لای جزیری دەبینین، ئێمە ئەمە هەڵ دەگرین بۆ ئەو باسەی کە لەڕێــی ئامادەکردندایە نــاوی «جامیو ئەدەبیاتی کوردی» •

ئەوەی شایانی باسە من ئەم قەسیدەیەی «جامی»م لای العقد الجوهری دیوە ، جا نازانم ئەو لە دەستخەتەوە وەری گرتووە یان نا ؟

هەر وەکو لەپێشەوە گوتمان ئەگەر بێتو دەربارەی حــافزو شــیعری شاعیرانی کورد بنووسین لەتاقەتی ئەم چەند لاپەڕەیەدا نی‌یە جا لێرەدا تەنهــا باسی شیعری چەند شاعیرێکی کورد دەکەین ، ئەویش تا ئەندازەیێك لایەنی کورتیو پوختەیی دەگرین وا لەخوارەوە ئەو بەیتانەی جزیری دەخەینــە پێش‌چاو کە حافز تیایدا ڕەنگیداوەتەوە ، بێ‌گەلك نی‌یە پێش پیشاندانی ئەو بەیتانە ئەم بەیتەی جزیری کەدەڵێ :

گەر لوءلوئی مەنثور ژ نەظمی تە دخوازی

وەر شیعری «مەلێ» بین تە بەشیراز چحاجەت (٣٦) •

هەژار ل ١٢٨

بخەینە بەرچاو ، کە ڕاستیەکمان بۆ ڕووندەکاتەوە ، کــە ئەویــش ئەوەیە ، جزیری شارەزای حافزو شاعیرانی شیرازبووە و هەر وەها خۆی لەوان بەکەمتر نەزانیوە ، چونکە دەڵێ :

« ئەگەر تۆ دەتەوێ مــرواری هێشتا نەسـمراوت لە هــۆندراوەدا دەس‌کەوێ ، وەرە بڕوانە شیعری مــەلا • ئیتر کارت بەســەر شــیرازو بوێژانیەوە چی‌یە ؟

هەژار ـــ ل ١٢٨

سەرنجێــك :

بۆ بەیتەکانی جزیری سەیری مەلای جزیــری ـــ هــەژار و دیوانــا مەلایێ جزیری ـــ «صادق بهاءالدین» و العقد الجوهری «احمد بن الملا محمد البهتی الزفنگی» کراوە •

جزیری یەکەم غەزەلی حافز کە بەمە دەست پێدەکا :

الا یا ایها الساقی ادر کأساً و ناولها
که عشق آسان نمود اول ولی افتاد مشکلها

تێهەڵکێش کردووە بە شێوەیەکی وەستایانە و جوان و ئەوپەڕی سنعەتی تیادا بەکارهێناوە و دەڵێ :

نەوایا موطریب و چەنگێ فغان ئاڤێتە خەرچەنگێ
وەرە ساقی حەتا کەنگێ نەشۆیین دل ژڤێ ژەنگێ
حەیاتا دل مەیا باقی بنۆشین دا بە موشتاقی
« الا یا ایها الســاقی ادر کأساً و ناولها » (۳۷)

تا دەگاتە ئەوەی کە دەڵێ :

ژ حافظ قوطبی شیرازی مەلا فەهم ئەربکی رازی
بئاوازی نەی و سازی ببن بەر چەرخ پەروازی •
تزد من حبها الصفوی به اهل الهوی نشوی
« متی ما تلق من تهوی دع الدنیــا و اهملها »

وا لەبەرەوە بەیتەکانی جزیری و حافز دەخەینە بەرچاو •

حــافز :

بیا که خرقهءمن گرچه رهن میکدهاست
ز مال وقف نبینی بنــام من درمی
وره •••• ئەگەرچی خەرقەکەم رەهنی مەیخانەیە

بەڵام درهەمێك نابینی بەناوی من کەماڵی وەقف بێ •

حــافز :

این خرقه که من دارم در رهن شراب اولی
وین دفتر بی معنی غرق می ناب اولی

باشتر لەبۆ ئەم خەرقەیەی من هەمە کە لەڕەهنی شەراب‌دا بێ باشترە لەبــۆ ئەم دەفتەرە بێمەعنایە کە غەرقی شەرابی ناب بێ •

جزیری :

عەقدێ ئیحرامێ دعیشقیدا کو پیری عیشق بەست
دی چغەم گەر خەرقە رەهنی خانەیی خەمماربت

هەژار ل ١٠٧

حافز :

برو این دام بر مرغی دگر نـه
که عنقارا بلندست آشیانه

بڕۆ ئەم داوە بۆ تەیرێکی تر بنێ « دابنێ »
چونکە عەنقا لانەکەی بەرزە •

« فاذهب واطرح شباكك على طائر آخر و دعك من العنقاء فعشهـا بعيد المنال » «شواربی» ج٢ ل ٢٨٨

جزیری :

عەنقا نەشکارا کەسە داڤان تو بچین ڤەر
داڤا کو لعەنقا تو ڤەدی بادی هەواگرت

هەژار ل ١١٧ ــ صادق بهاءالدین ل ١٣٩

حافز :

دیدی آن قهقههء کبك خرامان حافظ

که ز سر پنجهء شاهین قضا غافل بود

« فهل رايت يا « حافظ » قهقهة التذرجة المزهوة
وقد كانت غافلةً عن مخالب صقر القضاء ؟ »

ئەی حافز ئایا چریکەی کەوی نەخشینت بیستوە کە بێباك بوو لە چنگی شاهێنی قەزا ...

جزیری :

ئەو کەبکی خەرامان کو دکۆزێ ل قەبو هات
شاهێنی قەضایێ بتەغافول ژ خوەڕا گرت

هەژار ل ۱۱۹ صادق بهاءالدین ل ۱٤۱

جزیری :

تو بنێ ماهی نەوو دەستی قەضایێ هەی‌هەی(۳۸)
نەلزەرعی فەلەکێ بەلکە لعومری مە ب داسی

هەژار ل ۲٦۲

حـــافز :

مزرع سبز فلك دیدم و داس مه نو
یادم ازکشتهء خویش آمد و هنگام درو
« رایت مزرعة الفلك الخضراء ومنجل الهلال الجدید
فتذکرت ما زرعت و فکرت فی موسم الحصاد العتید »

«شواربی»(۳۹)

لەداسۆکەی مانگی یەکشەوەم دەڕوانی لەچێنگەی شینی عاسمانێ پوش‌و پاری تەمەنی خۆی هاتە بیرو زانیم کاتی دروێنەهات .

هەژار ، ل ۲٦۲

جزیری :

خەرقەیی زەرق و ژەنگی زوهد من بمەیی موغانە شوست
شوستوشوێك دمەیکەدێ ئەووەلی کار فەرضە فەرض

هەژار ل ٥٨٩ صادق بهاءالدین ل ٢٤٤

حافز :

کنون بآب می لعل خرقه میشویم
نصیبهء ازل از خود نمی‌توان انداخت
ئێستا بەشەرابی لەعلی‌سور خەرقە دەشوێن .
ئەم بەشە ئەزەلی‌یە ، ناتوانم لەخۆمی دوورخەمەوە ، بەواتا ئەمە نسیبە.

جزیری :

حەتتا بنورا بادەیێ رەنگین نەکی سەججادەیێ (٤٠)
دوری ژوێ شەهزادەیێ دوڕ دانەیا گەردن ژعاج

هەژار ل ١٧٥ صادق بهاءالدین ل ١٧٢

حافز :

بمی سجاده رنگین کن گرت پیر مغان گوید
که سالك بیخبر نبود زراه و رسم منزلها
بەفەرمانی بکە خۆی شارەزایە و ڕێگە ناگۆڕێ
چونکە سالیك خۆی شارەزایە و ڕێگە ناگۆڕێ .
فلون السجادة بالخمر اذا قال لك ذلك «شیخ المجوس» فان «سالکاً» مثله لایجهل الطریق ورسوم المنازل .

شواربی (٤١)

«ئەگەر پیرت گوتی دوگرد دەمەی هەڵکێشە بی‌کێشە

بەفەرمانی بکە خۆی شارەزایە و ڕێگە ناگۆڕێ »

هەژار[٤٢]

جزیری :

تە دڤێ صاف و زەغەل ژێك ڤەدی تەجرەبەکە
داعیارێ بتەمامی بنومێتن تە محەك

هەژار ل ٣٣٧ صادق بهاءالدین ل ٢٧٤

حـــافز :

در خلوص منت ار هست شکی تجربه‌کن
کس عیار زر خالص نشناسد چو محك
ئەگەر دوو دڵی لە دڵسوزی من وەرە تاقیم کەرەوە
کەس عەیاری زێری خالص نازانێ مەگەر مەحەك .
« واذا شککت فی «خلوصي»... فأسرع الی فحصي و تجربتي
فلا یعلم معیار الذهب الخالص الا المحك »

« الشواربی » ل ١٦٢

جزیری :

ئەز ژ زولفا تە ڤەرستم مە طەلەب کر لەبی لەعل
لێ دچاها ذەقەنێ بێسەروپا چومە هەلەك

هەژار ل ٣٣٧ صادق بهاءالدین ل ٢٨٠

حافز :

بە پێچەوانەی ئەمە دەڵێ :
درخم زلف تو آویخت دل ازچاه زنخ

آن کز چاه برون آمد و در دام افتاد
دڵ لەچاڵی زەنەخداتتا ، دەستی برد بۆ زوڵفت ، تارزگاری بێ ، بەلام ، بەداخەوە ، ئەسیری داوی زوڵفت بوو — بوو بەداوی زوڵفتەوە ٠
«وقد هرب قلبي من بئر غمازتك فتعلق بسلاسل طرتك
فوا أسفاً عليه ... لقد طلع من البئر فوقع في الشباك ..!!

« الشواربی — ل ٢٧ »(٤٣)

جزیری :

شەربەتا وێ جامو طاسی
یار گوتێ بیت ئینعیکاسی
بیت مەژی فەیضەك ژکاسی
ئابی حەیوان ئەو بخوەیە

هەژار ل ٦٠٦ صادق بهاءالدین ل٣٧٩

حافز :

ما در پیاله عکس رخ یار دیده‌ایم
ای بیخبر زلذت شرب مدام ما
فكثيراً ما رأيت في كأس الشراب ، صورة الحبيب ممثلة بادية
فهل عندك نبأ بذلك ، يامن تجهل لذة احتساء الخمر الصافية ؟ !

« الشواربی ل ٥٧ »

جزیری :

مەست و هشیار هەمە کەچ کولەهن رەقصو سەماتێن
ئەز نزانم چنەسەق کەیفە نزانم چشەرابە

هەژار ل ٤٣٤ بهاءالدین ل ٣٤٣

حـــافز :

چه ره بود این كه زد در پرده مطرب
كه می رقصند باهم مست و هشیار
چه نەوایەك بوو كە گۆیەندە دەستی پێ‌كرد « لیبیدا »
تا مەست و هۆشیاری هێنایە سەماو رەقص
« وأی نغمة تلك التی ضربها المطرب فی الحانة(٤٤)
فأخذ يرقص على نغماتها المفيق و صريع الخمار •• !! »

« الشواربی » ــ ل ١٠٤

جزیری :

ژ ویصالا خوه زەكاتێ بدە میسكین و فەقیران
كو جەمالا تەیە كامیل دكە مالا خوه نیصابە

هەژار ل ٤٣٥     صادق بهاءالدین ل ٣٤٣

حـــافز :

نصاب حسن در حد كمالست
زكاتم ده كه مسكین و فقیرم
سەرمایەی جوانی تۆ گەیشتۆتە ئەوپەڕی
زەكاتی دەكەوێ ، كەواتە بیدە بەم فەقیری بێ دەرەتانە •

جزیری :

تەدڤێ بەرق و بروسكان برەشینی ، تو نەظەردە
تە دڤێ رۆژ خویابت ، ژ شەباكێ تو خویابـە
تە دڤێ زیرو زەبەركی مە ، دوزلفان بدە بەربا

تەدقی قەنج قیامەت لە رابت بخوە رابـە

هەژار ل ٤٣٨

حـافز :

تو گر خواهی که جاویدان جهان یکسر بیارائی
صبارا گو که بردارد زمانی برقع از رویت
وگر رسم فنا خواهی که از عالم براندازی
بر افشان تا فرو ریزد هزاران جان زهر مویت
تۆ ئەگەر جوانی ئەبەدیت بۆ هەموو دنیا دەوێ
بەبای سەبا بڵێ کە ڕوو پۆشەکەت لەڕووت لادا

ئەگەر دەتەوێ فەنا لەعالەمدا ریشەکەن کەی «نەیهێڵی» گێسوەکانت پەرێشان کە تا هەزاران گیانی زیندەدڵ بکەونـە خوارێ و نەجـاتیان بێ لەبەندی زوڵفت و ڕەسمی فەنا لەعالەمدا نەمێنێ •

جزیری :

سیرپوش و قیبا بامەیە تەسبیح و موصەللا
وەر دا بدرینین لخوە ئەو پەردە قەتابێ

هەژار ل ٤٦٨

حـافز :

زباده خوردن پنهان ملول شد حافظ
ببانگ بربط و نی رازش آشکارەکنم

حافز ئیتر تاقەتی چووە «وەڕس بووە» لەبادە خواردنەوە بەدزی‌یەوە ، با بەئاوازی بوربوت و نای ڕاز ئاشکارکەم •

جزیری :

موفتی مه نه‌ی و نایه و نه‌ی ته‌ولی قه‌دیمه
باوه‌رته نه‌هن ؟ گوهیده به‌رچه‌نگ و روبابێ

حــافز :

فتوی پیرمغان دارم و قولیست قدیم
که حرامست می آنجا که نه‌یارست ندیم

فه‌تواو حوکمی پیری موغانم هه‌یه که قسه‌یه‌کی دێرینه‌و به‌جێیه ، که حه‌رامه شه‌راب خواردنه‌وه ، ئه‌گه‌ر یار هاوده‌م و هاوپیاڵه نه‌بێ .

«لدی فتوی من «شیخ المجوس» وعندی قول صائب قدیم (٤٥)
بان الخمر حرام ، حیث لایکون الحبیب هو الندیم ... !! »

الشواربی ل ٢١٤

جزیری :

گه‌ر چی ده‌ر دیوانی حه‌ضره‌ت پور حه‌قیرین شوبهی مور
چه‌شمێ ته چه‌شمی سوله‌یمانی بحالی موربێ

هه‌ژار ل ٥١٩    بهاءالدین ل ٤٢٥

حــافز :

نظر کردن بدرویشان منافی بزرگی نیست
سلیمان با چنان حشمت نظرها بود بامورش

به‌چاوی به‌زه‌ییه‌وه ته‌مــاشای ده‌روێشــانی فه‌قــیر له گه‌وره‌ییت که‌م ناکاته‌وه . سلێمان به‌و هه‌موو حیشمه‌ت و گه‌وره‌ییه‌وه چاوی لوتف‌و به‌زه‌یی هه‌بوو به‌رامبه‌ر مێرووله‌که‌ی .

لێره‌دا ئیشاره‌ته بۆ داستانی حه‌زره‌تی سوله‌یمان‌و مێروله‌که . سه‌یری

سورەتی «النمل ــ ئایەتی ١٧ ، ١٨ ، ١٩» بکە • هەروەها سەیری «قصص القرآن»ی «حسن احمد جاد المولی» بکە ل ١٩٧ ــ ٢٠٢ ــ ٢٠٤ هەروەهــا «قصص الانبیاء» «عبدالوهاب النجار» ل ٣٣٧ •

جزیری :

شەرحی حالی غەمی عیشقا تە ژکو تێتە نویسین
مەدحی ئەوصافی جەمالاتە کو جاتێ رەقەمێ

هەژار ل ٤٧٠ صادق بهاءالدین ل ٤٣١

حــافز :

حکایت شب هجران نەآن حکایت حالیست
کە شمەء زبیانش بصد رسالە برآید

داستانی شەوی هیجران ، داستانێ نیــیە ، کە بتوانرێ کە تــۆزێ لەباسی بەسەدنامە بێتە دی «تەواوبێ» •

جزیری :

ژ ئەزەل حەق «بمەلێ» دایە ژعیشقێ قەدەحەك
تا ئەبەد مەست و خەرابین ژ مەیا وێ قەدەهی

هەژار ل ٤٩٣ صادق بهاءالدین ل ٤٤٤

حــافز :

سر ز مستی برنگیرد تا بصبح روز حشر
هرکە چون من در ازل یك جرعە خورد از جام دوست

هەر کەسێ وەك من یەك قوم لە پیاڵەی دۆستی خواردبێ لە ئەزەلدا ، سەری مەستی لەزەوی بەرزناکاتەوە تا ڕۆژی حەشر •

٢ ـ حافزو شیعری نالی :

نالی دامەزرێنەرو مامۆستای شیعرو ئەدەبیاتی کوردیی سەردەمی میرنشینی بابانە ، حەزرەتی نالی ، یەکێکە لەئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی • نالی هەروەکو جزیری لەشێوەی شیمالی داو خانای قوبادیو بێسارانیو مەولەوی لەشێوەی گۆرانیداو ، بابەتایەری هەمەدانی لەشێوەی جنووبیدا ، خاوەنی قوتابخانەیەکە کە هەرئەو قوتابخانەیە کە ئێستابۆتە بنکەو ناوەرۆکی شیعرو ئەدیاتی کوردی (٤٦)

نالی هەروەکو هەموو شاعیرو ئەدیبێکی سەردەمی خۆی چ کوردو چ هاوسێ شارەزاییەکی تەواوی هەبوو لە شیعرو ئەدەبیاتی زمانەکەی خۆیو جگە لەزمانو شیعرو ئەدەبیاتی عەرەبیو فارسیو تورکی لەبەرئەو هۆیانەی کە لەپێشەکی باسەکەدا باسمانکرد • دەربارەی شارەزاییی شاعیرو ئەدەبیاتی کورد لەزمانو ئەدەبیاتی دراوسێیدا لێرەدا ئێمە دەربارەی حافز لەشیعری نالیداو ڕەنگدانەوەی دەخەینە بەرچاو •

سەرنج : لەبەر ئەوەی لەباسێکی پێشوودا کە بەناوی «نالیو دراوسێی (٤٧)»یەوە باسی کاریگەریو ڕەنگدانەوەی شیعری فارسی لە لای نالی کردووە ، لێرەدا ئەو بەیتو پارچانەی نالی کە حافزی پێوە دیارە بەواتا ڕەنگوبۆی شیعری حافز چ لەڕووی واتاوەبێ چ لەڕووی هونەرەوەبێ پیشان دەدەمەوە • ئەوەی شایانی باسە دیوانی نالی ـ مدرس ـ مکردووە بەئەساس •

بێ سوود نییە پێش ئەوەی بەیتەکان پیشان بدەم ئەم بەیتەی نالی کە بەلگەیە بۆ شارەزاییی نالی لە ئەدەبیاتی فارسیدا جگە لەو غەزەلو دوو بەیتییەی نالی بە فارسی ـ بخەمە بەرچاو •

نالی ئێستە تاجی شاهیو تەختی خاقانی هەیە
شەوکەت ئارا موحتەشەم دیوانە ، فکرەت صائبە

وا بەیتەکانی نالی‌و حافز لەخوارەوە دەیخەینە بەرچاو •

نالی : غەزەلی ٥/١ ل ٨٩

شیرەیی جانە وتم یامەیە ؟ چابوو فەرمووی
عەکسی لەعلی لەبی مەرجانە لەفنجانم‌دا

حـــافز :

ما در پیاله عکس رخ یار دیده‌ایم
ای‌بیخبر زلذت شرب مدام ما

عەکسی ڕووی یار دەبینـــین لەپیالـــەدا ئەی بێخەبـــەر لە لەزەتـــی خواردنەوەی شەڕاب وەیا خواردنەوەی بەردەوامی ئێمە •

نـــالی :

بەحثی سیڕری دەهەنی نوقطە بە نوقطە بگەڕێی
سەری مووێ نی‌یە بێ‌نوکتە لەدیوانم‌دا

حـــافز :

گفتم نقطهء دهنت خود که برد راه
گفت این حکایتیست که بانکته‌دان کنند

گوتم : کێ دەتوانێ ڕێ بەرێ بەدەمت

گوتی : دەمم حیکایەتێـــکە دەیگێڕنـــەوە بۆخەبـــیر بۆهەڵهێنـــان

د• ابراهیم الشواربی لەشەرحی «ترجمه»ی ئەم بەیتەدا دەڵێ :

ثغره ضیق فهو یشبه النقطة في ضآلته وصغره ، اي ان فمه لا یـکاد یظهر او یبین فلا یصل الی الکشف عنه لضآلته وصغره الا خبیر بحل المعمیات والالغاز (٤٨) •

نـــالی :

نالی ئەو نوقطە کەوابوو بەنیشانەی چاوی

من له صه‌حنه‌ی ڕوخی ئه‌و دولبه‌ره نیشانم‌دا

حـــافز :

مردم دیده زلطف رخ او در رخ او
عکس خود دید گمان برد که مشکین خالیست

بیلبیله‌ی چاوم له‌به‌ر نازکی گۆنه‌ی ئه‌و له‌سه‌ر گۆنه‌ی وێنه‌ی خـۆی دی‌و گومانی کرد که خاڵێکی ڕه‌شه .

به‌واتا : ئه‌وه‌نده گۆنه‌ی ناسك‌و ڕوون بووه بیلبیـله‌ی چـاوی که نوخته‌یه‌کی ڕه‌شه له‌سه‌رگۆنه‌ی عه‌کسی «وێنه‌ی» داوه‌ته‌وه. به‌واتا ڕه‌سمی بیلبیله‌ی چاوی له‌گۆنه‌ی‌دا ده‌رکه‌وتووه‌و وای زانیوه خاڵێکه له‌سه‌ر گۆنه‌ی، لای نالیش هه‌مان واتای هه‌یه‌و هه‌مان واتای مه‌به‌سته .

غه‌زه‌لی ١٤/ا ل ١١٨

نـــالی :

ئه‌ی واعیظی باریدچی‌یه هه‌ر وه‌ك هه‌ره‌سی کێو
به‌و وه‌عظه که بایه هه‌موو ، هاتوویی به‌سه‌رما ؟

حـــافز :

برو بکار خود ای واعظ این چه فریادست
مرا فتاد دل از ره تراچه افتادست

برۆ به‌لای ئیشته‌وه ئه‌ی واعیز ئه‌م هه‌راو هاواره چی‌یه ؟
دڵم له‌ڕێ لای داوه به‌تۆچی ؟ مه‌به‌ستت‌چی‌یه ؟

غه‌زه‌لی ١/ب ل ١٣٣

نالی :

عاشق هه‌وه‌سی مه‌یکه‌ده و وعیلمی به‌سیطه

عاقل طەلەبی مەدرەسەوو جەهلی مورەککەب

حــافز :

حديث مدرسه و خانقاه مگوی کەباز
فتاد در سر حافظ هوای میخانه
تو خوا ئیتر باسی مەدرەسە و خانەقا مەکە
ئارەزووی مەیخانە و شەراب کەوتۆتە سەری حافز

نالی :

غەزەلی م/١٢ ل ٣٠٦

مەجلیسێکی چەمەن و بولبول و بەزمی گول و مول
بەدوصەد مەدرەسە و دەرس و کیتابی نادەم

حــافز :

أز قيل و قال مدرسه حالی دلم گرفت
يکچند نيز خدمت معشوق و مي کنم
لەبگرەو بەردەی مەدرەسە دڵم گیراوە
هیچ نەبێ توزێکیش خزمەتی مەعشوق و شەراب بکەم

نالی : غەزەلی ٧/ۆ ل ٣٨٤

خاڵت چی‌یە ؟ دانەی گەنمی جەنەتی ڕووتە
چاوت چی‌یە ؟ فیتنەی حەرەمی قیبلەیی ئەبرۆ

حــافز :

خال مشکين که بدان عارض گندم گونست
سر آن دانه که شد رهزن آدم باوست

خاڵی موشکین «میسکی» لەسەر ئەو گۆنە گەنمڕەنگە سیری ئـەو دانەیە کە ئادەمی گومڕاکرد •

نالی : غەزەلی ١/ھ ل ٣٩١

ساقی بەمەیی کۆنە لەسەر عادەتی تەوبە
بشکێنە بەیەك تەوبە دوصەد ماتەمی تەوبە

حـافز :

ساقیا برخیز و درده جامرا
خاك برسرکن غم ایامرا

هەڵسە ساقی بدەرێ جامی شەراب
خاكبکە بەسەر رووداوی زەمانە و خەمی ڕۆژاندا •

نالی : غەزەلی ١/١٤ ل ١١٨

وا ظەن مەبە ڕوخسارەیی تۆ غائیبە قوربان
بنوارە چلۆن نەقشە لەێو دیدەیی تەڕما

حافز :

خیال روی تو در هر طریق همره ماست
نسیم موی تو پیوند جان آگه ماست

خەیاڵی ڕووت لەگەڵمانایە ، لە هەموو لایەکدا شەماڵی مووی تۆ پەیوەندی گیانی بەئاگای ئێمەیە •

نـالی :

غەزەلی ٥/٢٢ ل ٥٣٠

داوێکە لەڕووی دانەیی خاڵت تەنراوە
زنجیرە لەپێی مائیلی ئەو ڕووتە نراوە

حــافز :

ای که در زنجیر زلفت جای چندین آشناست
خوش فتاد آن خال مشکین بر رخ رنگین غریب

ئەی ئەوەی چەندین آشنابوون بەداوی زوڵفتەوە چەند جوانە ئــەو خاڵە ڕەشەی لەسەر ئەو گۆنە ڕەنگینە عەجایەبە .

حــافز :

زلف او دامست و خالش دانهء آن دام و من
بر امید دانه افتادەام در دام دوست
زوڵفی ئەو داوە خاڵی دانەیی ئەو داوە
بە ئومێدی دانە کەوتوومەتە ناو داوی دۆست

٣ ـ حافز لەشیعری سالمدا :

سالم شاعیری بەرزی میرنشینی بابان و هاوڕێی گیانی بەگیانی نالی ، لە ساڵی ١٢٣٠ کۆچیدا لەدایك بووە و لە ساڵی ١٢٨٦ کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە (٤٩) .

ناوی «عبدالرحمن و کوڕی محمد بەگی قەرە جەهەنمی کوڕی احمد بەگ و لە بنە ماڵەی صاحێبقران و ئامۆزای مصطفی بەگی کوردی یە» .

وەڵامی نامە بەناو بانگەکەی نالی نیشانەی پایەو توانی سالم دەردەخا ، لەشیعری کوردیدا ، جگە لەوەی کە سەیری ناوەڕۆکی نامەکەی نــالیو وەڵامەکەی سالم دەکەین دوو شــتی زۆر گرنــگو شــایانمان بــۆ دەدا بەدەستەوە ، یەکەم باری مێژوویی و کۆمەڵایــەتیو زرووفی نالەبــاریو نەگبەتی ، کە بەسەر میرنشینی بابانو هەموو ناوچەکەدا هــاتووە ، دووەم دڵسۆزیو خۆشەویستیو پایەبەرزیی ئەم جووتە شاعیرە کە هەتاهەتایــە دەبێ ڕۆڵەی نەتەوەکەیان شانازییان پێوەبکەنو ڕۆژی هەزار جار دوعای

خێرو ئافەرینیان بۆبنێرن جگە لەوەی کە دەبێ هەمیشە لەسەریان بنووسن و گەنجینەی کتێبخانەی کوردی بەبەرهەمو لەسەر نووسین ئەو دوو بلیمەتـە پربکەنەوە (٥٠) • هەروەکو لەپێشەوە گوتمان «سالم»یش وەکو شاعیرەکانی پێش خۆیو هاوچەرخی شارەزاییەکی تەواوی هەبوو لە زمانو ئەدەبیاتی فارسیدا ، جگە لەوەی کەگەڵی سەفەری سنەو تارانیشی کردووە • بـۆ ئەوەی درێژە بە باسەکەم نەدەم لێرەدا ئەو بەیتو شیعرانە پیشان دەدەم کە ڕەنگدانەوەو هەناسەو بۆنی حافزی تیادا دەستنیشان دەکرێ •

سەرنج : لەبەر ئەوەی بەداخەوە دەڵێم ــ تا ئێسـتا دیوانی سـالم بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ساغ نەکراوەتەوەو لەبەر دەستدا نییە ، ناچـارم کە ئیعتیماد بکەم بەچاپەکەی کوردیی مەریوانی بغداد ١٩٣٣ وە بە پێی ڕیز پێوەگرتنی شیعرەکانی لەو چاپەدا دەستپێ بکەم ئەگەرچی زۆر هەڵـەو پاشو پێشی تیادایە •

١ــ سالم ئەم غەزەلە بەناوبانگەی حافزی تێهەڵکێش کردووە• ئەوەی شایانی باسە زۆر وەستایانە بەم کارە هەڵساوەو ئەوەی کە سەرنج ڕادەکێشێ لێرەدا ئەوەیە کە نیوەی یەکەمی بەیتەکانی خۆی تا ڕادەیەک هەمان (ترجمە)و واتای هینەکانی حافزە ئینجا لەگەڵ نیوەی دووهەمی بەیتـەکەی حـافزدا تێهەڵکێشی کردووە• من لێرەدا یەکەم بەیتەکەی حافز دەنووسـم ئینجـا هینەکانی سالم تاکو خوێندەواری بەڕێز هەر دووکی لەبەر چاوبێ ، هـەر وەها بەهیچ جۆرێ دەستکاری هیچ وشەو زاراوەیەک ناکەم ، چونکە ئەوە کارێکی ترەو لەشوێنی ساغ کردنەوەی دیوانەکەیدا دەبێ بکرێ • دەبـێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە شیعرەکانی حافز لە تێهەڵکێشەکەیدا ، بە پـێی ڕیز پێوەگرتنی دیوانی حافز نییە پاشوپێشی تیادایە ، جگە لە هەڵەو نارێکی لێرەدا ناچاربووم هەڵەو نارێکی بەیتەکانی حافز بە پێی ئەصڵەکە «دیوانی حافز»ی ڕاست بکەمـەوە ، جـگە لەوەی کە لە هەندێ شوێندا چەندی بواردووە ، ئنجا یا لە نووسینەوەدا کەوتووە یا سالم خۆی وازی لێهێناوە •

غەزەلەکەی حافز بەمە دەست پێدەکا :

حـافز :

اگر آن‌ترك شیرازی بدست آرد دل مارا
بخال هندویش بخشم سمرقند و بخارارا

ئەگەر ئەو جوانە « شۆخە » شیرازی‌یە بە ئیشارەتێ دلمـان ڕاکێشی ، بەخاڵی ڕەشی دەبەخشم سەمەرقەندو بوخارا[٥١] •

سالم بەم جۆرە دەست پێ دەکات :

ئەگەر ئومێدی دڵ بێنێتەجێ ماهی جیهان‌آرا «سالم»
بخال هندویش بخشم سمرقندو بخارارا «حافز»

حافز :

بده ساقی می باقی که در جنت نخواهی یافت
کنار آب رکنابادو گلگشت مصلارا

ئەی شەراب گێڕ ، بمدەرێ شەرابی باقی ، لە «جنة المأوى»دا دەستت نـاکەوێ ، لەکەنـاری ڕووبـاری « رکناباد »و بـاغچەی « المصلى »

لەبن خاری موغەیلان وەصل ئەگەربێ ئارەزوو ناکەم «سالم»
کنار آب رکنابادو گلگشت مصلارا «حافز»

حـافز :

نصیحت گوش کن جانا که از جان دوست تر دارند
جوانان سعادتمند پند پیر دانارا

گیانەکەم گوێ بگرە لە نەسیحـەتم ـ کەلاوانی بەختـەوەر «سـەعید» ئامۆژگاری «شێخ»یان لە خۆیان زیاتر خۆش‌دەوێ

نەسیحەت بگرە گوێ جانا لە لایان زۆر بەتەعظیمە «سالم»
جوانان سعادتمند پند پیر دانارا «حافز»

حـافز :

اگر دشنام فرمائی وگر نفرین دعاگویم
جواب تلخ می‌زیبد لب لعل شکرخارا

ئه‌گه‌ر جنێو بده‌ی و ئه‌گه‌ر نه‌فرین دعاده‌که‌م «دۆعاگۆم»
ئایا شایسته‌یه قسه‌ی تاڵ له‌و لێوه له‌علی‌یه شیرینه
دوو سه‌د جار گه‌ر به‌گوێی خۆم حه‌رفی ساردت بشنه‌وه‌م‌شادم «سالم»
جواب تلخ می‌زیبد لب لعل شکرخارا «حافز»

حـافز :

زعشق ناتمام ما جمال یار مستغنی‌است
بآب‌و رنگ‌و خال‌و خط چه حاجت روی زیبارا
جوانی یار پێ‌ویستی به عیشقی ناته‌واوی ئێمه نی‌یه
ڕووی جوان‌و نازه‌نینی چ‌پێویسته به‌خاڵ‌و خه‌ت و ئارایشت .

ئه‌گه‌ر حۆری له‌که‌وثه‌ر شست‌وشۆی خۆی دا به‌تۆ نابێ «سالم»
بآب و رنگ و خال و خط چه حاجت روی زیبارا «حافز»

حـافز :

حدیث از مطرب و می گو و راز دهر کمتر جو
که کس نگشود و نگشاید بحکمت این معمارا

ده‌رباره‌ی گۆینده و شه‌راب بڵێ و نه‌ڕاز و سڕی زه‌مـانه که‌م‌بڵێ ،
که که‌س نه‌ی‌توانیوه به حیکمه‌ت ئه‌م له‌غزو مه‌ته‌ڵه هه‌ڵهێنێ و که‌س که‌شفی نه‌کردووه .

له ئیدراکی شکه‌نجی عوقده‌یی زوڵفت په‌ڕێشانم « سالم »
که کس نگشود و نگشاید بحکمت این معمارا «حافز»

حـــافز :

من از آن حسن روزافزون که یوسف داشت دانستم
که عشق از پردهء عصمت برون آرد زلیخارا

زانیومه کە بەهۆی ئەو جوانی‌یەی یوسف هەی‌بوو ،
کە بەهۆی عیشقەوە ، ڕازی زولەیخا ، لەپەردەدا نەهێڵی‌و ئاشکرای کا.
کە عشق از پردهء عصمت برون آرد زلیخارا «حافز»

حـــافز :

غزل گفتی‌و در سفتی بیا و خوش بخوان «حافز»
که برنظم تو افشاند فلك عقد ثریارا

غەزەلت گوت‌و دوڕڕت سمی وەرە حافز بخوێنە بە دەنگێکی خۆش تا فەلەك ملوانکەی ثورەییا شاباشی شیعری تۆدەکات .
کەلامت حافظا دڵ سەنجە بۆ سالم وەها چاکە «سالم»
که برنظم تو افشاند فلك عقد ثریارا «حافز» (٥٢)
لەم تێهەڵکێشەی سالمدا ئەم بەیتەی حافز نابینین
فغان کاین لولیان شوخ شیرین کار شهرآشوب
چنان بردند صبر از دل که ترکان خوان یغمارا
دەشێ لەنووسینەوەی دیوانەکەی سالمدا کەوتبێ ، یا سالم خـۆی بەکاری نەهێناوە .

٢ ــ غەزەلی ژمارە «٥» حافز کە بەمە دەست‌پێ‌دەکا :
دل میرود ز دستم صاحبدلان خدارا
دردا که راز پنهان خواهد شد آشکارا

سالم پەیڕەوی ئەم غەزەلەی حافزی کردووە و لەسەر هەمان شـێوە ئەم غەزەلەی داناوە ، لەشەش بەیتدا ، ئەگەرچی هینەکەی حافز «١٣» بەیتە.

سالم بەمە دەستپێدەکا •

بۆ چینی زوڵفی پڕخەم نەقشە لەڕوویی یارا
وەك میللەتی مەجووسی هەردێن بەدەوری نارا

تا دەگاتە سەر ئەم بەیتە کە لەگەڵ هینەکەی حافزدا تێکەڵی کردووە •

حافز :

آن تلخ وش کە صوفی امالخبائث خواند
اشهی لنا واحلی من قبلة العذارا

سالم :

مەی گەر حەرام و تاڵە ساقی بەچاوی مەستت
أشهی لنا واحلی من قبلة العذارا

واتای بەیتەکەی حافز : ئەوتاڵە «بەواتا شەرابە» کە سۆفی (ام الخبائث)ی پێدەڵێ :

بەلەزەت ترو شیرینترە لە ماچی گەورە کچان •

٣ ــ سالم غەزەلە بەناوبانگەکەی حافز کەدەڵێ :
«الا یا ایها الساقي ادر کأسا وناولها»ی تێهەڵکێش کردوە بەم جۆرە :

١ ــ بەدەل کەین با بە نەشئەی مەی خوماری میحنەتی دونیا «سالم»
الا یا ایها الساقي ادر کأسا وناولها «حافز»

٢ ــ مەحەبەت زۆر بەئاشوبە بەسەهل تێیمەگەن یاران «سالم»
کە عشق آسان نمود اول ولی افتاد مشکلها «حافز»

٣ ــ کە بادی صبحدەم ئەفشان ئەکا گێسوی پڕچینی «سالم»
زتاب جعد مشکینش چە خون افتاد در دلها «حافز»

٤ ــ دڵا هەرچی بڵێ ناصیح لەنیكو بەد بەجێی بێنە «سالم»
کە سالك بیخبر نبود ز راه ورسم منزلها «حافز»

٥ ـ محەللی ریحلەتە دونیا ڕەفیقی ئیمڕۆ فەردایە «سالم»
جرس فریاد میدارد که بربندید محملها «حافز»

٦ ـ لەبیمی مەوجی دەریای ئەهلی دڵ زاهید خەبەردار نین «سالم»
کجا دانند حال‌ما سبکباران ساحلها «حافز»

٧ ـ قسەی من شوهرەتی شارە تەماتە تازە بپپۆشم «سالم»
نهان کی ماند آن رازی کزو سازند محفلها «حافز»

٨ ـ ویصالی دولبەرە سالم موعەظظەمتر لەهەر مەطڵەب «سالم»
متی ماتلق من تهوی دع الدنیا واهملها «حافز»

ئەوەی کەشایانی سەرنجە ئەوەیە سالم هێناوێتی بەشی یەکەمی بەیتی یەکەم «صدر» هەروەها بەشی دووەمی بەیتی یەکەم «عجز»ی هەر یەکەیانی لەبەیتێکی خۆیدا تیهەڵکێش کردووە بۆیە ئەم غەزەلە لای سالم بووە بەهەشت بەیت کە لای حافز ، خۆی حەوت بەیتە هەر وەکو مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس فەرمووی سالم حافزی کوردە بەڕاستی کە شیعرەکانی دەخوێنیتەوە وا دەزانی حافز بەکوردی دەخوێنیتەوە ، چونکە لەو شوێنانەی کە بەزەقی بەیتی حافزی لەگەڵدانەبێ ـ واتا سۆزی حافز لەناوو ناوەرۆکی بەیتو پارچەکانیا زۆر دیارو ئاشکرایە .

٤ ـ ئاشکرایە ئەم غەزەلەی حافز کە بەمە دەست پێدەکا :

میدمد صبحو کله بست سحاب
الصبوح الصبوح یا اصحاب

تێهەڵکێش کردووە ، نیوەی یەکەمی بەیتەکە سالمەو نیوەی دووەمی حافزە کە بەم جۆرەیە :

صوبحی نەورۆزە وەختی بەزمی شەراب «سالم»
الصبوح الصبوح یا اصحاب «حافز»

فەصڵی عەیش و نیشاتە هەی ئەمان «سالم»
المدام المدام یا احباب «حافز»
بولبولان مەست و گوڵ قەدەح دەرکەف
بس بنوشید دائما می ناب(٥٣)
پیری مەی ئێستەکێ قبوڵ ناکا
که ببندید میکده بشتاب (٥٤)
ئەی حەریف هەفتەیەکە ئاوی بەهـار
راح چون لعل آتشین دریـاب
دەری مەیخانە بەندە ڕێگە نی یە
افتح یا مفتخ الأبواب (٥٥)

سالم بەشی یەکەمی ئەم بەیتەی وەکو لای حافز چۆنە دەری بڕیـوە لەگەڵ تۆزێ جیاوازی چونکە لای حافز ئەم بەیتە بەم جۆرەیە :

در میخانه بستەاند دگر
افتتح یا مفتخ الأبواب
وەیا بستەاند دگر
افتح یا مفتخ الأبواب
وەرە سالم لەحاڵەتی عەجزا
همچو حافظ بنوشه می ناب

لێرەدا وادیارە لەچاپەکەدا بەهەڵە وا نووسراوە چونکە ڕاستی یەکەی ئەمەیە [ همچو حافظ بنوش بادەء ناب ](٥٦) .

٥ ــ سالم ئەم غەزەلەی حافز کە بەمە دەست پێ دەکات :

دل سرا پردەء محبت اوست
دیده آیینەدار طلعت اوست

بەم جۆرە تێهەڵکێشی کردووە :

دڵە خەڵوەت سەرای حەزرەتی دوست
دیدە آیینەدار طلعت اوست
کیمیای عیشق سیمای فەقر
هرچە دارم ز یمن همت اوست
ڕێی دڵی داوە چونکە طوڕڕەی یـار
گردنم زیر بار منت اوست
بێ‌کەس و عاشقتم منی بەدناو
همە عالم گواە عصمت اوست
دڵ بەخزمەت تەقەڕڕوبی دەست کەوت
پردەدار حریم حرمت اوست
هەرچی گوڵڕوخ کە جازبی دڵ بن
ز اثر رنگ‌و بوی صحبت اوست
چە کنی اندرین جهان خراب
هرکسی پنج روز نوبت اوست

کە سەیردەکەین دەبینین سـالم ئەمەندە شـارەزاو توانی لەزمـانی فارسی و حافزدا هەبووە ، جگە لەوەی کە بەیتـە کوردی‌یەکانیشی دەڵێی شیعری حافزە ، جاری وا هەیە بە فارسیش تێ‌هەڵکێشی کردووە ، هـەر وەکو گوتمان سالم حافزی کوردە و لەو کەمتر نی‌یە ٠

بولبول و تووتی دڵو ڕوخی‌یار
فکر هرکس بقدر همت اوست
دیدە نازانێ بۆ عەزیزە لەلام
زانکە این گوشە خاص خلوت اوست

لە ڕاستی‌دا هینەکەی حافز وایە :

« زانکە این گوشە جای خلوت اوست »

دیارە لەنەقـڵ و نووسین و چـاپدا ئەم هـەڵانەی تێ‌کەوتـووە ،

یا دەستخەت‌و نووسخەکەی سالم ئەئاوابووە •

لادە سالم لە ڕاهی تیرە نەزەر
سینە گنجینەء محبت اوست

ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە یا سالم ڕیزی بەڕیزی بەیتەکانی حافزەوە نەگرتووە ، یان لە نەقڵ‌و نووسین‌و چاپدا پاش‌و پێش کەوتووە •

٦ ـ سالم ئەم غەزەلەی حافزی تێهەڵکێش کردووە ، بەوەی کە نیوەی یەکەمی هەر بەیتێ لەبەیتەکانی حافز هی سالەو لە زۆریانـا هەمـان واتـاو مەبەستی حافزی بەکارهێناوە •

بێنە سابادی سەبا لەم وەختەدا پەیغامی دوست «سالم»
تاکنم جان ازسر رغبت فدای نام دوست «حافز»
وەختە بنیادی وجودم نەی سیفەت ئاگربدا
طوطی طبعم زعشق شکرو بادام دوست
ئاوی کەوثەر قەت قبوڵ ناکا لەدەس غیلمان‌و حوور
هرکه چون من در ازل یك جرعه خورد ازجام دوست
ناڵەبێ‌تەئسیرە ئەی دڵ زەحمەتی خۆت بەس‌بدە
دردسر باشد نمودن بیش‌از این ابرام دوست
قەسدی ئەو دوشنام‌و جەورە مەیلی من بۆس‌و کەنار
ترك کام خود گرفتم تابراید کام دوست
توشی دەردی ئادەمم یاران لەقەیدی خاڵەوە
برامید دانه افتادەام در دام دوست

٧ ـ لێرەدا ئەم غەزەلەی حافز کە بەمە دەست پێدەکات :

حسن تو همیشه درفزون بـاد
رویت همه ساله لاله گون باد « حافز »
جوانیت با هەمیشە لەزیادبونا بێ

ڕووت بەدرێژایی ساڵ گوڵگون بێ
بەم جۆرە :
هەر دیدەنی تۆیە دڵ بکا شـاد «سالم»
رویت همه ساله لاله گون باد «حافز»
گەر سوجدە نەبات موقابیلت سەرو
پیش الف قدت قدش چو نون بـاد
بەڵام ڕاستی‌یەکەی بەم جۆرەیە :
پیش الف قدت چو نون باد (٥٧)
شمشاد به رسمی خاکبوسی
درپای قد تو سرنگون بـاد
بەڵام ڕاستیەکەی بەم جۆرەیە :
در خدمت قامتت نگون بـاد (٥٨)
حوسنت وەکو ماهی ئاسمانی
هر روز که هست درفزون بـاد
ڕاستی‌یەکەی ئەمەیە :
هر روز که بـاد درفزون بـاد (٥٩)
گەر ڕەوشەنە دیدە بیجمالت
از گوهر اشك غرق خون بـاد (٦٠)
ڕاستی‌یەکەی ئەمەیە :
چون گوهر اشك غرق خون بـاد
غەمزەت لەبەرابەری دڵی زار
بی صبرو قرار وبی سکون بـاد
گەر عاجزە دڵ لەحەڵقەیی زوڵف
از حلقهء وصل تو بیرون باد باد
ڕاستی‌یەکەی ئەمەیە :

« از حلقهء وصل تو برون باد »(٦١)
جێی ئاوی حه‌یاته له‌علی لێوت
دور ازلب هر خبیث دون باد

ڕاستی‌یه‌که‌ی ئه‌مه‌یه :

« دور ازلب مردمان دون باد »(٦٢)
تاکه‌ی دڵی من له‌شه‌وقی وه‌صڵت
زه‌بوون‌و ناتوان‌و بی‌سکون باد

وا دیاره لێره‌دا نیوه‌که‌ی حافز که له‌به‌یتی شه‌شه‌مدا سالم هیناویتی که به‌م جۆره‌یه « بی‌صبرو قرارو بی سکون باد »ه

سالم به‌م شێوه‌یه دووباره‌ی کردۆته‌وه ، له‌ڕاستی‌دا ئه‌مه‌یان لای حافز به‌م جۆره‌یه :

« درکردن سحر ذو فنون باد » (٦٣)

٨ ــ ئه‌م غه‌زه‌له‌ی حافز که به‌مه ده‌ست‌پێ‌ده‌کا :ــ
عیدست و آخر گل‌و یاران در انتظار
ساقی بروی شاه ببین ماه‌و می بیار

جه‌ژنی ڕه‌مه‌زانه‌و پایانی وه‌رزی گوڵ‌و ، دۆستان چاویان له‌ڕێ‌یه •
ئه‌ی شه‌راب گێڕ «ساقی» مانگی نوێ له‌ ڕووی شاه‌دا «مه‌لیك» ببینه‌و باده‌بهێنه‌و بمان‌ده‌رێ •

ئه‌یامی عیدو عه‌هدی گوڵ‌و مه‌وسیمی به‌هار « سالم»
ساقی بروی شاه ببین ماه‌و می‌بیار « حافز »
جانا له‌ماڵ‌و ده‌وڵه‌تی دنیا عه‌زیزتر
آن نیز برکرشمهء ساقی کنم نثار

ڕاستی‌یەکەی بەم جۆرەیە :
« کان نیز برکرشمه ساقی کنم نثـار »(٦٤)
بێتو لەبم بگاتە لەبت دڵ بەڵەد ئەبێ
از فیض جامو قصهء جمشید کامکار
ڕەنگین ئەبێ لە حاڵەتی بەزما بە شیعری من
جام تو مرصع بدین در شاهوار
ڕاستی‌یەکەی بەم جۆرەیە :
« جام مرصع تو بدین در شاهوار »(٦٥)
ڕێگا دەبا بەسرِی دەهانت خەیاڵی من
« موسوم نقطه است نه پنهان نه آشکار »

ئەم نیوە بەیتە لە غەزەلەکەی حافزدا نی‌یە دەشێ هەرهی سالم خۆی بێ
چهرەت بەئاب‌و ڕەنگی لەتافەت ئەڵێی گوڵە
یارب زچشم زخم زمانش نگاەدار

٩ ــ سالم جارێکی‌تر بەیتی یەکەم لەغەزەلە بەناو بانگەکەی حـافزی تێکەڵ بەبەیتێکی خۆی کردووە ، زۆر وەستایانەو هونەرمەندانە ◦ بەیتەکەی حـافز ئەمەیە :ــ

الا یا ایها الساقی ادر کأساً وناولها
که عشق آسان نمود اول ولی افتاد مشکلها
سالم :ــ الا یا ایها الساقی بەموفلیس وەختی ئیحسانە
ادر کأساً وناولها عەتا شێوەی کەریمانە

سالم ئەم بەیتەی حافزکە :

لە غەزەلە شیرینەکەی حافزدا کە ئەڵێ :
اگر آن ترك شیرازی بدست آرد دل مارا

بخال هندویش بخشم سمرقندو بخارارا

ئا ئەم بەیتە :

اگر دشنام فرمائی وگر نفرین دعاگویم
جواب تلخ میزیبد لب لعل شکر خارا

سالم دەڵێ :ــ

دەکا شیرین لەخەشما تلخ گوئی لعل شیرینت
دوعا گرنیست خوش وقتم زگفتارت بدشنامی

❋ ★ ❋

بنکەی ژین

## سەرچاوەو پەراوێزەکان :

(١) سەیری علاءالدین سجادی ـ دەقەکانی ئەدەبی کوردی ـ بەغدا ـ ١٩٧٨ ـ ل ١٣ ـ ١٤ بکە .

(٢) لای فارسەکانیش بۆ ماوەیەك بەواتا دووسێ سەدە لەدوای هاتنی ئیسلامەوە زمانو ئەدەبیاتی فارسی فەرامۆش کرابوو ، عەرەبی شوێنی گرتبۆوە تا ئەوە بوو لە زەمانی « سامانی‌یەکان »دا بەهۆی ئەوەی کەمیرەکانیان دەیانویست زمانو ئەدەبیاتی فارسی ببوژێنەوەو ڕەونەقی پێشووی پەیداکات شیعرو ئەدەبی فارسی دەستی‌کرد بە نەشونوما ، ئەوە بوو هەر لە زەمانی ئەمانا بوو شانامە نوسین هاتە کایەوە وەکو شانامەی مەسعوودی ، مروزی گوشتاسب ، شانامەی دەقیقی‌و شانامەی فیردەوسی ... سەیری :ـ
ا ـ تاریخ ادبیات فارسی ـ د. صفا تهران ١٣٣٩ .
ب ـ تاریخ ادبیات فارسی ـ رضا زاده شفق تهران ١٣٤٢ .
ج ـ تاریخ ادبیات فارسی ـ ادوارد براون تهران ١٣٣٥ .
د ـ پێشەکی گنج سخن ـ د. ذبیح‌الله ـ تهران ـ جلداول ١٣٥٤ .
هـ ـ تاریخ زبان فارسی ـ خانلری ـ جلددوم ـ تهران ١٣٥٢ل ٥٢ ـ ٥٣ .

(٣) سەیری فرەوشی ـ زمانی کوردی ـ باسێکە لە گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیاتی تاران بکە .

(٤) سەیری : ا ـ علاءالدین سجادی ـ مێژووی ئەدەبی کوردی ـ بەغداد ـ چاپی دووەم ١٩٧١ ـ ل ١٥٢ ـ ١٥٣ بکە .
ب ـ سەرچاوەی ژمارە (١) ـ ل ٤٠ ـ ٤١ بکە .

(٥) سەیری ئەمانە بکە :ـ
ا ـ سەرچاوەی (٤) .
ب ـ العقد الجوهري في شرح اشعار الملا الجزیری ـ احمد الملا محمد البهتی الزفنگی ـ قامشلی ١٩٥٨م .
ج ـ داستانی شێخی سەنعان ـ فەقێی تەیران ـ تحقیق ، چاپی مۆسکۆ ١٩٦٥ م .
د ـ بابا تاهیری هەمەدانی «دیوان» تصحیح وحید دستگردی ـ چاپ چهارم ـ ١٣٤٧ ـ تهران .
هـ ـ مەهدی‌نامەی ابن الحاج ـ محمد علی قەرەداغی ـ چاپی کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغداد ـ ١٩٧٥ .
و ـ دیوانی نالی ـ مەولەوی ، خانی ، بێسارانی .

(٦) سەیری : ا ـ گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات ـ زانستگای بەغدا ژمارە (١٦) ١٩٧٣ بابەتی «شاعیرانی کوردو ئەدەبیاتی فارسی» بکە .

ب ـ ڕۆشنبیری نوێ ـ ژمـارە «١٠٦» ١٩٨٥ قورئـان لە شـیعری جزیریدا بکە .
ج ـ ڕۆشنبیری نوێ ـ ژمارە (١٠٧) ١٩٨٥ ـ نالیو ئەدەبیاتی دراوسێ بکە .
(٧) ئەم زاتانەی هەموویان شارەزاو زانای زەمـانی خۆیان بوون لە عەرەبیو فارسیو کوردیدا .
(٨) سەیری سەرچاوەکانی ژمارە (٦) بکە .
(٩) ا ـ سەیری سەرچاوەی ژمارە (٢) بکە .
ب ـ تاریخ زبان فارسی ـ جلد دوم ـ دکتر خانلری ـ تهران ـ ١٣٥٢ ل ٤٩ ـ ٥٠ ـ ٥١ .
(١٠) عەرووزی عەرەبی لە ڕێگەی فارسییەوە کوردەکان ـ واتا ـ شاعیرەکانو ئەدەبیاتی کورد ، وەریانگرتووە بە پێی تایبەتێتی زمانو ئەدەبیاتی کوردی ئەو بەحرانەی کە دەگونجا ـ بەکاریان هێناوە وەکو بەحری « رمـل ، هزج ، بسیط و مضارع » .
(١١) شیعرەکانی مەولەوی لەسەر کێشی خۆماڵییە واتا ـ برگەییە کە ئەمە لەگەڵ کێشی شیعری کۆنی ئەم ناوچەیـەدایە واتـا لە پێش ئیسـلامدا یەکدەگرنەوە ، جگە لەوەی کە کێشی شیعری ئایینیو فۆلکلۆرمـان بـە زۆری لەسەر ئەم کێشەیە .
(١٢) سەیری : ا ـ کۆنیو تازەیی لە هەڵبەستا ـ گۆران ـ هیوای ژمارە (٣١) ساڵی ٤ کانوونی دووەمی ١٩٦١ بکە .
ب ـ د. کامل بصیر ـ شێخ نووری شێخ صاڵح ـ بەغدا ـ ١٩٨٠ .
(١٣) شـارەزاو زانایانی ئەدەبی فـارسیو شیعری فارسی بە پێی شـێوەو داڕشتنییەوە دابەش دەکەن بەسەر ئەم چەند «شێوەیە»دا کە «اسلوب ـ سبك»ی پێ دەڵێن .
١ ـ شێوەی خۆراسانی ـ کە شیعری ئەم شێوەیە ژمـارە یەك تایبەتێتیو ڕێو شوێنی خۆی هەیە ، شاعیرانی بەناوبانگی ئەم شێوەیە : « فردوسی ، روودکی ، عنصری » .
٢ ـ شێوەی عێراقی . شاعیرانی بەناوبانگی ئەم شێوەیە :
« نظامی ، سعدی ، مولوی ، حافظ ، جامی ... »یە .
٣ ـ شێوەی هیندی ـ ئەصفەهانی ـ شاعیرانی بەناوبانـگی ئەم شـێوەیە « کلیم ، صائب ، هاتف ... » .
٤ ـ بزووتنەوەی گەڕانەوەی ئەدەبی « بازگشت ادبی » سـەیری آتشـکدهء لطفعلی آزربیگدلی بـکە .
سەیری : سبك خراسـانی در شعر فـارسی ـ محمد جعفر مخجوب ـ تهران ـ ١٣٤٥ ـ ل ٣٥ .

(١٤) بۆ شارەزایی دەربارەی ئەم شاعیرانە سەیری :ـ
گنج سخن :ـ د . ذبیح‌الله صفا ـ جلداول ـ تهران ـ چاپی پێنجەم ـ ١٣٥٤ .
گنج سخن :ـ د . ذبیح‌الله صفا ـ جلددوم ـ تهران ـ چاپی دووەم ـ ١٣٥٤ .
گنج سخن :ـ د . ذبیح‌الله صفا ـ جلدسوم ـ تهران ـ چاپی دووەم ـ ١٣٥٤ .
گنج سخن :ـ . ذبیح‌الله صفا ـ جلددوم ـ تهران ـ ١٣٥٤ ـ چاپ دووەم ل ٢٩٨ .
وشەی خواجە : بەواتــای کوێخاو گەورەی ماڵو شێخو پیرو ، ماڵدارو حاکم ، بەساحێبی کومەڵیش دەڵــێن .. هەروەهـا گەورەو سەروەر ، بەواتای ئەوپیاوە خەسێنراوانەی کە لە حەرەم سـەرای پاشاو حاکمەکاندا خزمەتکاری و کاروباریان دەکرد ... دێت .
(١٥) حافظ شیرین سخن ـ محمد معین ـ تهران ـ ١٣١٩ ل ٧٤ .
(١٦) حافظشیرین سخن ـ محمد معین ـ تهران ـ ١٣١٩ ل ٧٤ .
(١٧) حافظ شیرین سخن ـ محمد معین ـ تهران ـ ١٣١٩ ل ٧٥ .
(١٨) دیوانی حافظ ـ بەکۆششی محمد قزوینی و دکتور قاسم غنی ـ تهران.
(١٩) دیوانی حافظو حافظ شیرین سخن ـ محمد معین تهران ـ ١٣١٩ل ٧٥.
(٢٠) اغانی شیراز ـ ابراهیم امین الشواربی ـ ج ١ ـ القاهرة ـ ١٩٤٤م ل ١٢١
(٢١) اغانی شیراز ـ ابراهیم امین الشواربی ـ ج ٢ ـ القاهرة ـ ١٩٤٥م ل ١٨٩
(٢٢) اغانی شیراز ـ ابراهیم امین الشواربی ـ ج ٣ ـ القاهرة ـ ١٩٤٥م ل ٢٥١
(٢٣) ا ـ دیوانی حافظ ـ بەکوشش محمد قزوینی و دکتر قاسم غنی ـ چاپ سینا ـ تهران ل ١١٥ .
ب ـ اغانی شیراز ـ ابراهیم امین الشواربی ـ ج ٢ ـ القاهره ١٩٤٥م ل ٨٤ .
(٢٤) سەرچاوەی ژمارە (١٥) ل ٧٧و دیوان حافظ سەرچاوەی (١٩) ل .
(٢٥) حافز خۆی دەڵێ :ـ
ندیدم خوشتر ازشعر تو حافظ
بقرآنی که اندر سینه داری
لە شیعری تۆخۆشترم نەدی حافز
بەو قورئانەی کە لە سینەتایە
سەیری : حافظ شیرین سخن ـ د. معین ـ ل ٨٥ بکە .
(٢٦) حافظ الشیرازی شاعر الغناء والغزل في ایران ـ ابراهیم امین الشواربی ـ مصر ـ ١٩٤٤م ل ١٧٣ ـ ١٧٤ .
(٢٧) سەیری ئەم سەرچاوانە بکە :ـ

ا ـ سەرچاوەی ژمارە « ٤ » ل ١٧٩ ـ ١٧٨ .
ب ـ دیوانی ـ مەلای جزیری ـ هەژار ـ تهران ـ ١٣٦١ ل ١٣ ـ ٢١ .
ج ـ العقد الجوهری ـ ج ١ ـ قامشلی ـ ١٩٥٨ ـ المقدمة .
(٢٨) سەرچاوە ٢٧ / ب / ل ٢٣ .
(٢٩) ئەم ئەفسانەیە بەشێوەیەکی تریش دەگێڕنەوە : کە گوایە خواجە حافز عاشقی کچێك دەبێت بەناوی « شاخ نبات » لەبەر فەقیریو کەم دەستی ، پێی ناگات ، نەزردەکات کەچل شەوی جومعە لەشوێنێکدا کە پێیان گوتوە « باباکوهی » شەونخونی بکا . واتا مشغولی عبادەت بێ ، حافزی عاشق ، ئاوای کرد ، تەنانەت لەوکاتەدا خوێندنو نووسینی نەدەزانی ، کە گەیشتەشەوی چلهەم « چله » ، دوای ریازەت ، خەوی لێکەوت لەخەودا حەزرەتی ئەمیری موسلمانانی دی ، کە دەرگای خەزێنەی غەیبی بەڕوویدا کردەوەو ئەوی لەزانستو عیرفاندا گەیاندە پایەی بەرزو پێیگوت کە حافزی قورئان دەبێ وە زمانت بە شیعر گوتن دەکرێتەوە کە کاتێ حافز خەبەری بۆوە ، خۆی بەشاعیریو عارفی دی کە خەبەر بووە ئەم غەزەلەی کە بەمە دەست پێدەکات ، خوێندەوە :

دوش وقت سحر ازغصه نجاتم دادند
وندر آن ظلمت شب آب حیاتم دادند
دەگاتە ئەوەی ئەڵێ :ـ
اینهمه شهدو شکر کز سخنم میریزد
اجر صبریست کز آن « شاخ نباتم » دادند
کیمیائی است عجب بندگی پیر مغان
خاك اوگشتم و چندین درجاتم دادند
همت پیر مغانو نفس رندان بود
که زبند غم ایام نجاتم دادند

حافظ شیرین سخن ل ١٠١ .

ئەم بەیتە بەم جۆرەش هەیە :
همت حافظ و انفاس سحر خیزان
که زبند غم ایام نجاتم دا ند
بۆ واتای ئەم چەند بەیتە سەیری «الشواربی» بکە ، ل ١٧٩ .
(٣٠) مامۆستا هەژار لە کتێبەکەیدا «مەلای جەزیری» دەربارەی ئەم داستانەی نووسیوە سەیری ـ ل ١٩ بکە .
(٣١) سەیری سەرچاوەکانی ژمارە (٢٧) بکە .
(٣٢) دیوانا مەلایێ جزیری ـ صادق بهاءالدین ١٩٧٧ بەغدا ـ ل ١٩٥ .
(٣٣) سەیری : ا ـ سەرچاوەی ژمارە ١/٦ ل ١٧ بکە .
ب ـ مەلای جزیری ـ هەژار ـ ل ٢٠٧ .

(٣٤) ١ ـ جامی : نورالدین عبدالرحمن بن احمد جـامی ـ به ناوبـانگترین شاعیری دوایی‌یه‌کانی ده‌وری «تیموری»یه له سالی ٨١٧ کۆچی ، له‌دایك بوه‌و له سالی ٨٩٨ی کۆچی‌دا کۆچی دوایی‌کردوه . خـاوه‌نی « هفت اورنگ»و دیوانی شیعره وه چه‌ند به‌رهه‌مێکی تریش به په‌خشان له‌وانه : نفحات الانس ، و بهارستان ... هتد ، شاعیرانی کورد ، وه‌کو جزیری، مه‌لا وه‌سمان جگه له حـافز ، جـامیش کـاری تێ‌کردون بۆ زیـاده‌ی شاره‌زاییت ده‌رباره‌ی جامی سه‌یری :ـ

١ ـ گنج سخن ـ د. صفا . تهران ـ ١٣٥٤ جلد دوم . چاپ دوم ل ٣٥٥و ل ٣٥٦ بکه ـ جگه له «تاریخ ا بیات فارسی» ـ دکتور صفا . ورضا زاده‌ء شفق و ادوارد براون :ـ له به‌شی «دوره‌ء تیموری» بکه .

(٣٥) العقد الجوهری ـ الملا محمد الزفنگی ـ قامشلی ـ ١٩٥٨ ـ ج ١ ل ٤٢٩ غزل ( ن ) .

(٣٦) ١ ـ سه‌رچاوه‌ی ژماره ٣٣ / ب / ل ١٢٨ .

ب ـ سه‌یری دیوانی جزیری ـ صادق بهاءالدین ، هژار ، العقد الجوهری ـ الزفنگی بکه .

(٣٧) دیوانا مه‌لایی جزیری ـ صادق بهاءالدین ـ به‌غدا ١٩٧٧ ل ٨٣ بۆ ئه‌وه‌ی دووباره‌ی نه‌که‌ینه‌وه ، چونکه ژماره و لاپه‌ڕه‌ی غه‌زه‌له‌که نووسراوه ، وه له‌پێشه‌وه گوتمان دیوانه‌که‌ی مه‌لای جزیری ماموّستا هه‌ژارو ماموّستا « صادق بهاءالدین »مان کردووه به ئه‌ساس ، ئیتر پێویست ناکات هه‌موو جارێ له په‌راوێزدا ئیشاره‌تی بۆبکه‌ین‌و له هێندێ شوێندا ده‌نووسـین «هه‌ژار» به واتا «دیوانی جزیری» «هه‌ژار» ، و «صادق بهـاءالدین»یـا «بهاءالدین»یه واتا دیوانی جزیری صادق بهاءالدین .

(٣٨) سه‌رچاوه‌ی ژماره ٢٧/ب ل ٢٦٢ .

(٣٩) سه‌رچاوه‌ی ژماره ٢٠ ج٢ ل ٢٨١ .

(٤٠) سه‌رچاوه‌ی ژماره ٢٧ ر ب ل ١٧٥ .

(٤١) سه‌رچاوه‌ی ژماره ٢٠ ج١ ل ٤٩ ـ ٥٠ .

(٤٢) سه‌رچاوه‌ی ژماره ٢٠ ج٢ ل ١٦٢ و سه‌رچاوه‌ی ژماره ٢٧ / ب ل١٧٥ .

(٤٣) سه‌رچاوه‌ی ژماره ٢٠ ج٢ ل ١٢٧ .

(٤٤) سه‌رچاوه‌ی ژماره ٢٠ ج ٢ ل ١٠٤ .

(٤٥) سه‌رچاوه‌ی ژماره ٢٠ ج٢ ل ٢١٤ .

(٤٦) زمانی نالی ـ به‌رگی ـ ١٣ ـ گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق ده‌سـته‌ی کوردی به‌غدا ـ ١٩٨٥ .

(٤٧) سه‌رچاوه‌ی ژماره ٦ / ج ل ٧٧ .

(٤٨) سه‌رچاوه‌ی ژماره ٢٠ ج١ ل ١٧٢ .

(٤٩) ا ــ سەرچاوەی ژمارە «٤» ل ٢٥٦ ــ ٢٦٢ .
ب ــ دیوانی سالم ــ کوردی مەریوانی ــ بەغدا ــ ١٩٣٣ ــ چاپی یەکەم ل ٢ .
(٥٠) سەرچاوەی ژمارە «٤» ل ٢٥٦ ــ ٢٦٢ .
(٥١) ا ــ دیوانی خواجە شمس‌الدین محمد حافز شیرازی ــ محمد قزوینی و د. قاسم غنی تهران .
ب ــ دیوان غزلیات مولانا شمس‌الدین محمد حافز شیرازی ــ بکوشش دکتور: خلیل خطیب رهبر . تهران ــ ١٣٦٣ چاپ اول .
ج ــ سەرچاوەی ژمارە «٢٠» ج١ ــ ج٢ .
(٥٢) ا ــ ئینجا نازانم غەزەلەکەی سالم هەر ئەوەندەیە بەواتا هەر ئەم شەش بەیتەیە ، یان زیاترە لەوەی کە لای کوردی مەریوانی هەیە .
ب ــ سەیری دیوانی حافز بکە . بەتایبەتی : دیوانی حافز ــ قاسم غنی‌و محمد قزوینی .
(٥٣) ئەم نیو بەیتەی حافز راستی‌یەکەی ئەمەیە :ــ
می وزد ازچمن نسیم بهشت
« هان بنوشید دم بدم می‌ناب »
(٥٤) لای حافز بەم جۆرەیە : « که ببندند میکده بشتاب »
(٥٥) حافز دەڵێ :ــ
در میخانه بسته‌اند گر
افتتح یا مفتتـخ الابواب
(٥٦) لای حافز بەم جۆرەیە :ــ
بر رخ ســاقی پری پیکر
همچو حافظ بنوش بادهء نــاب
(٥٧) حافز دەڵێ :ــ
قد همه دلبران عالم
پیش الف قدت چو نون بــاد
(٥٨) حافز دەڵێ :ــ
هر سرو که درچمن در آید
در خدمت قامتت نگون بــاد
(٥٩) حافز دەڵێ :ــ
اندر سر ما خیــال عشقت
هر روز که با در فزون بــاد
(٦٠) حافز دەڵێ :ــ
چشمی که نه‌فتنهء تو باشــد
چون گوهر اشك غرق خون بــاد

(٦١) حافز دەڵێ :ـ
هر دل که زعشق تست خـالی
از حلقهء وصل تو برون بـاد
(٦٢) حافز دەڵێ :ـ
لعل توکه هست جـان حافظ
دور ازلب مردمان دون بـاد
(٦٣) حافز دەڵێ :ـ
چشم تو زبهر دلربـائی
در کردن سحر ذو فنون بـاد
(٦٤) حافز دەڵێ :ـ
جز نقد جـان بدست ندارم شراب کو
کان نیز بر کرشمهء ساقی کنم نثـار
(٦٥) حافز دەڵێ :ـ
می خور بشعر بنده که زیبی دگر دهد
جام مرصح تو بدین در شاهوار
وا دیاره «تو» لە نەقڵو چاپدا لە دیوانـەکەی سـالمدا پـاشوپێش کەوتووە .

## ملخص البحث باللغة العربيـة

يقدم الباحث نبذة عن الادب الكـردي مؤكداً على أن للكـرد أدبـاً رصيناً ، شعراً ونثرا منذ القدم ، ثم يتوقف عند ذكر أسماء بعض الأعلام في الأدب الكردي ، كما يقدم نبذة عن تأثير اللغات الاسلامية ، وخاصة العربية والفارسية في اللغة والادب الكردي ، ويعالج وبصورة مفصلة تأثير الفارسية في الشعر الكردي من خلال فطاحل شعراء الفرس من أمثال عطار وجلال الدين الرومي وسعدي وحافظ ونظامي الگنجوى ، وغيرهم . ومن ثم ، يبين الباحث تأثير حافظ الشيرازي في الشعر الكردي . ويخصص بحثه ، هذا حول تأثير حافظ في آثار «الملا الجزيري ونالى وسالم» ويذكر أبياتا وشواهد مـن هؤلاء الشعراء وما موجود في نفس المضمون والغرض لدى حافظ الشيرازي .

# کیمیای عەترو گوڵاوو بۆنەخۆشەکان

دوکتۆر زەنوون محەمەد پیریادی

پرۆفیسۆر

بەشی کیمیا ـ کۆلیجی زانست ـ زانکۆی

بغـدا

بێ گومان عەترو گوڵاوو بۆنە خۆشەکـان بەشێکی گرنگـن لەو مـاددە کیمیایی یانەی کەوا هەموو ڕۆژ بەکاری دەهێنین بە تایبەتی لە ژیانی شارستانی ئەم چەرخەدا . نەك تەنها چینی ئافرەت و کچان بە دوای عەترا عەوداڵن بەڵکو چینی پیاویش قەبارەیەکی زۆر لەماددە بۆن خۆشەکان بەکار دەهێنن .
عەتری نایاب زۆر بهایە و دەگمەنە چونکە دروست کردنی کارێکی ئاسان نی یە. پیشەسازیی عـەتر دروسـت کردن لە ئەورووپا بە تایبەتی لە فەرەنسا بووە بە بازرگانی یەکی بە نرخ و پێز . هەر وەها ئەمەریکاش دەستی داوەتە دروسـت کردنی عەتر و بۆنی خۆش و ملیۆنەها دۆلار قازانجی لێ دەکەن .

شیانی باسە عەتر و بۆنی خۆش تەنها بۆ بەکارهێنـانی هاوڵاتی یەکان بۆ بۆن خۆش کردنی خۆیان بە کار نایەت ، بەڵکو قەبارەیەکی زۆر لە بۆنەکان بـۆ دروست کردنی خواردەمەنی قوتوو بهارات و شەربـەت و شـامپۆ و سـابوون و دەرمان و دەیەها شتی تر بەکاردەهێنرێن .

ئەم لێ کۆڵینەوەیە باسی عەتر و گـوڵاو و بۆنە خۆشەکان دەکـات بەم جۆرەی خوارەوە : لە پێشەوە مێژوویەکی کورت دەربارەی پەیوەندیی مرۆڤ بە عەترو بۆنەخۆشەکانەوە و چۆن دروستکردنی عەتر بوو بە پیشەیەکی تایبەتی هەر وەها گرنگی بۆن دەربارەی خواردن و خواردنەوە چی یە ؟ قاوەو چایی ئەگەر بۆنیان نەبێت ناخورێنەوە ئایا هۆی بۆنە خۆشەکەیـان چی یە؟ گۆشتی بـرژاوو چێشتی قوبووڵی و هەموو میوەکان گشت بۆنیان خۆشـە هەر یـەك بە جۆرێ بەڵام ئەگەر بۆنیان نەبێت ناخورێن. ئایا پێکهاتووی بۆنەکانیان لە کیمیادا چین ؟

دوابەدوای ئەوە باسی ئەو کەرەسە خاوانە دەکەین کە بۆ دروست کردنی عەترو بۆن بەکاردەهێنرێن ، چ کەرەسەی سروشتی بێت یان دەستکرد بێت. شیانی باسە زانستی کیمیای بۆنەخۆشەکان پیشەی کیمیایە ، چونکە ماددەیەك بۆنی هەبێت پێویستە هەڵمی ئاوێتەیەکی تایبەتی یان چەن ئاوێتەیەك بە تێکەڵی لەو ماددەیەوە دەرچێت و بگاتە ناو کونالووتی مرۆڤ بۆ ئەوەی هەست بە بۆنەکە بـکات .

لەپاشان عەترەکان دابەش دەکەینە چەند بابەتێك‌و باسیان دەکەین بە جۆرێکی ئاسان ، ئەمجا باسی ئەو بۆنە خۆشانە دەکەین کە لەگەڵ سابوون‌و شامپۆو تایدا تێکەڵ دەکرێن . لە کۆتاییی باسەکە پێکهاتووی کیمیایی زۆربەی ئەو مادده ناسراوانە کە بۆنیان خۆشەو بۆ عەتر دروستکردن بە کاردە هێنرێن شی دەکەینەوە .

**سەرناوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە :**

**پێشەکی**

کورتە مێژوویەکی بۆن .
لێکۆڵینەوەی کیمیای بۆن‌وعەتر چ سوودو بایەخێکی هەیە ؟
کەرەسە خاوەکانی پیشەسازیی بۆن .
ا ــ مادده سروشتی‌یەکان :
١ ــ ڕۆنە سەرەکی‌یەکانی (١) ڕووەك .
٢ ــ ڕۆنی گوڵ .
٣ ــ بەرهەمە سروشتی‌یەکانی تر وەکوو :

(١) بەنزۆین .
(٢) گالبانۆم .
(٣) لابدانۆم .
(٤) ماتێ .
(٥) مێلیلۆت .
(٦) مێرە ( مۆر ) .
(٧) ئۆکموس .
(٨) بخوور .
(٩) ئۆپۆپانەکس .
(١٠) سۆسەن ( فەرەنسی ) .
(١١) بەلسەمی (٢) پیرۆ .
(١٢) ستایراکس .
(١٣) بەلسەمی تۆلۆ .
(١٤) میسکی سروشتی (٣) .
(١٥) کاستۆریۆم .

ب ــ مادده دەستکردەکان بۆ ئامادەکردنی بۆن .
پێویستی‌یەکانی ئامادەکردنی عەترو بۆن .

قۆناغەکانی بـۆن :ـ

(١) قۆناغی یەکەم Top Note
(٢) قۆناغی ناوەڕاست Middle Note
(٣) دوا قۆنـاغ End Note

چۆن عەترو بۆنی نوێ پێك دێت ؟
بابەتەکاتی عەترو بۆنی خۆش .

١ــ بابەتی گوڵ .
٢ــ بابەتی بۆنی تیژ .
٣ــ بابەتی بۆنی دار .
٤ــ بابەتی بۆنی قەوزەو زەلـکاو .
٥ــ بابەتی بۆنە ڕۆژهەڵاتی یەکان .
٦ــ بابەتی بۆنی گژوگیا .
٧ــ بابەتی بۆنی توتن و چەرم .
٨ــ بابەتی ئەلدەهایدەکان .

عەترو بۆنی سابوون و کرێم و بۆنخۆشکەرەکان .
عەتری سابوون و تایدو شامپۆ .
پۆدرەی بۆنـدار .
بۆنکوژەکان و دژە ئارەق (پرژێنـە بۆندارەکان) کیمیـای چـەن ماددەیەکی ئەندامی (٤) بۆن خۆشی دەستکرد .

**پێشـەکی**

بێ گومان هەموو کەسێك حەز لە بۆنی عەترو گوڵاوو بۆنە خۆشـەکان دەکات وەکوو ڕێحانەو نەرگزو گوڵەباخ و دەیەها عەتری دەستکرد . بە تایبەتی ئـافرەت بە دوای عەترو بۆنی خۆش دەگەڕێت و ئامادەیە پارەیەکی زۆری بـۆ تەرخان بکات ، چونکە بۆندان لە خۆ بەشێکە لە جوانی و شۆخی و ڕێكوپێـکی ئافرەت .

بۆنی خۆش و عەتر نەك هـەر بۆ مەبەسـتی ئارایشکردن و ڕازانەوەی ئافرەت و پیاو گرنگن بەڵکو چەن لایەنێـکی تریش هـەن لە ژیانمـاندا کـە پێویستی یان بە بۆنی خۆش هەیە وەکوو دروستکردنی خواردن و خواردنەوەو بۆن خۆشکردنی سابوون و تایدو (٥) گەلێك شتی تر . بۆ وێنە بەهـارات و ئالات وەکوو کاری و بیبەری ڕەش و قەنەفل و ڕازیانەو کەموون و دارچینی ... هتد بۆن و تامێکی خۆش دەبەخشن بە خواردەمەنی . بەبێ بەشداربوونیـان

له خواردەمەنی هەرگیز خواردنەکان لەوانەن نەخورێن . هەر وەها بۆنە خۆشەکانی چایی‌و قاوەو گۆشتی برژاوو گۆشتی مریشك یان بۆنی قوبوولی برنج کە دێنە گژمانا کارمان تێ دەکەن‌و ئارەزووی خواردنیان زیاد دەکات .

دەتوانین بۆنەخۆشەکان دابەش بکەینە دوو جۆر :-

**١ - بۆنە عەتراوی‌و گوڵاوی‌یەکان :**

کە بۆ مەبەستی ئارایش‌و خۆجوان کردن‌و ڕازانەوە بەکاردەهێنرێن . بە زوبـانی ئینگلیزی بەم جـۆرە بۆنـانە دەڵـێن ( پێر فیوم(٦) Perfum ) . عەتریش بریتی‌یە لە گیراوەیەکی هەڵم‌دار(٧) ، بە تێکەڵ‌کردنی چەن ئاوێتەیەکی بۆن‌خۆش بەرێژەیەکی تایبەتی ئامادە دەکرێت . گۆڕانی ڕێژەکانی پێکهاتووی تێکەڵەکە بۆنی دەگۆڕێت‌و لەوانەشە بێ‌کەڵکی بکات .

**٢ - بۆنەخۆشەکانی خواردن‌و خواردەمەنی :**

مەبەست لێرە بۆنەکانی خواردەمەنین وەکوو بۆنی بهارات‌و چایی‌و قاوەو گۆشت ... هتد. ئەم بۆنانە بەشێـکی گرنگی خواردەمەنـین‌و لە زانسـتی کیمیادا پێ‌یان دەڵێن ( فلێڤەر(٨) Flavor ) . بەڕاستی کیمیای ئەم جۆرە بۆنانە کە بە ئینگلیزی پـێی دەڵـێن ( Flavor Chemistry ) (٩) بووە بـە مەیدانێکی فراوان بۆ لێکۆڵینەوە ، چونکە ئەو کومپانیانەی کە خواردەمـەنی دروست‌دەکەن پێویستی‌یان بە بـۆنی دەسـتکرد هەیـە بۆ ئەوەی لـەگەڵ خواردەمەنی‌دا تێکەڵی بکەن . ئەگەر هاتوو چایی یان قاوە یان چێشت یـان شەربەتی پرتەقاڵ بۆنە تایبەتی‌یەکانی نەبێت ئەوا لەو بڕوایەدام کە بۆ خواردن دەست‌نادەن . هەموو جۆرە بۆنێك لە تاقیگەکان‌دا شی‌کراوەتەوەو ئاوێتەکانی ناوی ناسراون‌و بە گوێـرەی ئەوەش بۆنەکان دروسـت‌کراون لە ئـاوێتەی دەستکرد . ئەو کارگانـەی خـواردن دروسـت دەکەن هەندێـك لەبۆنـە دەستکردەکانی ئەو جۆرە خواردەمەنی‌یە تێکەڵ بە بەرهەمەکانیان دەکەن بـۆ ئەوەی بۆنێـکی تـیژی ئـەو خواردەمەنی‌یـە بـدات‌و زۆری بفرۆشرێت .

بۆ وێنە شۆرباکانی(١٠) قوتوو وەك شۆربای قارچك یان فرووجـاو لە ئەمەریکا بۆنێکی یەگجار خۆشیان هەیەو زۆر بە تام‌و بەلەزەتن نەك لەبەر ئەوەی کەرەسەکەیان باشەو ڕەزیلی تێ‌نەکراوە بەڵکو هۆی بەلەزەتی‌و بۆن‌خۆشیی ئەو خواردەمەنی‌یانە ماددەی کیمیایی بۆن‌خۆشـەکە بە ڕێژەیـەکی تـایبەتی تێکەڵیان دەکرێن .

هەر وەها لێرە لە عیراق شیرکەتی ڕۆنی(١١) ڕووەکی لە بەغدا چـەن ساڵێك لەمەوبەر ڕۆنێکی تایبەتی‌یان دروست‌دەکرد بە ناوی (ڕۆنی زەینەب).

ئەم ڕۆنە وەکوو زۆرکەس لەبیرێتی بۆنو تامی ڕۆنی خۆمانی(١٢) ئەدا کەچی هیچ جۆرە پەیوەندی‌یەکی بە ڕۆنی ئاژەلی‌یەوە(١٣) نەبوو . بۆم دەرکەوت هۆی ئەو بۆنە خۆشە ماددەیەکی کیمیایی دەستکردە(١٤) کەوا بۆنی لە بۆنی ڕۆنی ئاژەلی دەچێت ، واتە کەمێك لەو ماددەیە تێکەڵ بە ڕۆنی زەینەب دەکرا بۆ ئەوەی تاموبۆنی ڕۆنی کوردیی خۆمان بدات .

لە ولاتە پێش‌کەوتووەکان‌دا پارەیەکی زۆر تەرخان‌دەکەن بۆ لێکۆلینەوەی بۆنو تامی خواردەمەنی دروست‌کردنی ئاوێتەی(١٥) هاوبۆن(١٥) لەگەڵ بۆنە سروشتی‌یەکان بۆ ئەوەی دروستی‌بکەنو لەگەڵ خواردەمەنی‌دا تێکەلی‌کەن.

بەم بۆنەیەوە بە باشی ئەزانم باسی ڕووداوێکی ڕاستەقینە بکەم لەم بارەوە کە خۆم هاوبەشیم کردوە تیایادا لە تاقیگەیەکی ئەمریکی :ــ

لە پلەی خوێندنی بڕوانامەی ماجستێر لە ئەمەریکادا لێکۆلینەوەکەم لە ژێر سەرپرشتیی دوکتۆر ( مایکل مەیسن ( Michel Mason کرد لە زانکۆی ئۆکلاهۆما سالی ١٩٦٧ . دوکتۆر ( مەیسن ) خەریکی دروست‌کردنو ئامادەکردنی بۆنی ( فستق عەبید ( Peanuts بوو . (فستق عەبید) کە دەبرژێت بۆنێکی تایبەتی خۆش بلاودەکاتەوە ئارەزوی مرۆڤ بۆ خواردنی زیاد دەکات . لە ئەمەریکا ( فستق عەبید ) دەهاڕنو کەمێك شەکری تێ‌دەکەنو دەیکەنە هەویرێکی زۆر بەتام پێی دەلێن ( کەرەی فستق ) واتە Peanut butter ئەمەریکایەکان بە نانەوە دەیخۆنو ماددەیەکی سەرەکی چینی هەژارە چونکە هەرزانەو لە لایەن تەندروستی‌یەوە زۆر بەنرخە.

لە عیراق ئەم خواردنە نەناسراوەو نازانن چۆن دروست‌دەکرێت بەلام لە ئەمەریکادا خواردنێکی شایەعی هاوولاتی‌یەکانە . لێکولینەوەکانی دوکتۆر (مەیسن) برێتی بوون لە دروست‌کردنو ئامادەکردنی تێکەلێك لە ئاوێتەی ئەندامی کە لەناو بۆنی فستق عەبیدا هەن . هەوڵدانەکەی (مەیسن) بە یارمەتیی چەند قوتابی‌یەکی ماجستیرو دکتۆرا بەرهەمی‌داو خەلاتیش کران لە لایەن کومپانیای فستق عەبیدەوە لە ئۆکلاهۆما . هەروەها منیش کە چووم بۆ تاقی‌گەکەی دوکتۆر (مەیسن) پرۆژەیەکی لێکۆلینەوەی بۆنو تامی گوێزی ئەمەریکیم(١٦) جێ بەجێ کرد . بە کورتی لێکۆلینەوەکەم پەیوەندی بە بۆنی خواردەمەنی‌یەوە هەبوو پاش ئەوەی پێکهاتووەکانی بۆنی (فستق عەبیدی) برژاو شی‌کرایەوەو ژمارەی ئاوێتە بۆن‌خۆشەکانو پێکهاتوویانو ڕێژەکانیان زانران دوکتۆر (مەیسن) هەلسا هەموو ماددەکانی ئامادەکرد و دە دوانزە نموونەی لەم ماددانە تێکەڵ کرد . لەپاشان داوای لەچەن کەسێك لە ئێمە کرد کە چێژی(١٧) هەر نموونەیەك بکەین و لێیان بخۆین لە پاشان ڕادەی تیژی بۆنەکە

تۆمار بکەین . بەم جۆرە دوکتۆر(مەیسن) توانی تێکەڵێکی زۆر بۆن خۆش‌و پەسەندکراو وەك بۆنی ( فستق عەبید ) دروست‌بکات .

ئەوەبوو پاش چەن ساڵێك دوکتۆر ( مەیسن ) زانکۆی ئۆکلاهۆمای بەجێ‌هێشت‌و چوو بۆ نیویۆرك‌و پەیوەندیی بە کومپانیای(١٧) بۆن‌و عەتری جیهانی کرد . شیانی باسە پارەکە نامەیەکی بۆم نارد تیایادا دەیگوت کەوابووە بە خاوەن شرکەتێکی تایبەتی‌و(١٨) زۆر دەوڵەمەند بووە .

لەبەر ئەوەی لاپەڕەیەکی زۆری پێویستە بۆ باس‌کردنی هەموو جۆرە بۆنێك وتارەکەمان تەرخان‌دەکەین بۆ لێ‌کۆڵینەوەی کیمیای عەترو بۆنەخۆشەکان کەوا بەکاردەهێنرێن بۆ ئارایش‌کردن‌و بۆن‌خۆش‌کردنی ئافرەت‌و مرۆڤ بە تایبەتی‌و هەمیشە بۆ دروست‌کردنی سابوون‌و شامپۆو شتی‌تر .

**کورتە مێژوویەکی بۆن‌و عەتر :**

فیرعەونی‌یەکان واتە میسری‌یە کۆنەکان خاوەنی کۆنترین شارستانین لە نێوان میللەتەکان‌دا . تەرمی فیرعەونەکان‌و نەخشەکانی سەر پەیکەرەکانیان زیاد لە چوار هەزار ساڵەو بەڵگەن بۆ پێش‌کەوتن‌و شارستانێتی میسری‌یە کۆنەکان .

فیرعەونەکان پادشاهی وڵاتی سەبەئیان بەدیل‌گرت هەروەها سوریاشیان گرت . ئەو بهارات‌و عەترەو بۆن‌خۆشانەی لەو وڵاتانە هەبوون هەموویان هێنا بۆ میسرو مۆمیایان(١٩) پێ‌دروست دەکردو تەرمی فیرعەونەکانیان پێ‌خۆشەدەکرد(٢٠) .

کە میللەتی مووسا پێغەمبەر واتە جوولەکەکان میسریان بەجێ‌هێشت‌و چوون بۆ فەلەستین لەگەڵ خۆیانا زانیاریی عەترو بۆنیان برد بۆ فەلەستین‌و لەوێ بازرگانی‌یان پێوەدەکرد .

سەرچاوەی ئەم زانیاریانەش تەورات‌و ئینجیلە ...

شیانی باسە هەندێك جار بە ئینگلیزی بە بۆنی خۆش‌و عەتر دەڵێن ( ئەرۆماتیك Aromatics ) بەڵام ئەم ناوە ئێستا تەرخان‌کراوە بۆ جۆرێکی تایبەت لە ئاوێتە ئەندامی‌یەکان .

بابیلی‌یەکان(٢١) لە بابیل‌و ئاشوری‌یەکان لە نەینەواو قرتاجی‌یەکان لە قەرتاجە(٢٢) مەڵبەندبوون بۆ کڕین‌و فرۆشتنی عەترو بۆنی‌خۆش . بۆن‌و عەتریان دەبردو بە ڕۆمان‌و فینیقی‌یەکانیان دەفرۆشت . ڕۆمانەکانیش دەیان‌برد بۆ یۆنان‌و لەپاشان بۆ فەرەنسا . زۆربەی عەتری گران‌و نایاب لە فەرەنسا دەفرۆشرا بە ئافرەتی پیاوە گەورەکان ...

فەرەنسا بوو بە مەڵبەندێکی گرنگی بازرگانی عەترو گوڵاو بۆ هەموو جیهان . هاتووچۆی لەگەڵ هەموو وڵاتەکانی دووروو نزیك دەکرد بە تایبەتی لەگەڵ ئەمەریکادا پاش دۆزینەوەی لە لایەن (کریستۆف کۆلۆمبس)ەوە .

لە چەرخەکانی نوێدا فەرەنسا لە هەموو وڵاتەکانی‌تر زیادتر پێش‌کەوت لە پیشەسازیی عەترو بۆنی خۆش‌دا .

ئەتوانین بڵێین هەتا پەنجا ساڵیش لەمەوبەر بەکارهێنانی عەتروبۆن تایبەت بوون بە کۆمەڵێکی بچووکی دارای هاووڵاتی‌یەکان بە هۆی هەژاریو دەستکورتی زۆربەی خەڵکەکە . بەڵام ئەمڕۆکە لە ئەورووپاو وڵاتە پێش‌کەوتوەکاندا بەکارهێنانی عەترو گوڵاوو ئارایش‌کردن بووە بە شتێکی ئاساییو نرخی عەترەکانیش گەلێك هەرزان‌ترن لە جاران .

بێ‌گومان لە کوردستان بە تایبەتی و لە عێراقدا بەگشتی عەترو بۆن جێگایەکی بەنرخ و بایەخێکی زۆری دراوەتێ ، بە تایبەتی لە لایەن چینی ئافرەتەوە . ئافرەتی کورد هەر لە منداڵی‌یەوە خۆی بە مێخەكبەندو عەترو گوڵاو ئارایش دەکات ، نەرگزو ڕێحانەو گوڵ هەڵدەگرێت بۆ ئەوەی بۆنی خۆش‌بێت . ئەمەش وا دیارە ئەنجامی جوانی سروشتی کوردستانە کە هەمیشە شاخەکانی بە گوڵەکێویو ڕووەکی هەمە ڕەنگ ڕازاوەتەوە بە درێژایی زۆربەی ساڵ .

## لێکۆڵینەوەی کیمیایی بۆنو عەتر چ سوودو بایەخێکی هەیە ؟

ئایا بایەخدان بە کیمیای عەترو بۆنی خۆش هیچ سوودی هەیە بۆ مرۆڤ؟ ئەو سوودانە چین ؟ بەڵی ! ئەگەر پێت بڵێم چەن ملیۆن دۆلار هەموو ساڵێك بەسەر بازرگانی ماددە بۆن‌خۆشەکاندا خەرج‌دەکرێت ئەوسا گرنگیو بەکەڵکی زانینی کیمیاو تەکنۆلۆجیای ئەم ماددانە دەسەلمێنیت . ئەمە جگە لە پیشەسازیی بۆنە دەستکردەکانی خواردەمەنی وەك بۆنی ڤانیلاو قەنەفڵو مێنشۆڵو هێلو . . . هتد کەوا دەکرێنە ناو کێكو پاقلەواو شەربەتو بەستەنی . . هتد .

پێش‌کەوتنی لێکۆڵینەوە دەربارەی ماددە بۆن‌خۆشەکان ئابووریی وڵات بەهێزدەکات . سێ لایەنی گرنگ هەن کە سوود لە بۆنو عەتر وەردەگرن . ئەم سێ لایەنانە ئەمانەن :ـ

١ ـ ئارایش‌کردنو ڕازانەوەی مرۆڤ بە تایبەتی ئافرەت .

٢ ـ بۆ ئامادەکردنی شتومەکی تەوالێت(٢٣) وەکو سابوونو شامپۆو ماددە پاگژکەرەکان ( بۆ وێنە سۆمەرو تاید ) . .

٣ ـ بۆنە خۆشەکانی خواردنو خواردنەوە . وەکوو بۆنی چاییو قاوەو پونگەو(٢٤) کاری . . هتد .

## کەرەسە خاوەکانی پیشەسازیی بۆن

ئەو بۆنە خۆشەی کە لە کۆلۆنیای ریش‌تاشین هەیە یان لە ناو سابوونی بۆنداردا یان لە ناو عەترو گولآو بریتی‌یە لە تێکەلآوێکی چەن ئاوێتەیەکی(٢٥) کیمیایی هەمەجۆر(٢٦) . عەترەکان دەگیرێنەوەو پوختە دەکرێن لە گولو گەلآی درەختو گیا یان لە بەرهەمی گیانەوەرەکان(٢٧) . هەندێک جاریش دروست‌دەکرێن لە تاقی‌گەکانو کارگەکاندا ..

بە گشتی ماددە بۆن‌خۆشەکان دابەش دەکرێنە دوو بابەتی گەورە :ــ

أ ــ ماددە سروشتی‌یەکان .

ب ــ ماددە دەستکردەکان .

### أ ــ ماددە سروشتی‌یەکان

ئەم ماددانە دابەش دەکرێنە چەشنەکانی خوارەوە :ــ

**١ ــ ڕۆنە سەرەکی‌یەکانی ڕووەکی : (٢٨)**

ئەم ماددانە ڕۆنی شلی بۆن‌دارنو بەهەلمن(٢٩) ، ڕووەک دروستیان‌دەکات. زۆربەی ئەم جۆرە ماددانە بە دلۆپاندنی(٣٠) گەلآ یان گول یان تۆوی ڕووەکەکە ئامادە دەکرێن .

**٢ ــ ڕۆنی گول :**

بە تایبەتی لە گولو گولزار پوختە دەکرێت بە هۆی تواندنەوەی بۆنەکان لە توێنەری(٣١) تایبەتی‌دا وەکوو کحوول ، کلۆرۆفۆرم یان بەنزین . لەپاشان توێنەرەکە دەکرێت بە هەلمو بۆنەکە دەمێنێتەوە .

**٣ ــ بەرهەمە سروشتی‌یەکانی تر :**

لێرەدا باسی ئەو جۆرە ئاوێتانە دەکەین کە لە مەلبەندی زیندووەوە دەست دەکەوێتو لەپاشان تێکەل بە چەند ئاوێتەیەکی تر دەکرێت بۆ ئەوەی بۆنێکی خۆشی تایبەتی بدات . لە خوارەوە چەند ماددەیەک لەم بابەتە باس‌دەکەین :

**أ ــ بەنزۆین** Benzoin .

بریتی‌یە لە ماددەیەکی چەوری بۆن‌خۆشو شل . هەندێک درەختی تایبەتی دروستی دەکاتو کۆمەل دەبێت بەسەر گەلآکاندا یان بەسەر قەدی درەختەکەدا . دوو چەشن بەنزۆین لە بازاڕدا هەیە :

( ا ) بەنزۆینی سیام .

( ب ) بەنزۆینی سۆماترا .

بەنزۆینی سیام زیادتر بەکار دەهێنرێت بۆ دروستکردنی بۆنی عەترو گوڵاوی ئارایشکردن . لە وڵاتی ( لاوس ) ئەم ماددەیە زۆرە . جۆتیارەکان لە گەڵای درەختی تایبەتی پوختەو کۆیدەکەنەوەو ڕەوانەی فەرەنساو وڵاتەکانی تری دەکەن . ماددەکە بۆنی ڤانیللای لێدێتو لە شلاوی کحوولی (٩٠٪)دا زۆر باش دەتوێتەوە .

گەڵاکان دەهەنجێنن و لەگەڵ شلاوی(٣٢) ٩٠٪ کحوولدا تێکەڵ دەکرێتو دەشڵەقێنرێت(٣٣) بۆ ئەوەی بەنزۆینەکە لە کحوولدا بتوێتەوە . لە پاشان دەپاڵێورێتو(٣٤) پاڵاوتە(٣٥) ڕوونەکە گەرم دەکرێت لە ژێر پەستێکی کەمدا بۆ ئەوەی کحوولەکە ببێت بە هەڵمو جیاببێتەوە . بەم جۆرە ماددەیەکی لینجمان دەستدەکەوێت پێی دەڵێن ( بەنزۆینی لینج(٣٦) Resinoid Benzoin

بەنزۆینی سۆماترا بۆنێکی جیاوازی هەیە لەگەڵ بەنزۆینی سیام چونکە پێکهاتووەکەی ڕێژەیەکی بەرزی ترشی سینامیکی Cinnamic Acid تیادا هەیە کەچی بەنزۆینی سیام ترشی بەنزەوێکی Benzoie Acid زۆرە ...

لەبەر ئەوەی ڕێژەیەکی کەم لە ماددەی ڤانیلین لە پێکهاتووی بەنزۆیندا هەیە دەبینین ئەم ماددەیە کەڵکی نییە بۆ بۆنخۆشکردنی سابوونو کرێمو شامپۆ چونکە ڤانیلینەکەی ناوی ڕەنگی ئەو سابوونو شامپۆیە دەگۆڕێت .



Vanillin ڤانیلین

بۆنی ڤانیلایە ــ ساڵی نیو ملیۆن کیلۆ لەم ماددەیە لە ئەمەریکا دەفرۆشرێت



Benzoin بەنزۆین

ماددەیەکی تاڵەو بۆنی بادەم یان کافۆری لێدێت(٣٧)

## ٢ ـ گالبانـۆم . Galbanum

مادده‌یه‌کی لینجه وه‌ك بنێشت ، له دره‌ختی گالبانۆم(٣٨) پوخته‌ده‌کرێت. داری گالبانۆم دره‌ختێکی کێوی‌یه له ئێران‌و لوبنـان ده‌ڕوێت ، گوڵـه‌کانی شێوه خێوه‌تن(٣٩) وه‌کوو گوڵی گێزه‌ر .

ئه‌و مادده نه‌رمه‌ی که له قه‌دی دره‌خته‌که وه‌رده‌گیرێت چه‌ن مادده‌یه‌کی ئاوه‌کی(٤٠) تیادا هه‌یه وه‌ك ڕیشاڵی ڕووه‌کی وادو ورده خۆڵ بۆیه مـادده‌که خاوێن‌و پوخته ده‌کرێت به هۆی کحوول . مادده بۆن‌خۆشه‌که له کحوول‌دا باش ده‌توێته‌وه‌و ده‌توانین پوخته‌ی بکه‌ین وه‌کوو له‌سـه‌ره‌وه باسـمان‌کرد . مادده‌ی گالبانۆم ڕه‌نگێکی سه‌وزی کاڵ ده‌نوێنێـت‌و کێشی(٤١) تـایبه‌تی = (١١ر١ ـ ١٣ر١ )و بۆ عه‌ترۆ بۆن‌و ده‌رمان به‌کارده‌هێنرێت .

## ٣ ـ لابدانـۆم . Labdanum

یه‌کێکه له ڕۆنـه سه‌ره‌کی‌یـه‌کانی ڕووه‌کی به‌سـه‌ر گه‌ڵاکانی دره‌ختی سیترۆس لادنی فیرۆس‌دا Cistus Ladaniferus (٤٢) کۆمه‌ڵ ده‌بێت. هه‌ر وه‌ها له‌ناو پێکهاتووی گه‌ڵاکانی‌شی‌دا هه‌یـه . دره‌ختـه‌که به زۆری لـه لێواره‌کانی(٤٣) ده‌ریای(٤٤) سپی ده‌ڕوێت به تایبه‌تی له لێواره‌کانی ئه‌سپانیاو فه‌ره‌نسا . هه‌ر وه‌ها دره‌خته‌که دڕوێت له قوبرس‌و کریت(٤٥) .

ئه‌سپانیا به یه‌که‌م وڵات ده‌ژمێررێت له بواری ئاماده‌کردنی لابدانیۆم . گه‌ڵاکانی داره‌که له‌گه‌ڵ ئاودا ده‌کوڵێنرێت‌و ده‌پاڵێورێت . پاڵاوه‌که لـه‌گه‌ڵ کحوول یان ئیشه‌ری(٤٦) پەترۆل ده‌شڵقێنرێت(٤٧) له‌پاشان چینی کلۆرۆفورم یان ئیشه‌ر جیاده‌کرێته‌وه‌و به هه‌ڵم ده‌کرێت یان خه‌ست ده‌کرێته‌وه . مادده‌که بۆنی عه‌تری عه‌نبه‌ری لێ‌دێت‌و بۆ ئاماده کردنی بۆنه‌خۆشه‌کان به‌کارده‌هێنرێت که بۆنیان له بۆنی عه‌نبه‌ره‌وه نزیکن . شیانی باسه هاووڵاتی‌یه خۆرهه‌ڵاتی‌یه‌کان حه‌ز به‌م جۆره عه‌ترانه ده‌که‌ن زیادتر له ئه‌ورووپایی‌یه‌کان .

## ٤ ـ مـاتێ . Maté

ماتێ ـ ناوی دارێکی تایبـه‌تی‌یه له ئه‌مه‌ریکـای خوارووداده‌ڕوێت به شێوه‌یه‌کی کێوی . گه‌ڵاکانی داره‌که بۆن‌و تامێکی خۆشی هه‌یه‌و هاووڵاتی‌یه‌کان ده‌ی‌کوڵێنن وه‌کوو چایی‌و ده‌یخۆنه‌وه ، پێی ده‌ڵێن ( خواردنه‌وه‌ی ماتێ ) . مادده بۆن خۆشه‌که‌ی ماتێ جیـاده‌کرێته‌وه له گه‌ڵاکان به تواندنه‌وه‌ی له ناو ئیشه‌ری پیترۆل(٤٦) یان به‌نزین یان هێکسان له‌پاشان دڵۆپاندنی گیراوه‌که . به‌م جۆره مادده‌یه‌کی لینجی بۆن خۆش ده‌مێنێته‌وه . ئه‌م مادده‌یه که مادده‌ی (ماڵێ‌یه) به‌کارده‌هێنرێت بۆ ئاماده‌کردنی گه‌لێك چه‌شن له عه‌ترو بۆن وه‌کوو عه‌تری یاسـه‌مین Jasmin یـان عه‌تری لاڤینـده‌ر Lavender

یان عەتری فۆجەرێ ... Fougére

٥ ـ مێلیلۆت Melilot .

مێلیلۆت ڕووەکێکی بچووکە وەکوو کەنێرە ( قەنەفل ) وایە . ناوە زانستی‌یەکەی برێتی‌یە لە Melilotus officinalis و لە ئەورووپاو ڕۆژئاوای ئاسیاو ئەمەریکای ژوورووودا دەڕوێت . لە ئەمەریکا بە ڕووەکەکە دەڵێن ( زوبانی ئاسك Deer Tongue ) ، چونکە گەڵاکانی زۆر لە زوبانی ئاسکە دەچێت . بۆنەخۆشەکەی ئەم ڕووەکە لەناو گەڵاکانی‌یەتی . بۆیە گەڵاکان لەگەڵ کحوول یان توێنەرێکی(٤٩) ئەندامی گونجاودا دەکوڵێنرێت‌و پوختە دەکرێت وەکوو لە لاپەڕەکانی سەرەوە ڕوونمان کردەوە .

مادده بۆن‌خۆشەکە واتە ( مێلیلۆت ) بۆ دروست‌کردنی جگەرەی بۆدار وەکوو ڕۆسمان Rothman یان دی‌مۆرێ Dumure بەکاردەهێنرێت . لە پێکهاتووی ئەم بۆنە ڕێژەیەکی بەرز لە کومارین‌و Coumarin لێ‌وەرگیراوەکانی(٥٠) هەیە ، بۆنەکەی بۆ عەتری پیاوانە دەگونجێت وەکوو ئەم جۆرە بۆنانەی خوارەوە :ـ

ا ـ جۆری فۆجەرێ Fougére

ب ـ بۆنی گیاشرینەکان Sweet grass

ج ـ بۆنی چەشنە : (٥١) Woodruff

ماددەیەکی چەورە لە بابەتی ڕۆنە ڕووەکی‌یە سەرەکی‌یەکانە . لە

٦ ـ مێرە یان ( مور ) (٥٢) Myrrh .

ماددەیەکی چەورە لە بابەتی ڕۆنە ڕووەکی‌یە سەرەکی‌یەکانە . لە درەختێکی تایبەتی بە ناوی ( درەختی مور ) پوختەدەکرێت . هەرێمە ڕۆژهەڵاتەکانی ئەفریقیاو سۆمالیاو حەبەشەو بە تایبەتی عەرەبستانی خواروو ( یەمەن ) مەڵبەندن بۆ ئەم جۆرە درەختە .

شێوەی ماددەکە لە بنشتێکی لینجی تام‌تاڵ دەچێت بەڵام بۆنی خۆشە ، هەندێك جاریش بە شێوەی ئاردێکی وشك دەفرۆشرێت‌و ڕەنگێکی سووری کاڵی هەیە .

دوو ناوی زانستی‌یانە هەیە بۆ ماددەکە لە خوارەوە تۆماری دەکەین :

1 - Commip-hora Myrrha

2 - Commiphora

شیانی باسە ماددەی ( مور ) بۆنێکی زۆر کۆنە بەڵام هەتا ئێستاش لـە لایەن کارگەکانی پیشەسازی بۆنەوە بەکاردەهێنرێت بۆ عەتردروستکردن. بۆنەکەی زۆر لە بۆنی عەنبەر دەچێت . بـۆنی ( مـور ) بـۆ بۆنخۆشـکردنی سابوونیش بەکاردێت چونکە هەمیشە ڕەنگ بە سابوونەکە ئەدات جگە لە بۆنی.

**٧ ـ ئۆکمۆس یان ( مۆسی دی چانیا )** Oakmoss or Mousse de Chéne

بەسەر درەختی داربەڕوودا هەر وەکوو گەزۆ دروستدەبێت ، بـەڵام درەختی تریش وەکوو دارە سنۆبەرییەکان(٥٣) ئەم ماددە لینجە دروستدەکەن لە شێوەی کەڕوویەکی سەوز بەسەر گەڵاکانداو چڵـەکانی درەختـەکەدا . ئـۆکمۆس Oakmos کە واتـای ( کـەڕووی بـەڕوو ) ئەدات ، لـە چیکۆسلوفاکیاو یوغسلافیاو ئیتالیاو مراکیش بە تایبەتی زۆرەو بابەتەکەیشی نایابە . کەچی ئەو ئۆکمۆسەی بەسەر دارە سنۆبەرییەکانەوە (درەختی کاژ) هەیە هەرزانترەو زۆر باش نییە .

ماددەکە پوختەدەکرێتو خەستدەکرێت بە تواندنەوەی لەناو ئیثەر یـان بەنزین یان توێنەرێکی گونجاوی تر وەکوو پوختەکردنی بۆنەکانی سەرەوە .

**٨ ـ بخوور ( ئۆلیبانـۆس** Olibanus ) .

بێ گومان ماددەی بخوور بۆنێکی زۆر کۆنە ، لە درەختێکی تایبەتی خۆشە دەکرێت . ماددەکە مەیلەو زەردە ، پێکهاتووەکەشی پۆلیمەرە(٥٤) . ئەم ماددەیە واتە بخوور کە دەسوتێت بۆنێکی خۆشی تایبەتی بڵاودەکاتەوە پێی دەڵێن بۆنی بخـوور .

درەختی بخوور لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیاو وڵاتی سۆمالیـا ، هەروەها لە باکووری جزیرەی عەرەبیدا دەڕوێـت . بخـوور لە کحـوولدا دەتوێتەوەو بەو هۆیەوە پۆختەدەکرێتو لە درەختەکە دەگیرێتەوە بە شێوەیەکی پەتی . زۆربەی عەترە دەستکردەکانی پیاوان کەمێك بخووری تیادا هەیە .

**٩ ـ ئۆپۆپـانەکس** Opopanax .

ئەم بۆنە لە داری ( کۆمیفۆرا ئەریثرا ( Commiphora erythraea پوختە دەکرێت . درەختەکە بە تایبەتی لە حەبەشـەو سۆمـاڵیا دەڕوێت . ( ئۆپۆپانەکس ) بە شێوەیەکی وەقو ڕەنگتاریك دفرۆشرێت ، بۆنی میـوەی لێدێت ، بە زۆری تێکەڵ بە خواردنەوەی کحوولیو شرابدەکرێت بۆ ئەوەی بۆنی خۆش بکات . بەڵام بەشێکی زۆریش لە (ئۆپۆپانەکس) پاش پەتیکردنی(٥٥) لە مـاددە بێ بۆنـەکان بۆ دروستکردنی عەتـرو بـۆنی ئـارایش کـردن بەکاردەهێنرێت .

**١٠ ـ سۆسەنی فەرەنسی** ( Orris ) .

ئەم بۆنە خۆشە لە ڕەگی جۆرە ڕووەکێك پوختەدەکرێت کە لە ئیتالیاو فەرەنساو موراکش ( مەغریب ) دەڕوێت . بەڕاستی سێ چەشن لە ڕووەکەکە هەیەو هەریەکە ناوێکی زانستی تایبەتی خۆی هەیە :

ا ـ Iris germanica

ب ـ Iris pallida

ج ـ Iris florentia

ڕەیزومـاتەکانی(٥٦) ڕووەکـەکە کۆدەکەنـەوە دەیشـۆن ، لەپاشـان توێکلێکی تەنکی لێدەکەنەوە بە چەقۆ ورددەکرێت . ئەمجا کحوولی تێدەکەنو دەیشڵقێنن بۆ ئەوەی بۆنە خۆشەکە بتوێتەوە لە کحوولەکە . پاش پـالاوتن کحوولەکە خەستدەکرێتو دەدڵۆپێنرێت لە بوارێـکی کەم پەسـتنداو(٥٧) ماددەیەکی قاوەیی ڕەش هەڵگەڕاو بەجێدەمێنێت . ئەگەر ویستمان ماددەکە پەتی تر بکەین ئەوا پێویستە دووبارەو سێبارە بتوێتەوە لە توێنەرێکی گونجاودا وەکوو ئیثەری پیترۆڵ یان بەنزینو لەپاشان ماددەکە بلورێنبکرێت(٥٨) .

شیانی باسە ماددەی ئۆریس واتە ( سۆسەنی فەرەنسی ) بۆ دروستکردنی عەتری گرانبەها بەکاردەهێنرێت . هەر وەها بۆ دروستکردنی سابوونی بۆن خۆشی تایبەتیو گەلێك لە ئارایشتی ئافرەتان بەکەڵك دێت .

۱۱ ـ بەلسەمی (۲) پیرۆ Peru Balsam .

ئەم ماددەیە لە داری Myroxylon Perciral پوختەدەکرێت . درەختەکە لە ناوەڕاست ئەمەریکای باشوور دەڕوێت بە تایبەتی شاری سانسەلڤادۆر San Salvador بەم درەختە بەرزەوە بەناوبانگە . ماددە بۆنخۆشەکە وەکـوو شـیر لـە دارەکـەوە دەردکرێـتو لەپاشـان لـە نـاو کحـوول دەتوێنرێتەوە . ئەمجا دەپالێـورێتو پالاوتەکە خـەستدەکرێتو مـاددە نیشتووەکە بۆنێکی خـۆشهەیەو بە ناوی بەلسەمی پیرۆ دەفـرۆشرێت .

۱۲ ـ ستایراکس Styrax .

هەندێك جار پێیدەڵێن ستۆراکس Storax ، ماددەکەش برێتییە لـەو بۆنەخۆشـەی کـە لـە درەخـتی ( Liguidambar Orientalis ) پوختەدەکرێت . درەختەکەش لە وڵاتی خۆرهەڵاتی نـاوەڕاستدا بە زۆری دەڕوێـت . هـەر وەهـا دارێـکی تـر هـەیـە لـە وڵاتی هـەنـدۆراس ( لە ناوەڕاستی ئـەمەریکای باشووریو باکووریدا ) بـۆنی ( ستایراکس ) دروستدەکات . ماددەکە شێوەیەکی ڕاتنجی(٥٩) قاوەیی هەیەو بـۆنی زۆر خۆشە . بۆنەکە بۆ دروستکردنی جۆرەها عەتری نایاب بەکاردەهێنرێت ، چونکە بۆنەکەی بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە .

## ١٣ ـ بەلسەمی تۆلۆ   Tolu Balsam .

ئەم بۆنە خۆشە ماددەیەکی ڕاتنجی‌یە لە درەختێکی بەرز پوختەدەکرێت بەناوی Myroxylon Balsamum . درەختەکە لە ڤەنزوێلەو کۆلۆمبیاو ناوەڕاستی ئەمەریکا دەڕوێت . ماددەکە مەیلەو ڕەقەو ڕەنگیشی سوورێکی کاڵە ، بۆنیشی زۆر لە بۆنی ڤانێللە(٦٠) دەچێت .

## ١٤ ـ میسکی سروشتی   Natural Musk

ماددەیەکی بۆن خۆشی کۆنە ، لە سکی جۆرە ئاسکێکی تایبەتی پوختە دەکرێت . لوویەکی تایبەتی هەیە لە ناوگەڵی ئاسکەکە بە سکیەوە ئەم ماددە بۆن خۆشە ( میسك ) دروستدەکات . ئەم جۆرە ئاسکەش تەنها لە وڵاتی چین‌و تیبەت‌و لاوس دەژێت ، هەتا چەن ساڵێك لەمەو بەر ئەو سێ وڵاتە سەرچاوەی میسك‌بوون لە جیهاندا . جۆرە میسکێکی تر هەیە لە هندستان، بەلام بۆنەکەی زۆر تیژەو وەکوو میسکی چین بەناوبانگ نی‌یە .

پاش کوشتنی ئاسکەکە لووە تایبەتی‌یەکەی ناو گەڵی جیا دەکرێتەوەو وشك‌دەکرێتەوەو دەهاڕرێت بۆ فرۆشتن . شیانی باسە میسکی نایاب ئەو جۆرەیە کە لە وەرزی تایبەتی خۆی پوختە دەکرێت ، چونکە ئەگەر لە وەرزی خۆیدا پوختە نەکرێت ، بۆنەکەی باش پێ‌نەگەیشتووە .

میسك بۆ ئامادەکردنی گەلێك عەترو بۆن بەکاردەهێنرێت ، بەتایبەتی پاش پەتی‌کردنی بەهۆی تواندنەوە لە (٨٪ کحوول‌و ئاو ) بۆ ماوەیەك لەپاشان پاڵاوتنی .

لە ساڵی ١٩٠٦ز دوکتۆر هێنریك والبۆم   Henrich Walbaum
ماددەی میسکی سروشتی شی‌کردەوەو پێکهاتووە بۆن‌خۆشەکانی جیاکردەوە . (٦١) پێکهاتووی ماددە بۆن‌خۆشەکەی Ruzicka دوکتۆر ڕۆزیسکا دۆزی‌یەوەو برێتی بوو لە ( مۆسکۆن   Muscone ) :




مۆسکۆن ماددەیەکی شلی خەستە ، لە ڕۆنی شل‌دەچێت ، بۆنی میسك ئەدات ، لە پلەی گەرمی ٣٢٨°م دەکوڵێت ، کەمێك لە ئاودا دەتوێتەوە ، بەلام لە کحوول باش ناتوێتەوە .

## ١٥ ـ كاستۆریـۆم Castoreum .

ماددەیەکی بۆنخۆشە لە لوویەکی تایبەتی لە لەشی سـیمۆرە پوختـە دەکرێت . ئەم جۆرە سیمۆرانە لە ئەمەریـکای باکووری بە تایبـەتی کەنەداو هەمیشە سیبەریای ڕووسیا بە زۆری دەژین .

### ب ـ ماددە دەستکردەکان بۆ ئامادەکردنی بـۆن

بێگومان بە دەگمەن عەترێکی سروشتی پەتی ئەدۆزیتەوە لە بازاڕ چونکە زۆربەی بۆنەکان یان تێکەڵن لە ماددەی کیمیایی دەستکردو ماددەی سروشتی یان هەر پێکهاتوون لە ئاوێتەی دەستکرد . بەڵێ ! ئەو ڕۆژانـە نەمـاوە کە گوڵەباخ بهێنن و ئاوەکەی خەستبکەن بۆ دروستکردن و ئامادەکردنی گوڵاو ، چونکە لە لایەکەوە ئاوی گوڵاو باوی نەماوە لە لایەکی ترەوە توانا هەیە کە لـە تاقیگەکاندا ماددەکە دروستبکرێت بە ئاسانی . بەڵام لەگەڵ ئەویشا زۆربەی عەترەکان ڕێژەیەك لە بۆنی سروشتی تیادا هەیە .

لە ڕاستیدا پیشەسازی بۆنعەتر زیاد لە ( ٥٠٠٠ ) ماددەو ئـاوێتەی هەمەجۆر بەکاردەهێنن بۆ دروستکردنی بەرهەمەکانیان . زۆربەی ماددەکان لە کارگەو تاقیگەی تایبەتیدا ئامادەو پوختەدەکرێن .

### چەن پێویستییەکی ئامادەکردنی عەترو بۆنی نوێ

بێ گومان دروستکردنی عەتری تازە کارێکی ئاسان نییە . لە لایەکەوە چونکە بازاڕ پڕە لە جۆرەها بۆن و عەترو گوڵاو بە تایبەتی ئەو جۆرانەی کە لـە وڵاتە خۆرئاواکاندا دروستی دەکەن وەکوو فەرەنساو ئینگیلتەرە. ئەم مەرجانەی خوارەوە پێویستن بۆ ئەوەی عەترێکی نوێ دروستبکەی :

١ ـ پێویستە زانیارییەکی تەواوت دەربارەی ئەو پێنـج هـەزار مـاددە کیمیاییانەی کە لەسەرەوە باسمانکرد هەبێت .

٢ ـ پێویستە توانای جیاکردنەوەی بۆنت هەبێت واتە پێویستە پسپۆڕبیت لە بۆنکردن و هەست بە باشی و خراپییان بکەی .

٣ ـ پێویستە شارەزاییەکی باشت دەربارەی تەکنولۆجیای دروستکردنی بۆنە خۆشەکان هەبێت .

شیانی باسە یەکێك لە مەرجـەکانی بـۆنی بـاش ئەوەیـە کە بۆنـەکە دەپرژێنێتە(٦٢) سەر پێستی دەستت کوتوپڕ لەگەڵ ڕۆنی پێستی دەستت تێکەڵ دەبێت و بۆنەکەش دەوام دەکات بۆ ماوەیەك . هەر وەها پێویستە لـە دوورەوە هەست بە بۆنی عەترەکە بکەیت .

عەتری نایاب بێ گومان هەستێکی خۆشیو پڕ لە سۆز بە مرۆڤ دەبەخشێت .

هەموو بۆنێکی نایاب پێویستە سێ بابەت ماددەی تیادا هەبێت . هەر بابەتێکیان کارێکی تایبەتی جێبەجێ دەکاتو سیفەتێکی سەربەخۆ بە بۆنەکە دەبەخشێت . ئەم سێ بابەتە بە سێ قۆناغ(٦٣) کارکردن نیشان دەکرێت :ـ

**قۆناغەکانی بۆن :**

**(١) قۆناغی یەکەم** Top Note

هەر کە بۆنەکەت لە خۆتدا قۆناغی یەکەم دەستپێدەکات ، کە بریتییە لە هەستپێکردنێکی لەپڕ بە بۆنەخۆشەکەو هەروەکوو یەکێك داچەڵەکێت . هۆی ئەم خۆشییە لەپڕە بریتییە لە بوونی ئەم ماددانەی خوارەوە :ـ

١ ـ ماددەی ئەلدیهاید (٦٤) Aldehyde tope Note - بۆ وێنە ئەو ئەلدیهایدانەی کە ژمارەی کاربۆنیان نێوان ٨ ـ ١٢ ( C 8 — C 12 ) زنجیرەکەشیان ئەڵقەیی نین بۆ ئەم قۆناغە باشن .

٢ ـ بۆنی توێکلی ڕۆنی لیمۆ یان پرتەقاڵ یان ڕۆنی توێکلی گرێپفرووت Grape Fruit . بەم جۆرە بۆنانە دەڵێن : Citrus Toop Note.

٣ ـ بۆنی میوە Fruity Top Note :

بریتییە لە ژمارەیەکی زۆر لە ئیستەرە (٦٥) ( Ester ) ئەندامییەکان یان لاکتۆنە (٦٦) ( Lactone ) بۆنخۆشەکان .

٤ ـ بۆنی گەڵادار Greene Top Note .

٥ ـ بۆنی فلۆراڵ ( سووك ) Light Floral top Note

وەکوو بۆنی سرکاتی بەنزیل ( Benzyl Acetate ) ، سرکاتی لاینەلیل ( Linalyl Acetate ) یان ئەلدیهایدی سایکلامین ( Cyclamen Aldehyde ) یان دای مەثیل بەنزیل کاربینۆڵ Dimethyl benzyl Carbinol

٦ ـ بۆنی فلۆراڵی ( قورس ) . Heavy Floral Top Note

ئەم ماددانە لە بۆنی پرتەقاڵ یان لەبۆنی میسکی(٦٧) ڕۆم یان بۆنی لایلاك(٦٨) ( Lilac ) دەچێتو بۆنێکی زۆر تیژە .

**(٢) قۆناغی ناوەڕاست** The Middle Note

ئەم بابەتە ماوەی مانەوەی بۆنەکە درێژەپێدەدات وەکوو بۆنی قەنەفل یان بۆنی یاسەمین Jasmin ، هەر وەها بۆنی قەدداحو گوڵەباخو وەنەوشە.

هەندێك جار کەمێك لە کحوولی سینامیل ( Cinnamyl alcohol ) یان ( فەنیل ئەثیل کحوول Phenyl ethyl alcohol یان بۆنە بنچینییەکانیان تێکەڵاو دەکرێن .

**(٣) دواقۆناغ** End Note .

ئەم بەشە بۆنە پاش ماوەیەك لە بەکارهێنانی بۆنە کە هەستی پێ دەکرێت. بریتییە لە تێکەڵێك لە بۆنە سروشتییەکان کە بە ئاسانی نابن بە هەڵم واتە ماددە بۆنخۆشەکە بۆ ماوەیەك هەر دەمێنێتەوە . بۆ وێنە بۆنی داری سەندال(٦٩) یان بۆنی میسك یان بۆنی چەن درەختێکی تر .

**چۆن بۆنو عەتری نوێ ئامادەدەکرێت ؟**

ئەتوانین هەنگاوەکانی پێکهێنانی عەتری نوێ بەم چەند خاڵەی خوارەوە ڕوون بکەینەوە :ـ

(١) لەپێش هەموو شتێك پێویستە وەکوو گوتمان ئەو کەسەی لە مەیدانی دروستکردنی بۆندا کاربکات پسپۆڕبێت لە بۆنکردن واتە توانایەکی تایبەتی جیاکردنەوەی بۆنەکانی هەبێت بۆ ئەوەی بۆنی خۆشو ناخۆش جیا بکاتەوە.

(٢) پسپۆڕی بۆن چەن ماددەیەکی ناسراوی بۆندار دیاری دەکات بۆ ئەوەی عەتری تازەی لێ دروستبکات . ژمارەی ئەو ماددانە لە پێنج یان شەش ماددە زیادتر نین .

(٣) ماددەکان لەگەڵ یەکدا بە ڕێژەیەکی تایبەتی تێکەڵدەکرێن و بۆنی تێکەڵەکە تاقیدەکرێتەوە .

(٤) ڕێژەی پێکهاتووەکان بە نۆرە دەگۆڕێنو دووبارە تێکەڵەکە بۆندەکرێت . بەم جۆرە ڕێژەکان دەگۆڕێن هەتا بۆنێکی خۆشی نوێ پێك دێت.

بۆنی بەهارو نایاب هەمیشە کەمێك لە گیراوەی گوڵی تێکەڵ دەکرێت وەکوو گیراوەی بۆنی گوڵی یاسەمین ( ١ ــ ٢٪ ) یان بۆنی قەدداخ ( ٥و٠٪ ) یان بۆنی میسکی(٦٧) ڕۆم ( ١ ــ ١٥ بەش بۆ هە ١٠٠٠ بەش ).٠

**بابەتو چەشنەکانی عەتر :**

بێگومان هەر وەکوو چۆن مۆسیقاو گورانی بابەتی خۆیان هەیە هونەرە جوانەکانی تر جۆرو چەشنی تایبەتی خۆیان هەیە هەروەها بۆنو عەتریش

هەموو یەك نین . ئەوەی ڕاستی بێت مرۆڤ کـە بۆنی گوڵێك یـان عەترێك دەکات یادگاری ڕابوردووی جیهانێکی تایبەتی دێتەوە یاد ، واتە بۆنەکە بـیرو هۆشی ئەو کەسە دەگوازێتەوە بۆ ئەو دەورو دەزگایەی ڕابوردوو .

لە خوارەوە چەند جۆرو چەشنێکی باسدەکەین بە شێوەیەکی کورت .

**(١) عەترەکانی بابەتی گوڵ** Floral Group .

ئەم جۆرە عەترانە زۆر بەناوبانگن ، بۆنی گوڵی بەناو بانگ بەکاردەهێنن لە دروستکردنیاندا وەکوو بۆنی گوڵی یاسەمینو گوڵی ڕۆزو سۆسەنو لەیلاكو وەنەوشەو مێخەكو گاردینیاو قەدداحو میسك . بۆ وێنە لە خوارەوە چەنـد نموونەیەك لەم عەترانە تۆماردەکەین :ــ

١ــ شــانێل ( کومپانیای شانێل ) Chanel No. 22

٢ــ پاریس ــ کۆتی ( Paris ( Coty

٣ــ دیۆریسمۆ ( دیور Diorissmo ( Dior

٤ــ جــۆی ( Joy ( patou

**(٢) عەتری تیژ** Spicy blends .

ئەم جۆرە بۆنانە بەم بۆنانەی خوارەوە دەناسرێنەوە :ــ
أ ــ بۆنی مێخــەك
ب ــ بۆنی دارسینی ( یان دارچینی )
ج ــ بۆنی گوێزیئیب(٧٠) .
د ــ بۆنی دەلووبیبەر
هـ ــ بۆنی هێــل .
نموونەی ئەم بابەتە ئەم بۆنانەی خوارەوەن :ــ

(١) American Spice

(٢) آردن Blue Grass ( Arden )

(٣) Moment Supreme ( Patou )

(٤) ئۆریگان L'Origan ( Coty )

(٥) ئەڤــۆن Unforgettable ( Avon )

**(٣) عەتری بابەتی بۆنیدار :**

بۆنی ئەم بابەتە عەترە نزیکە لە بۆنی دارو درەخت وەکوو بۆنی ڕەگیداری

نوجەیلی هیندی(٧١) Uetivor یـان بـۆنی داری سـەندەل (٦٩) یـان سۆسەنی فلۆرەنسی(٧٢) یان بۆنی درەختی سیدار(٧٣) نموونەی ئەم بـابەتە بۆنانە لە خوارەوە تۆماردەکەین :ـ

١ ـ شـانێل I Chanel I

٢ ـ ڤیتی ڤـەر Vetiver

( کومپانیای Guerlain دروستی دەکات )

٣ ـ ئەنتیلۆپ Antilope ( کومپانیای وەیل Weil دروستی دەکات)

**(٤) بابەتی بۆن قەوزەو زەلکاو (بۆنی مۆس) Mossy Family**

ئەم جۆرە بۆنانە زۆر لە بۆنی دارستانو قەوزەو سەوزاییەوە نزیکن. گەلێك کەس ئەو جۆرە بۆنەی لا خۆشە . وێنەی ئەم بابەتە بۆنانە لە خوارەوە بـاس دەکەین :ـ

١ ـ Bluck Stain ( لە لایەن کومپانیای Angeligue )

٢ ـ Hearin My Heart ( لە لایەن کومپانیای Avon )

٣ ـ فەمی Femme ( لە لایەن Rochas )

٤ ـ Evening in Paris

٥ ـ Somewhere ( لە لایەن Avon )

٦ ـ Intimate ( لە لایەن کومپانیای Revlon )

**(٥) بابەتی بۆنی ڕۆژهەلاتی (٧٤) :**

ئەم جۆرە عەترانە لە ڕاستیدا بۆنەکانیان لە سێ بـابەتەکانی سـەرەوە تێکەلن . واتە لەم سێ بابەتەن بە تێکلاوی :ـ

ا ـ بابەتی بۆنی دار

ب ـ بۆنە زەلکاوو دارستانییەکان .

ج ـ بۆنـە تیژەکان .

ئەم سێ بابەتانە بە ڕێژەی تایبەتی تێکەل دەکرێن لەگەل هەندێك لـە ماددەی ڤـانیلا Vanella یـان مـاددەی بەنزۆیـن ـ Benzion یان ماددەی پێرۆ Peru ، ئەمانەو کەمێکیش لە بۆنی ئـاژەلی وەکوو میسکی تێدەکەن . نموونە ناوبانگەکانی ئەم بۆنە ئەمانەی خوارەوەن :ـ

١ ــ هەبەنیتا Habanita

٢ ــ تابوو Tabu ( لە لایەن دانا Dana )

٣ ــ Toaweld Rose ( لە لایەن Avon )

**(٦) بــابەتی بۆنی گیــاوگژ :**

ئەم بۆنانە زۆر لە بۆنی گیاو پووش‌و ڕووەکە سەوزەکان دەچن . زۆربەی ئەم بابەتە عەترە بۆ پیاو بەکاردێت وەکوو :ــ

١ ــ Fougére Royale ( لە لایەن Houbigant )

٢ ــ Moustache ( لە لایەن Rochas )

٣ ــ Jicky ( لە لایەن Guerlain ) (٧٥)

٤ ــ Abono

**(٧) بابەتی بۆنی توتن‌و چەرم :**

ئەم بابەتانە بۆنی توتن یان چەرم دەنوێنن : بۆ وێنە :

١ ــ Cuirde Russie ( لە لایەن Chanel )

٢ ــ Tobuc Bland ( لە لایەن کارۆن Caron )

٣ ــ Ten ( لە لایەن Knize )

٤ ــ سکاندەل Scandal ( لە لایەن Lanvin )

٥ ــ باندێت Bandit ( لە لایەن کومپانیای Piguet )

**(٨) بابەتی ئەلدەهایدەکان Aldehydic Group**

ئەم چەشنە بۆنانە بۆنیان لەوانەی سەرەوە ناکەن واتە بۆنیان پەیوەندی بە بۆنە سروشتی‌یەکانەوە نی‌یە . بەڵکو بۆنیان لە بۆنی ئەلدیهایدە ئەرۆماتی‌یەکان(٧٦) Aromatic aldehyde دەکەن . گەلێك لەم ئەلدیهایدە ئەرۆماتی‌یانە لە ناو بۆنە سروشتی‌یەکان هەن . بۆنی کەمێك تیژەو لە بۆنی مێوە دەکات . لە خوارەوە چەن نموونەیەك لەم بۆنانە دەنووسین :ــ

١ ــ شانێل نمرە ــ 5 Chanel No. 5

٢ ــ L - Aimant ( لە لایەن کومپانیای Coty )

٣ ــ ئارپیج Arpege ( لە لایەن لانڤین Lanvin )

٤ ــ ماجی Magie ( لە لایەن Lancome )

٥ ــ مەدام رۆچەس Madame Rochas .

## عەترو بۆنی سابوونو کرێمو بۆنکوژەکان :

ئەگەر هاتو ویستمان عەترێك لە عەترەکان بۆ مەبەستی بۆنخۆشکردنی سابوون یان شامپۆ یان هاراوەی(٧٧) جلشوشتن بەکاربهێنین دەبێت لە پێش هەموو شتێك بزانین کە ماددەی سابوون یان کرێم یان شامپۆ هەیە کە پیشەیەکی تایبەتی خۆی هەیە . پێش ئەوەی بۆنێك دیاری بکەین پێویستە بپرسین ئایا ئەو ماددەیەی کە بۆنی خۆش دەکەین بۆ چی بەکاردەهێنرێتو چۆن بەکاریدەهێنن . بۆ وێنە سابوون چلك لائەبا کەچی کرێم پێست نەرمدەکات هەروەها پرژێنی بنهەنگل ئارەقی بنهەنگل وشكدەکاتەوە . واتە بۆنی گونجاو لەگەل پیشەی ماددەکە مەرجێکی پێویستە . بۆ وێنە ئەو بۆنەی دەکرێتە ناو سابوون پێویستە کار نەکاتە سەر توانای سابوونەکە بۆ پاكژکردنەوەی چلك ، هەروەها پێویستە پێکهاتووی نەگۆرێت پاش تێکەلکردنی لەگەل سابوونەکە ( سابوون ماددەیەکی تفتە )(٧٨) .

لە لایەکی ترەوە هەندێك بۆن هەیە رەنگی شامپۆ یان سابوون دەگۆرێت یان رەنگە جوانەکەی دەباتو ناشرینی دەکات .

## عەتری سابوونو تایدو پاكژکەرەکان (٧٩) :

بۆ ئەوەی کەلکی بۆنێکی خۆش بۆ بۆنخۆش کردنی سابوون یان شامپۆ یان تاید تاقی بکرێتەوە ئەم جۆرە تاقیکردنەوەی خوارەوە دەکرێت :

بەشێکی کەم ( بەشی سێو چوار قالبێکی سابوون یان قوتوویەکی تاید .. هتد ) لە هەویری سابوونەکە یان ماددەی تایدەکە لەگەل ٥و٠٪ یان کەمتر لە کێشی عەتری تێدەکرێتو تێکەلدەکرێن .

لەپاشاندەکرێت بە قالب بە هاراوەی تایدو لەسەر رەفتێكبە بەتاکی بەجێ دەهێلن بۆ ماوەیەکی زۆر ( مانگێك هەتا سالێك ) ئەمجا سەیری رەنگو بۆنی ماددەکە دەکەن ئایا گوراوە یان نا ؟ هەندێك جار ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە بە شێوەیەکی خێرا دەکرێت ئەویش بەگەرمکردنی سابوونەکە یان تایدەکە لە فرنێکی گەرمکراو لە پلەی ٤٠°م بۆ ماوەی (٢١) رۆژ .

دوو بابەت عەتر باون بۆ بۆنخۆشکردنی سابوونو کرێمو تایدو شامپۆو .. هتد :ــ

١ — بۆنی گوڵ Rose Bases

٢ — بۆنی یاسەمین Jasmine Bases

خشتەی ژمارە (١) لـە خوارەوە پێکهاتووەکانی بۆنی یەکـەم واتە بۆنی گوڵ نیشان ئەدات لەگەڵ ڕێژەی هەر پێکهاتوویەکیان کە بەکاردەهێنرێن بۆ بۆنخۆشکردنی کرێم یان سابوونو یان بۆ مرۆڤ .

**خشتە (١)**

ڕێژی سەدی ( ٪ ) هەر ماددەیەك لە پێکهاتووەکانی بۆنی گوڵ لەنـاو عەتری مرۆڤو عەتری کرێمو عەتری سابووندا .

| ناوی ماددەکە | عەتری مرۆڤ | عەتر بۆ کرێم | عەتر بۆ سابوون |
|---|---|---|---|
| ڕۆدینـۆل Rhodinol | ٥٠ | ١٥ | — |
| Geraniol Coeur | ٥ | ١٥ | ١٥ |
| Citronellol Coeur | ١٠ | ٣٠ | ١٥ |
| Phenyl ethyl alcohol coeur | ١٠ | ١٥ | — |
| Phenyl ethyl alcohol | — | — | ٢٠ |
| Nerol Coeur | ٥ | ٥ | — |
| Geranyl Acetate | ٢ | ٢ | ٥ |
| ئەلدەهاید (ژمارەی کاربۆنی ٨) ١٠٪ | ٤ | ٤ | ٥ |
| ئەلدەهاید (ژمارەی کاربۆن ٩) ١٠٪ | ٤ | ٤ | ٥ |
| بەنزۆفینۆن Benzophenone | ٣ر٥ | ١ر٥ | ٦ |
| Rose Oxide | ١ | ١ | — |
| Rosalva | ٠ر٥ | ٠ر٥ | ١ |
| Germanium Bourbon ( سروشتی یان دەستکرد ) | — | ٥ | ١٥ |
| Essence of Styrax | ٣ | ٢ | ٣ |
| Guaia cwood Oil | ٢ | — | ١٠ |
| | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

دووەم بابەت لە بۆنی گیراوە کە بەکاردەهێنرێت بۆ سابوون و کریم جگە لە مرۆڤ پێی دەڵێن ( یاسەمین ). لە خشتەی ژمارە (٢) پێکهاتووەکانی نووسراون لەگەڵ ڕێژەیاندا بۆ دروستکردنی بۆنی سابوون و کریم و مرۆڤ .

**خشتە (٢)**

ڕێژەی پێکهاتووەکانی بۆنی یاسەمین لە ناو بۆنی سابوون و کریم و مرۆڤدا.

| ناوی ماددەکە | عەتری مرۆڤ | عەتر بۆ کریم | عەتر بۆ سابوون |
|---|---|---|---|
| سرکاتی بەنزیل Benzyl Acetate | ٢٠ | ٢٠ | ٣٠ |
| کحولی بەنزیل Benzyl alcohol | ١٠ | ١٤ | ١٠ |
| Linalyl Acetate | ١٥ | ١٥ | ١٥ |
| Linalool | ٤ | ٨ | ١٠ |
| Jasmone or Isojasmone | ١ | ١ | ١ |
| Hexyl Cunamic Aldelyde | ١ | ١ | ١ |
| ئەلدیهایدی (بۆنی قۆخ) — ژمارەی کاربۆن = ١٤ Hexyl cunamic Aldehyde | ٨ | ١٠ | ١٠ |
| ( ١٠٪ ) ئیندۆل Indole | ٨ | — | ١٫٥ |
| Methyl Anthranilate | ١٠ | ١٠ | — |
| Ylong - ylang oil extra | — | — | ١٠ |
| Phenyl ethyl Alcohol Cour | ٢٠ | ٢٠ | — |
| Phenyl ethyl alcohol | — | — | ١٠ |
| ( سپی ) Jasmine ( absolute ) | ١ | — | — |
| یاسەمینی پەتی Methyl B - nephthyl Ketone | — | ١ | ١٫٥ |
| | ١٠٠ | ١٠٠ | ١٠٠ |

**پۆدرەی بۆندار**

پۆدرەی گەرمەژنە یان پۆدرەی دەموچاو پێویستە بۆنی خۆشبێت . ڕێژەیەکی کەم ( ١٪ ) لە بۆنێك لەو بۆنانەی باسمانکرد تێکەڵ بە پۆدرەکە دەکرێت بۆ ئەم مەبەستە .

بنکەی ژین

شیانی باسە ئەو بۆنەی کە بۆ پۆدرە دەستئەدات نابێت تێك بچێت بە هۆی پۆدرەکەوە چونکە ماددەی پۆدرەکە بریتی یە لە ماددەیەکی ئەلکالی(٨٠) ( تفت ) لاوازو دەتوانێت کارلێك بکات لەگەڵ بۆنەکە بە ئاسانی و بەم جۆرە پێکهاتووی بۆنەکە دەگۆڕێت . هەروەها مانەوەی پۆدرەکە بۆ ماوەیەك لەوانەیە لەگەڵ ئۆکسجینی هەوادا کارلێکی کیمیایی بکات و کاربکاتە سەر عەترەکەش و پێکهاتووی بگۆڕێت .

## پرژێنە(٨١) بۆنگۆژەکان و(٨٢) دژەئارەق(٨٣) :

Deodorants and Antiprespirant Aerosols

لە لای هەموومان زانراوە کە چۆن بازاڕی ئەمڕۆ گۆڕاوە لەگەڵ بیست ساڵ لەمەوبەر . بازاڕی ئەمڕۆ پڕە لە ئامێرو شتی نوێ کە لە ولاتە ڕۆژئاوایی یەکاندا دروستی دەکەن وەکوو ئەم هەموو قوتووە پرژێنانە کە دەیانبینین هەندێکیان بۆ بۆنی تەوالێتە(٨٤) و هەندێکیان بۆ بۆن خۆشکردنی لەشی مرۆڤەو کەمکردنەوەی ئارەق و ، هەندێکیان تەنها بۆ ئەوەی هەوای ناو ماڵ بۆن خۆش بکات .

ماددە بۆن خۆشەکە ( واتە عەترەکە ) دەکرێتە ناوی قوتووی پرژێن(٨١) لەپاشان غازی تێ دەپەستێرێت و لەحیم دەکرێت ، تەنها زوبانەیەکی تایبەتی هەیە ( پەمپ ) بۆ ئەوەی لە کاتی بەکارهێنانا غازەکە بەرەڵابکرێت و ماددە بۆن خۆشەکەش لەگەڵیا دەرچێت .

گەلێك جار عەترەکە لەگەڵ توێنەرێکی(٨٥) تایبەتی وەکوو کحوول تێکەڵ دەکرێت بۆ ئەوەی تیژیی بۆنەکە کەم بکرێتەوە .

ماددەی هایدرۆکاربۆنی فلۆراوی Fluorinated hydrocarbon
بە تایبەتی زۆر باون بۆ تێکەڵ کردنی عەترەکان و کەمکردنەوەی بۆنیان .

### کیمیای چەن ماددەیەکی بۆن خۆشی دەستکرد :

لە چەن لاپەڕەکانی هاتوودا باسی پێکهاتووی چەن ئاوێتەیەکی ئەندامی دەکەین کە بۆنیان خۆشەو بۆ عەتر دروستکردن بەکاردەهێنرێن . ئەم ماددانەی کە باسیان دەکەین لە کارگەکاندا بە قەبارەیەکی بازرگانی(٨٥) دروست دەکرێت بۆ فرۆشتن .

(١) ئەسیتۆفینۆن Acetophenone



شلێکی بۆنخۆشە ، بۆنەکەی لە بۆنی پرتەقاڵ دەچێت . پلەی کوڵاندنی(٨٦) = ٢٠٢°س . لە ئاودا کەمێکی دەتوێتەوە بەڵام زۆر باش لەناو کحوول یان ئیثەر یان کلۆرۆفۆرم دەتوێتەوە .

**(٢) ئەلدیهایدی سینامیکی ئەمیل** Amyl Cinnamic Aldehyde

ڕۆنێکی بۆنخۆشی بێڕەنگە ، شێوگی کیمیایی(٨٧) بەم شێوەی خوارەوەیە :



بۆنی ئەم ئاوێتەیە لە بۆنی گوڵی یاسەمین دەچێتو بۆ دروستکردنی گەلێك لە عەترە بهاکان بەکەڵك دێت .

**(٣) ئەلدیهایدی ئەنیسیك** Anisic Aldehyde
( Anisaldehyde )



لە پلەی گەرمی ١١٦ ـ ١٢٠°سو لە ژێر پەستانی ٥ر١ میلمەتر جیوە دەکوڵێت .

شلێکی چەورو لینجە ، لە پلەی گەرمی ٢٤٨°س دەکوڵێت . لەناو ئاو زۆر کەم دەتوێتەوە ، بەڵام لە کحوول یان ئیثەردا زۆر چاك دەتوێتەوە . بۆنی ماددەکە زۆر خۆشەو لە بۆنی کۆمارین(٨٨) Coumarin دەکات .

**(٤) بەنزۆفینۆن** Benzophenone

ماددەیەکی بۆنخۆشەو بۆنی لە بۆنی گوڵی جیرانیۆم(٨٩) دەچێت ، لە پلەی ٥ر٤٨°س دەتوێتەوە . لە ناو ئاو ناتوێتەوە بەڵام لە ئیثەرو کحوولدا باش دەتوێتەوە . شێوگی کیمیایی ئاوێتەکە بەم جۆرەیە :



(٥) **ئەلدیهایدی سینامیك** Cinnamic Aldehyde

شلێكی چەورەو مەیلەو زەردە ، بۆنێكی دارسینی(٩٠) تیژی هەیە . لە پلەی ٢٤٠ەس دەكولێت . زۆر كەمێكی لە ئاودا دەتوێتەوە بەڵام لە كحوول‌و ئیسەردا باش دەتوێتەوە . ئەم ئاوێتەیە بۆ دروستكردنی بۆنی خواردەمەنی‌و عەترو ئارایش بەكاردەهێنرێت .

شێوگی كیمیایی بەم شێوەی خوارەوەیە :



(٦) **سیترال** Citral

دوو جۆر لەم ئاوێتە هەیە لە خوارەوە شێوگی كیمیایی‌یان نیشان ئەدەین:




ماددەكە لە ڕۆنێكی شل دەچێت‌و بۆنێكی لیمۆی تیژی هەیە .

بۆ گیرانەوەو ئامادەكردنی عەترو بۆنی خۆش بەكاردەهێنرێن .

لەناو ئاو ناتوێنەوە ، بەڵام لە ناو كحوول یان ئیثەر یان لە ناو بەنزەواتی بەنزیل یان دووەم ئەثیل فثالاتدا باش دەتوێتەوە .

(٧) **ئیستەرەكان** ESTERS

ئیستەرەكان بە گشتی بۆنیان خۆشە . هۆی بۆن‌خۆشی میوەو گوڵ وەكوو بۆنی سێوو هەرمێ‌و كاڵەك . بوونی ماددە ئیستەرەكە لە ناو پێكهاتووی توێكڵی ئەو میوانەدا یان لە ناو گوڵەكاندا هەن لە خوارەوە ناوی چەن ئیستەرێكی بۆن‌خۆش دەنووسین كەوا بەكاردەهێنرێن بۆ دروستكردنی عەترو بۆن .

١ ـ كاپرەواتی ئەلیل یان كاپرەواتی هێكسانوات

Allyl Hexanoate or Allyl Caproate

٢ ــ کاپرەواتی ئەمیـــل — Amyl Caproate
٣ ــ فەنیل ئەثیل فۆرمات — Phenyl ethyl Formate
٤ ــ سرکاتی فەنیل ئەثیل — Phenyi ethyl Acetate
٥ ــ ئایسۆ بیوتیراتی سینامیل — Cinnamyl isobutyrate
٦ ــ سرکاتی جیرانیل — Geranyl Acetate
٧ ــ سرکاتی لاینەلیل — Linalyl Acetate
٨ ــ سرکاتی مەنثیـــل — Eugenol

**(٨) ئیوجینـــۆڵ**




شلێکی مەیلەو زەردە ، ئەگەر بە بەتاکی هەوالییدا بۆ ماوەیەك ڕەنـگی دەگۆڕێت‌و شلەکەی توند دەبێتەوە . بۆنی ماددەکە زۆر لە بۆنی مێخەك دەچێت بەڵام تیژە . لە پـلەی گەرمی ٢٥٥°س دەکوڵێـــت ، زۆر کەمێــکی لە ئـــاودا دەتوێتەوە بەڵام لە ناو کحوول‌و ئیثەرو کلۆرۆفۆرم باش دەتوێتـــەوە . بـــۆ ئامادەکردنی عەتر ، هەروەها بۆ دروستکردنی ڤانیللا بەکاردەهێنرێت .

**(٩) ئایسۆئیۆجینـــۆڵ** ISOEUGENOL




شلێکی خەستی ڕۆن‌نسبەتە بەئاسانی زوو زەردهەڵدەگەڕێت . لـە پلەی گەرمیی ٢٦٦°س دەکوڵێت . زۆر کەم لە ئاودا دەتوێتەوە بەڵام لە ناو کحوول یان ئیـثەر زۆر چاك دەتوێتەوە . شیانی باسە دوو جۆر لە ئایسۆ ئیۆجینول هەیـە :

ا ــ سیز ــ ئایسۆئیۆجینـۆڵ  Cis - Isoeugenol
ب ــ ترانس ــ ئایسۆئیۆجینۆڵ  Trans - Isoeugenol




Vanillin

زۆربەی ئەم ماددانە بۆ دروستکردنی ڤانیلین ( ڤانیللا ) بەکاردەهێنرێن.

**(١٠) جیرانیۆڵ** (٩١) Geraniol




ڕۆنێکی شلەو بۆنیشی خۆشە ، کە بۆنی دەکەیت هەست بە شیرینی دەکەیت ، لە بۆنی گوڵی ( ئەشرەفی Rose ) دەچێت . لە پلەی گەرمی ٢٣٠ْس دەکوڵێت . لە ناو ئاو ناتوێتەوە کەچی لە کحوول زۆر چاك دەتوێتەوە. سرکاتی جیرانیۆڵ Geraniol Acetate هەروەها بیوتیراتەکەی، Butyrate (٩٣) و فۆرماتی Formate (٩٢) هەمیشە بۆنیان خۆشە بۆ دروستکردنی عەتر بەکاردەهێنرێن .

**(١١) سیترۆنیلال** Citronellal



شلێکی بۆن‌خۆشە ، لە پلەی ٢٤٧°س دەکوڵێت . ئاوێتەکە لە ناو ڕۆنی جۆرە ڕووەکێك هەیە پێی دەڵێن : ڕۆنی سیترۆنیلالی جاوە
. Oil of Citronella Java

پێکهاتووەکانی ئەم ڕۆنە بەم جۆرەی خوارەوەیە ( خشتەی ژمارە ـ ٣ ) :ـ

### خشتەی (٣)

| ئاوێتـــە | | پلەی کولانی لە ١٥ میلم جیوە | ڕێژەی سەدی (٪) |
|---|---|---|---|
| تۆرپینەکان | Turpenes | هەتا ٩٠°س | ٥ |
| سیترۆنیلال | Citronellal | ٩١°س | ٤٠ |
| سیترال | Citral | ١١٤°س | ٠ر٢ |
| سیترۆنیلۆل | Citranellol | ١١٥°س | ٤ |
| جیرانیۆل | Geraniol | ١١٩°س | ١٩ |
| نـیرۆل | Nerol | ١٢٠°س | ٥ |
| کحوولـەکان | Cetronellyl Acetate | ١٢٠°س | ٣ |
| سرکاتی جیرانیل | Geranyl Acetate | ١٢١°س | ٦ |
| فینۆلـەکان | Phenols | ١٢٧°س | ٨ |
| سیسکوی‌تیرپین | Sesquiterpenes | ١٣٤°س | ١ |
| کحوولەکانی سیسکوی‌تیرپین | | ١٤٧°س | ٤ |
| | Sesquiterpene Alcohols | ١٥٣°س | ٣ |
| خڵت | | — | ١ر٨ |

**(١٢) ئایۆنـۆن** Ionone

دوو جۆر لەم ئاوێتەیە هەیە وەکوو لە خوارەوە شـێوگی کیمیایان نیشان ئەدەین :ـ



شیانی باسه ( ئایۆنۆن ) ناوێکی تری هەیە کە برێتییە لە : ئایرسۆنـه ( Irisone ) . (٩٤) ماددەکە شلێکی بۆنخۆشەو بـۆنی لە بـۆنیدار . کاژدەکات . کە لە ناو کحوولدا دەتوێتەوە بۆنی زۆر لە بۆنی گوڵەوەنەوشـه دەچێت . لە ناو ئیثەر یان کلۆرۆفـۆرمو یان بەنزیـن بـاش دەتوێتـەوە . هەندێـك کەس هەسـتیارییان هەیەو نـارەحەت دەبن بە بۆنکردنی ئـەم بۆنە ، بەڵام لەگەڵ ئـەوەشدا قەبـارەیەکی زۆری لێبەکاردەهێـنرێت بـۆ دروستکردنی عەترو بـۆن .

(١٣) مێنثـۆل Menthol



ئاوێتەیەکی رەقە ، لە پلەی ٤١ — ٤٣°س دەتوێتەوە ، لە پـلەی گەرمی ٢١٢°س دەکوڵێت . کەمێکی لە ناو ئاو دەتوێتەوە بەڵام کلۆرۆفۆرم یـان ئیثەر یـان کحوول زۆر چاکی دەتوێنێتەوە . بۆنێکی نەعنای(٩٥) تـیژی هەیـە . قەبارەیەکی زۆری مێنثۆل بۆ عەترو بۆنو نوقـڵو دەرمـان دروسـتکردن بەکاردەهێنرێت . هەر وەها ڤێکسی(٩٦) هەڵمەتو هاکسی(٩٧) قورگ ئێشـە بۆنی مێنثۆلی تێدەکەن .

(١٤) میسك Musk

هەر وەکوو لە شوێنێکی تری ئەم باسەدا باسمانکرد ئەم ماددەیە لـە لوویەکی ژێر پێستی جۆرە ئاسکەیەك پەیدا دەبێت . بەڵام زاناکان لەم دوایەدا چەن ماددەیەکی تریان دۆزییەوە یان دروستکرد بۆنی وەکوو بۆنی میسـك وابوو . واتە میسك دوو جۆرە :

(١) میسکی سروشتی — مەڵبەندەکەی ئاسکەیە .
(٢) میسکی دەستکرد — مرۆڤو کیمیازانـانەکان دروسـتی دەکەنو پێکهاتووی میسکی سروشتی هەیە .

**(١) میسکی سروشتی :**

ئەو ماددەیەی کە لە پێستی ئاسکە پوختە دەکرێت پێی دەڵێن (مۆسکۆن Muscone ) . یاساو شێوگی کیمیایی‌یەکەی لە خوارەوە نیشان ئەدەین :



مۆسکۆن Muscone

مۆسکۆن شلێکە لە ڕۆن دەچێت بە دیمەن ، پلەی کوڵاندنی ٣٢٨°س لەناو ئاو ناتوێتەوە ، بەڵام لە کحوول باش‌دەتوێتەوە .

**(٢) میسکی دەستکرد :**

بەم جۆرە میسکە هەندێك جار دەڵێن (نایترۆمیسك Nitro - Musks ) چونکە زۆربەی ئەو ئاوێتە ئەندامی‌یانەی کەوا لە بابەتی ئەلکیل بەنزین و دوو یان سێ کۆمەڵی ( نایترۆیان Alkyl benzene بەسەر ئەلقەی بەنزینەکەدا هەیە بۆنیان هەر وەکوو بۆنی میسکە . لە خوارەوە چەن شێوگی کیمیایی ئەو ئاوێتانە دەنووسین کە بۆنیان لە میسك دەکات :ـ




**(١٤) بۆنی یاسەمینی دەستکرد** Jasmine Odor

ئاوێتە دەستکردەکە برێتی‌یە لە سرکاتی بەنزیل Benzyl Acetate




شلێکی بۆن خۆشە بۆنی لە بۆنی هەرمێ دەچێتو بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی عەتری نایاب کە بۆنیان لە بۆنی یاسەمینو گوڵی گاردینیا(٩٨) دەچێت . سرکاتی بەنزیل لە پلەی ٢١٣°س دەکوڵێت .

لە ناو کحوولو ئیثەر دەتوێتەوە بەڵام لەناو ئاو ناتوێتەوە .

شیانی باسە گوڵی یاسەمین ماددەی جاسمالی Jasmal تیادا هەیە :




Jasmal جاسمال

هەر وەها هەندێکیش لە سرکاتی بەنزیلیشی Benzyl Acetate تیادا هەیە .

**١٥ – پاینین** Pinene **و لێوەرگیراوەکانی**
**کامفین** Camphene Derivatives




ئەلفا – پاینین بۆنێکی خۆشی هەیە زۆر لە بۆنی تەربەنتین Turpentine دەچێت . لە پلەی ١٥٥ – ١٥٦°س دەکوڵێت . لە ناو ئاو ناتوێتەوە بەڵام لە کحوولو کلۆرۆفۆرم یان لە ناو ئیثەر باش دەتوێتەوە . بۆ دروستکردنی گەلێك جۆر لە عەتر بەکاردەهێنرێت .

شیانی باسە ڕۆنی تەربەنتین دوو جۆر پاینینی تیادا هەیە واتە ئەلفا –

پاینین‌و بیتا پاینین . شێوگی کیمیا ئه‌لفا ــ پاینینمان له سه‌ره‌وه نیشـــان‌دا ، له خواره‌وه شێوگی کیمیایی بیتا ــ پاینین نیشان ئه‌ده‌ین .




β-pinene بیتا-پاینین

١٦ - فه‌ینل ئه‌ثیل ئه‌لکوول phenylethyl Alcohol




یه‌کێکه له ئاوێته سه‌ره‌کی‌یه‌کانی پێکهاتووی پوخته‌ی گوڵی ئه‌شره‌فی (ڕۆز Rose ) ، واتـــه مادده‌که بۆنی گوڵه ئه‌شره‌فی لێ‌دێت . ئاوێته‌که شـــله‌و له پله‌ی ٢١٩°س ده‌کوڵێت ، له ئاو یان له کحوول زۆر باش ده‌توێته‌وه .

**په‌راوێزه‌کان :**

(١) ڕۆنه سه‌ره‌کی‌یه‌کان = الزیوت الأساسیة Essential Oils .
(٢) به‌لسه‌م : مه‌لحه‌م : مرهم ، هه‌روه‌ها به واتای بۆن‌خۆشیش به‌کاردێت .
(٣) میسکی سروشتی : المسك الطبیعي .
(٤) مادده‌ی ئه‌ندامی : مادة عضویة .
(٥) تاید ــ جۆرێکه له پاگژکه‌ره کیمیایی‌یه‌کان کومپانیای Proeter and Gamble له ئه‌مه‌ریکا دروستی‌کرد . دوابه‌دوای ئه‌وه بابه‌تی تری نوێ دروست‌کران . له عیراق ئێستا به ناوی (سۆمه‌ر) ده‌فرۆشرێت .
(٦) Per Fume : وشه‌یه‌کی لاتینی‌یه به‌واتا (دووکه‌ڵ) Smoke .
(٧) هه‌ڵم‌دار : متبخر .
(٨) Flavor : نكهة الطعام : بۆنی چێشت‌و خوارده‌مه‌نی تر .
(٩) Flavor Chemistry : کیمیاء الروائح والنکهة .
(١٠) شۆربای قوتوو : شوربة المعلبات .
(١١) المنشأة العامة للزیوت النباتیة .

(١٢) ڕۆنی خۆمان : ڕۆنی ئاژەڵی (مەڕ) .
(١٣) ڕۆنی ئاژەڵی : الدهن الحيواني . جیهانی سێیەم : العالم الثالث .
(١٤) چەن ساڵێك لەمەوبەر پسپۆر بووم (خبیر) لە شیرکەتی ڕۆنی ڕووەکی. لەو ماوەیەدا زانیم کە بۆنەکە دەستکردەو لە ژاپۆن دەیکڕن بە پارەیەکی زۆر .
(١٥) ئاوێتە : مرکب Compound ، هاوبۆن : روائح متقاربة .
(١٦) گوێزی ئەمریکی وەکوو گوێزی هەورامان وایە بەڵام بچووکەو خڕ نی‌یە لە هێلکە دەچێت پێی دەڵێن پیکان Pecan .
(١٧) لەگەڵ کومپانیای International Fragrances and Flavors.
(١٨) شرکەتی Starch Co.
(١٩) مۆمیـا : المومیـاء .
(٢٠) يقصد به هنا مهنة التحنيط .
(٢١) البابليون .
(٢٢) قرطـاجة .
(٢٣) تەوالیت : تواليت : خۆجوان‌کردن بە یـاریدەی مـاددەی تـایبەتی کە پێتی‌دەڵێن کۆسماتیك Cosmaties .
(٢٤) پونـگە : نعنـاع .
(٢٥) ئاوێتە : مرکب.
(٢٦) هەمەجۆر : متنوع.
(٢٧) گیانەوەر : حیوان.
(٢٨) الزيوت الأساسية. Essential Oils
(٢٩) بەهەڵمن : يتبخر ذاتيا.
(٣٠) دڵۆپاندن : تقطير.
(٣١) توێنەر : مذيب Solvent .
(٣٢) شلاو : محلول مائي .
(٣٣) دەشلقێنرێت : يرج .
(٣٤) دەپاڵێورێت : يرشح .
(٣٥) پاڵاوتە : الراشح ، پاڵاوتە ڕوونەکە : الراشح الرائق .
(٣٦) Resinoid واتە ماددەکە لینجە وەکوو بنێشـتو لەوانەیە پێکهاتووەکەی پۆلیمەر Polymer بێت .
(٣٧) پێی دەڵێن Almond - Oil Camphor ، پلەی شل‌بوونەوەی ١٣٧°س .

بنکەی ژین

(٣٨) گالیانۆم : الحلبینه وهو صمغ راتنجی یستخرج من بعض الأشجار التی تنمو فی لبنان وایران .
(٣٩) خیمته الأزهار مثل ازهار الجزر .
(٤٠) ئاوەکی : غریب .
(٤١) کێشی تایبەتی : الوزن النوعي .
(٤٢) ناوی زانستی‌یانەی درەختەکەیە .
(٤٣) لێوار : ساحل ، حافە .
(٤٤) دەریای سپی : البحر الأبیض .
(٤٥) قوبرص : قبرص ، کریت : جزیرة کریت في البحر الأبیض .
(٤٦) ئیثەری پیترۆل : Petrolium ether
(٤٧) دووبارەیە لەگەڵ ٣٣ .
(٤٨) الشرقیون .
(٤٩) توێنەری ئەندامی : مذیب عضوي .
(٥٠) لێوەرگیراوەکان : مشتقات Derivatives
(٥١) Woodruff : القلادة الخشبیة واتە ملیۆنکی دار .
(٥٢) بە زوبانی عەرەبی پێی دەڵێن ( مر ) واتە تاڵ .
(٥٣) سنۆبەری‌یەکان : الصنوبریات : کاژەکان .
(٥٤) پۆلیمەر : بولیمر Polymer : برێتی‌یە لەو ماددانە کە گەردەکانیان زۆر قورس‌و درێژەو پێکهاتووە لە بەندبوونی هەزارەها دەنك لە یەکەی تایبەتی پێی دەڵێن مۆنومر Monomer . بۆ وێنە نیشاستەو سیللوزو لاستیك‌و ماددە پلاستیکەکان هەموو پۆلیمەرن .
(٥٥) پەتی‌کردن : تنقیة .
(٥٦) ڕێزومەکان : الریزومات : جۆرێکە لە ڕەگی ڕووەك .
(٥٧) لەبوارێکی کەم پەستاندا : فی ظروف ضغط واطیء .
(٥٨) بلورێن : بلورة : Crystallization : واتە بە تەکنیکی تایبەتی ماددەکە بکرێت بە کلۆی بلووری .
(٥٩) ڕاتنجی : لینجی پۆلیمەری .
(٦٠) ڤانیللە : Vanalla ئەو ماددە بۆن‌خۆشەیە کە دەکرێتە ناو کێك‌و هەویرەمەنی هەمەڕەنگ .
(٦١) تکایە سەیری سەرچاوە ژمارە (٨) بکە .
(٦٢) دەپرژێنێتە : یذر ، یبخ : Spray .

(٦٣) قۆنـاغ : مرحلة .

(٦٤) ئەلدیهاید : الدهاید Aldehyde بابەتێکی ئاوێتەی ئەندامین شێوگی کیمیایی‌یان بەم جۆرەیە (Ar) R - e - H .

(٦٥) الیستەر Ester

شێوکی کیمیایی‌یان : (Ar) R - e - O - RCAr)

(٦٦) لاکتون Lactone ـ بابەتێکە لە ئیستەر وەکوو :



(٦٧) میسکی ڕۆم : ناوی ڕووەکێکی گۆ-دارە پێی دەڵێن Tuberose بۆنێکی زۆر خوێنی هەیە .

(٦٨) لای‌لاك ـ گولێکی تایبەتی‌یە .

(٦٩) خشب الصندل .

(٧٠) جوز الطیب .

(٧١) نوجەڕلی هیندی : نجیل الهند : عشب عطري .

(٧٢) سۆسەنی فلۆرەنسی : السوسن الفرنسي .

(٧٣) سیدار : خشب السدار .

(٧٤) الروائح الشرقیة Oriental perfeams

(٧٥) بۆنخۆش‌کردنی گەرماو ( حەمام ) بەکاردێت .

(٧٦) ئەلدیهایدی ئەرۆماتی ـ بڕێکی ئاوێتەی ئەندامین وەکوو بنزئەلدیهاید



Benaldehyde

(٧٧) هاڕاوەی جل‌شوشتنی : مسحوق غسل الملابس .

(٧٨) ماددەی تفت : مادة قاعدیة .

(٧٩) پاگژکەرەکان : المنظفات .

(٨٠) ئەلـکالی : Alkali : قلوي .

(٨١) پرژێن : بخاخه Spray

(٨٢) بۆن‌کوژ : مزیل الروائح Deoderants

(٨٣) دژە ئارەق : ضد التعرق Antipres pirant

(٨٤) تەوالیت : Toilet : ئاودەست ( مرافق صحیة ) .

(٨٥) قەبارەیەکی بازرگانی : کمیات تجاریة ( واتە زۆر ) .

(٨٦) پلەی کولاندن : درجة الغلیان .

(٨٧) شێوگی کیمیایی : الصيغة الكيميائية .

(٨٨) کۆمارین ــ بۆنەکەی لە ڤانیللا دەچێتو ئەم شێوگە کیمیایی یەی خوارەوەی هەیــە :



(٨٩) جۆرە گوڵێکە .

(٩٠) دارسینی : دارچینی : دارسین .

(٩١) ئەم عەترە لە گیایەکی تایبەتی پوختە دەکرێت ، بە عەرەبی پێی دەڵـێن ( زيت الأترجية ــ يستخرج من عشب عطر ) .

(٩٢) بیوتیرات Butyrate : ئیستەری بیوتیرات Butyrate esters .

(٩٣) فۆرمات Formate : ئیستەری فۆرمات Formate esters

(٩٤) کاژ : صنوبر .

(*) ناوی زانستی ڕووەکە ئەمەیە : [ Andrapogon Nardus L. ] لە ناوچەی جەباری کوردستان دەڕوێت .

(٩٥) نەعنا : پونگە : النعناع Mint .

(٩٦) ( Vicx ) ــ بۆ هەلامەت بەکاردێت .

(٩٧) MAX ــ شەکرەو مێنثولی تیادا هەیە بۆ قورگئێشە بە سوودە .

(٩٨) گاردینیا ــ جۆرە گوڵێکە دەگمەنە بۆنی زۆر خۆشە .

**References :**


1 — L. Appell, (( Cosmetics, Fragrances and Flavors )), Novox Inc. Publisher, Whiting, New Jersey, 1982.

2 — Kirk - othmer, (( Encylipedia of chemical Technology )), Interseience, 1963, vol. 14 pages 717 - 735.

3 — H. Bennett, Ed., (( Concise Chemical Dietionary )), Chemical publishing Company, Inc., 1962.

4 — Noller, (( Chemistry of Organic Compounds )), Saunders puls. 2nd Ed., 1957.

5 — P. S. Zurer, Chem. Eng. News, September 28, 1987, page 21.

6 — Merk Index, 8th, Ed. Merk Co. 1968.

7 — J. March, (( Advanced organic Chemistry )), MaCGraw Hill Comp. 1977.

8 — Ruzicka, Helv. Chim. Acta, 9, 715 ( 1926 ).

# كيمياء العطور والروائح الزكية

**الدكتور ذنون محمد پيريادى**

أستاذ قسم الكيمياء ـ كلية العلوم

جامعة بغـداد

**الخلاصـة :**

لاشك أن العطور والروائح الزكية تشكل جزءاً من حياة الانسان المتحضر في الوقت الحاضر • ونخص بالذكر هنا النساء اللائي يبالغن في انفاق المبالغ الطائلة على العطور والروائح ومواد التجميل الأخرى • ولم يقتصر استخدام العطور على النساء وحدهن وانما أخذ الرجـال في العالم المتحضر ينافسون النساء في استخدام العطور الرجالية وموانع الروائح الكريهة والمسك والطيب واخذت بذلك الشركات والمعامل المختلفة في أوروبا وامريكا بصناعة العديد من العطور لتبيعها بمبالغ باهضة وتتنافس في ابتكار الروائح الجديدة كل شهر •

ليس هذا فحسب وانما للعطـور والروائح دور كبير في الصناعـات الغذائية والدوائية بشكل خاص • فهناك المضافات المختلفة الى الأغذية المصنعة من روائح وألوان وعطور •• الخ •

حتى اصبح الغذاء المعلب غنياً بروائح عذبه زكية تزيد شهية الانسان ورغبته في الاكل •

فالبحث الحالي يتعلق بدراسة موضوع العطور والروائح بشكل خاص ونبذة مختصرة عن نكهة الطعام من حيث التركيب الكيميائي وماهي المصادر الطبيعية وخاصة النباتية لهذه الروائح • ماهي التراكيب الكيميائية للمـواد التي تسبب تلك الروائح الزكية ؟ كيف يمكن الجمع بين المركبات الكيميائية لتهيئة وتحضير العطور ؟ ماهي المواد الاولية الطبيعية والصناعية المستخدمة في تحضير العطور ؟

كذلك تحتوي الدراسة على طرق تصنيف الروائح والعطور وتبويبها بغية تسهيل دراستها •

# ڕاپەڕینی خێڵەکیی کورد
# لە سەدەی ١٦ هەمدا

## بەشی سێیەم

نووسینی :

شەمسی محەمەد ئیسکەندەر

شوکور مستەفا

لە ئازەربایجانی‌یەوە کردوویە بە کوردی

برێ ڕووداو کە هەر لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمەوە لە ژیانی گەلی کورددا ڕوویاندا ، ئەم نەتەوەیەی تووشی شەڕو هەرایێکی سەخت کرد • هەر لەپاش شەڕی چالدیران (١٥١٤) کوردستان کرا بە دوو بەشەوە • برێ میرنشینی کورد سەربەخۆییی خۆیان بە ڕەسمی لەدەستدا • سەربەدەوڵەتی عوسمانیو سەفەوی کردنی کوردستان خۆشبەختیو بەختەوەریی بۆ کورد نەهێنا • بە پێچەوانەوە ، گەشەکردنی ژیانی ئابووریو کۆمەلایەتیی ئەم گەلەی بە جارێ شێواندو خاکی کوردستان بوو بە مەیدانی شەڕوشۆڕی دوورو درێژو گەلی کورد بوو بە هێزی ماددیو مەعنەویی ئەم شەڕوشۆڕانە• مێژوونووسانی سەردەمی بدلیسیو بدلیسی خۆیشی وای بەدیاردەخەن کە لە شەڕو شۆڕی نێوان عوسمانیو سەفەویدا برێ ویلایەتی کورد سووتێندرانو تالانکران (١٠٠ ، ٢٩٠ — ٣٠١ ، ٥٩ ، ٣٥٦ — ٣٧٠) •

خەرج وباجو سەرانەو مولکانەیێکی زۆر قورس وگران بەسەر کورددا سەپێندرابوو • دەوڵەتی عوسمانیو دەوڵەتی سەفەوی نەتەوەیێکی هاوخوێنو برای یەکدی‌یان لێکدی ڕاستدەکردەوەو ئاگری دژمنایەتیی نێوانیان خۆشدەکرد • پشت بەو ڕاستی‌یانەی لە سەرچاوەکاندا نووسراون ، بە درێژاییی سەدەی ١٦هەم تەنها هەر لە شەڕوشۆڕەکانی عوسمانیو ئێرانو شەڕی تیرەگەریی نێوخۆ نزیکەی ١١٢ هەزار کورد پتر لەنێو چوون

بدلیسی کە بۆ خۆی ددان بەم بارە نالەبارە لەتوانو تاوبەدەرەدا دەنێ ، ژیانی میرە کوردێکی جەهانفولاد (جانپۆلاد ـ وەرگێڕ)ناو بە نموونە دێنێتەوە ، دەنووسێ : «تائاخروئۆخری تەمەنی لە ٧٠ کوڕ تەنێ هەر (١٠) کوڕی بە سەرسەلامەتی ماونەوە»[1] (٧٦ ، ٢٢٥) .

ئەم ژمارەیە با زۆریشی فووتێ کرابێ وا دەگەیێنێ کە زۆربەی ئەو خەڵکە لەو شەڕانەدا بۆ نەتەوەی کورد هیچ مەعنایەکی نەبوو ، لەناوچوون .

ئیدی بەم جۆرە ، لەم ڕاستی‌یانە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە لە ئاکامی دەستێوەردانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانیو سەفەوی لە کوردستاندا هێزی بەشەری کەمبووەتەوەو باری ئابووری بە جارێ تێکچووەو مانی مانئاساییی نەتەوەی کورد کەوتووەتە مەترسی‌یەکی گەورەوە .

یەکێ لەو ڕووداوانەوەی لە سەدەی ١٦هـەمدا ورەی بەگیانی کوردەواری بەردابوو سەرەڕۆییو کەلەشەقیی کاربەدەستانو هەمەکارەی سوڵتانو شا بەکۆمەڵو بە دەسەجەمعی کوردقەلاركردن بوو . بە پێی سەرچاوەکان لە سەردەمی سوڵتان موڕادی سێیەمدا لە جیاتی تورکێ کە بە دەست کوردێ کوژرابوو سەت نەجیوزادەی کورد ئیعدامکراون . بدلیسی دەنووسێ : «سەرلەبەری ماڵو سامانی ئەوانەی ئیعدامکراون وەسەر خەزێنەی سوڵتان خراوە» (٧٦ ، ١٣٤) .

ئەوەی ڕاستی بێ ، کورد لە سەدەی ١٦هەمدا دەبوو بە گوریی ناکۆکیی نێوان دەوڵەتی عوسمانیو دەوڵەتی سەفەویو بە ئاگری ئەم ناکۆکیو کێشەو هەرایەوە دەسووتا . بە نموونە شاتاماسپی یەکەم هەرکە لە بەلای عوسمانی‌دا مەیلبزوانی تیرەی دونبولی وەگومان کەوت ٤٠٠ کەسی بە یەك قەڵەم لەم تیرەیە ، بە ئەحمەدبەگو سماییلبەگو جەعفەربەگەوە کوشت . بدلیسی دەنووسێ : «٣٠ کەسی دیکەش ، لەوانی لە دەربـاری شادا خزمەتیان دەکرد ، کوژران»[2] (٧٦ ، ٣١٣) .

ئیدی بەم جۆرە لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمدا بەبن دیلێتیی دەوڵەتی

عوسمانیو دەوڵەتی سەفەوی کەوتنی کورد مێژووی ئەم نەتەوەیەی بەم جۆرە ڕووداوە خوێناوییانە پڕکرد . هەر لەم سەردەمەدا دەست لەچارەنووسی کورد تێوەردانی عوسمانیو سەفەوی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتری پەرە دەستاند پاڵی بە سەرلەبەری تیرەو هوزە کوردەکانەوە دەنا لەدژ هەردوو دەوڵەتی عوسمانیو سەفەوی بۆ سەربەخۆیی خۆیان دەستدەنە خەباتو تێکۆشان . هەر وەك ڕابردوو ئەم بزووتنەوانەی سەدەی ١٦هەمیش کە کورد لەدژ دەستتێوەردانی بیانی دەیکردو هێندەی یاخیبوونی گوندییان گرینگ بوون ، دیسان هەر سەرەك هۆزو تیرەکانی کورد ڕێبەرییان دەکردو ئەوان چاوساغی بوون .

لە سەرەتای ١٦هەمدا بۆ یەکەم جار یاخیبوونەکەی هۆزی مەلکیش ڕوویدا ، چونکە نوور عەلی خەلیفە ، کە لە ساڵی ١٥٠٦دا لە لایەن شاسماییلی یەکەمەوە بە فەرمانڕەوای جەمەشکەزەكو سەرکردەی قزلباشان دامەزرێندرا بوو لەگەڵ هۆزی مەلکیشدا بەو زەبروزەنگو بێ بەزەییتییەوە هەڵدەسووڕا . ئەم کابرایە هەمیشە خەریکی ئەوەبوو کوشتوکوشتاری دەسەجەمعی دەنایەوەو هەر ناوچەو هەرێمێ بە دەنگهاتبا یەكسەر دەی سووتاندو وێرانی دەکرد . تەنانەت خەڵکێکی زۆر لە کوردی جەمەشکەزەك کە لێی بە دەنگهاتبوونو ملیان بۆ نەدەدا ، بۆ ناوچەی خۆراسان دوور خرابوونەوە[3] (٦٧ ، ٣٨٣) . لەبەر ئەمە هۆزی مەلکیش بۆ دوایی بەسەرەڕۆییی نوور عەلی خەلیفە هێنان دەستی دایەچەك . یاخییەکان داوای لە میرایەتیی جەمەشکەزەك خستنی نوور عەلی خەلیفەو سەرلەنوێ دانانەوەی سەرۆکی پێشووی هۆزەکە ، ڕۆستەم بەگیان دەکردە بۆ بەجێهێنانی ئەم خواستەش بڕیاریاندا ڕۆستەم بەگ بۆ کوردستان بانگکەنو بۆ ئەم مەبەستە نوێنەریان بۆ عیراقو ئیسفەهان نارد .

بدلیسی دەنووسێ : «دەستپێکرانی شەڕی چالدیران ئەم بزووتنەوەی

یاخیبوونەی دامرکاندەوە (٧٦ ، ١٦٤ ، ١٦٥) • بەلام ئەم یاخیبوونە کە لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمدا دەستی پێ کردبوو ، بوو بە سەرەتای ئەو خەباتەی کە لەدژ بیانییان پێوەچووو بەردەوام بوو • لەپاش ئەمە یاخیبوونی خێڵەکی لەدژ هەردوو دەوڵەتی خۆلەچارەنووسی کورد هەڵقورتێن دوای نەبڕایەوەو بێ ناوبڕ هەر پێوەچوو • بزووتنەوەی یاخیبوون لەپاش یەکەم دابەش کرانی کوردستان (١٥١٤) پتری پەرەساندو زێتری گوڕ گرتەوە • بەتایبەت لە سەروبەندی سولتان سلێمانی غازیدا[٤] (٣٤) (١٥١٩ — ١٥٦٦) چەند یاخیبوونێکی خێڵەکی ڕوویدا • یەکێ لەمانە یاخیبوونی ڕووزەکییەکان بوو •

میرنشینی بدلیس لە ساڵی ١٥٣٥دا لە لایەن سولتان سلێمانی غازییەوە داگیرکرا • بەلام هۆزی ڕووزەکیش وەك سەرتۆپی هۆزو تیرەکوردەکانی سەر بەم میرنشینە سەری بۆ فەرمانڕەوایی سولتان دانەواندو نەبوو بە دەستدایو کار گەیشتە دەستدانەچەكو شەڕو تێك گیران • یاخییەکان لەم شەڕو تێك گیرانەدا کە سێ ساڵی خایاند داوای لە میرنشینی وەدەرنانی کاربەدەستانی عوسمانیو سەربەخۆیی خێڵەکییان دەکرد • سولتان بۆ سەرکوت کردنی ئەم سەربزێوییو یاخیبوونە گەلێ میرە کوردی بۆ شەڕ تەیارو سەفەربەر کرد ، بەلام بە هیچ ئاکامێ نەگەیشت ، چونکە گەلی کورد لەو سەفەربەرەدا بە ڕاستیو بەدڵ لەگەڵ یاخییەکاندا شەڕیان نەدەکردو هەرکە هەلێکیان بۆ هەڵدەکەوت یەکسەر دەچوونە پاڵ یاخییەکان • لەبەر ئەمە سولتان سلێمانی غازی دەستی لە سیاسەتی بە تۆبزیو زۆرلێ کردنی یاخییەکان هەڵ گرتو بۆ لە خشتەبردنیان دەستی دایە دەكو دەهۆگێڕانو کەلەکبازی •

بدلیسی دەنووسێ : «سولتانی لە سیاسەتی زۆرداری بەکارهێناندا دۆڕاو لە سەرێکەوە بە هۆی بەهائەددین میری حەزۆوە[٥] خەبەری بۆ

یاخی‌یه‌کان ده‌نارد گۆیا لێیان خۆش ده‌بێ‌و له سه‌رێکی دیکه‌وه به‌ڵێن‌و گفتێکی چه‌وری به ئیبراهیم به‌گ‌و قاسمی سه‌رکرده‌ی یاخی‌یه‌کان داو[٦] به‌م جۆره قه‌ڵای بدلیس داگیرکرا» (٧٦ ، ٣٦٠ ــ ٣٦١) •

له ساڵی ١٥٣٨دا به داگیرکردنی قه‌ڵای بدلیس بزووتنه‌وه‌ی سه‌ربزێوی‌و یاخی‌بوون دایه باری کزی‌و دامرکایه‌وه • سوڵتان له بری وه‌ی له یاخی‌یه‌کان خۆش بێ به‌وپه‌ڕی دڵڕه‌قی‌یه‌وه‌ی سزادان • به پێی زانیاری‌یێکی که له «شه‌ره‌فنامه»دا نووسراوه ، ٤٠٠ که‌س له هۆزی ڕووزه‌کی له‌و یاخی‌بوونه‌دا هاوبه‌شی‌یان کردبوو ، زێدو نیشتمانی خۆیان به‌جێ هێشت‌و بۆ ئازه‌ربایجان کۆچیان‌کردو به‌مه خۆیان له سزای سوڵتان ڕزگارکرد (٧٦ ، ٤٤٣) • به‌ڵام یاخی‌یێکی زۆر به فه‌رمانی سوڵتان له سێداره دران‌و میرنشینی بدلیس به‌بن باری دیلێتیی عوسمانی‌یان که‌وت •

پاش یاخی‌بوونی هۆزی ڕووزه‌کی سه‌ربزێوی‌و یاخی‌بوونی تیره‌و هۆزه کورده‌کان هه‌ر پێوه‌ده‌چووو نه‌ده‌بڕایه‌وه • هه‌رچه‌ند کورد ته‌نگه‌تاوکردنی کاربه‌ده‌ستانی شاو سوڵتان توندو تیژتر ده‌بوو بزووتنه‌وه‌ی خه‌بات‌و به‌ربه‌ره‌کانێیش به‌و پێیه په‌ره‌ی ده‌ستاندو توندو تیژتر ده‌بوو • به‌تایبه‌ت خه‌رج‌و باج‌و میرانه‌یێکی له‌سه‌ده‌ی ١٦هه‌م‌دا وه‌رده‌گیرا به جارێ بڕستی له میرانی کورد بڕیبوو ، هه‌ر سه‌ره‌ك هۆزێ خه‌رج‌و باج پێدرانی له‌کێش‌دا نه‌بوایه بێ‌سێ‌و دوو هه‌ڵده‌واسراو سوڵتان ده‌ستی به سه‌ر موڵك‌و سامانیه‌وه ده‌گرت‌و لێی داگیرده‌کرد • هه‌رله‌به‌ر ئه‌مه له نیوه‌ی دووه‌می سه‌ده‌ی ١٦هه‌م‌دا به‌ربه‌ره‌کانێ له دژ خه‌رج‌و باج ساندنی گران‌و له توان‌به‌ده‌ر بزووتنه‌وه‌ی یاخی‌بوونی بۆ سه‌ربه‌خۆیی به‌هێزکرد • بزووتنه‌وه‌ی ئه‌م سه‌رده‌مه تیره‌و هۆزه کورده‌کانی ئێرانیشی گرتبۆوه •

له ساڵی ١٥٦٤دا شاتاماسپی یه‌که‌م ساڵانه داوای ١٠ هه‌زار سه‌ر هێستری له میری لوڕستانی گه‌وره[٧] ده‌کرد • هه‌روه‌ها ئه‌م خواسته‌شی

بەرەورووی محەمەدی بەگی میری لورستانی بچووکیش کردبۆوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە محەمەدی بەگ نەیدەتوانی ئەم خەرجو باجە گرانە بۆ شا پڕکاتەوە سەد کەس لە نەجیوزادانی لورستان زیندان کران • قازی ئەحمەدی قەزوینی دەنووسێ : «محەمەدی جوامێرێکی وابوو ، زیارەتکەران کە بە لورستاندا تێدەپەڕین کۆمەکو یارمەتییان هەمیشە لەو دەستاند، بەڵام لە ساڵی ١٥٦٤دا گیراو لە قەڵای ئەلەموت لە زیندان خرا (١٠٠ ، ١٧٤) •

ئیدی بەم چەشنە ئەم ڕووداوە بوو بە مایەی وروژانی ئێو هۆزەکانو لە ئاکامدا ، دەستدانە چەکو ڕاپەڕین • خەڵکەکە وایان بیردەکردەوەکە ئەگەر خەرجو باج لەسەر میرنشینەکەیان سووککرێ ، ئەوانیش ژیانو گوزەرانیان بەش بەحا لێخۆیان خۆش دەبێ • هەرلەبەر ئەمە لە دژی ئەو خەرجو باج گرانەی بەسەر میرنشینەکەیاندا سەپێندرابوو ، زۆر بە جەرگەوە خەباتیان دەکرد •

کاتێ محەمەدی بەگ لەگەڵ نەجیوزادەکانی لورستاندا پێکەوە لە قەڵای ئەلەموت زیندان کران ، هەرسێ کوڕەکانی جەهانگیرو شاوێردیو عەلیخان لە ناوچەی خوڕەمئاباددا دەستیان بە خەباتی چەکدارانە کرد • زۆربەی تیرەو هۆزەکانی لوڕ لەم بزووتنەوەیەدا هاوبەشیان کرد • سەرلەبەری خەڵکەکە داوای بەردانی محەمەدی بەگو هاوڕێیانیان دەکردو لە هەمەدانو ئیسفەهانو ناوچەکانی دیکەدا پەلاماری کاربەدەستانی شایان دەداو دەیانکوشتن •

هەر لەو سەروبەندەدا ، لە گیلانیش ، یاخیبوون لە دژی سەفەوییەکان سەری هەڵدابوو • لەبەر ئەمە شاتاماسپی یەکەم لە پەرەساندنو تەنینەوەی یاخیبوونی لورستان ترسی لێنیشتو بۆ سەرکوتکردنی ئەم بزووتنەوەیە تەواو بەخۆکەوت ، بەڵام پەنای بۆ تەگبیرو چارەسەرێ برد دادی نەداو هیچ سودێکی لێوەگیر نەکەوت • بدلیس دەنووسێ :

«شارۆستەمی فەرمانڕەوای لوڕستانو سەرکردەو میرە قزلباشەکانی دیکەی سەرسنوورەکان بۆ لەنێوبردنی مەترسیی یاخیبوونەکە هەوڵێکی زۆریاندا، بەڵام بێئاکام بوو » (٧٦ ، ٥٠) • سەبارەت بەمە کاربەدەستانی دەربارو شارۆستەمبەگ لە شایان گەیاند ، یەکە ڕێگای دامرکاندنەوەی یاخیبوونەکە ئەوەیە کە محەمەدی بەگو هاوڕێیانی لە زیندان ئازادکرێن •ئیدی بەم جۆرە شا فەرمانی لە زیندان ئازادکرانی محەمەدی بەگو هاوڕێیانی داو بەمە سەربزێویو یاخیبوونەکەی لوڕستانی سەرکوتکردو کوژاندەوە•

لە ئاکامی ئەم یاخیبوونەدا محەمەدی بەگ لەو خەرجو باجە قورسو گرانەی کە دەبوو بۆ خەزێنەی شای پڕکاتەوە ئازادبووو کرا بە میری سەربەخۆی لوڕستانیش • بدلیسی دەنووسێ : «محەمەدی بەگ بە لە خۆڕازیکردنی شاتاماسپی یەکەمو پاشان شاسمایلی دووەم ، خەرجو باجی کەمدەداو بەمە سەربەخۆیی خۆی پاراست» (٧٦ ، ٥٢) •

لە سەدەی ١٦هەمدا تیرەو هۆزە کوردەکانی سەر بە عوسمانیو سەفەوی لە دژ زوڵمو زۆرو نیزامی خەرجو باج ئەستێنی خەباتیان دەکردو لە هێندێ حاڵەتدا لەم خەباتەدا یەکیشیان دەگرت • ئیسکەندەر مونشی دەنووسێ : «کورد هەرکە هەست بە مەترسیی دژمن دەکەن دەگەڵ یەکدی ڕێكدەکەونو یەكدەگرن ، بەڵام هەرکە ئەم مەترسییە لە گۆڕێدا نەما دەبنەوە دژمنی گیانی یەكو شیرو تیر لێكدەسوون » (٤٧ ، ٧٨١) •

بە پێی زانیاریی سەرچاوەکان لە ساڵانی ٣٣ ــ ٣٨ی سەدەی ١٦هەمدا، لە بەشە کوردستانی عوسمانیدا سەربزێویو ڕاپەڕینی کورد لە نوێوە سەری هەڵداوەتەوە •

لە سەرێنی ئەوەی زیائەددین ، سەرۆکی پێشووی هۆزی سلێمانی کە لە میافارقین دەژیان لەگەڵ محەمەد خانی ئوستاجلووی سەرکردەی

قزلباشان که فەرمانڕەوای دیاربەکر بوو ، خزمایەتیو دۆستایەتیی دامەزراند، سولتان سەلیم کوردستانی داگیرکردو ولاتەکەی سەر لەبەر بوو بە ملکی تایبەکاری سولتان . لەسەردەمی سولتان سلێمانی غازیدا خەرجوباجێکی لەکێشبەدەر بەسەر ئەو هۆزەدا ، که لەو میرنشینه دەژیان ، سەپێندرا . سولتان ئەرکی کۆکردنەوەی ئەو خەرجو باجانەی له ئەستۆی بالوول بەگی میری میافارقین هاویشت ، بەلام بالوول بەگ نەیتوانی ئەو خەرجو باجانه کۆکاتەوەو به خەزێنەی دیاربەکری بسپێرێ .

بدلیسی دەنووسێ : «له ئاکامی ئەو هێرشانەی تورکەکان دەیانکردە سەر خاکی عەجەم هۆزی سلێمانی تووشی بارێکی تووشو نالەباربوون . سەردەمێکی دوورودرێژ بوو ، له تاو خەرجو باجو سەرانەی سولتان ناچار هەموو کۆچیان کرد» (٧٦ ، ٢٦٧ — ٢٧٠) .

ئەم تیرەو هۆزە کوردانه میرنشینەکانی خۆیان بەجێهێشت ، هەموو ڕوویان له سەرسنوورەکانی ئازەربایجان کرد چونکه ئەوانەی لەو سەرسنوورانه دەژیان باری خەرجو باج لێساندرانیان له هی دیکه تا ئەندازەیێ سووکتربوو . ئیدی بەم ڕەنگه هۆزی سلێمانی هیچ خەرجو باجێکیان به سولتان نەدا .

خەباتو تێکۆشان له دژ خەرجوباجی قورسوگرانی له وزەبەدەر، ویلایەتەکانی دیکەی کوردستانیشی گرتەوە . پاش هۆزی سلێمانی هۆزەکانی دیکەیش ئەستۆی خۆیان له هەموو جۆره ڕەسمی خەرجوباجدانێ قوتارکرد . شاسوار ناوێ جلەوی ئەو خەباتەی وەدەسته خۆ گرت . شاسوار بۆ خۆی میرلیوای قەلای بایەزید بوو[8] . بدلیسی دەنووسێ : « شاسوار له هەزار سواری پتر له هۆزی سلێمانیو هۆزەکانی دیکه له دەوری خۆ خڕکردەوەو قەرەپوولێکی خەرجوباج به سولتان نەدا (٧٦ ، ٢٧٠) .

بەهلوول بەگ نێردرا ، بچێ خەرج‌وباجی ئەو ناوچانە خڕکاتەوەو بە خەزێنەی دیاربەکری بسپێرێ • بەلاَم هۆزی سلێمانی ملیان بۆنەدا کار بە دەست‌دانەچەلەو تەقەولێك‌دان گەیشت • سەرەنجام بالوول بەگ کوژراو خەرج‌و باجیش خڕنەکرایەوە • پاش کوژرانی بالوول بەگ ئەمیر خانی کوڕی جلەوی سەرکردایەتیی هۆزەکەی وەدەستە خۆ گرت • بەلاَم ئەمیش لەگەڵ هۆزەکەی‌دا خراپ ڕەفتاری کردو بزووتنەوەی سەربزێوی‌و یاخی‌بوون لەنێو هۆزەکەدا سەرلەنوێ هەلاَیسایەوەو هێندەی دیکە گوڕی ساندەوە • سولَتان بە هەلاَواسینی ئەمیرخان‌و لایەنگرانی پێشی لە بزووتنەوەی یاخی‌بوونەکە گرت‌و دای‌مرکاندەوە •

سولَتان عومەربەگی برای ئەمیرخانی کرد بە میری میافارقین • بدلیسی دەنووسێ : «دەبوو عومەر بەگ هەموو ساڵێ چوار خەروار[٩] زێڕو چەندین خەرج‌وباجی دیکەی بە خەزێنەی دیاربەکر دابا» (٧٦ ، ٢٧١) • بەلاَم بە فەرمانی سولَتان محەمەدی سێیەم میرنشینی میافارقین لە دەست عومەربەگ، کە میراتگری ڕاستەقینەی میرنشینەکە بوو ، دەرهێندراو بە ئیبراهیم بەگی ئاقساق درا • پاش ئەم ڕووداوە عومەربەگ بە کۆمەگ‌و یارمەتیی برێ لە میرانی کورد هەولَی‌دا خەرج‌و باجەکانی سولَتان بۆ خۆی کۆکاتەوە ، بەلاَم هیچی پێ‌نەکرا • لە پاشان بە هێزی چەکدارەکانی خۆیەوە لە دژ سولَتان ڕاپەڕی • بەلاَم سەبارەت بەوە کە هێزەکەی کەم بوو ، ملی لە خراپکاری ناو لەبەر ئەمە بدلیسی بە ڕێگرو تالاَنکەری لەقەلەم‌داوە (٧٦ ، ٢٧١) •

یەکێ لەو سەربزێوی‌و یاخی بوونانەی لەم سەروبەندەدا ڕوویان‌داوە ، سەربزێوی‌و یاخی‌بوونەکەی هۆزی بوختی‌یە کە بۆ خۆیان سەر بەفەرمانڕەواییی عوسمانی بوون • ئەم یاخی‌بوونە لە بنەڕت‌دا لە دژ ئەو میرە ڕووی داوە کە سولَتانی عوسمانی بەزۆرەملێ‌و تۆبزی بەسەر هۆزەکەی‌دا سەپاندبووی •

بە پێی زانیاریی سەرچاوەکان فەرهاد پاشای وەزیر لەساڵی ١٥٨٢دا ١١٢ هەزار فلوورینی لە میر عەزیز ناوێ ساندو کردی بە میری جزیر ، بەڵام هۆزی بوختی لەبەر ئەوەی میر ناسری میراتگری ڕاستەقانیی میرنشینەکەیان دەویست لە فەرهـاد پاشایان ڕاگەیاند ، کە بە پێی فەرمانی سوڵتان سلێمانی غازی هۆزەکان دەبێ خۆیان میر بۆ خۆیان هەڵبژێرن‌و گوتیان : «ئێمە میر عەزیزمان ناگەرەکە ، بەڵکو میر ناسرمان گەرەکە» .

بدلیسی دەنووسێ : «وەزیر لەم قسانە ڕکی هەڵستاو یەکسەر فەرمانی کوشتنی میر ناسریدا (٧١ ، ١٣٦) .

تیرەو هۆزە کوردەکانی جزیر سەرلەبەر لەم ڕووداوە تووڕە بوون . پاشان هەرسێ براکانی میر ناسر ، میر شەرەف‌و عیززەددین‌و مـیر ئەبدال دەستیان دایە خەباتی چەکدارانەو هـۆزی بوختی هـەر لە یەکەم ڕۆژەوە دەستیان دایە چەك‌و خەبات‌کردن . تیرەو هۆزەکان ، دەرکردنی میر عەزیز کە بە دەسکێنیی فەرهاد پاشا سەروبەر نرا بووو کرابوو بە مـیری جزیر ، تۆڵەساندنەوەی میر ناسریان لەپێشە خۆ دانا . هۆزی جوختی برێ شـارو گوندی سەر بە ئەیالەتی جزیریان بە هێزی چەك گرت‌و وەسەر قەڵەمڕەوی خۆیانیان خستن . میر عەزیز کە بارودۆخەکەی بەو ئاوایە دیت یەکسەر بۆ ئەستەمبووڵ هەڵات . بەڵام لایەنگرانی میر عـەزیز لە شـەڕی خۆیـان ساردنەبوونەوە . شەڕەکە چل ڕۆژی خایاندو بە سەرکەوتنی هۆزی بوختی شکایەوە . ئەم ڕووداوە سوڵتان موورادی سێیەمی زۆر تووڕە کرد . سوڵتان لە شکرێکی گەورەوگرانی لە میرانی کوردستان بە سەرکردایەتیی حوسەین پاشای میرمیرانی ئەیالەتی مووسڵەوە بۆ سەر جزیر ناردو بەیاناتێکی زۆری بۆ دان ، کە دەبێ بە هەر نرخێ بێ ، ئەیالـەتەکە گۆیا لـە دەست‌درێژیی دەست‌درێژکەران ڕزگاربکەن . بدلیسی دەنووسێ : «سوڵتان بۆ ئەوەی دەرزی پەندو عیبرەت بە وانەی سواری سەری خۆیـان بوون‌و ئـاڵای

یاخی‌بوونیان هەڵگردووە ، بۆ دادا حوسەین پاشای ڕاسپارد سزای میر شەرەف‌و براکانی بدا» (٧٦ ، ١٣٩) • بەڵام لەم شەڕەش‌دا دیسانەکە هەر میر عەزیزو لایەنگرانی بەزین‌و ژێرکەوتن ، بگرە میر عەزیز بۆ خۆی کوژراش• ئیدی بەم ئاوایە سەربزێوی‌و یاخی‌بوون درێژەی کێشاو پێوە چوو• میر شەرەف بوو بە فەرمانڕەوای جزیرو بەمە سەربزێوی‌یەکەی هۆزی بوختی بە سەرکەوتنەوە دوایی هات •

یەکێ لەو میرە کوردانەی کە خاکی پشتاوپشت بۆبەجێماوی لە دەست‌چوو لە سەدەی ١٦هەم‌دا میر سەیفەددینی سەرۆکی تیرەی یەزیدی بوو •

میر سەیفەددین لە لایەن سوڵتان سلێمانی غازی‌یەوە میر نشینەکەی لێ‌داگیرکرابوو • ئەمیش نەی‌کردە نامەردی لە دژ حوسەین بەگ کە کرابوو بە میری ویلایەتی سوهران ، ڕاپەڕی • سەبارەت بەوە سەرپاکی ئەندامانی تیرەکەی لەگەڵی‌دا یەك دڵ‌و یەك گیان بوون یاخی بووو بە کۆمەگی تیرەکەیەوە دەگژ حوسەین بەگی سەرۆکی تیرەی داسنی ڕاچووو بەزاندی• لەم شەڕەدا لە ٥٠٠ کەس پتر لە تیرەی داسنی کوژران • سوڵتانی عوسمانی ئەم ڕووداوەی پێ ناخۆش بوو ، دیسانەوە بۆ سزادانی ئەو کوردانەی ئازادانە دەبزووتن لەشکری لەسەرکردن • بدلیسی دەنووسێ : « سوڵتان لەگەڵ میرانی کوردستان‌دا پێکەوە وەدووی میر سەیفەددین کەوت ، هەوڵی‌دا ویلایەتی سوهران داگیرکا ، بەڵام ئاکامێکی چاکی لێ‌وەچەنگ نەکەوت» (٧٦ ، ٢٧٥ — ٢٧٦ ) •

میر سەیفەددین توانی سەربەخۆیی میرنشینەکەی بپارێزێ‌و بوو بە سەرۆکی تیرەکەی • ئەو یاخی‌بوون‌و سەربزێوی‌یانەی لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمەوە دەستیان پێ‌کردبوو سەرتۆپی ئەندامانی تیرەو هۆزەکانی کورد هاوبەشی‌یان تێدادەکرد • ئەم سەربزێوی‌و ڕاپەڕینانە هێندێ جار بە

سەرکەوتن و هێندێ جار بە بەزین و ژێرکەوتنەوە بە ئەکام دەگەیشتن . بەڵام یاخی یەکان لە سەرێکەوە سەربەخۆیی میرنشینەکانیان بۆ خۆیان مسۆگەر دەکردو لە سەرێکی دیکەوە هەلومەرجیان بۆ ملهوڕی و هەرکە بۆخویەتیی هەمەکارەو کاربەدەستانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی خۆش دەکرد .

بە پێی سەرچاوەکان ، لە سەدەکانی ١٦ ــ ١٧دا برێ میرنشین لە کوردستان توانیویانە سەربەستیی خۆیان بپارێزن و ئازاد بژین . تەنانەت هەڵۆخانی میری ئەردەڵان لە ساڵی ١٥٨٨دا میرنشینێکی ئازادو سەربەخۆی دامەزراندووە . بدلیسی دەنووسێ : «هەڵۆخان سەربەستانەو ئازاد ئەمێستاکە بە بێ کۆسپ و تەگەرە فەرمانڕەوایی خۆی بەڕێوە دەبا» (٧٦ ، ٨٩) .

لەسەر داخوازی گەلی کورد ئیبراهیم پاشای میرمیرانی دیاربەکر لە دەوروبەری ساڵی ١٥٩٣دا زیندانکراو لەسەردەمی سوڵتان محەمەدی سێیەمدا کوژرا . بدلیسی دەنووسێ : «سوڵتان محەمەدی سێیەم بۆ ترساندنی دژمنەکانی ، لە مەیدانی ئەستەمبووڵ هەڵی واسی»[١٠] (٧٦ ، ٢٤٩) .

ئیتر بەم ڕەنگە سەربزێوی و یاخی بوونەکانی کورد لەسەدەی ١٦هەمدا جەماوەری خەڵك بەدڵ و گیانەوە هاوبەشی یان تێدادەکرد ، بەڵام ئەوی ڕاستی بێ ئەم یاخی بوونانە سەرەڵێ هۆزوتیرە کوردەکان سوودیان لێوەردەگرتن و بە قازانجی ئەوان دەگەڕان . ئەم بزووتنەوەی سەربزێوی یانە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی مەرکەزیی کوردستان نەبوو ، بەڵکو بۆ بە جیا ــ جیا پاراستنی سەربەخۆیی میرنشینەکان سوودیان لێوەردەگیرا . جگە لەمەش ئەم یاخی بوونانە بە بتوونی و تێکڕا لە هەموو میرنشینەکاندا لە یەك کاتداو بە ڕێك و پێکی ڕوویان نەدەدا ، بەڵکو بە وچان و ناوبەناوێکی دوورو یەك لێرەو یەك لەوێ و پەڕاگەندە ڕوویان دەدا . هەر لەبەر ئەمەشە سوڵتانەکانی

عوسمانی بۆ سەرکوتکردنو دامرکاندنەوەیان زۆر جار هەر سوودیان لە میرەکوردەکان خۆیانو هێزەکانیان وەردەگرت (٧٦ ، ١٣٩ — ٢٧٦ — ٣٦١)٠

بۆ سەرکوتکردنو دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینو سەربزێویی تیرەو هۆزە کوردەکان پاشاکانی عوسمانی زۆر دڵڕەقانەتر ڕەفتاریان لەگەڵ دەکردن ٠ بە پێی نووسینی هێندێ مێژوونووس ، موراد پاشای قویوچی ، بۆیە «قویوچی» یان پێ گوتووە ، چونکە لاشەی کوردەکانی بە سەدان هەڵدەداشتە هەڵدێرانو بە دەها بیری لێپڕدەکردن (٨٩ ، ٤٦) ٠

بەم ئاوایە ، لایەنی هەرە بەرچاوی ئەو سەربزێویو یاخیبوونە خێڵەکییانەی کورد لە دژ دەستتێوەردانو خۆلە کاروباری کورد هەڵقورتاندنی عوسمانیو سەفەوی لە سەدەی ١٦هەمدا لەوەدایە کە هەستوخوستی خەبات لە پێناوی سەربەخۆیی نەتەوەی کورد هێندەی دیکە بە گڕتر کردو بوون بە بنەڕەتی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازیی نەتەوەی کورد ٠

# بەشی سێیەم
# میرنشینی بدلیس بە پێی «شەرەفنامە»
# لە سەدەکانی ١٥ — ١٦دا

لەم بەشەدا بە کورتی لە میرنشینەکانی کورد ، بە تایبەت میرنشینی بدلیس لە سەدەی ١٥ — ١٦ هەمدا ، دەدوێین • هەروەها جگە لەمە ، لە هەڵکەوتی باری جوغرافیایی میرنشینەکەو خەڵکەکەی و مێژووی سیاسیی و پێڕۆی بەڕێوەبەریەتی و ڕۆشنبیری و شارستانێتیشی دەکۆڵینەوە •

( کورتەباسێ دەربارەی میرنشینەکانی کورد )

وەك لێی کۆڵدراوەتەوە ، کورد شاشیان هەبووەو فەرمانڕەوای گەورەو بەدەسەڵاتیشیان هەبوون • بێ گومان شاو فەرمانڕەواکانیان لەو جۆرە شاو فەرمانڕەوا خاوەن مافە گەورانە نەبوون دەسەڵاتیان بەسەر دەوڵەتی مەرکەزیی کوردستاندا ڕۆیشتبێ ، بەڵکو فەرمانڕەواگەلێ بوون دەسەڵاتی پاتشایەکی سەربەخۆ ، یان نیوە سەربەخۆیان بووەو بەس •

هەر لەو سەروبەندانەدا ( لە سەدەکانی ١٠ — ١٢دا ) ئەم شانشینانە نەك تەنها هەر لە خاکی کوردستان ، بگرە لە خاکی کوردستانیش و میسریش و سووریاش‌دا دامەزراون •

قازی ئەحمەدی قەزوینی دەربارەی ئەم شانشینانەی بە شێوەیێکی فرەوانتر کۆڵیوەتەوەو زانیاریی بەربڵاوتری نووسیوە (١٠١ ، ١٦٧ — ١٧٤)• بدلیسی لکی یەکەمی «شەرەفنامە»ی کە بریتی‌یە لە پێنج بەش بۆ ئەم

شانشینانه تەرخان کردووه (٧٦ ، ١٩ — ٨١) • قەزوینی کە لەم باسه دەدویٚ لەبەر ئەوەی پتری پشت بە « روضة الصفا »و « جهان‌آرا » بەستووه ، ڕووداوەکان کوت‌ومت لێك دەچن • بدلیسی لکی دووەمی کتێبەکەی بۆ ئەو فەرمانڕەوایانە تەرخان کردووه کە لە هێندیٚ بارودۆخدا خودبەیان بە تێوەوه خوێندراوەتەوەو دراوی زێڕیان بە ئێوەوە لیٚدراوه (٧٦ ، ٨٢ — ١٤٩) •

بدلیسی لکی سیٚیەمی کتێبەکەی کردووه بە سیٚ بەشەوه • بەشی یەکەمیان ٩ فەسڵەو دەربارەی میرەکانی دیکەی کوردستان زانیاریی بە نرخی تێدایە (٧٦ ، ١٤٩ — ٢٦٩) • نووسیار بەشی دووەمی هەر ئەو لکەی کردووه بە دوو فەسڵەوەو لەم فەسڵانەدا مێژووی میرنشینەکانی کوردی بە شێوەیێکی بەرفرەوان ڕوونکردۆتەوه (٧٦ ، ٢٧٠ — ٣٢١) •

بدلیسی لە لکی سیٚیەمی بەرگی یەکەمی « شەرەفنامە »دا باسی مێژووی کوردی ئێران دەکا (٧٦ ، ٣٢٢ — ٣٢٤) •

ئیتر بەم جۆره بدلیسی لە کتێبەکەیدا ، لەمەڕ شاو فەرمانڕەواو میرانی کورد زانیاریی زۆر بە سوود دەنووسیٚ • شەرەفخان زۆربەی ئەمانە بە ڕەگ‌و ڕەگەما دەباتەوه سەر عەرەبان • ئەم ئیددیعایەش لەگەڵ تەبیعەتی ئەو ڕۆژگارەدا زۆر دەگونجیٚ • چونکە ئەو نەجیوزادانەی پێش فەتحی ئیسلامی خۆیان بە ڕەچەڵەك دەبردەوه سەر شاکانی ئێران‌و پاش فەتحی ئیسلامی خۆیان بە سەرکردە فەتحکەرە عەرەبەکانەوە دەبەست کەم نەبوون• هێندیٚ لەو نەجیوزادانەی شانازییان بەم خۆپێوەهەڵاواسینەوه دەکرد هەر لە ناوەندی سەدەی ١٦ هەمەوە مەیلیان بە لای بەرەی عوسمانیدا بزووت‌و هەر لەبەر ئەمە دەبینی نازناوی وەکو پاشاو ئەفەندی‌و ئی دی لە نێو نەجیوزادانی کورددا هاتەگۆڕیٚ •

هیچ گومان لەوەدا نییە کە بنەماڵەیێکی کوردی بە ڕەگ‌و ڕەچەڵەك

کورد خۆی بە عەرەبەوە یا عەجەمەوە یا تورکەوە هەڵاواسیبێ ئەمە لــەوە بەولاوە نەبووە کە لە نەتەوەکەی خۆی لاری بووە • ئەم بارودۆخە بۆ ئەو دەوڵەتە دراوسێیانەی کورد کە لەسەر سیاسەتی تواندنەوەی کورد کە بــە ژمارە لە خۆیان کەمتر بوون لەناو بۆتەی نەتەوەکەی خۆیاندا بارودۆخێکی لەبار بووە • چونکە ئەو مێژوونووسە بۆرجوازییانەی سوودیــان لــەم مەیلبزوانە وەرگرتووە ، کورد ، کە مێژوویــان لەپێــش لەدایــك بوونی عیسایشەوە ڕوونو ئاشکرایە ، بە ڕەچەڵەك جارێ دەبەنەوە سەر فــارسو جارێ دەیانکەن بە عەرەبو جارێ دەیانکەن بە تورکی چیایی • هەر لەبەر ئەمەیشە ئەو مێژوونووسە هاوچەرخانەی لە ڕەچەڵەکی کوردیان کۆڵیوەتەوە هێشتا نەکەوتوونە سەر یەك ڕاستەڕێ ، تەنانەت بدلیسی خــۆیشی کە لــە کارتێکردنی سەردەمو بیروبڕوای مێژوونووسانی عەرەبو ئێرانی ڕزگار نەبووە نەیتوانیوە لەبارەی نەتەوەکەی خــۆیەوە بــیروبڕوایەکی بنەبڕو بێکێشەو یەکلا دەربڕێ (٧٦ ، ١٢ ـــ ١٣) •

مێژووی میرنشینەکانی کورد کە بە پێی «شەرەفنامە» بە کورتی لەسەری دەدوێین ، ڕاستت دەوێ بۆ خۆی لێکۆڵینەوەیێکی زانستــانەی بەجیــای دەوێ • جا هەر لەبەر ئەمەیشە کە تەنها بەوەنــدە دادەکەوینو مــێژووی فەرمــانڕەوایانی کە باووبــاپیرانی نووسیاری « شەرەفنامە » ، شەرەفخانی بدلیسی لەوانن، بە پێی «شەرەفنامە» شیدەکەینەوەو لێیدەکۆڵینەوە، چونکە بدلیسی خۆی لەمەڕ بارودۆخی خۆڕســکی هەمــان میرنشــین ، لەمــەڕ خەڵکەکەی ، لەمەڕ مێژووی سیاسیی ، لەمەڕ شکڵو شێوەی موڵکداریو خەرجوباج ، کەموزۆر دواوە • شەرەفخان ، لەبارەی هونەرو هونەرکاریی میرنشینی بدلیسەوە کە لەگەڵ میرنشینەکانی دیکەدا جیاوازە ، لەبــارەی بازرگانییەوەی ، لەبارەی ڕۆشنبیریو شارستانێتییەوەی زانیاریی چــاکی نووسیوەو لکی چوارەمی کتێبەکەی بۆ باسی هەمان میرنشــین تەرخــان کردوووە •

**میرنشینی بدلیس لە سەدەی ١٥ ـ ١٦دا :**

هەڵکەوتی باری جوغرافیایی‌و خەڵکەکەی : شـاری بدلیس کە لـە باشووری ڕۆژاوای گۆلی وان هەڵکەوتووە ، یەکێکە لە شـارە هـەرە کۆنەکان • بەو جۆرەی بدلیسی نووسیویە ، لە پێشان لە گوێ چۆمی وان قەڵای بدلیس ڕۆنراوەو لە پاشان بە هەر چواردەوری قەڵاکەدا شارەکەیش ڕۆنراوە ( ٧٦ ، ٣٣٥ ، ٤٨ ، ٣١٥ ) •

فەیرووزابادی دەڵێ : «بدلیس ناوی شارێکی جوانە لە نزیك ئەخلات ( ١١١ ، ٢١٥ ) • شەمسەددین سامی نووسیویە : «شـاری بدلیس کە لـە کوردسـتانە لە سـەردەمی ناوەنـددا سەردەمانێـکی دوور مەڵبـەندی فەرمانڕەوایی‌یەکی چکۆلەی کورد بووە • لەبەر ئەوەی دەوروبەری باخ‌و شینایی‌یە شارەکە زۆر گەورەو فرەوان دێتـە پێش‌چـاو • بدلیس هەوای خۆش‌و ئاوی سازگارو ساردە» ( ٨١ ، ١٢٣٩ ) •

حاجی زەینەلعابیدینی شیروانی دەنووسێ : «شـاری بدلیس کە لـە ڕۆژاوای ئەخلاتـە لەبـەر ئەوە کە لە نێـوان دوو چیادا هەڵـکەوتووە ، خانووبەرەکانی لێکدی بەرزو نزمتر دێنە پێش چاو • لەم شارەدا نزیـکەی پێنج هەزار خانووی دڵگیر لەبەردی داتاشراو هەڵنراوەو ئـەم خانووانـە سەرنجی پیاو ڕادەکێشێ» ( ٥٨ ، ١٣٢ ) •

لەمەڕ ئاوو هەواو تەبیاتی بدلیس بڕێ نووسیـار ، با کەمیـش بن ، دوواون • بدلیسی دەڵێ : «بدلیس لە نێوان ئازەربایجـان‌و دیـاربەکرو ئەرمەنستان‌دا دەربەندێکی ئەوتۆیە کە بەشێکی زۆری حاجی‌یەکانی ئاسیاو بازرگان‌و گەڕیدەکانی ئەورووپا گەڕیدەیێکی زۆری دنیـا دەبێ لەوێ‌وە تێ‌پەڕن » (٧٦ ، ٣٣٩) •

شاری بدلیس لە باکوورەوە لەگەڵ چۆمی مورادو لە باشوورەوە لەگەڵ چۆمی دیجلەو لە ڕۆژاواوە لەگەڵ چۆمی فورات‌و لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ

گۆلی واندا گەوشەنیان لێك‌دەگەڕێتەوە • چۆمی ڕەببات کە بەناوەندی شاری بدلیس‌دا دەڕوا دیمەنێکی جوانی تایبەکاری دەداتێ • فەرمانڕەوایانی ئەم شارە کە لە ١٩ گەڕەك پێك‌هاتووە خانووبەرەیێکی کۆمەڵەکیی زۆریان تێدا ڕۆناوە •

میرنشینی بدلیس کە لە سەدەکانی ناوەندا مەڵبەندێکی گەورەی بازرگانی بووە چەند میرنشینێکی لە دەوری خۆی خڕکردبۆوەو بیوون بە یەك • بدلیسی دەنووسێ : «میرنشینی بوختیو میرنشینی نیوە سەربەخۆی ئەخلاتیش لە پاشان لەگەڵ بدلیس‌دا یەکیان گرت» ( ٧٦ ، ٣٥١ ) • بەلام لە ئاکامی بوومەلەرزە بەسامەکەی ساڵی ١٢٤٦و پاشان هێرشی مەغوولو شەڕو هەرای نێوان عوسمانیو ئێران لە سەدەی ١٦هەمدا ئەخلات تێك‌چووەو لەبەریەك هەڵتەکاوە •

بڕێ لەو مێژوونووسانەی لە مێژووی بدلیسیان کۆڵیوەتەوە ، لەمانە قازی ئەحمەدی قەزوینیو گونابادی کە هاوچەرخی بدلیسی بوون ، نووسیویانە کە میرنشینی عیمادی‌یەش سەر بە ویلایەتی بدلیس بووە ( ١٠١ ، ٢٨٦ ، ١١٣ ، ٢٩٤ ) • ئەم میرنشینە کۆنترین شاری کوردستانە •

حەمدوڵلای موستەوفی دەنووسێ : «ئەم شارە عیمادوددەولەی دەیلەمی سەرلەنوێ ڕۆی‌ناوەتەوەو ێوی عیمادی‌یەی لێناوە » (٦٣ ، ٤٥) •

بدلیسی لە «شەرەفنامە»کەی‌دا بەشێکی تایبەتی بۆ میرنشینی عیمادی‌یە تەرخان‌کردووەو تا سەردەمی خۆی (دوادوای سەدەی ١٦هەم ) مێژووی میرنشینی ناوبراوی نووسیوە •

بێ‌گومان زانیاری‌یەکی لە «شەرەفنامە»دا کە یەکە کتێبی مێژووی کوردە نووسراوە دەبێ بە ڕاست لەقەڵەم بدرێ • بەم جۆرە ، جگە لە بڕێ لە شارۆکەو گوند کە لە سەدەی ١٥ — ١٦هەمدا سەر بە میرنشینی بدلیس

بوون میرنشینە گرنگەکانی وەکوو ئەخلاتو مووشو خنۆس دەتوانین بڵێین هەر سەر بە بدلیس بوون ٠

بە پێی زانیاری‌یێکی لە «شەرەفنامە»دا تۆمارکراوە ، هەر لەم سەروبەندەدا قەڵا گرنگەکانی وەکوو ئەخلاتو بدلیسو مووشو ئۆنیكو ئەختەمارو کەفەندووزو کەلهۆكو فەیرووزو سەلمو گولخارو تانیكو سوولی (٦١) لەژێر دەستی میرنشینی بدلیسدا بوون (٧٦ ، ٤٢٤) ٠ لە ژێردەست فەرمانڕەوایی بدلیسدا بوونی ئەم قەڵایانە کە بۆ ئەو سەروبەندە زۆر گرنگ‌بوون لە مێژووی ئەم میرنشینەدا ٠

«شەرەفنامە» وای بەدیاردەخاکە : «ئێستاکەش هەر شوێنێکی ئەخلاتی گۆن هەڵدەکەندرێ ، ئاسەوارێکی کە لە ژیانی خەڵکی ئەو سەردەمانە دەدوێ ، بەدیاردەکەوێ» (٧٦ ، ٣٥٣) ٠

ئیتر بەم جۆرە ئەخلاتیش بووە بە یەکێ لەو شارە کۆنانەی کە سەر بەمیرنشینی بدلیس بوون ٠ ناوچەیێکی دیکەی سەر بەمیرنشینی بدلیس وڵاتی مووشە ٠ مووش یەکێکە لە شارە هەرە کۆنەکان ٠ بدلیسی نووسیویە : «باووباپیرانی من کە لێرە فەرمانڕەوایی‌یان کردووە ... لەسەر چیاکان قەڵایێکی نوێیان ڕۆنابوو» (٧٦ ، ٣٥٣) ٠ مووش ڕاستانی چاكو نەورایی باشو لێرەواری دەوڵەمەندیشی زۆرن ٠ بەوەی کە چۆمی فورات بە باکووری ڕاستانەکانی مووشو قەرەسوو بە ناوەندی‌دا دەڕۆن ئەمە دیمەنێکی خۆکردی جوانی پێ بەخشیوە ٠

یەکێ لە ناوچەکانی دیکەی بدلیس ناوچەی خنۆسە ٠ خنۆس زۆزانو کوێستانی زۆر جوانی هەن ٠ بە پێی کتێبەکەی کاتب چەلەبی ناوچەی خنۆس یەکێ بووە لە ناوچەکانی سەر بەمیرنشینی بدلیس (١٠٣ ، ٤١٥) ٠

لە خنۆس گۆلێ هەیە ، حەوت کیلۆمەتر درێژە ، گۆلێ شلوێی پێ دەڵێن (٧٦ ، ٣٥٥) ٠

بێ‌لەمە ، دوو کانیاوی بە کوڵی جوانیش لە جوانیی خۆکردی ئەم شارە زێدەدەکەن‌و هێندەی دیکەی دەڕازێننەوە • بوختیش‌و خنۆسیس لە ڕووی دەسکەوتخێزی‌و بڕشتەوە بایەخێکی گەورەیان هەبووە •

**خەڵکەکە :**

خەڵکی میرنشینی بدلیس لە چاو خۆیدا تاڕادەیێ لە ڕەگەزی جۆراو جۆر پێك‌هاتبوو • لەم وڵاتە ماڵە ئاسووری‌و ئەرمەنی‌یێکی زۆر بەرچاو دەکەوتن • بەڵام زۆربەی خەڵکەکە لە تیرەو هۆزەکانی کورد پێك‌هاتبوون • « شەرەفنامە » دەڵێ : « چوار هەزاری خەڵکەکەی میرنشینی بدلیس ئەرمەنی بوون »[١٢] (٧٦ ، ٣٤١) •

بە پێی « شەرەفنامە » بیست‌و چوار بنەچەکەی هۆزی کورد لە میرنشینی بدلیس دەژیان (٧٦ ، ٣٦١ ) • بەم پێ‌یە ئەگەر هەر هۆزێ ، دوو هەزار کەسی بەرکەوێ دەتوانین بڵێین ئەو سەردەمە تەنها میرنشینی بدلیس ٤٨ هەزار کەسی تێدا ژیاوە • بەڵام بە پێی قسەی شەمسەددین سامی کە لەپاشان نووسیویە ، ئەم میرنشینە ١٧٢ گوندو سێ هەزار کەس بووەو سێ‌یەکێکی ئەم خەڵکەیش ئەرمەنی بوون»[١٣] ( ٨١ ، ١٢٣ ) •

بەم پێ‌یە زانیاری‌یێکی «شەرەفنامە» لەمەڕ ژمارەی خەڵکەکەوەی نووسیوە لەگەڵ زانیاری‌یەکەی «قاموس الاعلام»ەکەی شەمسەددین سامی‌دا جیاوازە • بەلای ئێمەوە هەردوو نووسیار ڕاستیان نووسیوە • بەڵام ئەوەی ئەم جیاوازی‌یەی هێناوەتە گۆڕێ ڕووداوی کۆمەڵایەتی‌و سیاسین • واتە هەروەك لە میرنشینەکانی دیکەی کورددا ڕووی‌داوە ، میرنشینی بدلیسیش هەر لەپاش وەژێر دەسەڵاتکەوتنی دەوڵەتی عوسمانی ژمارەی خەڵکەکە وردە وردە ڕووی کردۆتە کەم‌وکورتی‌و داوێتیە باری کزی • هۆی بنەڕەتی ئەمەیش دەبێ لە شەڕوشۆڕەکانی نێوان عوسمانی‌و ئێراندا بدۆزینەوە •

هۆزی هەرە بەهێزی کوردی میرنشینی بدلیس هۆزی ڕووزەکی بووو

هەر لەبەر ئەمەیشە کە ئەم هۆزە دەورێکی زۆر گەورەی لە مێژووی ئەم میرنشینەدا گێڕاوە •

بدلیسی دەنووسێ : «ئەو شا بەهێزانەی کەوتبوونە سەر کەڵکەڵەی داگیرکردنی کوردستان دەبوو لەپێشان لەگەڵ فەرمانڕەوایانی بدلیس‌و هۆزی ڕووزەکی‌دا بەشەڕبێن ، چونکە بەبێ وەژێربارهێنانی هۆزی ڕووزەکی هیچ هۆزێکی دیکەی کوردیان بۆنەدەهاتە ژێر بارو هەموو کردو کوششێکیان خەیاڵی خاو بوو » (٧٦ ، ٣٦٠) •

خەبات‌و بەربەرەکانێ‌یێکی کوردی بدلیس لە ساڵی ١٤٧٩ ــ ١٤٨١دا لە دژ فەرمانڕەوایانی ئاق‌قۆیونلووو لە ساڵی ١٥٣٥ ــ ١٥٨٣دا لە دژ دەسەڵات‌و ئاغایەتیی عوسمانی کردوویانە دەشێ بە نموونەی ئازایەتی‌و خۆڕاگریی هۆزی ڕووزەکە لەقەڵەم بدرێ •

لە «شەرەفنامە»دا نووسراوە : «هێندەی بەردی قەڵای بدلیس سەری هۆزی ڕووزەکی بردراوە» (٧٦ ، ٣٦٠) • لەبەر ئەمە فەرمانڕەواییی بدلیس سەبارەت بە زۆریی هۆزی ڕووزەکی لەسەرێکەوەو ئازایەتی‌و مێرخاسی‌و گەڕناسی‌یان لەسەرێکی دیکەوە ، بەدرێژاییی سەدەکان هەر بە دەست میرانی ئەم هۆزە ئازاو نەبەزەوە بووە •

مێژووی سیاسیی بدلیس : بە پێی نووسینی بدلیسی ڕدێن سپی‌یانی ڕووزەکی عیزەددین‌و زیائەددین کە هەرتکیان برابوون‌و بە نژاد ، بنەچەکەی کیسرا(١٤) بوون ، لە ئەخلاتەوە بۆ بدلیس بانگ کراون (٧٦ ، ٣٦٠) • عیزەددین دەبێ بە فەرمانڕەوای بدلیس‌و زیائەددین دەبێ بە فەرمانڕەوای حەزۆ ، کە ساسۆنیشی پێ‌دەگوترێ • بەڵام لەپاشان زیائەددین بە فڕوفێڵ فەرمانڕەواییی بدلیس داگیردەکاو عیزەددینی برای دەنێرێ بۆ حەزۆ • بە بنەچەکە چوونەوە سەرکیسرای فەرمانڕەوایانی بدلیس لە «شەرەفنامە»دا بە ڕاشکاوی بەرچاو دەکەوێ (٧٦ ، ٣٦٢) •

پاش مردنی زیائەددین ، پاشماوەکانی دوابەدوای یەك فەرمانڕەوایی بدلیسیان کردووە • نووسیاری «شەرەفنامە» دەنووسێ : «هەر لە پاش ١١٠ ساڵ بدلیس بە دەست ئەو بنەماڵەیەوە نەماوەو کەوتۆتە دەستی بیانی» (٧٦ ، ٣٦٢) • چونکە میرنشینی بدلیسیش وەك میرنشینەکانی دیکەی کوردستان کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی سەلجووقییەکانەوە •

بدلیسی دەڵێ : «ئەوانەی لە مێژوودا نێویان نووسراوەو بەرچاوم کەوتبن ١٨ کەسن و لە ٤٥ ساڵ پترە فەرمانڕەوایی دەکەن» (٧٦ ، ٣٦٤) •

دەوڵەتشای سەمەرقەندی دەڵێ : «سوڵتان جەلالەددینی خوارەزمشا بەرانبەر لەشکری مەغوول بەزیو هاتە ئازەربایجان و لێرەش هەڵی نەکرد ، چووە بدلیس و لەوێندەرێ کیژی مەلیك ئەشرەفی هێنا»[١٥] (٦٦ ، ١٦٢) • بدلیسیش لە کتێبەکەی خۆیدا هەر ئەم ڕووداوەی وەك دەوڵەتشای سەمەرقەندی نووسیوەو دەڵێ : «کە سوڵتان جەلالەددین لە ساڵی ١٢٢٥دا هاتە بدلیس ئەوسا مەلیك ئەشرەف فەرمانڕەوابوو» (٧٦ ، ٣٦٩ ، ٩٧ ، ٢٣٤) •

مەلیك پێش ئەوەی ببێ بە فەرمانڕەوای بدلیس لە شام ژیاوەو بوو بە سەرلەشکری ئەییوبییەکان • ئەم پیاوە بێ ئەوەی سەر بە هیچ شایەك بێ بۆ چەنانێ سەربەخۆ فەرمانڕەوایی کردووەو پاشان مردووە • لەپاش وی مەلیك مەجدەددینی برای ئەرکی میرایەتیی لە ئەستۆی خۆ گرتووە • بدلیسی دەنووسێ : «لەپاش وی ( لە پاش مەلیك مەجدەددین ) کوڕەکانی یەك لە دوای یەك فەرمانڕەوایییان کردووەو تا سەروبەندی ئەمیر تەیمووری گورگانی کەسیان تخوون نەکەوتووە» (٧٦ ، ٣٧٢) • لەم سەردەمەدا ڕووداوێکی ئەوتۆ لە میرنشینی بدلیس کە شایانی نووسین بێ ڕووی نەداوە •

دوای مەلیك مەجدەددین باسی فەرمانڕەوایی عیزەددین و ئەمیر ئەبوبەکرو میر شێخ شەرەف و پاشان میر زیائەددینی هاوچەرخی تەیمووری لەنگ کە بە دیداری یەکدی گەیشتوون دوابەدوای یەك لە «شەرەفنامە»دا

تۆمارکراوە • بەڵام بە گوێرەی هێندێ سەرچاوەی دیکەی ئەو سەردەمە فەرمانڕەوای بدلیس لە سەردەمی تەیمووری لەنگدا میر زیائەددین نی‌یە ، بەڵکو حاجی شەرەفەو ئەم بە دیداری تەیمووری لەنگ گەیشتووە •

شەرەفەددین عەلی یەزدی کە باسی لە سالی ١٣٩٣دا بۆ وڵاتی کوردستان هاتنی تەیمووری لەنگ دەکا ، دەڵێ : « حاجی شەرەف ، فەرمانڕەوای بدلیس کە لە سەرانسەری کوردستاندا بە سەرڕاستی‌و یەکڕەنگی ناووبانگی ڕویشتبوو بە دیداری تەیمووری لەنگ گەیشت‌و ئەسپی چاک‌و ڕەسەنی بە دیاری پێشکێش کرد • تەیموریش پاداشت‌و خەڵاتی خۆی دایەو بدلیسی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی‌دا سەرلەنوێ بە خۆی دایەوە »[١٦] ( ٧٧ ، ٦٨٧ ) •

مێژوونووسێکی زۆری ئەو سەردەمە ( نظام‌الدین شامی‌و بوداق قزوینی ) هەمان ڕووداویان لە کتێبەکانیاندا وەکو خۆی نووسیوە (١٢٦ ، ١٥٢ ، ١٥٤ ، ٢١٦) • بەنموونە ف• میتسۆپسکیش دەڵێ : «میر شەرەف هات بۆ کن تەیموورو بەوپەڕی ڕێزەوەی پێشوازلی‌کردو سوڵح‌نامەو ڕێکەوتن نامەی دایەو بەمە سەرانسەری وڵاتەکە سەرسووک‌و ئاسوودە بوو » (٤١ ، ١٤) •

بدلیسی دەڵێ : « حاجی شەرەف کلیلی قەڵای بدلیس‌و ئەخلات‌و مووش‌و قەڵاکانی دیکەی برد ، چوو بۆ دیداری تەیموور لەنگ‌و دیاریی گرانبایی پێشکێش کرد • تەیمووریش پێشوازێکی گەرمی لێ‌کردو بە خەڵات‌و بەراتێکی زۆرەوەی ڕێزلێ ناو چەند ناوچەیێکی دیکەی بۆ هاویشتە سەر میرنشینەکەی‌و لەم بارەوە فەرمانێکیشی بۆدەرکرد » ( ٧٦ ، ٣٧٢ ) •

لە «شەرەفنامە»دا نووسراوە ئەم فەرمانە تا سالی ١٥٣٣یش پارێزراوە•

بدلیسی دەنووسێ : «لە میرنشینی بدلیس‌دا هەراوهوریاو ئاژاوە ڕوویدا ، لە ساڵی ١٥٣٣دا شەرەفخان کوژرا ، شەمسەددین خانی کوڕی کە لەگەڵ ڕووزەکی‌یەکان‌دا بەرەو ئێران چوون فەرمانەکەی تەیموورلەنگ‌و چەند فەرمانێکی شاکانی‌تریش لەم هەراوهوریایەدا لە ناوچوون (٧٦ ، ٣٧٣) •

بەم جۆرە لەبارەی چاوپێ‌کەوتن‌و بە دیداری یەك گەیشتنەکەی میر زیائەددین‌و تەیمووری لەنگ نە لە «شەرەفنامە»داو نە لە سەرچاوەیێکی دیکەدا تووشی هیچ باس‌و خواسێ نایەین ، تەنانەت ئەو مێژوونووسانەی لەپاشان هاتوون‌و باسی مێژووی کوردستانیان نووسیوە دەڵێن ئەوەی چاوی بە تەیموورلەنگ کەوتووە حاجی شەرەفی فەرمانڕەوای بدلیس بووە ( ٧٦ ، ٣٣٥ ) •

بەم پێیە ، گومان لەوەدا نی‌یە کە حاجی شەرەف فەرمانڕەوای بدلیس بووە ، بەڵام بە دیداری تەیموورلەنگ گەیشتنەکەی جێی گومانە ، چونکە وەك لە پێشەوە گوتمان فەرمانڕەوای بدلیس لەو سەردەمەدا حاجی شەرەفی کوڕی زیائەددین بووە • ئەمەیش بۆ بەڵگە لە «شەرەفنامە»ش‌و سەرچاوەکانی دیکەش‌دا باسی‌کراوە •

حاجی شەرەف بەو پەڕی ژیری‌و دووربینی‌یەوە ئەمەی لەپێش چاوگرتووەو لەگەڵ دژمنێکی بەهێزو دەسەڵاتداردا ڕێك‌کەوتووەو بەمە توانیویە سەربەخۆیی خۆی بارێزێ •

پاش حاجی شەرەف مەلیك شەمسەددینی کوڕی ( لە دەوروبەری ١٣٩٩ ــ ١٤٢٥دا ) بووە بە جێگری باوکی‌و چۆتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی بدلیس •

سەردەمی مەلیك شەمسەددین لە مێژووی میرنشینی بدلیس‌دا بە سەرسووکی‌و کپی‌یەوە بەسەرنەچووە • لەسەردەمی تەیموورلەنگ‌دا

قەرەیوسفی قەرەقۆیوونلووی قاچاخ پاش مەرگی تەیموور ، لە سالّی ١٤٠٥دا لەگەڵ هاوپەیمانو پەیڕەوانی خۆیدا لەپێشان هەڵاتووە بۆ دیاربەکرو پاشان پەنای وەبەر فەرمانڕەوای بدلیس ، مەلیك شەمسەددین بردووە • بە پێی نووسینی ف• مێنسۆپسکی مەلیك شەمسەددین بە نانو نمەکەوەی پێشوازلیّ کردووەو بە چەكو ئەسپو هێسترو هەموو پێداویستێکی شەڕ ئامادەو تەیاری کردووە ( ٤١ ، ٢٢ — ٢٣ ) •

خوندەمیر دەنووسیّ : « کاتێکی قەرەیوسف بۆ دیاربەکر هات ، لەگەڵ فەرمانڕەوای ئەخلاتو بیلبیس[١٧] (بدلیس ش• م) مەلیك شەمسەددیندا دۆستایەتی گرتو بوو بە خزمی • مەلیك شەمسەددین کچی قەرە یوسفی هێنا » (٦٤ ، ٤٦١) •

بدلیسی دەنووسیّ : « قەرە یوسف کیژی خۆی لە مەلیك شەمسەددین مارە بڕی • مەلیك شەمەددینیش ناوچەی پاسینو ئۆنیکی خستە ژێر دەستی » ( ٣٣٦ ، ٩٧ ، ٣٧٦ ، ٧٦ ) •

ئیدی بەم تەرزە پاش ئەوە کە قەرە یوسف بڕیّ هێزی لە دەوری خۆ خڕکردەوە لە سالّی ١٤٠٦دا هەڵیکوتایە سەر قەڵای چوخورسەعد کە بە دەست ئەبوبەکری نەوەی تەیموورلەنگەوە بوو • لەو شەڕەدا قەرە یوسف سەرکەوتو جگە لەم قەڵایە قەڵاکانی مەرەندو نەخچەوانو شەروورو ماکۆیشی داگیرکرد •

بە گوێرەی نووسینی فۆن هامەر فەرمانڕەوایی بنەماڵەی قەرە قۆیوونلووەکان لە سالّی ١٣٧٥ەوە تا سالّی ١٤٦٧ درێژەی بووە (٩٩ ، ١٧) •

پشت بە زانیاریی سەرچاوەکان هەرچەندی هێزو دەسەڵاتی قەرە یوسف بە ڕادەیێ گەیشتبوو قەرە یوسف بە — کورم — ی ناودەبرد» پەرەی دەستاندو بە ڕمێنو برەوتر دەبووو مەیدانی قەڵەمڕەوی میرنشینەکەی

هێندەی دیکە بەربڵاوترو فرەواتر دەبوو • عەبدوڕڕەزاقی سەمەرقەندی لەم بارەوە دەنووسێ : «دۆستایەتیو نێوان تەباییی میر شەمسەددینو قەرە یوسف بە ڕادەیێ گەیشتبوو قەرە یوسف بە ــ کوڕم ــ ی نێودەبرد» ( ٧٦ ، ٣٧٦ ، ٩٧ ، ٣٣٧ ) •

ئیدی بەم جۆرە ئەم دەستێکەلیو ڕێککەوتنو نێوانخۆشییە لە دژ بنەماڵەی تەیموور تا دەهات بنچەسپترو پتەوتر دەبوو • کە قەرە یوسف بوو بە شا هەرێمەکانی مووشو ئەخلاتیشی بە سیورغال[18] وەسەر میرنشینی بدلیس خستو بە فەرمانی ڕەسمیش چەسپاندی :

## ڕەنووسی فەرمان

فرزەندانی زۆر خۆشەویست خوای بەرز بە منتان ببێ ــ سەردەستانو سەرپەلانو سەرلقانو سەرهەنگانو سەردارانو ئەمیرانو گزیرانو سەرووەرانو کوێخایانو ئاغایانو مەلیکانی کوردستانو بۆرەپیاگو دەشتەوانو بازرگانو سەرناسانی دانیشتوانی بدلیسو ئەخلاتو مووشو خەنووسو دەوروبەریانو ئەوانەش کە سەربەوانن ، با بزانن : کە بێ هیچ ڕۆدەروایسی دڵسۆزی بێ کەمایەسیو یەکڕەنگی ، بێ تڵتەو خڵتەو فیداکاری ڕیشەداری کوڕی گەورەو پایەبەرزو بە ناوەزو چاکەحەزو دەفریارەسی بێدەسانو پێکهێنەری مەبەسانم میری میرەکانی عەجەم : میر شەمسەددینی سەربڵند لە ئەندازەبەدەر بووە ــ لە خودام دەوێ هەرگیز پایەی نەوی نەوێو هەتا قیامەت سەلامەت بێ چی ئاواتە دەستی کەوێ ــ ئێمەش لە لای خۆمانەوە بۆ پاداشی شایانی ئەو بە ئەرکی خۆمانمان زانی کە وەك ڕۆژانی ڕابراو جەنابی میری ناوبراو بە هەموو جۆر چاودێریو بەزەمین پێبەخشینی زۆر بیبەینە سەرووی ئامپایان • لەو بارەوە دڵی نەرمی پڕ بەزەییی شاهانەمان جارێ وەکوو دەمخۆشکەرە ئەم فەرمانەمانی دەلاند : مەزنایەتیو میرایەتیو دەستەڵاتو باجو پیتاکی دیوانی بدلیسو ئەخلاتو خەنوسو

مـوش‌و دژو قەڵاکانی‌تـرو زیـادەپـارچەی سـەرخراوو پـاژەزەمینی لاوەیی دەپاڵ‌خزاوو ڕەپاڵ‌نراو کە دەپێشداش هەر هی خۆی بوون لەنوێ پێی‌دەبەخشینەوەو نابێ کەس بەشی تێدابێ‌و بەوهۆیەوە ئەم فەرمانە ڕوانەمان — دەی خودا پیرۆزی کاتن — لەسەر هەموو هاووڵاتیان پەخش‌کراو بریاردرا کە میری دەست‌نیشان‌کراو ناوچەو مەڵبەندو پاوان‌و دەشت‌و کەژو ئاوی‌و بەژێ کەبوویەتی هی خویەتی‌و بەسەریانۆ هەمەکارەس‌و نابێ کەس بە نیازی هاوبەش هیچ کاتێ بەلای‌دا بچێ یان لە دەورەشی هەڵخولێ‌و کەس نـەکا دەست‌و پیوەندی تووشی هەراو کێشە بکا ۰ هەرکێش بزانین ناباره‌و لیچی لەم فەرمانە خوارە دەکێشرێتە پای قەنارەو سزای زۆربێ‌ڕەزای دەدرێ ۰ ئەرکی شانی کارداران‌و سەرکارو کارکوزاران‌و ڕیش‌چەرموان‌و سەرناسان‌و تێشتەجێ‌و دانیشتوانی بدلیس‌و ئەخلات‌و موش‌و خەنووس‌و شوێنەکان‌و کێڵکەکان‌و پاسداران‌و دژدارانە : هەمیشە زەلامەکانی میری پایەداری کورم بە گەورەی خۆیان بزانن‌و بە ڕاسپێری‌و ئامـۆژگاری‌و پەنـدی ڕنـدو بەهرەمەندی ڕەفتاربکەن‌و مل بۆ دۆزی بچەمێنن‌و خاوی‌و خلیسکی نەنوێنن ۰ هەر تەگەرەو گرێیەکیشیان دێتەبەر پەنا بە پیاوی ئەو بەرن‌و هەر پسوولەی ئەو وەخوێنن‌و بەسەر شۆپی ویدا برۆن تا سەروماڵ نەدۆڕێنن ۰ ئەو فەرمانە باوەڕنامە دەی مانگی مەولوودی ساڵی : هەشتصەدوبیست نویسەراو بـە ئیمزای بەرزو جێ‌گەورە ڕازێنراوەو خەملێنـدرا (وەرگـێڕانی هـەژار ل : ٧٠١ ، ٧٠٢ ) ۰

لە ساڵی ١٤٢٠دا قەرە یوسف مرد ، هەر لەپاش مردنی بە چل ڕۆژ شاهروخ میرزای کوڕی ئەمـیر تەیموور هـاتە کوردسـتـان ۰ بـە پێی سەرچاوەکان : «کاتێ شاهروخ میرزا لە شوێنێ ، لە ناوچەی ئەخلات کە «مەرکو»ی پێ‌دەڵـێن ، دەهێـورێ ، فەرمـانڕەوای بدلیـس مەلیـك شەمسەددینیش لەگەڵ میرانی دیکەی کوردستان‌دا چـاوی بە شـاهروخ

دەکەویٚ‌و پەیڕەوایەتیی خۆی لیٚ‌ڕادەگەیێنیٚ » (٧٦ ، ٣٧٨ ــ ٣٧٩) • پاش ئەمە ئیتر شاهروخ میرایەتی‌یەکەی بۆ تەسدیق کردووە •

بەم ئاوایە ، میر شەمسەددین بەوەی کە چەنانیٚ لەگەڵ قەرە یوسف‌و پاشان لەگەڵ شاهروخ میرزادا نێوانیان خۆش بووە ، توانیویە سەربەخۆیی خۆی بپاریٚزیٚ • ئەم زاتە لە چاو کەسانی سەردەمی خۆدا پیاویٚکی ژیرو سیاسی بووە • لە ناو کورددا بە شەمسەددینی گەورە (شمس‌الدین الکبیر) ناسراوە •

بە گوێرەی « شەرەفنامە » مەلیك شەمەددین خودبەشی بەنێوەوە خوێندراوەتەوەو دراویشی بە نێوەوە لیٚدراوە » ( ٧٦ ، ٣٧٩ ) • ئیٚدوارد براون دەنووسیٚ : « ئیسکەندەری قەرەقۆیونلوو دەگەڵ شاهروخ بەشەڕ هات‌و بەزاندی •••لە ساڵی ١٤٢٥دا فەرمانڕەوای ئەخلات ، شەمەددینی بەزاند » ( ٥١ ، ٦٦ ) •

لەم ڕاستی‌یانە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە سەردەمی مەلیك شەمەددین بۆ میرنشینی بدلیس سەردەمێکی هەرە بەرزو بە برەوو ڕمێن بووە • هەر لەبەر ئەمەیشە کە ڕووداوی مردنی ئەم زاتە چ لە سەرچاوەکان‌داو چ لە نووسینی لیٚکۆڵەوانان‌دا بەر ناوەندی سەرنجی میٚژوونووسان کەوتووەو زۆری بە تەنگەوە هاتوون •

ف• میٚتسۆپسکی مردنی ئەم میرەی بە ڕوونکردنەوەیێکی بەربڵاوەوە نووسیوە ، دەڵیٚ : «ئیسکەندەری کوڕی قەرە یوسف لە ساڵی ١٤٢٥دا هاتە باکەش[١٩] (بدلیس م• ش) ، داوای قەڵای ئەخلاتی لە میر شەمسەددینی میٚردی خوشکی کرد ، بەڵام میر شەمسەددین ئەم داوایەی ئیسکەندەری ڕەت‌کردەوەو ئەویش لەسەر ئەمە کوشتی » (٤١ ، ٢٧) •

مردنی میر شەمسەددین لە «شەرەفنامە»دا بەم جۆرە نووسراوە :

«له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که ژنه‌که‌ی میر شه‌مسه‌ددین کچه تورکمان بوو ، زۆری حه‌ز له سواری‌و جریدبازی ده‌کرد • میر چه‌ند جارێکی ژنه‌که‌ی ته‌مێ کردبوو : که ئه‌م کاره له نێو کورده‌واری‌دا فه‌هێت‌و شووره‌یی‌یه ، به‌ڵام ژنه به گوێی میر ناکا • میریش تووڕه ده‌بێ لێی ده‌داو ددانێکی ده‌شکێنێ ، ژنه‌ش ناکاته نامه‌ردی ، یه‌کڕاست ددانه شکاوه‌که‌ی بۆ ئیسکه‌نده‌ری برای ده‌نێرێ • ئیسکه‌نده‌ره شێتیش دێ ، میر شه‌مسه‌ددین ده‌کوژێ» (٧٦ ، ٣٨٠) •

نووسیار ئه‌م ڕووداوه وه‌ك نه‌قڵ ده‌گێڕێته‌وه‌و وای به‌دیارده‌خا که هۆی بنه‌ڕه‌تی کوژرانی ئه‌میرکه‌بیر (میر شه‌مسه‌ددین) ئه‌وه بووه که له ده‌رباری شاهروخ نزیك که‌وتۆته‌وه (٧٦ ، ٣٨١ ، ٢٤ ، ١٤٩) •

ئه‌گه‌ر ناکۆکی‌یه کۆمه‌ڵایه‌تی‌یه‌کانی سه‌روبه‌ندی نووسیار له‌پێش چاو بگرین دڵمان به قسه‌که‌ی دوایین ئاوده‌خواته‌وه ، چونکه میر شه‌مسه‌ددین وه‌ختی خۆی بۆیه له‌گه‌ڵ فه‌رمانڕه‌وایی قه‌ره‌قۆیونلوودا ڕێك‌که‌وتبوو ، تا سه‌ربه‌خۆیی میرنشینه‌که‌ی پێ‌بپارێزێ • دیاره که فه‌رمانڕه‌وایی قه‌ره‌قۆیونلووه‌کان ڕووی له کزی‌و بێ‌هێزی کرد ، ده‌بوو خۆی وه‌پاڵ فه‌رمانڕه‌واییێکی به‌هێزو به‌ده‌سه‌ڵات دابا ، ده‌نا نه‌ی‌ده‌توانی سه‌ربه‌خۆیی میرنشینه‌که‌ی بپارێزێ • جا له‌به‌ر ئه‌م هۆیه ، شه‌مسه‌ددین که خۆ له ده‌رباری شاهروخ نزیك ده‌خاته‌وه ئه‌مه کارێکه پڕبه‌پڕی سرشتی ئه‌و سه‌رده‌مه‌یه‌و ده‌بوا هه‌ر وا بکرێ • به‌ڵام ئه‌م خۆنزیك‌خستنه‌وه‌یه له ده‌رباری شاهروخ که دژمنی بنه‌ماڵه‌ی قه‌ره‌قۆیونلوو بوو ئیسکه‌نده‌ری تووڕه کردبووو بوو به هۆی کوژرانی میر شه‌مسه‌ددین •

هێندێ له‌و مێژوونووسانه‌ی ، چ له‌سه‌رده‌می حاجی شه‌ره‌ف‌و چ له‌سه‌رده‌می جێگری وی‌یان کۆڵیوه‌ته‌وه ڕووداوه‌کانیان به پێی سه‌رچاوه‌کان ڕوون‌نه‌کردۆته‌وه ، به‌ڵکو به شێواوی‌یان باس‌کردووه •

له «شه‌ره‌فنامه»دا گوتراوه : «ئه‌و فه‌رمانه‌ی ته‌یمووری له‌نگ به حاجی

شەرەفی بدلیسیی دابوو ، تا ساڵی ١٥٣٣یش هەر مابوو • بەڵام بە بۆنـەی هەراو بگرەو بەردەی بێ پشووی ئەو سەروبەندە شەرەفخان کوژراو مـیر شەمسەددین خانی کوڕی بەرەو وڵاتی ئێران چوو[٢٠] • ئا لەم تێکەولێکەیەدا فەرمانەکەی تەیمووری لەنگ لەگەڵ فەرمانەکانی شاکانی دیکەدا بۆ خۆی لەناوچووە» (٧٦ ، ٣٧٣) •

لێکۆڵەوانی ئاڵمان فرێچ سەرەڕای ئەوەیش کە پشتی بە «شەرەفنامە» بەستووە ، ڕووداوەکەی بە هەڵە ، بەم جۆرە نووسیوە : «پاش مردنی حاجی شەرەف میر شەمسەددینی کوڕی بوو بە میری بدلیس» (٩٧ ، ٣٣٦) • لـە «شەرەفنامە»دا هەرچەندە باسی چوونە ئێرانیی نووسراوە ، بەڵام لەمـەڕ گەڕانەوەی هیچ نەنووسراوە (٩٧ ، ٣٣٦) •

فرێچ تەنانەت مێژووی ڕووداوەکانیشی بە هەڵە نووسیوە • حـاجی شەرەفی کە لە سەرەتای سەدەی ١٥ هـەمدا مـیری بدلیس بووەو مـیر شەمسەددینی کوڕی لەگەڵ میر شەرەفخانی نێوەڕاستی سەدەی ١٦ هەمداو شەمسەددین خانی کوڕیدا تێکەڵ کردووە • وا دیـارە فرێـچ بە هـۆی وێکچوونی نێوەکان سەری لێ تێك چووە • بە بەندوباوی کوردەواری نەوە، بەتایبەت لە نێو هۆزی ڕووزەکیدا ، بە نێوی باپیریەوە نێودەنرێ • وێ دەچێ فرێچ بەمەی نەزانیوەو بە گومـانەوەی ڕوانیوەتـە ئـەوەی لـە «شەرەفنامە»دا نووسراوە •

ئەمە لە کتێبی «تاریخ الكرد وكردستان»ەکەی محمد امين زەکیش‌دا وەك کتێبەکەی فرێچ هەروا بە هەڵە نووسراوە • هـۆی ئەمـەیش ڕوون‌و ئاشکرایە • محەمەد ئەمین زەکی لە لێکۆڵینەوەکانی‌دا نەهاتووە پشت بـە «شەرەفنامە» ، کە یەکە سەرچاوەی مێژووی کوردە ، ببەسـتێ ، بەڵـکو هاتووە هەڵەکەی فرێچی کە کتێبێکی لە تـەرزی « شەرەفنامە » داناوە ، دووپات‌کردۆتەوەو زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی هەر لەم کتێبە وەرگرتووە[٢١] •

ئیمەیش بە پێی ئەم دەساوێژەی بەدەستمانەوەیە ، بیروڕای هەردوو نووسیاری نێوبراو بە پێکەڵی بەدوواوە دەدەینو ڕەتیدەکەینەوە •

یەکێ لەو ڕووداوانەی سەروکاریان بە میرنشینی بدلیسەوە هەیەو بە ڕاستو ڕەوانی لێی نەکۆڵدراوەتەوە پاش مەرگی تەیموورلەنگ ( ١٤٠٥ ) هاتنی قەرەیوسفی قەرەقۆیونلوو بۆ میرنشینی بدلیسو کیژی خۆ لە میر شەمسەددین مارەکردنێتی • نووسیاری وتاری «کورد» ب• ف• مینۆرسکی لە «ئینسیکلۆپیدیای ئیسلام»دا دەڵێ : «قەرە یوسف هات بۆ کوردستان ، میر شەمسەددین کیژی خۆی لێمارەکردو بەمە فەرمانڕەواییی خۆی پتەوو قایمکرد» ( ١٣٢ ، ١٢٠٦ ) •

ڕەشید یاسەمیش لە کتێبەکەیدا (٦٩ ، ٢٠٢ – ٢٠٣) هەر ئەم ڕایە دووبارە دەکاتەوە • چونکە یاسەمی بۆ نووسینی کتێبەکەی زۆری پشت بە وتارەکەی ب• ف• مینۆرسکی بەستووە •

محەمەد ئەمین زەکیش (١١٧ ، ١٧٤) لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا هەمان ڕووداوی وەك ئەو نووسیارانەی لە سەرەوە نێومانبردن ، بێ کەمو زیاد دووبارە کردۆتەوە • بەڵام ئەو لە بەرگی دووەمی کتێبی «تاريخ الكرد وكردستان»ەکەیدا ، کە بە سەرناوی «تاريخ الدول والامارات الكردية في العهد الاسلامي»ەوە دایناوە هەڵەکەی پێشووی دووبارە نەکردۆتەوەو ڕووداوەکەی بە گوێرەی سەرچاوەکان نووسیوە •

ئێمە کاتێ باسی ئەم ڕووداوەمان کرد وەك کتێبەکانی ب• ف• مینۆرسکیو خوندەمیرو بدلیسی (٤١ ، ٢٧ ، ٦٤ ، ٥٦٨ ، ٧٦ ، ٣٧٦) دەڵێن، نەك میر شەمسەددین کیژی خۆی بە قەرە یوسف داوە ، بەڵکو قەرە یوسف کیژی خۆی بە میر شەمسەددین داوەو داوای کۆمەگی لێکردووە • ئیدی بەم ڕەنگە ، پشت بە سەرچاوەکان ، دەتوانین بڵێین ئەو ڕووداوە لە

کتێبەکانی ب. ف. مینۆرسکی‌و ر. یاسەمی‌و محەمەد ئەمین زەکی‌دا بە هەڵە نووسراوە.

پاش مردنی میر شەمسەددین میر شەرەفی کوڕی دەبێ بە فەرمانڕەوا (١٤٢٥ ـ ١٤٢٨). بەڵام میر شەرەف پیاوێکی نەکارەو تەوەزەل‌و بی‌دەسەڵات بوو. «شەرەفنامە» دەنووسێ: «شەوانە لە کولخەنی گەرماواندا دەنووست‌و بە ڕۆژ لە قەفەسێکی ئاسن‌دا دادەنیشت‌و دەی‌گوت، جێگای تێرەکەو ئێرەیە» (٧٦، ٣٨١). بدلیسی دەڵێ: «سەرلەبەری تەمەنی خۆی بە فیڕۆ لەدەست داو شتێکی وای نەکرد مێژوو بۆی بنووسێ» (٧٦، ٣٨١).

کاتێ میر شەرەف مرد، شەمسەددینی کوڕی هێشتا منداڵ بوو. بدلیسی دەنووسێ: «کاروباری میرنشینەکەی (میرنشینەکەی شەمسەددین) شاهم خاتوونی دایکی بەڕێوەی دەبرد» (٧٦، ٣٨٢).

فرێچ شاهم خاتوونی بە شاه خاتوون نووسیوە (٩٧، ٣٣٧). محەمەد ئەمین زەکییش هەروەها بە هەڵە، بە شاه خاتوونی ژنی شەمسەددینی ناو هێناوە(١١٧، ٢٣٨). سەیر ئەوەیە هەردوو مێژوونووس وا بە دیاردەخەن کە ئەم زانیاری‌یەیان پشت بە «شەرەفنامە» نووسیوە. کەچی «شەرەفنامە» نوسخەکەی پێتەربورگ‌و نوسخەکەی قاهیرەیشی، هەردووکیان بە شاهم خاتوونی دایکی شەمسەددینیان نووسیوە (٧٦، ٣٨٢).

لەبەر ئەوە ئێمە ڕای فرێچ‌و محەمەد ئەمین زەکیش لەو بارەوە کە ژنەکە ناوی شاه خاتوون‌و ژنی شەمسەددینە بە هەڵە دەزانین.

ئیتر لەپاشان شاهم خاتوون لەبەر ئەوە کە نەی‌توانیوە کاروباری بدلیس بە ڕێکی‌وپێکی بەڕێوەبەرێ، هۆزی ڕووزەکیی لێ بە گلەیی‌و گازن کەوتووزو لە ساڵی ١٤٠٣دا میرنشینەکە لە نێوان نەجیوزادانی ڕووزەکی‌دا

تەخشان‌و پەخشان کراوە • ناوچەی ئەخلات میر محەمەد ئاغا نەسیرەددین دەستی بەسەردا گرتووەو ناوچەی مووشیش بەر عەبدوڕڕەحمان ئاغای قەوالیسی کەوتووە • لە ساڵی ١٤٣٢دا شاهم(٢٢) خاتوون مرد • تا ماوەیێ شاری بدلیس پڕبوو لە ئاژاوەو هەڵلاو بگرە • بەڵام میر شەمسەددین گەورە بووو میرایەتی‌یەکەی وەدەستەخۆ گرت (١٤٣٢ — ١٤٣٦) • لە ماوەیێکی کەمدا سەرکەوتنێکی زۆری وەدەست‌هێناو نازناوی « میر شەمسەددینی کۆڵنەدەر»ی درایێ (٧٦ ، ٣٨٦ — ٣٨٧) • میر شەمسەددین چەندین خانوومانی کۆمەلایەتیی ڕۆناوە •

پاش میر شەمسەددین میر ئیبراهیمی کوڕی (١٤٣٦ — ١٤٣٨)لە جێی وی بووە بە فەرمانڕەوای بدلیس • سەردەمی ئەم میرە زۆری درێژە نەکێشاوەو بە سەرسووکی‌و بێ قڕەوبڕە بەسەرچووە • پاش مەرگی ئیبراهیم حاجی محەمەدی کوڕی چووەتە جێ (١٤٣٨ — ١٤٦٢) • میر حاجی محەمەد فەرمانڕەوایێکی ژیرو سەرگران‌و سیاسی بووە • تەنانەت لە بەڕێوەبردنی کاروباری میرنشینەکە‌ی‌دا سوودی لە ڕێزلێ‌گیران‌و دەسەڵاتی دەوڵەتە دراوسێکانی خۆی وەرگرتووە • میر محەمەد بنیاتنێی دالـدەو خانوومانێکی کۆمەلایەتیی زۆرە لە بدلیس •

میر حاجی محەمەد وەسیەتی کردبوو ، لە پاش مردنی ئیبراهیمی کوڕی لە جێی وی ببێ بە فەرمانڕەوای بدلیس • سەردەمی فەرمانڕەوایی میر ئیبراهیم (١٤٦٢ — ١٤٧١) بە هێمنی‌و بێ کێشمەکێش بەسەرچووە •

لە ساڵی ١٤٥٣ حەسەن بەگی بایەندوری ( ئوزون حەسەن ) کە لە دیاربەکرو ئەرمەنستان فەرمانڕەوا بوو ، لە ساڵی ١٤٦٨دا قەرەقۆیونلووەکانی بە زاندو بڕێ میرنشینی کوردیشی خستە ژێر دەستی خۆیەوە • ئوزون حەسەن بە بۆنەی ئەوەوە کە میرەکانی بدلیس خزمایەتی‌و دۆستایەتی‌یان لەگەڵ قەرە یوسفی قەرەقۆیونلوودا دامەزراند بوو ، زۆری ڕك لە میرنشینی

بدلیس دەبۆوە .

ئەبوبەکری تەهرانی دەنووسێ ، لە ساڵی ١٤٦٨ ــ ١٤٦٩دا ئــوزون حەسەن شارو قەلایێکی زۆری لە کوردستان داگیرکرد . پێنج هەزار سواری بۆ گەمارۆدانی ویلایەتی بدلیسی کردە ســەری (٤٤ ، ٥٤٣) . بدلیسی دەڵێ ئوزون حەسەن داگیرکردنی قەلای بدلیسی بە سلێمان بەگی کوڕی بیژەن سپارد . کوڕی بیژەن ( بیژەن ئۆغلوو ) قەلاکەی سێ ساڵێ ڕێك گەمارۆدا (٧٦ ، ٣٨٨ ، ١٠٣ ، ٤١٤) . لەبەر ئەوە کە گەمارۆدانەکە زۆری درێژەکێشا حاڵی بەرگری لێکەرانی قــەلاکە زۆر پەرێشان بــووو سەبــارەت بــە بلاوبوونەوەی دەردو ئاهۆی جۆراوجۆر خەڵکێکی زۆر لەناوچوون ، بەو پێیە «شەرەفنامە» نووسیویە ، لە بەرگریکەرانی قەلا ، بە میر ئیبراهیمەوە، تەنها حەوت کەس مابوونەوە (٧٦ ، ٣٨٩ ، ١٠٣ ، ٤١٤) .

بە پێی سەرچاوەکان وا بەدیاردەکەوێ ، لەشکری ئاق قۆیونلووەکان لە لایەن بەرگریکەرانی قەلای بدلیسەوە تووشی بــەربەرکانێیەکی زۆر توند بوون . ئەبوبەکر تەهرانی دەنووسێ : «لە ساڵی ١٤٧١دا« ئوزون حەسەن»ی ساحیبقڕان بە سەرکردایەتیی سلێمان بەگی پــورناك ( بیژەن ئۆغلوو )و بایەندور بەگ لەشکرێکی دوو هەزار کەسیی سەرلەنوێ بــۆ سەرقەلای بدلیس نارد » (٤٤ ، ٥٥٩) . شاعیری پەسنوێژی سلێمان بەگ، کوڕی مەحموود ( مەحمــوود ئۆغلوو ) بەربــەرەکانێی سەرســەختانەی سەرلەبەری تیرەو هۆزە کوردەکانی بدلیسی لەدژ ئاق قۆیونلــووەکان بــە هەڵبەست هۆنیوەتەوە ، دەڵێ :

« چ جار سەر بۆ سولەیمان نانەوێنن کوردی بدلیسێ

ڕەگەز کورد یاری ئاورگێکە ئاوری هەر بئاییسێ » (٧٩ ، ٣٨٩).

( تەرجەمەی هەژارە )

شەڕی دووردرێژخایەن میرنشینی بدلیسی لە هەموو سەرێکەوە لە دەست‌وپێ خست‌و لەبەر ئەمە میر ئیبراهیم داوای ڕێك‌كەوتنی کرد • بدلیسی دەڵێ ، حەسەن بەگ ئەنگوستیلەیێکی بە نیشانەی بۆ ڕێك‌كەوتن ئامادەبوون بۆ میر ئیبراهیم نارد (٧٦ ، ٣٨٩) • بەڵام ئەبوبەکری تەهرانی دەنووسێ کاتێ میرە گەورەکانی بدلیس سەرپاك گەمارۆدران میر ئیبراهیم یاری‌کارەکەی خۆی لەگەڵ دایکیدا بۆ تکاکاری ناردە کن ئوزوون حەسەن ، ساحێبقرانیش لێی‌خۆش‌بووو لەشکرەکەی لە گەمارۆدانی بدلیس کێشاوەو چوو مووشی گەمارۆدا (٤٤ ، ٥٤٣) •

بە لای ئێمەوە هەردوو مێژوونووس باس‌وخواسی شەڕوهەراکەی بدلیسیان بەڕاستی نەنووسیوە • بەڵام ئەم نوختەی جیاوازی‌یەی نێوانیان لە دەمارگیریی نەتەوەیی‌یەوە هاتۆتە گۆڕێ •

سەرەنجام ، هەردوولا بە ڕێك‌كەوتن قایل‌بوونو میر ئیبراهیم بەرەو تەوریز چوو ، بۆکن ئوزوون حەسەن • بەپێی «شەرەفنامە» دوازدە کەسی بە شان‌وشکۆو گرەگر لە هۆزی ڕۆژەکی لەگەڵ میر ئیبراهیمدا هاتوون بۆ ئازەربایجان (٧٦ ، ٣٩) •

ئوزوون حەسەن میر ئیبراهیمی بۆ ناوچەی قوم دوورخستەوەو بە ڕواڵەت گۆیا کارێکی شیاوی پێ‌ڕەوادیتووە ، بەڵام ڕاستت گەرەکە میری بە بارمتە لەوێ دانابوو ، چونکە هەر لەپاش گرتنی قەڵای بدلیس بەربەرەکانێی کوردەکان لە میرنشینی بدلیس لە دژ ئاق‌قۆیونلووەکان هەر پێوەدەچووو نەدەبڕایەوە • تەنانەت دەستەیێك لە کوردی بدلیس بە ناوی یاریکاریی حەسەن عەلی بەگی میری مووشەوە بەرەو ناوچەی مووش بزووتن • ئەبو بەکری تەهرانی دەنووسێ : «ساحیبقران هەرکە ئەم هەواڵەی بیست سۆفی خەلیلی بەکتاشیی نارد ، هەموویانی بەدیل‌گرتن •••و چاوی هەمووشیانی هەڵکۆڵی» (٤٤ ، ٤٦٣) •

ئیدی بەم جۆرە میرنشینی بدلیس لە ساڵی ١٤٧١ەوە تا ساڵی ١٤٩٨ بە دەست فەرمانڕەواییی ئاققۆیونلووەکانەوە مایەوە • هەر لەو سەروبەندەدا هۆزی ڕۆژەکی هەرچەندە لە دژ ئاققۆیونلووەکان چەندین جار ڕاپەڕین ، بەلام سەرنەکەوتنو بەزین (٧٦ ، ٣٩) •

لە ساڵی ١٤٧٧دا ئوزوون حەسەن مردو فەرمانڕەواییی ئاققۆیونلوو بە مەرگی ئوزوون حەسەن دایە باری کزیوکەنەفتی • ئەو کوردانەی سوودیان لەم بارو دۆخە وەردەگرت نەیاندەویست سەر بۆ ئاققۆیونلووەکان دانەوێنن •

بدلیسی دەنووسێ، یەعقووب بەگ، کوڕی حەسەن بەگ میر ئیبراهیمی لە قوم بە خنکاندندا (٧٦ ، ٣٩٠) • یەعقووب بەگ وای دەزانی بە لەناودانی میر ئیبراهیم کوردی بدلیس دەمکوت دەکا • بەلام کارەکە بەو جۆرە نەشکایەوە ، بەربەرەکانێ هێندەی دیکە توندو تیژ تر بووو پتری پەرەسەند •

میر ئیبراهیم سێ کوڕی بە ناوی حەسەن عەلیو حوسەین عەلیو شا محەمەدەوە هەبوون • حەسەن عەلیو حوسەین عەلی کەلکیان لە ناکۆکیو ناتەباییی ئەو سەروبەندە وەرگرتو کەلکەلەی ئەوەیان کەوتە سەر بین بە خێوی میرنشینە پشتاوپشت بۆبەجێماوەکانی خۆیان ، لە ساڵی ١٤٩٥دا هاتنە کوردستان ، لە پێشدا لە حەکاری ، لە نزیك بدلیسەوە گیرسانەوە ، چاوەڕێی هەلودەرفەتی لەباریان کرد • بەلام لەم سەروبەندەدا یاخیبوونی ئاسووری یەکان کە لە میرنشینی حەکاری بوون نەخشەی کارەکەی لێتێكدان • بدلیسی دەنووسێ : «لە هەنگامەی شەڕی نێوان عیزەددین شێر ، میری حەکاریو یاخییەکاندا حەسەن عەلیو حوسەین عەلی کوژران» (٧٦ ، ٣٩٢) • پاش ئەمە سێیەم کوڕی میر ئیبراهیم ، شا محەمەد لە قومەوە هات بۆ ویلایەتی بدلیس • شا محەمەد بە یارمەتیی هۆزی ڕۆژەکی قەلای بدلیسی گرتو مافی بە میرات بۆ بە جێماوی خۆی وەرگرتەوە (١٤٩٨ —

١٥٠٠) • شا محەمەد پاش ئەوەی نەختێ خۆی گرتەوە شەرەف بەگی ئامۆزای لە ویلایەتی ئوروخەوە کە هی هۆزی بەختی بوو ، هێنا لە ناوچەی مووش بە نوێنەری خۆی دایمەزراند • بەڵام فەرمانڕەوایی شا محەمەد زۆری درێژە نەکێشا ، شا محەمەد لە ساڵی ١٥٠٠دا مردو کوڕێکی چکۆلەی بە ناوی ئیبراهیمەوە لە پاش بەجێما • لەبەر ئەمە کاروبار بەڕێوەبردنی میرنشینی بدلیس کەوتە دەست عەبدوڕڕەحمان ئاغای قەواڵیسی کە یەکێ لە نەجیوزادانی هۆزی ڕۆژەکی بوو[٢٣] ، بەڵام شێخ ئەمیری بلباسی کە لە ناڕازییانی نەجیوزادانی هۆزی ڕۆژەکی بوو لە دژ عەبدوڕڕەحمان ئاغا کەوتە کنەو کەڵەکبازیو بڕیاریدا شەرەف بەگی میری مووش بێنێتە ویلایەتی بدلیس • بدلیسی دەڵێ ، ئیتر ئەوسا زمانشڕو کەتن گێڕو چاوچنۆکان دەستیان خستێو تەبایی و نێوانکۆکیی ئامۆزایانیان کردە ناکۆکیو دڕدۆنگی (٧٦ ، ٤٠٠ ، ٤٠١) •

میر ئیبراهیم بە یارمەتیی عەبدوڕڕەحمان قەواڵیسی پیلانێکیان بۆ میر شەرەف دەبەر چاوگرت• وایان دانا کارێك بکەن میر شەرەف بێننە بدلیسو هەردوو گلێنەی چاوی هەڵکۆڵن• بەڵام شەرەف بەگ بەم پیلانەی زانیو نەهات بۆ بدلیس • «شەرەفنامە» دەڵێ ، میر ئیبراهیم وێڕای ئەوە کە چەند کاغەزی بۆ شەرەف بەگ نووسی ، بەڵام داواکەی ڕەتکردەوەو نەچوو (٧٦ ، ٤٠١) • میر ئیبراهیمیش ئەمەی لە شەرەف بەگ کرد بە دەسپێچكو بیانگەو لێبڕا لەشکر هەڵکاتە سەر ناوچەی مووش • بەڵام شەرەف بەگ بەم پیلانەی زانیو لەگەڵ لاگرانیدا خۆی بۆ شەڕ سازداو خزایە قەڵای مووشەوەو سەنگەربەندیی خۆی کردو وەك تای تەوراس ئامادەی بەربەرەکانیو خەبات بوون • سەرەنجام هەردوو لەشکر پێكداهاتن ، لەو پێكداهاتنەدا شەرەف بەگ سەرکەوت • چونکە زۆربەی هۆزی ڕۆژەکی لەسەریان دەکردەوەو داکۆکییان لێدەکرد • بدلیسی دەڵێ : «لە گەرمەی

شەڕدا هۆزی ڕۆژەکی لە میر ئیبراهیم جویێ بوونەوەو چوونە پاڵ شەرەف بەگ» (٧٦، ٤٠٣) • میر ئیبراهیمو عەبدوڕڕەحمان ئاغا کە دیتیان کار بەو خاڵە گەیشتووە داوای پێکهاتنیان کرد • هەردوولا بە پێکهاتن ڕازی بوون• بە پێی پێکهاتنەکە میرنشینی بدلیس لەگەڵ ئەخلاتدا بە شەرەف بەگ دراو میرنشینی مووش لەگەڵ خنۆسدا بە میر ئیبراهیم درا • هەر لەپاش ئەم ڕێککەوتنە میر ئیبراهیم یەکسەر لە قەڵای بدلیس نانو خوانی بۆ میوان ڕازاندەوەو میر شەرەف دەستە پیاوێکی لە هاودەستانو یارانی نزیکو تێرادووی خۆی دەگەڵ خۆدا بردە قەڵاو ئامۆزای هاتە پێشوازیو یەکدییان دە هەمبێز گرتو زۆریان چاکو خۆشییان لێککردو چوونە سەرخوان • بەڵام ئەم ئاشتییە پشووی زۆر درێژ نەبوو • بدلیسی دەڵێ ، لە شەوی میوانداریو ڕابواردندا لەپڕ شێخ میری بلباسی دەگەڵ چەند سەربزێوێکدا وەژوورکەوتنو میر ئیبراهیمیان لەسەر کورسی دابەزاندو لە پا هەتا مل زنجیر پێچ کردو ڕەپێچەکیان دا بۆ سووچی زیندان • ئیدی بەمە شەرەف بەگ بوو بە فەرمانڕەوای سەرانسەری وڵات (٧٦، ٤٠٥) •

میر شەرەف لە ساڵی (١٥٠١)ەکەوە تا ساڵی (١٥٣٣) بە ناوبڕ فەرمانڕەواییی بدلیسی بەڕێوەبردووە • سەردەمی فەرمانڕەواییی میر شەرەف لە مێژووی سیاسیی بدلیسدا یەکێکە لە سەردەمە هەرە سەختو دژوارو ناڵەبارەکان • چونکە لەو سەردەمەدا ناکۆکیی نێوان دەوڵەتی عوسمانیو ئێران لە سەر کوردستان گەیشتبووە ئێستقان •

لە ساڵی ١٥٠٧دا کاتێ شا سمایلی سەفەوی لە دیاربەکر گەڕایەوە میر شەرەف چووبوو بۆ دیدەنیو مەسەلەی چوونەپاڵ سەفەوییانی ڕاگەیاندبوویێ •

بدلیسی دەڵێ : «کاتێ شا سمایلی سەفەوی گەیشتە قەڵای ئەخلات میر شەرەف بە پیریەوە چووو پێشوازی لێکردو دیدەنییەکی بە تەنتەنەو

سەنسەنەی بۆ سازدا • میر شەرەف پێسکێش و دیاریی گرانبایی بە شا پێشکێش کردو شایش خەلاتی گرانبایی زۆری بە میرداو فەرمانڕەوانامەی سەرلەنوێ میرایەتیی بدلیسی بۆ مۆرکرد » (٧٦ ، ٤٠٩ ـــ ٤١٠) •

هەر لەو ساڵەدا جارێکی دیکەیش کاتێ شا سماییل لە (خووی) زستانی ڕادەبوارد میر شەرەف لەگەڵ چەند میرە کوردێکی دیکەدا بۆ دیدەنیی شا چووە بۆ (خووی) • محەمەد خانی ئوستاجلوو ، سەرپەرشتی دیاربەکر ، کورد زۆریان بەسەر هێنابووو گلی و گازێکی زۆری لە دەستیان کردبوو • شا فەرمانیدا هەریەك لەوان درا بەدەست میرێ لە قزلباشان • میر شەرەفیدا بە دەست ئەمیرخان موسلوو • پاشان شا سماییل هەریەکە بە تیپە لەشکرێکەوە چاپان سوڵتانی ئوستاجلووی بۆ سەر بدلیس و دێو سوڵتان ڕوومڵووی بۆ سەر ناوچەی حەکاری و یەکان بەگی قۆرچی باشی تەکەلووشی بۆ سەر جزیرە ڕەوانەکرد • بدلیسی دەڵێ ، هۆزی ڕۆژەکی شەش مانگی ڕێك داکۆکی یان لە قەلای بدلیس کرد ، بەلام لەبەر ئەوەی لە هاتنی میر شەرەف ناهومێد بوون قەلایان دا بە دەست سوڵتان چاپانەوە (٧٦ ، ٤٠٧) •

پاش بەدەستەوەدرانی قەلای بدلیس لە ساڵی ١٥٠٧دا چاپان سوڵتان کوردبەگی شەرەفلووی (لە ئەسڵەکەدا «قورد بەگ» نووسراوە ـــ وەرگێڕ) کرد بە میری بدلیس و خۆشی گەڕایەوە بۆ تەورێز • هەر لەو ساڵەدا ڕووداوگەلێ کە لە دەرباری سەفەوییاندا ڕوویاندا ، بە تایبەت هەڵکردنە سەر ناوچەی خۆراسان لە لایەن شەیبەك خانی ئۆزبەگەوە شا سماییلی شاش وواش کرد • شا لە گرتنی میرو مەزنانی کوردستان تووشی پەژیوانی ببوو • هێندێکی لێ ئازادکردن ، لێشی پرسین : سەردارو پێشەواتان کێیە ؟ سەرلەبەر گوتیان : میر شەرەف و مەلیك خەلیل[٢٤] • بە پێی «شەرەفنامە» جگە لەم دووانە ئەوانی دیکەی هەموو بەردان و ئەمانی بە بەندی هێشتنەوەو لەگەڵ خۆشیدا بەرەو خۆراسانی بردن (٧٦ ، ٤١٢) •

له ساڵی ١٥١٠ دا شاسماییل میرشەرەفو مەلیك خەلیل بە دیلێتی بەرەو خۆراسان ڕەهبەنەدەکا • محەمەد ئاغا کەڵهۆکی کە لە هۆزی ڕۆژەکییان بوو ڕەگەڵ هۆردووی شا دەکەونو هەر لە دۆزی چەند ڕۆژێکدا میوەو خۆراك هەڵدەگرن ، دەرفەت دێنن ، دەچنە چادری تورکمانانو سەر لە میر شەرەف دەدەنو کەینوبەینی خۆدەکەن کە چۆن ڕاکاو کەنگی هەڵێ ! پاشان محەمەد ئاغا هەلی بۆ هەڵدەکەوێ چەند ئەسپێك بە زینەوە لە ئەدیوی هۆردوو ڕادەگرێو میر شەرەف لەناو چادری دەسبەسەر دێنێتە دەرو بۆ کوردستانی دەبا ، دێنە گوندێ ، لە حەکاری • لەوێ شێخ میر شەرەفی بلباسی ، کە یەکێ بوو لە ئەجیوزادانی ڕۆژەکیو دۆستی لە مێژینەی میر شەرەف بوو خەبەردار دەکرێو ئەویش گەڕانەوەی میر شەرەف لە سەرانسەری هۆزی ڕۆژەکی جاڕدەدا • میر شەرەف هۆردوویێکی دوو هەزار کەسیی لە هۆزی ڕۆژەکی لە خـۆ کۆدەکاتـەوەو لەگەڵ شـێخ ئەمیر بلبـاسیدا هەڵدەکەنە سـەر

وەك لە پێشەوە گوتمان ، کورد بەگ شەرەفلوو کە لەسەر بدلیسو عادیلجەوازو ئەرجیش گزیری شا سماییل بوو کاتێ زانی : وا شێخ ئەمـیر بە دوو هەزار چەکدارەوە دەوری قـەڵای بدلیسیدا دەگەڵ قزڵبـاشەکانی ناوچەی بارگیریو ئەرجیشدا پەلاماری شێخ میری داو لە گۆك مەیـدانی بدلیسێ دوو لەشکر دەگژیەكڕاچوون • هێندەی نەمابوو شنەی سەرکەوتن بەرەو ڕۆژەکییان هەڵکا ، بەڵام لە سۆنگەی ناپاکیی محەمەد بەگی پازۆکی (لە ئەسـڵەکەدا «مەحموود بەگ» نووسراوە ـ وەرگـێڕ) • قزڵباشـەکان سەرکەوتن • بدلیسی دەڵێ : «لەم شەڕەدا ڕۆژەکییەکان بەزین • شێخ میری بلباسیو عەلی ئاغای کوڕی بەرگی شەهیدانیان پۆشیو مەردانە لە مەیدان کەوتن • قزڵباشان کە شێخ میریان ناولێنابوو : قەرە یەزید ! لاشەی ئـەوو کوڕەکەیان لەناو گۆكمەیداندا سووتاند » (٧٦ ، ٤١٤ ــ ٤١٥ ، ٩٧ ، ٥٣٦) •

ئیدی بەم ڕەنگە ، میر شەرەف چەنانێ دۆزی لێئاڵۆزاو دێمی دڵخواز

له پشت پەردەی ناهومێدی‌یەوە خۆی مەڵاس‌دا • لەو سەروبەندەدا ناکۆکیی نێوان ئێرانو عوسمانی بە چڵەپۆپەی توندوتیژیو شیروتیر لێک‌سوین گەیشتبوو • مەولانا ئیدریسی بدلیسیش لە بەرژەوەندی دەرباری عوسمانی لە نێو میرانی کورددا کەوتبووە بانگەشەو چاوڕاوو لەدژ شا سمایلی سەفەویی هان‌دەدان ، میر شەرەف کە بۆ وەرگرتنەوەی مافی میرایەتیی پشتاوپشت بۆبە جێماوی خۆی بە لاس‌و پی‌لاس‌دا دەچوو ، یەکسەر لێ‌بڕا کەڵک لەم ناکۆکی‌یە وەرگرێو چەند میرە کوردێکیشی هێنایە سەر ڕای خۆی • بە پێی «شەرەفنامە» میر شەرەف لەگەڵ چەند میرە کوردێکی دیکەدا کاغەزیان بۆ سوڵتان سەلیمی یەکەم ناردو ڕای گەیاندێ کە ئەوان ئیدی لەمەوپاش گوێ بە فەرمانی دەرباری ئەون • کاغەزەکەیان بە هۆی محەمەد ئاغای کەڵهۆکی‌و مەولانا ئیدریسی بدلیسەوە بە دەرباری سوڵتان گەیاند (٧٦ ، ٤١٥ — ٤١٦) •

سوڵتان سەلیم زۆری کەیف بەم کاغەزی میرە کوردانە سازبووو لەو هێرشەدا کە بۆ سەر ئازەربایجانی ئامادەکردبوو هاوبەشی‌کردنیانی سازدا • بدلیسی دەڵێ : «••• لە هێرشە سەرکەوتووەکەی سوڵتان‌دا لە دەشتی چاڵدیران میر شەرەفیش هاوبەش بوو» (٧٦ ، ٤١٥ — ٤١٦) •

هەر لەو سەروبەندەدا عەوەز بەگی برای محەمەد خان ئوستاجلووی فەرمانڕەوای دیاربەکر لە لایەن شا سمایلەوە بەسەر بدلیس ڕادەگەیشت • لە «شەرەفنامە»دا نووسراوە کە میر شەرەف لەپاش شەڕی چاڵدیرانیش لە شەڕەکەی دیاربەکریش‌دا کە عوسمانی‌یەکان لەدژ قزڵباشان کردیان هاوبەش‌بووەو لە ساڵی ١٥١٦دا میرنشینی بدلیسی لە قزڵباشان ساندۆتەوە (٧٦ ، ٤١٧ — ٤١٨) •

بە پێی سەرچاوە تورکی‌یەکان میر شەرەفەددین کاتێ کە زانی شا سمایل قزڵباشێکی زۆری بە کۆمەگی قەرەخانی والیی دیاربەکرەوە ناردووە بە گوێی

مەولانا ئیدریسی بدلیسی کردو لەگەڵ میرە کوردەکانی دیکەدا ڕێك کەوت و بە چوار هەزار سوارەوە لە ئەخلاتەوە بەرەو میرنشینی ئەرجیش دایان قەڵاشت و دەستێکی چاکیان لە دژمن وەشاند (٨٥ ، ٣٧٩) •

محەمەد ئەمین زەکی نووسیویە کە شا سمایلی سەفەوی لە شەڕی چالدیراندا ژێرکەوت و بەزی • شەرەف بەگی میری بدلیس ئالای عوسمانی یەکانی لەسەر دژو قەڵاکانی خۆی هەڵکردو خالید بەگی برای کە شا سمایل لەسەر ئەو میرنشینەی کردبوو بە فەرمانڕەوا دەرکرد (١١٧ ، ١٧٦) • بدلیسی بە پێچەوانەی قسەی محەمەد ئەمین زەکی دەڵێ ، میری بدلیس خالید بەگی برای میر شەرەف نەبوو ، بەڵکو کوڕەکەی سوار بەگی پازۆکی بوو (٧٦ ، ٤٠٢) • جگەلەویش سەرکردەی شەڕەکەی دیاربەکر محەمەد پاشا بیقلی بە بۆنەی لە شەڕی دیاربەکردا سەرکەوتنیەوە لەو نامەیەدا کە بۆ سوڵتان سەلیمی یەکەمی ناردبوو ڕای گەیاندبوو کە لەگەڵ هەموو میرە کوردەکاندا یەك دڵەو بە یارمەتی و کۆمەگی میرە ئازاو دلێرە کوردەکانەوە دژمنی بەزاندووە (٩٨ ، ٤١٨ — ٤١٩) •

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستی یانە ئێمە قسەکانی محەمەد ئەمین زەکی کە گۆیا لە ساڵی ١٥١٤دا میر شەرەف لە میرنشینی بدلیس بووەو خالید بەگ برای ئەو بووە بەڕاست نازانین •

سەرکەوتنەکەی سوڵتان سەلیمی یەکەم لە ئازەربایجان و کوردستان بوو بە هۆی ئەوە کە بڕی میرنشینی کورد بکەونە باروودۆخێکەوە ناچار گوێ بە فەرمانی فەرمانڕەوایی عوسمانی یان بوەو سەربەو بن • بە نموونە میرنشینی بدلیس بە پێی داوو دەستووری وەجاخ بە میرات گری درا بە میر شەرەف • میر شەرەف لە سەروبەندی سوڵتان سەلیمیش و سوڵتان سلێمانی غازی یشدا میرایەتیی خۆی کرد ، بەڵام لە سۆنگەی ملهوڕی و هەرکە بۆخۆیی هەمەکارانی تورك نەختێ نارازی بووو لەوەش دوودڵ بوو

مەیلی بەلای دەرباری سەفەوی یەکاندا دەربڕێ • هەر لەو سەروبەندەدا ناکۆکیو دووبەرەکی کەوتبووە نێو سەرکردەکانی قزلباشەوەو عوسمانیو ئێران کەوتبوونە شیروتیرلێك سوین • میرمیرانی ئازەربایجان ئولەمە تەکەلوویش ئەمەی بە هەل زانی ، لە تەورێز لەدژ شاتاما سپی یەکەم ئالای سەربزێویی هەلکرد •

قازی ئەحمەدی قەزوینی کە دێتە سەر باسی ڕووداوەکانی سالی ۱٥۳۱ دەلێ : «ئولەمە تەکەلوو لە ئازەربایجان حەوت هەزار کەس لە لایەن گرانی خۆی گردکردەوەو یاخیبوو ، بەلام ژێرکەوتو لە پێشان بەرەو وانیی داقەلاشت ، پاشان چوو بۆ ولاتی ڕۆم (تورکیا) » (۱۰۱ ، ۲۸٦ ، ۲۱۳ ، ۸۳ ، ۱۲) •

ئولەمە بوو بە پیاوی حوکوومەتی سولتانی عوسمانیو سولتانیش سەرلەنوێ بۆ شەڕی ئازەربایجانی ناردەوە • بە پێی زانیاریی سەرچاوەکان سولتان سولەیمانی غازی لەشکرێکی سی هەزار کەسیی بە سەرکردایەتیی فیل یاقووب پاشاوە خستبووە تەك ئولەمەو بۆ سەر میر شەرەفی میری بدلیسو عیمادی یە ناردبوو (۱۰۱ ، ۲۸۷ ، ۷٦ ، ٤۲۳) •

سوولاق زادە کە یەکێ لە مێژوونووسانی سەدەی ۱٦ هەمە دەنووسێ ، ئولەمە تەکەلوو ڕووی لە شا وەرگێڕا ، هات بۆ دەرباری سولتان ، سولتانیش بە هێزێکی گەورەوەی بۆ سەر بدلیس نارد • تەکەلوو کاتێ ویستی بدلیس بگرێ ، شەرەفخان ، فەرمانڕەوای پێشوو کە لە لایەن شاوە کرابوو بە والیی ئەوێ ، کوردێکی لە ژمارەبەدەری خڕکردەوەو دەستی بەشەڕکرد ، بەلام لەشکرەکەی ئولەمە سەرکەوتو شەرەفخان سەربڕدراو سەرەکەی بۆ دەرباری سولتان نێردرا (۸٥ ، ٤۸۳) •

بەلام ئەو شەڕو شۆڕەی کە لە نێوان ئولەمەو شەرەفخاندا ڕوویداوە ، وەك مێژوونووسە تورکەکان دەلێن ، هەروا بە سووكو سانایی

نەبڕاوەتەوە • میر شەرەفی خۆ دەبەرابەر دژمن‌دا کۆکوتەیارکردوو لە ساڵی ١٥٣٤دا چوو بۆ تەورێزو لە شاتاماسپی یەکەم داوای‌کرد ، یارمەتیی بـدا، ئەویش کۆمەگی کرد • میر شەرەف لە یەکەم تێك‌گیرانو لێك‌هەڵپرژان‌دا سەرکەوت‌و ئوێلمەی ناچاری پاشەکشێ‌کرد • شـا تاماسب دەنووسێ : بدلیس •

«ئوێلمە بوو بە پیاوی عوسمانی‌یەکان • شەرەفخانی فەرمانڕەوای بدلیس هات بۆ لای ئێمە ، فینس ئەوسا کاغەزم بۆ خونکار[٢٥] نووسی ، ئـەوان ئوێلمە بنێرنەوە ، ئەویش شەرەفخانیان بۆ دەنێرێتەوە • بـۆچی لەسـەر ئوێلمەو شەرەفخان شایانی ئیسلام بەشەڕبێن • بەڵام سوڵتان ئەم پێشنیهادەی قوبووڵ نەکرد» (١٠١ ، ٢٨٦ ، ٨٣ ، ١٨) •

لە سەرچاوەکانی ئەو سەروبەندەدا وا بەدیار کەوتووە کە : «شا تاماسپ بۆ ئازادکردنی ویلایەتی بدلیس سەربازێکی زۆری ناردووەو لە ماوەیێکی کەم‌دا ئوێلمەو فیل پاشای لەو ناوە دوورخستۆتەوە» (٧٦ ، ٢٨٦ ، ١١٣ ، ٢٩٣) •

بە پێی نووسینی نووسیاری «شەرەفنامە» ئەمیر شەرەف بە بـۆنەی ئەم سەرکەوتنەوە پێنج‌یەکی هاتی میرنشینی بدلیسی بە پیاوانی شا بەخشیوەو لەسەر شەرەفی شا لە ئەخلات ئاهەنگێکی میوانداریی بە هـەیتوهووتی گێڕاوە • «شەرەفنامە» دەێ ، شا میر شەرەفی خەڵات کرد • نازناوی خانی دایێو بە فەرمانێکی شایانە فەرمانڕەواییی بۆ مۆرکرد (٧٦ ، ٤٢٨ ـــ ٤٣٠) •

« چونکە نیازی بنەڕەتی دەسەڵاتی خونکارانی ئاکارتەرزو هەوێـنی بەرەوژوورچونی کاروباری پادشایانی خاوەن‌شکۆ : چاوەدێری‌و ڕاهێنـانی کومەڵێك لە سەروەرانە کە ئەوانە دایـم‌و دەرهەم لە پێنـاوی بـیروبڕوا تێکۆشاون‌و لەبەر هیچ کۆسپ‌و لەمپەرێك دانەماون‌و لە مەیدانی ماندوبونێ‌و بۆ نەترسان لە تێچونێ گۆی چـالاکیان لە ئامپایان بردۆتـەوە • لە ڕای

خزمەتگوزاری‌داو لە باری فیداکاری‌دا هەر سووربونو لە خاوی‌و گـزی دووربوونو هەموو سەرمایەی ژیانیان بۆ دەرگای جیهانپەنامانو بارەگای گەردونئاسامان بەخت‌دەکەنو بە گیان‌بازی‌و لەخۆبووردن کەندوکۆسپی سەرڕێی ئێمە تەخت‌دەکەن ، لەو پارەوە پالاوی فەرمانڕەوایی‌و گەشەدەری داموەدزگای ترۆپ‌بەرزی حکومەتمان : سەروەری میرانی مەزنو پوختەی بنەماڵەی گەورە ، ژێهاتووی دەسـتەلاتداری‌و بەختیـاری دین‌ودنیـا : شەرەفخان زۆر بە دڵسۆزی‌و بڕواوە بەم خانەدانە بەرزەمان کە هێلانـەی سەربەرزانە پەناهێنەو وازی لە دوژمن هێنـاوەو داوێنی چـاکەو بەزەیی‌و پیاوەتی ئێمەی باداوەو وەزوان حاڵ پێمان ئەوشێ :

شـیعر :

هـاتنی من نە لەبـەر ڕێزە نە زێڕو زێوە

ترسی دوژمن منی پێچـاوەتە مـاڵی ئێوە

بە کۆڕی بەرزو پیرۆزمان سەرفرازبوو ، بێگومان بەزەیی‌و چـاکەی بێ‌ئەندازەی شاهانەمان ورەی دڵو هێزوڕێزی پێ‌دەبەخشێ‌و وەك زانایـان بە ڕەوانی فەرموگیانە :

شـیعر :

پەسیوو پەنای بێکەسە ماڵی من

کەسێك خۆ بهاوێتە بن‌بـاڵی من

لە کەس با نەترسێ بەسوێندو بەلـێن

وەناکەم لە گوڵ کالتری پێ‌بلـێن

وا ئەو میرە پەنابەرە لە ژێر سێبەری دووبەرو بەرپانی ئێمەدا ڕێگەی دراو پلەو پایەی نازناوی : ( خان )ی پێدراو ناومان لێ‌ناوە : شەرەفخان !

پێشەوایی کۆیلەکانی دیوانی بەرزیشمان پێداو لە ڕیزی خانو میرانی خودانشانی بەربارەگای سەربلنددا حەساو کراو ، کراش بە میر میرانو فەرمانڕەوای هەموو میرانی کوردستان ، بدلیسو ئەخلاتو مووشو خەنووس وێڕای ئەو شوێنانەی تریش کە ژێردەستەی میری دەس نیشان کراوبوون ، بە زەمینی پارێزراوی بریکارانی پیرۆزی شاهانەی خۆمانن زانیو بەو پیاوە شایستەن بەخشیو سەرهەوساری بگرەو بەردەو گیروداری دنیاداریو دارایی ئەو وڵاتەمان دەناو مشتی گرێ گشتی ئەو میرە نا ، تا هەمیشە وەك دبێژن : ( بە چاکە کۆیلە پەیداکە ) ئەویش چاکەی لەبەر چاوبێو لە شارێی خزمەتی شادا ئەمەگدارو دەسبەکاربێو وەك نۆکەری چاكو دڵسۆز با چاکی لۆبکا بەلاداو بۆ هیمپتەویو هەمڕەنگی ئەوەند هەوڵو تەقەلادا کە میرو مەزنانی هاوسای گشتیان لاسای ئەو وەکەنو لە سایەی ئەم فیداکاریەی دەم لە دوودەم لەبەر چاومان پەسندترو لامان خۆشەویستتر دەبێ • ! لەسەر هەموو میروگزیرانو سەرکردانی کوردستانە کە ئەم خانە ئاودارە بە میریمیران بزانو سەرکزی بەرفەرمانی بنو هیچ کاتو ساتو زەمانێ لەبەر فەرمانی دەرنەچنو خاوەخاویشی لێنەکەنو گوێ بۆ جارەکانی شلکەنو هەر پێداویستێکی بوێ کە بۆ دەوڵەت بەهرەی بوێ بۆی پێكبێنن • پادشایانو کوێخانو بۆرەپیاگو دانیشتوانی ئەو ناوچانەو سەرکۆمارو خێڵەوارو ئاژەڵداری سەربەوێنە گەرەکە خانی ناوبراو بە تەرخانی شابزاننو فەرمانڕەوایان خۆیەسیو هەرچی ئێژێ وەگوێی بکەنو لاریو چەوتی دەگەڵ نەکەن • ئەرکی سەرشانی خانیشە ئەڕای مسکێنو ژێردەستان ڕەفتاری ئەوەندە خاسوێ : نزای بەخێری بۆ بکەن ، زۆردار بێزۆر بەر خۆ نەداو لاسار هەژار دانەکرۆژێ • تامیری دەرودراوسێش چاولێکەری ڕەچاوکەنو بە سەرشۆپی ئەودا برۆن •

هەرگا ئەم فەرمانە جوانە بە ئیمزای بەرزو پیرۆزمان ڕازایەوەو نەخشێندرا ئەوا فەرمان سەپێندرا ، بە فەرمانی بەرزەیانە : خوای بەرز

بەرزتری کاو هەتا هەتایە بیهێڵێ‌و هەمیشەش دە ڕمێن‌دابێ‌و دەستی کەسی پێڕانەگا . لە بیستی صەفەرەمانگی ئاخرخێرو لەباوخۆشی ساڵی نۆصەدو سی‌و نۆ تفیسەرا» .

(٧٦ ، ٤٢٨ — ٤٣٠) . «وەرگێرانی هەژار ٧٥٦ — ٧٥٧ — ٧٥٨ ، شەرەفنامە» .

لە ساڵی ١٥٣٢دا شاتاماسپ پاش ئەوەی کە شەرەفخانی بە میرمیرانی کوردستان دامەزراند ، شەمسەددینی کوڕی لەگەڵ شادا بۆ ئازەربایجان نـارد .

هەرلەو سەردەمەدا ، عوبێدخـانی ئۆیزبـەگ گەڕی لە خۆراسـان ئاڵاندبوو ، هەر کاوناکاوێ هەڵی‌دەکردە سەری ، شایش خۆی بۆ شـەڕی عوبێدخان ئامادە دەکرد . لەبەر ئەوە وای بە چاك دەزانی کە میر شەمسەددین بنێرێتەوە بۆ ویلایەتی بدلیس . مەترسی بۆ سەر بدلیس‌و ئازەربایجان زۆر جار لە لایەن عوسمـانی‌یەکانەوە ڕووی دەدا ، لەبـەر ئەوە شـا تاماسپ کاغەزێکی بۆ شەرەفخان ناردو سەرسنوورەکانی ئازەربایجانی بەو سپارد . هەروەها شا هۆلهۆل سوڵتانی عەرەبگیرلوو ئووەیس سوڵتان پـازۆکی‌و ئەجەل سوڵتان قاجارو ئەمیر بەگ مەحموودی‌و مووسا سوڵتانی فەرمانڕەوای تەورێزی لە سەرکردانی قزلباش ، بە یاریکاریی شەرەفخان دانابوو .

بە پێی نووسینی بدلیسی ، شا هەر کاتێ پێویست بووبێ ، ئەم میرانەی سەرلەبەر خستوونە ژێر فەرمانەی شەرەفخانەوە (٧٦ ، ٤٣٠ — ٤٣١) .

شا پاش سەروبەرنانی هەموو کارەکانی بەرەو خۆراسان بزووتووە . بدلیسی دەنووسێ : «میر شەمسەددینی باوکم کە ئەم هەموو ڕووداوانـەی بۆ گێڕامەوە ، کاتێ لە تەورێز گەڕایەوە ، شا پێی گوت : «لە شەرەفخان ڕاگەیێنە تا لە خۆراسان دەگەڕێمەوە ، لەگەڵ عوسمانی‌یەکان‌دا بە هـەر

[illegible]

[illegible]

به لەشکرێکی پێنج هەزار کەسی‌یەوە لە دژمنی بەهێز چووە پێشێ • لە شارۆکەی تاتیک‌دا هەردوو لەشکر ڕووبەرووی یەك هاتن • لە تێك گیرانێك‌دا شەرەفخان بریندارکراو برینەکەشی زۆر قورس‌بوو • ئەمیر بەگی مەحموودی کە ئەمەی دیت ملی لە خیانەتکاری نا ، دەگەڵ ئوێلمە تەکەلوو ڕێك‌کەوت‌و بەم جۆرە لەشکرەکەی شەرەفخان تووشی پەرت‌وبڵاوی بووو ئوێلمە بەسەرکەوت .•

بە پێی نووسینی بدلیسی لەم شەڕەدا کە ڕۆژێکی خایاندووە[٢٦] ٧٠٠ کەس لە لەشکرەکەی شەرەفخان کوژراون • لەم کوژراوانە ٥٠٠یان لە نەجیوزادانی ڕۆژەکی بوون (٧٦ ، ٤٣٣) • شەرەفخانی میری بدلیس برینەکەی هێند سەخت بوو پێی مرد • لەمەڕ مەرگی شەرەفخان کە لە مێژووی سیاسیی میرنشینی بدلیس‌دا دەورێکی گەورەی گێڕاوە نەك هەر لە «شەرەفنامە» بگرە لە سەرچاوەکانی دیکەش‌دا زۆری لەسەر نووسراوە (١٠١ ، ٢٨٧ ، ٨٣ ، ٢١) • شەرەفخان سی‌و سێ ساڵی فەرمانڕەوایی کردووە• شەرەفخان لە بدلیس فێرگەیێك‌و زارۆکخانەیێك (خیریة)و چەند دووکانێك‌و تەلارێکی دوو نهۆمی ڕۆناوە[٢٧] •

لە باسی سەردەمی فەرمانڕەوایی شەرەفخان‌دا لە بدلیس ، قسەکانی «شەرەفنامە»و ئەوەی لە سەرچاوەکانی دیکەدا نووسراوە لێك تاق‌وجووت کەوتوون‌و یەك‌ناگرنەوە • بە نموونە شەمسەددین سامیی خاوەنی «قاموس» نووسیویە ، کە ئەم ڕاست‌دەکا[٢٨] ، دەڵێ ، شەرەفخان لە پێشان بووە بە پیاوی سوڵتان سەلیمی یەکەم ، پاشان شا سمایلی یەکەم ، دوواییی لە ساڵی ١٥٣٢دا بووە بە پەیڕەوی سوڵتان سولەیمانی غازی (٨١ ، ١٢٣٩) •

وەکوو لە سەرەوە گوتمان ، چ بە پێی «شەرەفنامە»و چ بە پێی سەرچاوەکانی دیکە شەرەفخان لە پێشان بووە بە پەیڕەوی شاسمایلی

یەکەم ، پاشان سوڵتان سەلیمی یەکەم ، پاشتر سوڵتان سولەیمانی غازیو لە دوادوای تەمەنیدا بوو بە گوێبەفەرمانی شا تاماسپی یەکەم •

قازی ئەحمەدی قەزوینی بە دەم باسی ڕووداوەکانی ساڵی ١٥٣١ کەوە دەنووسێ : «ئوێلمە تەکەلووی میرمیرانی دیاربەکر لەگەڵ فیل پاشادا هەڵیانکردە سەر شەرەفخانی میری بدلیسو عیمادییە کە خەرجو باجێکی زۆروزەوەندەی بە دیوانخانەی شا دەدا» (١٠١ ، ٢٨٦) • گونابادی دەڵێ: «شەرەفخانی کورد کە سەر بە بنەماڵەی سەفەوییان بووو هەموو ساڵێ خەرجوباجو دەسو دیارییەکی زۆری بە خەزێنەی شادەدا ، لە شای ڕاگەیاند کە ئوێلمە تەکەلوو لەگەڵ فیل پاشادا هەڵیان کردۆتە سەری» (١١٣ ، ٢٩٤) •

لە نووسینی ئەم مێژوونووسانە کە هاوسەردەمی شەرەفخانی بدلیسی بوون ئەنجامێکی ئاوها بەدەستەوە دێ کە شەرەفخان پێش ئەوەی ئوێلمە تەکەلووو فیل پاشا هەڵیکەنەسەر ببوو بە گوێ بە فەرمانی دەربارەی سەفەوییان ، کەچی بدلیسی نووسیویە کە : «خەبەری بە سی هەزار کەسەوە هەڵکردنە سەر بدلیس بە سەرکردایەتیی فیل یاقووبەوە شەرەفخانی زۆر نارەحەت کردو هەرچەند دیارییەکی زۆری بۆ سەرای سوڵتان ناردو گوێ بە فەرمانیی خۆی بۆ سوڵتان دەربڕی ، بەڵام هیچ دادی نەداو چیی لێوەچەنگ نەکەوت » (٧٦ ، ٤٢٣) •

ئیدی بەم تەرزە لە نووسینەکەی بدلیسی وا بەدیاردەکەوێ کە شەرەفخان هەر کاتێ مەترسیی دژمن تەنگی پێ هەڵچنیوە ، یا دوودڵیش بوو بێ ، چۆتە پاڵ عوسمانییەکانو بووە بە گوێبەفەرمانی ئەوان ، بەڵام هەرکە بەرەوڕووی مەترسیی عوسمانییەکان بۆتەوە چۆتە پاڵ شا تاماسپو بووە بە گوێبەفەرمانی دەوڵەتی سەفەوی •

بدلیسی بۆ خۆی لە کتێبەکەیدا ئەم مەسەلەیەی بە تێروتەسەلی

ڕوون‌کردۆتــەوە ، دەڵێ : «ئوێلمــە تەکەلوو سەبــارەت بەوە کە لەگەڵ شەرەفخان‌دا دژمنایەتیی هەبوو ، سوڵتـــان غــازیی لە دژڕاست‌کردۆتەوە» (٧٦ ، ٤٢٠ ـــ ٤٢٤) •

لەبەر ئەوە ئەو زانیاری‌یەی لە «شەرەفنامە»دا ، کە یەکە سەرچــاوەی مێژووی کوردە نووسراوە دەبێ بەڕاست‌و دروست بزاندرێ • فرێــچ کە مێژووی میرنشینی بدلیسی پشت بە «شەرەفنامە» نووسیوە ، دەڵێ ، شــا سماییلی سەفەوی یەکەم لە پاش مردنی شەرەفخان (ساڵی ١٥٣٣) خــالید چۆلاقی‌کرد[٢٩] بە میرمــیرانی کوردســتان (٧٦ ، ٣٦٨) • کەچی بدلیسی نووسیویە وەختی خۆی شا سماییلی سەفەوی خالید چۆلاقی لە ساڵی ١٥١٢دا کردبوو بە میرمیرانی کوردستان (٧٦ ، ٤٣٥) • فرێچ لێرەدا نەك هەر بــە ڕاست‌ودروســتی لــەو ڕووداوە کە لــە «شەرەفنــامە»دا نــووسراوە ، وردنەبۆتەوە، بگرە ئەو فەرقی مردنی نێوان شا سماییل‌و مردنی شەرەفخانیشی لە بیرکردووە • چونکە شا سماییلی سەفەوی لە ســاڵی ١٥٢٤دا مردووە ، هەرچی شەرەفخانە لە ساڵی ١٥٣٣دا مردووە • هــەر ئەم مێژوونووســە ڕووداوی ژن‌هێنانی کوڕەکەی شەرەفخانیشی ، کە ناوی شەمسەددینە پشت بە سەرچاوەکەی خۆی بەڕاست‌و دروستی نەنووسیوە • ئەو نووسیویە ، شەرەفخان لە کیژی عەلی بەگی ساسۆنی تەنها هەر کوڕێکی هەبووە کە ئەویش شەمسەددینە • پاشان فرێچ دەڵێ : «ئەم کوڕە لە دوایی‌دا کچی عەلی بەگی حەزۆیی (عەلی بەگی ساسۆنی ـــ ش• م•) هێنا » (٩٧ ، ٣٦٨) •

« شەرەفنامە » خۆی دەڵێ میر شەمسەددین کە کوڕە تاقــانەی مــیر شەرەفخان بووە لە کیژی عەلی بەگی ســاسۆنی بووە • شەرەفخــان کچی محەمەد بەگی حەزۆیی بۆ ئەم کوڕەی هێناوە (٧٦ ، ٤٣٤) •

دەبینی بەم جــۆرە ئەو زانیاری‌یــانەی لە کتێبی «کورد»ی فرێچ‌دا نووسراون لەگەڵ ئەو سەرچاوەیەدا نووسیارەکەی پشتی پێ بەستووە چەند

لێك تاكو جووتن‌و به هیچ جۆری ناچنه‌وه سه‌ریه‌ك .

به پێی هه‌موو سه‌رچاوه‌كانی ئه‌و سه‌روبه‌نده ته‌كه‌لوویی‌یه‌كان كه سه‌فه‌وی‌یه‌كان به كۆمه‌گ‌و یارمه‌تیی وانه‌وه ده‌ستیان به قه‌لفی فه‌رمانڕه‌وایی‌یه‌وه گرت توركمانن (٥٩ ، ١٢٥) . به‌لام كتێبی « مێژووی ئازه‌ربایجان » ده‌ڵێ ، ئولامه‌به‌گ ناوێ (ئوێلمه ــ ش. م.) كه یه‌كێ بوو له میره كۆچه‌ری‌یه‌كانی كورد له ساڵی ١٥٣١دا له دژی شا تاماسپ یاخی بوو (٣٤ ، ٢٥١) . به پێی سه‌رچاوه‌كان ئوێلمه ته‌كه‌لوو به میره‌كورد له قه‌ڵه‌مدان به هیچ جۆرێ ڕاست‌نی‌یه‌و ڕێی تێ ناچێ .

مێژووی دواییی میرنشینی بدلیس به میر شه‌مسه‌ددینی كوڕی میر شه‌ره‌فخان ده‌ست پێ‌ده‌كا . به‌لام فه‌رمانڕه‌وایی میر شه‌مسه‌ددین زۆری درێژه نه‌كێشا . بدلیسی ده‌ڵێ : «میر شه‌مسه‌ددین له پێشان له جێی بابی بوو به فه‌رمانڕه‌وای بدلیس ، به‌لام زۆری پێ‌نه‌چوو له‌تاو بێ به‌زه‌یی سوڵتان سوله‌یمان غازی نیشتمانی خۆی به‌جێ‌هێشت » (٧٦ ، ٤٣٨) .

له «مونشه‌ئاتی سه‌لاتین»دا باس‌وخواسی ئه‌و ڕووداوانه‌ی كه له‌و سه‌رده‌مه‌دا له ناوچه‌كانی بدلیس‌و ئه‌خلات ڕوویان داوه به به‌ربلاوی‌یه‌وه نووسراوه . ئه‌و كتێبه ده‌ڵێ : «له ساڵی ١٥٣٥دا قه‌ڵای بدلیس گیراو غازی قران به‌گ له‌و قه‌ڵایه‌دا دامه‌زرا... هه‌ر له‌و ساڵه‌دا ئولامه (ئوێلمه) پاشا داوای ناوچه‌ی ئه‌خلاتیشی كردو نامه‌ی بۆ ئه‌وێ نارد . دایكی میر شه‌مسه‌ددین ، فه‌رمانڕه‌وای بدلیس كلیلی قه‌ڵاكانی هێنا دای به ئولامه پاشا » (٩٨ ، ٥٩٦) .

كاتب چه‌له‌بی نووسیویه كه : «له‌سه‌رده‌می سوڵتان سوله‌یمان‌دا ئه‌خلات ، كه یه‌كێ له ویلایه‌ته‌كانی كورد بوو گیرا » (١٠٣ ، ٦٩٦) .

باس‌وخواسی له‌ده‌ست میراتگرانی ڕاسته‌قانیی خۆ ده‌رچوونی میرنشینی بدلیس له ساڵی ١٥٣٥داو له شێوه‌ی ویلایه‌تێك‌دا گیرسانه‌وه‌ی به ده‌ستی

دەوڵەتی عوسمانییەوە لە سەرچاوەکاندا زۆرە • ئەم میرنشینە ٤٣ ساڵ (١٥٣٥ ــ ١٥٧٨) بە دەست بیانییەوە بووەو لە ساڵی ١٥٧٨دا ، لەسەردەمی سوڵتان موراد خانی سێیەمدا دراوەتەوە بە شەرەفخانی بدلیسی ، کە نووسیاری کتێبی «شەرەفنامە»یە • مێژووی سیاسیی ئەو سەردەمەی میرنشینی بدلیس تا بڵێی نالەبارو لەکێشبەدەر بووە • بدلیس خۆیو ناوچەکانی ئەخلاتو مووشو خنۆسی سەر بە بدلیس بە دەست قزڵباشان ، تەنانەت بە دەست شەمسەددینی بدلیسی خۆی چەندین جار تالانو بڕۆکراون • (٥٨ ، ٨٣)

شەرەفخانی بدلیسی دەنووسێ ، لەبەر ئەوەی بە دانانی کتێبی «شەرەفنامە»وە سەرقاڵبووە بۆ چاکەی شەمسەددینی کوڕی دەستی لە کاروباری میرایەتی هەڵگرتووە • (٧٦ ، ٤٥٦ ، ٩٧ ، ٣٨) •

هەروەها دەربارەی لە ساڵی ١٥٨٨ ــ ١٥٩٦دا چوونە سەرتەختی فەرمانڕەوایی شەمسەددینی کوڕی میر شەرەفخانی بدلیسی لە «شەرەفنامە»دا زانیاریی زۆر هەیە • بەڵام لەمەڕ مێژووی فەرمانڕەوایانی بدلیس لە پاش شەرەفخان خۆیو هەروەها لەمەڕ میراتگرانی دیکەی شەرەفخان جگە لەسەرچاوەکانی دیکە لە شوێنێکی تر تووشی هیچ باسوخواسێ نایەین • چونکە بدلیسی لە کتێبەکەیدا تەنها هەر باسی شەمسەددین بەگی کوڕە گەورەی دەکا •

ئیسکەندەر بەگی مونشی دەربارەی ڕووداوەکانی ساڵانی ١٦٠٥ ــ ١٦٠٦ نووسیویە ، دەڵێ : «چەند میرە کوردێ هاتوونە دەرباری شا عەباسی یەکەمو بوون بە گوێبەفەرمانی سەفەوییان.• نووسیار دەڵێ ، فەرمانڕەوای بدلیس ، زیائەددین خانی کوڕی شەرەفخانیش لە لایەن شاوە خەڵاتکراو ڕێگەی درایێ بگەڕێتەوە سەر میرنشینەکەی خۆی (٤٧ ، ٧٢١) •

جەلالەددین محەمەدی مونەججیمی یەزدی لەو کتێبەیدا کە ناوی

«تاریخ‌عباسی»یە لە باسی ڕووداوەکانی ساڵی ١٦٠٨دا دەڵێ : «شەرەفخان لەساڵی ١٦٠٨دا دەستەیێ کورد بە سەرکردایەتیی ئایدن بەگی کوڕی بۆ تالآن‌کردنی نەخچەوان دەنێرێ ، بەڵام بۆیان بەسەرناچێ» (٥٧ ، ٢٧٨) •
بێ‌گومان ، دوور نی‌یە ئایدن بەگ ، کاتێ شەرەفخان فەرمانڕەوای ئەو ناوچەیە بوو ، لەگەڵ ئەو ناوچەیەدا ئاشنایەتیی پەیداکردبێ‌و سەرکردایەتی‌کردنی ئەو دەستە کوردەی کە نیازی تالآن‌کردنی نەخچەوانیان هەبووە ، لە لایەن سوڵتانی عوسمانی‌یەوە پێی سپێردرابێ •

ئیدی بەم جۆرە بە پێی سەرچاوەکان ، جگە لە شەمسەددین کە شەرەفخانی بدلیسی خۆی لە «شەرەفنامە»دا باسی کردووە ، وا دیارە دوو کوڕی دیکەیشی بە نێوی زیائەددین خان‌و ئایدن بەگەوە هەبوون‌و ئەم ڕاستی‌یەشمان بۆ ئاشکرا بوو • ئیسکەندەر بەگی مونشی دەنووسێ ، تەکەلوو پاشا (محەمەد پاشاشی پێ‌دەگوترێ)ی بە ١٢ هەزار شەڕکەری کوردەوە هەڵی کردۆتە سەر ئازەربایجان • ئەو دەڵێ : «زیائەددینی کوڕی شەرەفخانی فەرمانڕەوای بدلیس کە یەکێ لە میرە کوردەکان بوو بە گوێی پاشای نەکردو بێ ئەوەی‌ئیزنی لێ‌وەربگرێ بۆ سەر میرنشینەکەی گەڕایەوە» (٤٧ ، ٩٢٣ ، ٦٩ ، ٢١٠) •

ژان باتیست تاڤێرنێ دنیاگەڕی فەرەنسزی کە لە پاشان لە کوردستان گەڕاوە لە یادداشتەکەی‌دا کە بە ناوی «سفرنامه تاڤیرنه» وەی نووسیوەو بۆخۆی بە شەخسی بە دیداری میری بدلیس گەیشتووە زۆری لەمەڕ میرنشینی میری بدلیس نووسیوە ( بڕوانە : گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق دەستەی کورد ، ساڵانی ١٩٧٨ — ٧٩ — وەرگێڕ) تاڤێرنێ لەبارەی بەدیدار گەیشتنی میری بدلیس‌و دیاری بەیەکدی پێشکێش‌کردن‌و پێکەوە قاوەخواردنەوەی بە دوورودرێژی دوواوە (٧٣ ، ٢٨٠) • کەچی ئەم گەڕیدە ڕۆژاوایی‌یە ئەم سەروبەندە (١٦٣٢ — ١٦٦٦) ، واتە ئەو کاتەی بۆ میرنشینی

بدلیس چووه ، ناوی فەرمانڕەوای ئەم میرنشینەی نەنووسیوە ، بەڵام ئێمە ئەم باس‌وخواسە لە گەشتنامەکەی گەڕیدەی تورکی بەناوبانگی سەدەی ١٧ هەم ، ئەولیا چەلەبی‌دا بە دوورودرێژتر دەتوانین بخوێنینەوە • بە پێی نووسینی ئەم نووسیارە فەرمانڕەوای میرنشینی بدلیس لە نێوەندی سەدەی ١٧ هەم‌دا ئەبداڵ خان بووە (٢) • ئەم نووسیارە بۆ خۆی بە شەخسی لە موسادەرەکردنی سەرتۆپی دارایی‌و شمەکی ماڵی ئەبداڵ‌خان‌دا لە لایەن ئەحمەد پاشای والیی وانەوە بەشدار بووەو لەم بارەوە باس‌وخواسی سەیری نووسیوە (٤٨ ، ٢١٩) •

محەمەد مەردۆخی کوردستانی کە یەکێ لە مێژوونووسانی هاوچەرخە، دەڵێ ، لە ساڵی ١٨٣٣دا شەرەفخانی میری بدلیس لەدژ تورکیا (دەوڵەتی عوسمانی — وەرگێڕ) ڕاپەڕینێکی گەورەی کردووەو داوای سەربەخۆیی دەکرد (١١٤ ، ٦) •

ڤ• نیکیتین بە دیاری‌دەخا کە میرنشینی بدلیس لە سەدەکانی ١٦ — ١٧ و ١٨دا ناوبەناو سەر بە عوسمانی نەبووە • تەنانەت لە نێوەندی سەدەی ١٩ هەم‌دا حوکوومەتی عوسمانی کاتێ ویستی میرنشینەکانی کوردەواری هەر بە جارێ هەڵگرێ ، لە پێشان ( لە ساڵی ١٨٤٩دا ) شەرەف بەگی میری بدلیسی بۆ ئەستەمبووڵ بردو پاشان میرنشینی بدلیسی بە حوکوومەتی عوسمانی‌یەوە بەست (٢٣ ، ٢٤٨) • بە پێی نووسینی مێژوونووسانی ئەم دوایی‌یانە میرنشینی بدلیس هەمان ساڵ لە لایەن جێگرانی شەرەفخانەوە بە نیوە سەربەخۆیی بەڕێوەبراوە •

ئێمە باس‌وخواسی دوامێژووی ئەم‌میرنشینە دەتوانین لە کتێبەکەی محەمەد مەردۆخ‌دا بخوێنینەوە • ئەو نووسیویە ، لە ساڵانی ١٩١٣ — ١٤دا لە ویلایەتی بدلیس یاخی‌بوونێ بە سەرکردایەتیی مەلاسەلیم‌و شەهابەددینەوە دەستی‌پێ‌کرد ، بەڵام هێزی چەکداری حوکوومەتی عوسمانی یاخی‌بوونەکەی سەرکوت‌کرد • مەلا سەلیم لە بدلیس پەنای وەبەر کۆنسولگەریی

ڕووس‌برد • کاتێ شەڕی گەورەی جیهـان دەستی‌پێ‌کرد هێزی تـورك دەرفەتی هێنا ، کۆنسولگەریی‌یەکەی تالآن کردو مەلا سەلیم لە سێـدارە درا (١١٤ ، ٩) •

ئا بەم ڕەنگە ، مێژووی سیاسیی میرنشینی بدلیسیش وەك مێژووی میرنشینەکانی دیکەی کورد بە درێژاییی سەدەکان بووە بە مێژووی خەبات‌و تێکۆشان لە پێناوی سەربەخۆیی‌دا • بێ‌گومان ئەم خەبات‌و تێکۆشـان‌و شەڕوشۆڕانە یەکێ لەو هۆیانەیە کە بارودۆخی ژیانی ماددیی زەحمەتکێشانی میرنشینی بدلیسی نالەبارو سەخت کردبووو لەپێش سەربەخۆ گەشەکردنیان‌دا ببوو بە کۆسپ‌و هەڵەموت • هەر لە سۆنگەی ئەمە بوو کە مـیرنشینی بدلیسیش بە دەردی میرنشینەکانی دیکەی کورد چـووو سەرەبەخۆییی خۆی لەدەست‌داو بوو بە یەکێ لە ویلایەتەکانی تورکیـا •

**دەستووری فەرمانڕەوایی‌و کاربەڕێوەبردنی میرنشینەکە :**

لە سەدەکانی ١٥ ــ ١٦دا خانەدانێتیی ( وەجاغلق ) کە وەك لە هەموو مـیرنشینەکانی کـوردەواری‌دا بـاوبووە لـە مـیرنشینی بتلیسـیش‌دا کاربەدەستایەتی‌یەکی بەرزو زەوی‌وزارێکی تایبەکاری فەرمـانڕەوای ئـەو سەردەمە بووەو پشتاوپشت لە باوکەوە بۆ کوڕ بەجێ‌دەما • کە باوك دەمرد ئەم کاربەدەستایەتی‌یە بە کوڕە گەورەی دەسپێردرا • ئەم کارە لە بەڕێوبردنی میرنشینەکەدا بە وردی جێ‌بەجێ‌دەکرا • کە فەرمانڕەوایێکی تازە دادەنـرا ، فەرمـانڕەواکە بۆ خۆی لەو گەنم گردی‌یە بەتەتنەتەنەو سەنسەنەیەدا کـە نەجیوزادانی هۆزەکان دەیان‌گێڕا بەشداری‌یان دەکردو سەرلەبەری ئەندامانی هۆزەکان بەدەست ماچ‌کردنی فەرمانڕەوای نوێ گوێ‌بەفەرمانیی خۆیـان دەردەبڕی‌و پیرۆزبایی‌یان لێ‌دەکرد •

وەزیفەی بەرزی فەرمانڕەوایی پێشان بە سەرکردە شـەڕکەرەکان ،

پاشان بەو نەجیوزادە کوردانە دەدرا کە لە شەڕدا بەسەر تیرەو هۆزە کوردەکانی دیکەدا سەردەکەوتن . ئەم پایەومایەیەش تەنها بەر نەجیوزادانی ئەو تیرەو هۆزانە دەکەوت کە لە هەموو سەرێکەوە ، لەچاو تیرەو هۆزەکانی‌تر لە سەرووترو لەبەرترو زەبردەست‌تربوون ، هەرلەبەر ئەمەیە کە هۆزی ڕۆژەکی کە زۆربەی نیشتەنی‌یانی میرنشینی بدلیسیان پێك دەهێنا بە درێژاییی چەندین سەدە هەر ئەوان فەرمانڕەوای بدلیس بوون .

ئەم جۆرە تیرەو هۆزە بەهێزانە لە نێو کورددا عەشیرەتیان پێ‌دەگوترا . لەبەر ئەمە سەرۆکەکانی ئەو وردە تیرەو هۆزانەی لە چوارچێوەی میرنشینەکەدا بوون مافی ڕادانیان تەنها بۆ ئەندامانی هۆزەکانی خۆیان هەبوو ، بەڵام سەرۆکی عەشرەتە گەورەکە مافی ڕادانی بۆ هەموو تیرەو هۆزەکانی ژێردەستی هەبوو ، واتە ئەم دەستی بەسەر هەموویاندا دەڕۆیشت . هەر بۆیەکە ئەم جۆرە سەرەك‌هۆزانە لە ژیانی نەتەوەی کورددا دەورێکی گەورەیان دەگێڕاو دەیان‌توانی بە هەر لایەکیاندا ئارەزوو لێ‌با ، ڕایان‌بدەن .

ئیدی بەم جۆرە دەبینین بنەمای کۆمەڵایەتیی میرنشینی پادشایەتی بابەتی ڕەهای بدلیس سەرکردەی تیرەو هۆزە جۆراوجۆرەکان‌و بەتایبەت ئەندامانی ئەو تیرەو هۆزانە پێکیان دەهێنا . هەرچی دەزگای بەرزی فەرمانڕەوایی‌و کاربەڕێوەبردن بوو بریتی بوو لە کۆڕێ کە بە بەشداری‌کردنی نەجیوزادانی تیرەو هۆزەکان پێك دەهات . لەم کۆڕەدا تەنها هەر نەجیوزادان مافی بەشداری تێداکردن‌و ڕاوێژکردن‌و ڕادانیان هەبوو . چینی فرەوانی زەحمەتکێشی هۆزەکان لەم مافە بێ‌بەش بوون . وا باو بوو فەرمانڕەواکە هەر خۆی دەبوو بە دەمڕاستی کۆڕەکەو ئەو ڕێبەرایەتیی بۆ گرتنی کۆڕەکە دەکرد کارێکی دەخرایە پێشی کات‌و کارنامەی بۆ دیاری نەدەکرا . کۆڕ بە فەرمانی فەرمانڕەوا دەگیرا ، کاری لە جۆری شەڕجاڕدان‌و پەیمانی ئاشتی بەستن کە سەروکاری بە مردن‌و ژیانەوە هەبوو ، دەخستە ڕاوێژو

وتوویژەوە (٧٦ ، ٤٢١ ــ ٤٣٣) • هەر بڕیـاریّ لەو کۆڕەدا درابـا دەبوا ئەندامانی هۆز سەرلەبەر بە ناچاری جیّبەجیّی کەن • تەنانەت زۆر کاری وا هەبوو فەرمانڕەوا گوێی بە کەس نەدەداو هەر بۆ خۆی بڕیاری لەسەردەداو جیّبەجیّی دەکرد • بینباشیو کاربەدەستی گەورەی دیکە فەرمـانیان لـە فەرمانڕەوا خـۆی وەردەگرت • بۆ نـاوبژیکردنو نێـوان سازانـدانی کوێخادیّو خەڵكوخوای دیکەی گونـدان لە کاتی نێـوان تێکچـوونو شەڕوهەرادا پیاوی کاربەدەستو خەرجوباجگری هەبوون • لە سەدەکانی ١٥ ــ ١٦دا لە میرنشینی بدلیسدا دەستوورێکی ئاوها بەڕێوەدەبرا • هێزی چەکداری میرنشینەکە ئەندامانی ئەو تیرەو هۆزانە پێکیان دەهێنا کە سـەر بە میرنشینەکە بوون • هێزی چەکداری هەر تیرەیێ نەجیوزادەی تیرەکـەی خۆی سەرکردایەتیی دەکرد ، بەڵام سەرلەبەری هێزی چەکداری میرنشینەکە، میر بۆ خۆی سەرکردایەتیی دەکرد • ژمارەی هێزی چەکدارانی میرنشینی بدلیس بیّ سنوور بوو • چونکە لە کاتی شەڕدا هەر مەترسییێك هەڕەشەی لە میرنشینەکە دەکرد ئەندامانی تیرەو هۆزەکان بەوردو درشتیانەوە ، وەك تاکە کەسیّ هەڵدەستان • لە باری وادا مەلاو فەقیّو تەنانەت ژنانیش دەستیان دەدایە چەكو داکۆکییان لە میرنشینەکەیان دەکرد •

بە پێی «شەرەفنامە» ڕووداوی وا لە مـیرنشینی بدلیس زۆر جـار ڕوویداوە (٧٦ ، ٣٤٥) •

هێزی چەکداری میرنشینەکانی کورد پێش ئەوە چەکی ئاگرداریان وەچەنگ کەویّ زۆریان کەڵك لە چەکی ساردی وەك شیرو مەتاڵو نێـزە وەردەگرت • کورد نێزەی لە چەکی دیکـە لە سـەرووترەوە دادەنـا • نەجیوزادەو میرانی کورد زۆر جار هەر بۆ جوانی هەڵیاندەگرتو خۆیـان پیّدەڕازاندەوە • بەڵام پاشان کورد کەڵکی لە چەکی ئاگردار وەرگرت • وەك بدلیسی نووسیویە ، شەرەفخانی مـیری بدلیس لە سـاڵی ١٥٣٢دا

ڕۆستەم بەگی میری حەکاریی بە تفەنگ کوشتووە (٧٦ ، ٤٣٦) •

ئیدی بەم جۆرە فەرمانڕەوایی وردە دەرەبەگی ڕەهای کورد لە بدلیس ، لە سەدەی ١٥ ـ ١٦ هەمدا هاتبووە گۆڕێو لە سەرێکەوە سەربەخۆیی پشتاوپشت بۆ بەجێماوی فەرمانڕەوای دەپاراستو لە سەرێکی دیکەوە ئەندامانی تیرەو هۆزەکانیشی لە مەترسی دەپاراست لەبەر ئەوە ڕێز لە فەرمانڕەواگرتنو گوێبەفەرمانیی میرو خودانی ئێلو عەشیر شێوەی پەرستنێکی تایبەکاری بەخۆوە دەگرت • هەر لە سۆنگەی ئەمەیشە کە لەچەرخو چاخەکانی دوایی‌دا هەر ئەو فەرمانڕەوایانە بۆ خۆیان نێوی شێخو مەلایان لە خۆ ناوەو دەسەڵاتی سیاسیشو دەسەڵاتی ئایینیشیان لە دەستیاندا یەکخستووە •

بنەڕەتی میرنشینەکە لە کەڵەکەبوونی سەروەتو سامانێ پێکدەهات کە بە شێوەی ملکایەتیی تایبەکاری زەویوزاری وردەدەرەبەگو داوودەستووری چەوساندنەوە کە ، کە بەو شێوە ملکایەتی‌یە پشت ئەستووربوو ، یا وەك ڤ• ی• لینین بڵێین ، بە « چەوساندنەوەی چینی چەوسێندراو » کە ئاغاکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان لێیانباردەکردن ، دەبوو شەڕوشۆڕیشیان بۆبکەن •

بنکەی ژین

## پەراوێز

( تێبینی : هەر پەراوێزێ بە ناوی «م. جەمیل»ەوە نووسراوە ، بە کوردی‌یەکەی خۆیەتی ، بە کوردی‌یەکەی وەرگێڕ نی‌یە ) .

(١) ئەمیر شەرەف نووسیویە : «جانپۆلاد ماوەی تەمەنی لە ٩٠ ساڵ تێپەڕی‌و گەیی‌یە دەوروبەری صەت ساڵ . وەك وتراوە ، لە منداڵانی نێرینە (٧٠)ی هەبوون . بەشی زۆریان پاش ئەوەی بارِبوون هەر بە گەنجی گیانیان سپاردووە» (٢٩٢) . شەرەفخان باسی ئەوەی نەکردووە لە شەڕوشۆڕدا کوژرابن ، کە شەمسی محەمەد ئەو بە نموونە دێنێتەوە (ڕۆژبەیانی) .

(٢) لە «شەرەفنامە»دا بەم جۆرەیە «شاه طهماسپ خۆیشی نزیکەی بیست‌وسی کەسێکی لە دەرباریانی تیرەکە کوشت» (٤٠٣) (ڕۆژبەیانی) .

(٣) «خەڵکێکی زۆر لە کوردی چەمەشکەزەك ... دوورخرانەوە» ئەم قسانە لە شەرەفنامەدا نی‌یە (ڕۆژبەیانی) .

(٤) لەبەر ئەوەیان غازی یا قانوونی‌یان پێ‌گوتووە ، چونکە لە سەرەتای سەردەمی فەرمانڕەیی‌دا بڕێ یاساو دەستووری تازە داندراون ، بڕوانە : (٧٤ ، ١٣) .

(٥) ( حەزۆ ) ساسۆنیشی پێ‌دەگوترێ . بڕوانە : ( ٧٦ ، ٦ ) .

(٦) «بەڵێن‌و گفتێکی چەوری بە ئیبراهیم بەگ‌و قاسمدا ...» ئەم عیبارەتە لە شەرەفنامەدا بەم جۆرەیە : «کە قەڵاکانی ئیبراهیم بەگ‌و برای گەمارۆدران ، ئیبراهیم قاسم بەگی برای نارد کە داوای ئاشتیی لێ‌بکات . قاسم چووە لای خوسرەو پاشاو داوای لێ‌کرد دەوری قەڵاکە بەربدەن . خوسرەو پاشا بەڵێنی دایێ بەو مەرجەی ئیبراهیم بەگ خۆی بدا بەدەستەوە ، ئنجا ئیبراهیم ئەمیر خانی برای نارد ، بەڵام خوسرەو پاشا بە فەرمانی سوڵتان ، قاسم بەگی کوشت‌و فەرمانی دا ئەمیریش بکوژن ، ئەمیر هەواڵی بیست‌و خۆی گەیاندە (حەکاری)و پاشان کەوتە شەڕەوە ، ئنجا بەرەو لای صەفەوی‌یان هەڵات . پاش چەند ساڵێ دووبارە پەنای هێنایەوە لای سوڵتان سولەیمان (٥٦٧ ــ ٥٧٠) (ڕۆژبەیانی) .

(٧) ئەو سەردەمە فەرمانڕەوایی لە لوڕستاندا بە دەست تیرەی کوردەوە

بوو . بڕوانه : (١٠٠) .

(٨) عوسمانییەکان بە سەرۆکی پەلی ئینزیباتییان دەگوت (میرلیوا) .

(٩) خەروار نزیکەی (١٢٠٠) کیلۆگرامە .

(١٠) سوڵتان محەمەدی سێیەم تاد ...
ئەم باسە لە شەرەفنامەدا نییە ... ئەوەی کە سوڵتان محەمەدخانی سێیەم کوشتی «فەرهاد پاشا» بوو نەوەك «ئیبراهیم پاشا» بڕوانە : ( قاموس الاعلام : سەرگوزەشتی سوڵتان محەمەد خانی سێیەم ) .

(١١) ئۆروج بەگی بەیات ئەم قەڵایەی بە ناوی « کاردوکیان »ەوە نووسیوەو دەڵێ یەکێکە لە قەڵا کۆنەکانی کوردەواری . بڕوانە : (٤٦ ، ١٠٥) .

(١٢) «شەرەفنامە» دەڵێ : «چوار هەزاری خەڵکەکەی ... ئەرمەنی بوون» هەواڵی وەها لە شەرەفنامەدا نییە . ناوی ئەرمەنی لەم لاپەڕەیانەدا هاتووە : (٤٤٧ ـ ٤٥٤ ـ ٤٦٢ ـ ٤٦٤ ـ ٤٩٦) ، بەم جۆرە :
١ ـ دانیشتوانی شار زۆریان ئەرمەنین .
٢ ـ لە دەوروبەری (ئەخلات) سەت ماڵێ ئەرمەنی لە گوندەکانا نزیك بە یەکن .
٣ ـ لە خود شاری بتلیسدا بیست خێزانی ئەرمەنی لە بەشی وەقفدان .

(١٣) شەمسەددین سامی نووسیویە «ئەم میرنشینە ١٧٢ گوندو سێ هەزار کەس بووەو سێ یەکێکی خەڵکەکەش ئەرمەنی بوون» ئەم هەواڵە دوو هەڵەی تێ کەوتووە :
١ ـ شەمسەددین سامی نووسیویە : دانیشتوانی شاری بتلیس (١٥) کەسن . دوو بەشیان کوردن‌و سێ یەکیان ئەرمەنین .
٢ ـ سەرژمێری قەضای بتلیس (٣٠) هەزار کەسە . بەشی زۆریان کوردی موسوڵمانن‌و ١٧٢ گوند سەر بەوێن ، (١٢٣٩/٢) .

(١٤) سەردەمانێ بە سەرۆکی بنەماڵەی ساسانییان دەگوت کیسرا . خوسرەو ئەنوشیروانیش لەم بنەماڵەیەیە .

(١٥) باسی سوڵتان جەلالەددین دوورودرێژ لە کتێبی «جهان‌گشای جوینی»دا هاتووە ... هەروەها «ابن‌الاثیر» لە «الکامل»دا نووسیویە : جا بۆ ڕاستی : «جەلالەددین هەرگیز نەبووە بە زاوای «مەلیك ئەشرەف»» .. بەڵکو هەردوکیان بەرودوا لەو لایەنەوە ـ کە داوێن پیسی پێ‌دەوترێ ـ کاری خراپیان دەربارەی یەك کردووە ، ئەگەر (ئەشرەف) ڕاست بێ ( مووسا کوڕی مەلیك عادیلی ئەییووبی ) ناوی براکانیشی «نجم‌الدین»و « غازی » بووە . ئەم ئەشرەفە خاوەنی هەموو «جزیر» بووە تا «حەڵەب» . بەڵام ئەگەر وەکوو «ئەمیر ئەشرەف» خۆی لاف لێ‌ئەدا ، ئەم ئەمیر ئەشرەفە بتلیسی بووبێ‌و براکەی ناوی «مجدالدین» بوو بێ .. ئەوەیان لە هیچ سەرچاوەیێکی مێژووی ترا پاڵپشت نەکراوە . لەم گیروداوانەشا تەنیا

دوو جار ناوی «بتليس» هاتووه :

١ ــ حاجب حسام‌الدين علی حمادی خەڵكی موصل ، كە لە بنەڕەتا بە بنەماڵەی «طغان ارسلان» بە ناوبانگ بوون ئەمە سەرداری بتليس بووه .

٢ ــ ئنجا «بكتمر» سەيفەددين ، خێوی (خەلات) لێی داگيركردووه ، بەڵام ئەوەی كە ئەمين زەكی بەگ دەڵێ : دەبێ يەكەم ئەميری بتليس «عيزەددين عومەر حەكاری» لە فەرماندەكانی ( مەليك ئەشرەف ) بوو بێ . شتی وەها لە «الكامل» نی‌يە .

(١٦) باسەكەی «حاج شەرەف بتليسی» لە كتێبەكەی «شەرەف عەلی يەزدی»دا چاپی ئوزبەگستان لاپەڕە ( A ٢٥ ــ ٥٣٧ ) بەم جۆرەيە : «ئەمير تەيموور وڵاتەكەی شەرەفخانی بە هەموو سەربەوێو دەوروبەريەوە دايەوەو شيرو كەمەری زێڕيشی خەڵات كرد » .

«شەرەفنامە» كە باسی ( ضياءالدين )يش دەكا وا دياره : ئەمير ضياءالدين كوڕی شەرەفخان بووبێو لە خزمەت باوكی‌دا چووبێ بۆ ديتنی ئەمير تەيموور ، بەڵام (عەلی يەزدی) لەبەر ئەوەی لە خزمەت باوكی‌دا بووه ، ناوی نەبردووه . (ڕۆژبەيانی) .

(١٧) خوندەمير ناوی بدليسی بە « بيلبيس » نووسيوه ، كەچی « بيلبيس » لە كوردستان ناوی گوندێكە لە ويلايەتی حەكاری . بڕوانە : (٧٦ ، ٣٥٨) .

(١٨) بۆ زێدە زانياری وەرگرتن لەمەڕ سيورغال بڕوانە : (٢٤ ، ٦٤٥ ــ ١٨٣) .

(١٩) ئەسكەندەری قەرەيوسف هاتە « باكەش » .
دەبێ هەڵەبێو ( باكری )بێ كە شارێكە سەر بە ( ئەخلات ) .
( ڕۆژبەيانی )

(٢٠) شەرەفخان باپيری نووسياری «شەرەفنامە»يەو باوكی ناوی شەمسەددين خانە .

(٢١) لەبارەی ژن‌دانی قەرەيوسف بە ئەمير شەمسەددين ، عەرەبی‌يەكەی كتێبەكەی ئەمين زەكی بەگ هەڵەی تێداپەيدابووه ، لە كوردی‌يەكەدا بەم جۆرەيە : «قەرەيوسف ئەميری قەرەقۆيونلی كە لە ترسی ئەمير تەيموور گورگان فيراری كردبوو ، گەڕايەوە كوردستان‌و التحاقی كردە ئەمير شەمسەددين بتليسی‌و كچەكەی خۆی لێ‌مارەكردو بە يارمەتی ئەو سەرلەنوێ حوكومەتێكی دامەزراند تاد . ب١٥٧/١ ، كوردو كوردستانی ئەمين زەكی . بەڵام دەبوايە «ڕەشيد ياسەمی» كە لە عەرەبی‌يەكەی ئەمين زەكيی وەرگرتووه ، هەروا ئەوانی تری بە هەڵەدا نەچن ، چونكە قەرەيوسف لە فەرمانەكەيا بە ئەمير شەمسەددين دەڵێ : «كوڕی خۆشەويستم» ئەگەر زاوای نەبوايەو خەزووری بوايە دەيوت : خەزوورم ، ياخۆ مامم ... (ڕوژبەيانی) .

(٢٢) « محەمەد ئەمین زەگی » بەگیش هەروا بە هەڵە (شاه خاتوونی) لەباتی (شاه خانم) نووسیوە ئەمە دیسان هەڵەیە . لە کتێبەکانی ئەمین زەکی بەگدا کوردی‌یەکانو تەرجەمە عەرەبی‌یەکان ناوی (شـاه خـاتون)و (شاهم خاتون) نەهاتووە .

(٢٣) ئەم قسەیە هەڵەیە . لە «شەرەفنامەدا» بەم جۆرەیە : ... کەوتە دەس عەبدورڕەحمان ئاغای قەوالیسی‌و ئاغـاکانی تری ئـەو عێلـەو ئەمیر شەرەفەددین ــ کە لە سەردەمی میرێتیی ئەمیر شـاه محەمـەددا لـە «ئەروخ»ی سەربە بۆتان (بوختی)ەوە هێنرابۆوە ، بە پێی پەسندی پیـاو ماقوولانی ڕۆژەکی لە ناوچەی مووش کردبووی بە نائیبی خـۆی ــ کە ماوایێکی کەم بەم جۆرە ڕابورد ، شێخ ئەمیر بلباسی بە تیرەو عێلەکەی خۆیەوە دژی «عەبدورڕەحمان ئاغا»و کۆمەکی قەوالیسی خۆی گەیاندە خزمەت ئەمیر شەرەف . پاشان بە هۆی دوو زمانی‌و بشێونەنـانەوەی بەدزمانانەوە شیرازەی دۆستایەتی‌و خۆشەویستی لە نێوان ئامۆزاکانـا پچڕاو بوو بە ناخۆشی . جا ئیبراهیم‌و عەبدورڕەحمان ئاغا ویستیـان ئەمیر شەرەف لە مووشەوە تاد ... » (ڕۆژبەیانی) .

(٢٤) لە گەلێ سەرچاوەکانی سەدەی ناوەندا سوڵتانەکانی عوسمانی نێویان بە « خۆندکار » نووسراوە .

(٢٥) « بە پێی نووسینی بدلیسی لەم شەڕەدا کە ڕۆژێکی خایـاند تاد ... » عیبارەتەکەی «شەرەفنامە» بەم جۆرەیە : «لـەو ڕۆژەدا نزیـکەی ٧٠٠ صەت کەس لە گەنجانی خەنجەروەشێن‌و ئازایانی دوشمن شکێن نابووت بوون» (٥٥٨) (ڕۆژبەیانی) .

(٢٦) «... شەرەفخان لە بتلیس فێرگەیێك تاد ... »

ڕاستی‌یەکەی :

«شەرەفخان هەر لە بتلیسدا مزگەوتێك‌و فێرگەیێك‌و خانەقایێـکی جوانی (زاوية) بەناوی «شەرەفیە» دروستکردووەو قەیسەری‌یـەك‌و خانوویێـکی دوو نهـۆمی زۆر گەورەی بەرپـاکردووەو گەلێ گونـدی چوانکیلەو زەوی‌وزارو دووکان‌و ئاشی کردووە بـە وەقـف » (٥٦٨) ( ڕۆژبەیانی ) .

(٢٧) ئەم قسە هەڵەیە . شاه سمایل (٩١٢ك = ١٥٠٧ز) لەسەر تەخـت دانیشتووەو سوڵتان سەلیم (٩١٨ك = ١٥١٢ز) ، شەرەفخان‌و هەموو سەردارانی کورد سـاڵی (٩١٣ك = ١٥٠٨ز) ، چـوون بۆ پیرۆزبـایی شاه سمایل‌و ددانی ناوە بە میرێتی (شەرەفخان)داو زۆر جێگەی تری خستۆتە سەر بتلیس . پـاش ئەوە ئینجـا هەمـوو مـیرانی کوردی بانگ‌کردۆتە تەورێزو لە ڕکی ئەوەی لە کاتی خۆیـا مەلیـك خەلیـلی حیصن‌کیف خوشکەکەی داگیرکردبووو مارەی کردبوو ، هەموو سەرانی

کوردی خستە زینداڕو بەر لە شەڕی چاڵدیران زۆربەیانی بەردان ، تەنیا شەرەفخانو مەلیك خەلیلی هێشتەوە ، تا بە هۆی شەڕی چاڵدیرانەوە ڕزگاربوون لە زیندان ... شەمسەددین سامی جگە لەوەی ئەم هەڵەیەی کردووە (وڕاستناکا) هەروا ناوی (شەرەف)ی ناوە (شەریف)و ئەم باسەی لە ناوی (بتلیس)دا هێناوە ، نەك لە سەرگوروشتی (شەرەف)دا. (ڕۆژبەیانی) .

(٢٨) فریچ کە ئەڵێ : «خالید چۆلاق کرا بە میری‌میرانی کوردستان» ئەمە ڕاستە ، بەڵام لە سالانی ٩١٢ – ٩١٣ك ١٥٠٧ – ١٥٠٨زدا ، نەوەك (١٥٣٣) ، چونکە چۆلاق خالید لە شەڕی چاڵدیراندا (٩١٨ – ٩٢٠ = ١٥١٢ – ١٥١٤) کوژراوە .

(٢٩) میرنشینی حەزۆ ، میرنشینی ساسۆنیشیان پێ‌دەگوت . جا عەلی بەگی ساسۆنی ، هەر عەلی بەگی حەزۆیی خۆیەتی .

**ملخص البحث :**

بين يدي القارىء الكريم الترجمة الكردية للجزء المتبقى من القسم الثاني والفصل الثالث من أطروحة الدكتوراه المعنونة (تاريخ الكرد في القرن السادس عشر – كتاب «الشرفنامة» مرجعاً لتاريخ الشعب الكردي) للدكتور المغفور له شمسي محمد اسكندر وهو عالم آذربايجاني سوفيتي حاز على درجة الدكتوراه في أكاديمية العلوم لجمهورية آذربايجان السوفيتية – معهد شعوب الشرقين الأدنى والأوسط .

وقد تناول في هذا الفصل :

١ – وثبات العشائرية الكردية في القرن السادس عشر .

٢ – امارة بدليس على اساس «الشرفنامة» في القرنين الخامس عشر والسادس عشر .

# خـۆ

# لە تەرازووی زمـانـدا

**دوکتۆر نەسرین فەخری**

زانستگەی پەروەردە زانکۆی بەغدا

بێ گومان کە دەڵێین (ڕاناو) ، یان کە زاراوەی (ڕاناو) بەر گوێمـان دەکەوێ یەکسەر سەرنجمان بۆ (راناوی کەسی) دەچێو هەر ئەو کۆمەڵە ڕاناوەمان دێتە بەر چاو ، لە کاتێکدا ئەگەر بە تەواوی وشـە بناسینو لـە عاستی (بەشەکانی ئاخافتن)دا بوەستین کە (وشە)یەو لە هەر یەکـە لـەو (حەوت بەشە ئاخافتن[1])ە بگەینو تایبە تێتیی بزانین ئەوە لەم بەشە وشەیەش دەگەین بە باشی وەك وشەو ڕاناوێکی سەربەخۆ ، هەروەها ئەو ڕاناوانەش (( PRONOUN )) لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکەین بەپێی تایبەتیـیەك ، کە هەر بەشە لەوی تر جوادادەکاتەوە ، هەر بەو پێیەش دەوری بەشە ڕاناوە تۆمار دەکەینو خۆی دەستنیشان دەکەین لە زماندداو دەریدەخەین کـە هیچ بەشێکی تر ناتوانێ بە ئاسانی جێگەی بگرێتەوە ، بۆ ئەم ڕاستییەش ئەگەر لەجێی لای‌دەین ، یان هەوڵبدەین بە جۆرە وشەیەکی تر کـە ئـەو شوێنە پڕ بکەینەوە با لە (جنسی) خۆشی بێت ، بێ گومان گۆڕینی بەسەردا دێ ، جا ئەو گۆڕینە هەر چەندەو هەر چۆنێك بێت •

جا لێرەدا مەبەستمان لەم پێشەکییە سەرنج ڕاکێشانە بۆ وەستان لـە عاستی هەر وشەو بەشە وشەیەك کە لە زماندا بە بێ سوود نەهاتۆتە کایەوە، چونکە گرنگی لە بچووکیو گەورەیی ، یان کەمو زۆری بەکارهێناندا نییە، ئەوەندەی کە لە کاتو شوێنی خۆیدا دەوری خۆی دەبینێ •

جا یەکێك لەو بەشە وشانە ( خۆ )و (ڕاناوی خۆیی)یە. لەم زمانەدا ، کە ( ڕاناوی کەسی ) باڵی خۆی کێشاوە بەسەر ئەم ڕاناوەو ڕاناوەکانی دیکەدا ، لە کاتێکدا ئەگەر هیچ نەکەین و بە هیچ جۆرێك خۆمان ماندوو نەکەین ، بۆ گەیشتن بەم ڕاستی‌یە ، بەڵکو تەنیا گوێی خۆمان ڕایەڵ کەین بۆ گفتوگۆی خۆمان و ئەوانەی وتووێژیان لەگەڵدا دەکەین بە درێژایی ڕۆژ – بەپێی پێویستی و کاری ڕۆژانەمان – بۆ ئەوەی بزانین ڕۆژی چەند جارو بە چەند جۆرو بۆ چەند مەبەست ئەم ( خۆ )یە بەکاردەهێنین ، ئەوسا بێ گومان سەرسام دەوەستین :–

١ – لەبەر زۆر بەکارهێنانی .

٢ – لەبەر پشت گوێ‌خستن و هەست‌نەکردن پێی ، لە کاتێکدا کە پێویستە ئەو مافەی بدرێتێ کە ( پڕ بە پێستی خۆی بێ ).

جا ئەگەر تەنیا گوێ‌شل کردن بۆی بمان گەیێنێ بەم ئەنجامە – ئایا شایانی وەستانێکی وردو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی‌یانە نی‌یە ؟ تا بزانین بە چ ئەنجامێکمان دەگەیێنێ ؟!

جا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە وا ئەم گەشتە بەپێی توانا لەگەڵ (خۆ)دا دەکەین ، کە پلەیەکی تایبەتی و جێی ئەوتۆی بڕیوە لە ژیانی ئەم زمانەو ڕێزمانی ئەم زمانەداو ، لق‌وپۆپی وەهای تێدا هاویشتووە کە بە ڕاستی ئاوێنەی مێژوویەکی دوورو درێژی ئەم وشە بە تواناو کۆن و ڕەسەنە دەخاتە ڕوو کە نە ڕێکەوت و نە ڕۆژو دوو ڕۆژ دەتوانێ بیگەیێنێتە ئەم شێوەو شوێنەی ئەمڕۆ .

بە کورتی ئەگەر ئاورێك لەو کتێبانە بدەینەوە کە لە ڕێزمانی کوردی دەدوێن و سەرنج لەو شوێنانە بدەین کە دەربارەی (جێناوی خۆیی)[٣] لە دیالێکتی کرمانجیی خواروودان ، دەبینین کە بەلای زۆر لایەنی باسەکەدا

نەچوونو سادەیی ئەو باسانەو ئەو سادەیی‌یە لەو نووسەرانەدا بەدی دەکەین کە بۆتە هۆی بوونیان بە دوو کۆمەڵ :ـ

**کۆمەڵی یەکەم :ـ**

وا ڕادەگەیێنن کە مۆرفیمی ( خۆ ) جێناوی خۆیی‌یەو دەستەی یەکەم لە جێناوە لکاوەکان ( م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان ) وەردەگرینو دەبێتــە ( خۆم ، خۆت ، خۆی ، خۆمان ، خۆتان ، خۆیان )[٣] [٤] .

کۆمەڵی دووەم :ـ

PEFLEXIVE PRONOUN

جێناوی خۆیین(٥) •

وایان داناوە کە : (خۆم ، خۆت ، خۆی ، خۆمان ، خۆتان ، خۆیان )

## پێناسینی ( خۆ ) لە زمانی کوردیدا

## لە ڕووی ڕواڵەتەوە

وێنەی ئەم ( خۆ )یە زۆر کۆنەو لە شێوەی ( خود )و ( خوە ) لە شێوەی تردا بەکارهاتووە ، هەروەها لە هەردوو زمانی کوردیو فارسیدا لە کۆنەوە ، ئەمڕۆش تەنیا لە وێنەی (خوە) لە شێوەی ژووروودا و (خۆ) لە شێوەی خواروودا ماوەتەوە ، دیاریشە کە (خۆ) کورتترین ڕواڵەتی ئەم (ڕاناوە)یەو سەر بە لقی زمانە ئێرانیانەکانە ، جا بە کورتی (خۆ) یان (خود) بێ بە پێی شێوە سەرەکییەکانو بەشە شێوەکان لە دەربڕینی ئەمڕۆدا کە ئەمەش بەشێکە لە سروشتی هەر زمانەو هەر وشەیە لەو زمانەدا کە لەگەڵ ئەم هەموو ئاڵو گۆڕەدا دەگونجێ ــ یەکەو یەك ئەنجام دەگەیێنێ • ئەنجامی مێژووو درێژایی ئەم مێژووەو کاتو زرووفو دەورو توانایەك

هەروەها ( خۆ )(٦) وشەو ڕاناوێکی سادەیە ، نەك « بۆ ناوێکی لێکدراوە »(٧) بە تەنیا ، بەڵکو ڕاناوێکە کە بە تەنیاو بە بێ ڕاناوی کەسی بەکارنایێ بۆیە لەگەڵیدا دەبێ بە ڕاناوێکی لێکدراو ( ڕاناو + ڕاناو = ڕاناوی لێکدراو ، چونکە : وشە + وشە = وشەیەکی لێکدراو ) •

بە کورتی :ـ (خۆ) ڕاناوێکی جوداو سادەیەو بۆ (چەسپاندن ــ تاکید)و سەرنج ڕاکێشانو سڕینەوەی هەر گومانێکە کە هەبێو بکرێ لەو کەسو ڕاناوە کەسیانەی کە بۆیانو لەگەڵیاندا (بە هەردوو کۆمەڵی یەکەمو دووەم)لاوە بەکاردەهێنرێو لەگەڵیاندا ڕاناوێکی لێکدراو دروستدەکەنو

له شوێنی خۆی‌داو به پێی پێویستی‌و گه‌لێك مه‌به‌ست‌و چه‌ندین واتای نوێ ده‌به‌خشن به‌م زمانه که باوه‌ڕ ناکه‌ین ، یان ئه‌وه‌نده‌ی ئاگاداربین ، که‌س ئه‌گه‌ر بۆ به‌شێکیشی چووبێ بۆ زۆری نه‌چووه ، ئه‌مه‌ش ئه‌وه ناگه‌یێنێ که ئێمه بۆ هه‌مووی چووین CUWIN ، به‌لاّم تا ڕاده‌یه‌ك له‌گه‌لێك لاوه تیشکی ڕووناکیمان ئاراسته‌ی کردووه ، له‌وانه‌یه یاریده‌ده‌ری خوێنه‌ر بێ بۆ ڕوون‌کردنه‌وه‌ی لایه‌نی تری ئه‌م باسه .[٨]

هه‌روه‌هاو هه‌ر وه‌ك له ناوه‌که‌یه‌وه دیاره ڕاناوی (خۆیی) (خۆیه‌تی)و (خاوه‌نێتی) ده‌گرێته‌وه‌و وه‌ك گوتمان بۆ (تاکید)ی ناوێ یان ڕاناوێکی‌تر به‌کار ده‌هێنرێ وه‌ك :

— به خۆتم وت که نایه‌م بۆ ئه‌وێ .

له‌بری ناوێ به‌کار هێنراوه .

— من خۆم چووم بۆ بازاڕ .

بۆ (ته‌وکید)ی ڕاناوی (من) به‌کارهێنراوه[٩] ،[١٠] .

لیسته‌ی ڕاناوه که‌سی‌یه لکاوه‌کان له‌گه‌ڵ ڕاناوی ( خۆ )دا .

١ — له‌گه‌ڵ ده‌سته‌ی دووه‌م (م — ت — ی — مان — تان — یان) [١١] ، [١٢] .

| | | |
|---|---|---|
| خۆ + م = خۆم | | م |
| خۆ + ت = خۆت | | ت |
| خۆ + ی = خۆی | خـۆ | ی |
| خۆ + مان = خۆمان | | مان |
| خۆ + تان = خۆتان | | تان |
| خۆ + یان = خۆیان | | یان |

خۆ + ئەم ڕانــاوانە
لەگەڵ فرمانی تێپەڕداو •
لە کاتی ڕابوردوودا
بۆ نموونە لەگەڵ ( نووسین )دا

خۆم ــ نووسیم ــ م + م + ــ ۱ + ۱ = ۲
خۆت ــ نووسیت ــ ت + ت ــ ۱ + ۱ = ۲
خۆی ــ نووسیی ی + ی ــ ۱ + ۱ = ۲
خۆمان ــ نووسیمان مان + مان ــ ۱ + ۱ = ۲
خۆتان ــ نووسیتان تان + تان ــ ۱ + ۱ = ۲
خۆیان ــ نووسییان یان + یان ــ ۱ + ۱ = ۲

چونکە هەمان ڕاناوی لکاو کە دەچێتە سەر (ڕاناوی خۆ) دەلکێ بە فرمانی تێپەڕەوە لە کاتی ڕابوردوودا ، بۆیە هەمان ڕاناو دووبارە بۆتەوە لێرەدا •

## دووبارە بوونەوەی ( خۆ ) دوا بە دوای یەك

چاوك = خۆ نووسین خۆ + خۆ نووسین
نەك ــ نووسین

خۆم ــ خۆم نووسی م + م
خۆت ــ خۆت ــ نووسی ت + ت
خۆی ــ خۆی ــ نووسی ی + ی نووسی
خۆمان ــ خۆمان نووسی مان + مان
خۆتان ــ خۆتان ــ نووسی تان + تان
خۆیان ــ خۆیان ــ نووسی یان + یان ك(۲) + ك(۱)

خۆمم
خۆتت
خۆیی
خۆمانمان — نووسی
خۆتاتتان
خۆیانیان

سێ جار دووباره بوونەوەی ڕاناوی ( ك ٢ )

خۆ نووسین ( کاتی ڕابوردوو ) :

وەڵام بۆ

کێ خۆتی نووسی = من خۆمم نووسی ــ ئێمە خۆمانمان نووسی هتد ...
خۆم خۆمم نووسی ــ خۆمان خۆمانمان نووسی

یەك (جودا) + دوو لکاو ( ١ + ١ ) = من + م + م .

راناوی کۆمەڵی دووەم ( م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان ) لەگەڵ کۆمەڵی یەکەم ( م ، یت ، ێت (ی) ، ین ، ن ، ن ) لەگەڵ هەردوو فرمانی تێنەپەڕ بۆ هەموو کاتەکانو لەگەڵ تێپەڕدا بۆ ئێستاو داهاتوو .

کاتی ئێستا

نووسین ( تێپەڕ )

| | |
|---|---|
| خۆم دەنووسم (١٤) | م + م ك (ا) + (ك ١) |
| خۆت دەنووسیت | ت + یت |
| خۆی دەنووسێت | ی + ێت (ی) |
| خۆمان دەنووسین | مان + ین |
| خۆتان دەنووسن | تان + ن |
| خۆیان دەنووسن | یان+ ن |

ئێمه خۆمان دەنووسین

خەوتن ـ (تێنەپەڕ) ـ لە کاتی ئێستادا

خۆم ـ دە خەوم (من خۆم دەخەوم)    م + م ك٢ + ك١

=

خۆت ـ دە خەویت    ت + یت

خۆی ـ دە خەوێت (یێ)    ی + ێت (ی)    =    =    =

خۆمان ـ دە خەوین    مان + ین    =    =    =

خۆتان ـ دە خەون    تان + ن    =    =    =

خۆیان ـ دە خەون    یان + ن    =    =    =

لێرەدا ڕاناوی کۆمەڵی یەکەم (م ـ یت ـ ێت (ی ـ ین ، ن ، ن) ، لەگەڵ ڕاناوی کۆمەڵی دووەم کە لەگەڵ (خۆ)دا بەکارهاتووە ـ لەگەڵو لە کۆتایی هەردوو فرمانی تێپەڕو تێنەپەڕدا هاتووە ، چونکە (م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان) تەنیا بۆ فرمانی تێپەڕی ڕابوردووە ، بۆیە هەردوو کۆمەڵ کەوتوونەتە یەك .

دەخەوم ـ خەوتم ـ خۆم خەوتم    م + م

دەخەویت ـ خەوتیت ـ خۆت خەوتیت    ت + یت

دەخەوێ ـ خەوت ـ خۆی خەوت    ی + ت

دەخەوین ـ خەوتین ـ خۆمان خەوتین    مان + ین

دەخەون ـ خەوتن ـ خۆتان خەوتن    تان + ن

دەخەون ـ خەوتن ـ خۆیان دەخەون    یان + ن

| تێپەڕ | تێنەپەڕ | تێپەڕ | تێنەپەڕ |
|---|---|---|---|
| خۆم ـ کردم | خۆم ـ دەچم ـ دەکەم | خۆم ـ چووم | |
| خۆت ـ کردت | خۆت ـ دەچیت ـ دەکەیت | خۆت ـ چوویت | |
| خۆی ـ کردی | خۆی ـ دەچێ ـ دەکات | خۆی ـ چوو | |

خۆمان ـ چووین ـ کردمان                    خۆمان ـ دەچین ـ دەکەین
خۆتان ـ چوون ـ کردتان                    خۆتان ـ دەچن ـ دەکەن
خۆیان ـ چوون ـ کردیان                    خۆیان ـ دەچن ـ دەکەن

راناوی کۆمەڵی دووەم ـ دووجار + کۆمەڵی یەکەم
لەگەڵ فرمانی تێپەڕو کاتی ئێستادا

| | |
|---|---|
| خۆ نووسین ( تەنیاتێپەڕ ) | ك٢ (٢) + ك١ (١) |
| خۆم خۆم دەنووسم | م + م + م |
| خۆت خۆت دەنووسیت | ت + ت + یت |
| خۆی خۆی دەنووسێت | ی + ی + یت (ێ) |
| خۆمان خۆمان دەنووسین | مان + مان + ین |
| ۆتان خۆتان دەنووسن | تان + تان + ن |
| خۆیان خۆیان دەنووسن | یان + یان + ن |

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری ـ کێ یە ؟ کێم ؟

ـ خۆم ـ من خۆم ـ غەریب نیم ـ ناسیاوم ـ لە خۆتانم
ـ خۆیت ـ تۆخۆیت ـ غەریب نیت ـ ناسیاویت ـ لە خۆمانیت
ـ خۆیە ـ ئەوخۆیە ـ غەریب نی یە ـ ناسیاوە لە خۆمانە
ـ خۆین ـ ئێمە خۆین ـ غەریب نین ـ ناسیاوین لە خۆتانین
ـ خۆن ـ ئێوە خۆن ـ غەریب نین ـ ناسیاون لە خۆمانن
ـ خۆن ـ ئەوان خۆن ـ غەریب نین ـ ناسیاون لە خۆمانن

کێ یە ؟ ـ خۆم ـ غەریب نیم ـ کێ یە ؟ ـ خۆمم ـ منم
کێ یە ؟ ـ خۆمانین ـ غەریب نین ـ ؟ ـ خۆمانین ـ ئیمەین
کێم ؟ خۆیت ـ غەریب نیت ـ کێم ؟ خۆتیت ـ تۆیت
کێم ؟ خۆن ـ غەریب نین ـ کێم ؟ خۆتانن ـ ئێوەن

کێ یە ؟ خۆیە ــ غەریب نی یە ــ کێ یە ؟ خۆیەتی ــ ئەوە

کێ یە ؟ خۆن ــ غەریب نین ــ کێ یە ؟ خۆیانن ــ ئەوانن

هەردووکیان تەنیا لە ڕووالەتدا یەکن نەك لە ناوەرۆکدا ، بە گوێرەی جۆری پرسیار •

با دووبارە بگەڕێینەوە بۆ لاپەڕەکانی پێشوو سەرنجی هەردوو جۆرە نموونەکان بدەینەوە ، دەبینین : لەیەکەمدا لەگەڵ فرمانی تێنەپەڕ •

لە دووەمدا لەگەڵ فرمانی تێپەڕ •

لە یەکەمدا ــ کە (ڕاناوی خۆ) ڕاناوی کۆمەڵی دووەمی وەرگرتووە (م ــ ت ــ ی ــ مان ــ تان ــ یان) تایبەتی یە بە فرمانی تێپەڕ لە ڕابوردوودا، چونکە ئەم (ڕاناوی خۆ)یە ، ئەم ڕاناوە کەسی یە لکاوانــە وەردەگرێت چ فرمانی تێپەڕ چ تێنەپەڕ بێت، بۆ ڕابوردوو یان ئێستاو داهاتوو بێت(١٥،١٦)•

**لەگەڵ ( مۆرفێم )ی (ش ــ یش )**

| (١) | (٢) |
|---|---|
| خۆم ــ خۆشم | خۆم ــ خۆمیش |
| خۆت ــ خۆشت | خۆت ــ خۆتیش |
| خۆی ــ خۆشی | خۆی ــ خۆییش |
| خۆمان ــ خۆشمان | خۆمان ــ خۆمانیش |
| خۆتان ــ خۆشتان | خۆتان ــ خۆتانیش |
| خۆیان ــ خۆشیان | خۆیان ــ خۆیانیش |

بۆ نموونە

ــ ئەوانمان ناردو خۆشمان چووین

ــ ئەوانمان ناردو خۆمانیش چووین

خۆمان کڕیمانو خۆشمان فرۆشتمان

خۆمان کڕیمانو خۆمانیش فرۆشتمان

ئاوێك بڕوا بۆ ڕۆخانە خوێش بیخوا نەك بێگانە هتد ...
با سەرنجێکی ورد بدەین لەم جۆرە نموونانە
خۆشم دەمەوێ — خۆشم دەوێ
خۆشی بێو ترشی بێ — خۆشی بێ هەر ناچم
کاتی بەرچاو کەوتنو بەکارهێنان

**لیستەی ڕاناوەکان**

**ئەمجارە ( ئەم جارە ) وەڵام بە ( ناو )و ڕاناو ( ئاوەڵناو ) نەك فرمان**

ڕاناوی کۆمەڵی دووەم (ك(٢)) + کۆمەڵی یەکەم (ك(٢))
لەگەڵ (ناو)و وەلامدانەوە بە (ناو)و ئاوەڵناو

کێیە ؟ خۆمم — خۆ + م + م = منم
خۆتیت مم
خۆیەتی
کێن ؟ خۆمانین ( مانین )
خۆتانن —
خۆیاین —

کێ قوتابی‌یە — من قوتابیم — خۆم قوتابیم
(م + م)

کێ قوتابیی باشە . من قوتابیی باشم — من + م
خۆم قوتابیی باشم — م + م
خۆمم قوتابیی باش — مم
هتد ...

## خۆمن

هی خۆمن — لە خۆمن — وەك خۆمن

بۆ خۆمن

(١)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | خۆم | | | خۆم | |
| | خۆت | | | خۆت | |
| هی | خۆی | ن | لە | خۆی | ن |
| | خۆمان | | | خۆمان | |
| | خۆتان | | | خۆتان | |
| | خۆیان | | | خۆیان | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | خۆم | | | خۆم | |
| | خۆت | | | خۆت | |
| وەك | خۆی | ن | بۆ | خۆی | ن |
| | خۆمان | | | خۆمان | |
| | خۆتان | | | خۆتان | |
| | خۆیان | | | خۆیان | |

بنکەی ژین

(٢)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | من | | | من | |
| | تۆ | | | تۆ | |
| هی | ئەو | ن | لە | ئەو | ن ـ ە ـ یە |
| | ئێمە | | | ئێمە | |
| | ئێوە | | | ئێوە | |
| | ئەوان | | | ئەوان | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | من | | | من | |
| | تۆ | | | تۆ | |
| وەك | ئەو | ن ـ ە (یە) | بۆ | ئەو | ن ـ ە یە |
| | ئێمە | | | ئێمە | |
| | ئێوە | | | ئێوە | |
| | ئەوان | | | ئەوان | |

ئەوان ـ هی ـ من ـ ن    ئەوان لە ـ من ـ ن
تۆ    ئەوان لە ـ تۆ ـ ن
ئەو    ئەوان لە ـ ئەو ـ ن
ئێمە    ئەوان لە ـ ئێمە ـ ن
ئێوە    ئەوان لە ـ ئێوە ـ ن
ئەوان    ئەوان لە ـ ئەوان ـ ن

بنکەی ژین

ئەوان ــ وەك ــ من ــ ن　　ئەوانە ــ بۆ ــ من ــ ن

ئەوان ــ وەك ــ تۆ ــ ن　　ئەوانە ــ بۆ ــ تۆ ــ ن

ئەوان ــ وەك ــ ئەو ــ ن　　ئەوانە ــ بۆ ــ ئەو ــ ن

ئەوان ــ وەك ــ ئێمە ــ ن　　ئەوانە ــ بۆ ــ ئێمە ــ ن

ئەوان ــ وەك ــ ئێوە ــ ن　　ئەوانە ــ بۆ ــ ئێوە ــ ن

ئەوان ــ وەك ــ ئەوان ــ ن　　ئەوانە ــ بۆ ــ ئەوان ــ ن

بڕوانـە ــ هی خۆمن ــ هی منن

لە هی خۆمن ــ لە هی منن

هتد ...

ق ١　بە خۆیم زانی ــ　　بە خۆییم ــ زانی

ق ٢　　خۆیم　　خۆییم

بە خۆیم زانی ــ وام زانی ئەوە　　بە خۆییم زانی ــ وام زانی غەریب نی‌یە ــ ناسیاوە ، لە خۆمانە

خۆیم ــ من ــ ئەو ــ م　　خۆیم ــ ناسیاوم .

بنکەی ژین

## « خـۆ »

**لەگەڵ چاوگو فرمانی ( سادەو دارێژراو ، لێکدراو )دا**

| | | | |
|---|---|---|---|
| کوشتن | تێپەڕ | خۆکوشتن | (انتحار) |
| گرتن | تێپەڕ | خۆگرتن | |
| ناسـین | تێپەڕ | خۆناسین | |
| فرۆشتن | تێپەڕ | خۆفرۆشتن | ئیدیۆم (زاراوە)یە |
| شکاندن | تێپەڕ | خۆشکاندن | شکان (زاراوە)یە |
| نوواندن | تێپەڕ | خۆنوواندن | نووستن |
| شکاندن | تێپەڕ | خۆخەواندن | خەوتن |
| گۆڕین | تێپەڕ | خۆگۆڕین | |

شتن ، شوشتن تێپەڕ خۆشتن خۆشوشتن
سووتاندن تێپەڕ خۆسووتاندن سووتان
پەرستن تێپەڕ خۆپەرستن
پاراستن تێپەڕ خۆپاراستن
گەیشتن گەیاندن تێپەڕ خۆگەیاندن
ترساندن تێپەڕ خۆترساندن ترسان
بینین ڕابینین تێپەڕ لە خۆ ڕابینین
کردن فێرکردن تێپەڕ خۆ فێرکردن
هتد ...

با بە وردی سەرنج بدەین و بزانین دەبێت بەچی و چی دەگەیێنێت پێش ئەوەی سەیری لیستەکانی دواتر بکەین بۆ ئەم مەبەستانەو بڕوانینە هەمووشیان یان تێپەڕن یان بوون و کراون بە تێپەڕ • نەك لەبەر ئەوەی لەگەڵ فرمانی تێنەپەڕدا نابێت بەڵکو لێرەدا بۆ مەبەستێکی گرنگ و تایبەتیی ئەو تۆیە کە جێگەی سەرنج و وردبوونەوەیەکی باشە لەبەر ئەو دەورەی کە دەی بینێت لە ڕێزماندا ( GRAMMER ) بۆیە با سەرنجی ئەم نموونانە بدەینەوە لەگەڵ نموونەکانی سەرەوەدا •

**پاشماوەی ( خۆ ) + چاوگ و**

**فرمانی سادەو داڕێژراوو لێکدراوی**

**« تێپەڕ »**

گرتن ــ ڕاگرتن تێپەڕ خۆ ڕاگرتن
ــ ڕاپەڕموون
کێشان ــ هەڵکێشان تێپەڕ خۆ هەڵکێشان
شاردنەوە تێپەڕ خۆ شاردنەوە
تەکاندن هەڵتەکاندن تێپەڕ خۆ هەڵتەکاندن
گەیاندن پێ گەیاندن خۆ پێ گەیاندن
( گەیشتن )

گیران ــ پێ گیران          خۆ پێ گیران ــ باش بوو خۆی پێ گیرا
خۆی پێ نەگیرا

ناسین ناسینەوە)          تێپەڕ          خۆ ناسینەوە
خۆ شلاندن (*)

کشان کشانەوە          خۆ کشانەوە
هتد ...

(*) دەبینین چۆن بکەرو بەرکار دەبن بە یەك .
واتا بکەر خۆی بەرکارەو بەرکار خۆی بکەرە .
بۆیە دەبێت فرمان هەمیشە تێپەڕبێت جابنجی یان دروستکراو بێت.
لە هەمان کاتیشدا وشەو واتای تازە دروستدەکەن ، زیاتر لە واتایەك ، هاوواتا ، دژواتا ، تائیدیەمو زاراوەش .

**خۆ لە شێوەی جووتە وشەدا**

**دووبەدوو ــ یان دووبارە بوونەوە ، بە تەنیاو بە یاریدەی ئامراز**

ــ خۆی خۆی والێ کرد          ( خۆی خۆی )
خۆی ئەمەی بەسەر خۆیدا (خۆیا) هێنا
ــ خۆی وای لە خۆی کرد •     خۆمان وامان لە خۆمان کرد
خۆی وای بە خۆی کرد •
ــ خۆم بە خۆمم کرد          ــ خۆ بە خۆ ــ
ــ خۆ بە خۆی خۆمان = واتا :     خۆ بە خۆ ــ خۆ ــ (سێ جار)
لە ناو خۆماندا          ١ + ١ + ١ = ٣
ــ خۆ بۆ خۆیی چنی          خۆ ــ بۆ ــ خۆ
ــ خۆم و خۆت ــ واتا کەسی تر نا
خۆمانو خۆتان •
ــ خۆمان بە خۆمانمان کرد = مستەهەقین •
ــ خۆی ئەم قوڕەی بۆ خۆی گرتەوە
ــ خۆی بە دەستی خۆی قوڕی کرد بەسەر خۆیا : ( ١ + ١ + ١ = ٣ )

ـ خۆی ئەم داوەی بۆ خۆی نایەوە
ـ بە خۆی بڵێ ؟ بە خۆت بڵێ • ( بەخۆ )
ـ لە خۆی بپرسە ، لە خۆت بپرسە ( لەخۆ )

دەتوانین بە پێی شوێنی خۆیان بیانگۆڕینەوە بۆ هەموو کەسەکانو لەگەڵ هەموو ڕاناوەکاندا ـ لێرە بۆ درێژی پێنەدان ـ تەنیا یەك نموونە دەهێنینەوە :

هەر خۆت بە خۆت بی
ـ خۆتو بەختی خۆت
ـ خۆمو خوای خۆم
ـ خۆی لە خۆیەوە وای لێهات •
ـ خۆی خۆی بە درۆ خستەوە
ـ خۆی لە کیس خۆی دا • (زاراوە) = خۆی دۆڕاند هاوواتان •
ـ خۆی خۆی تووش کرد = بە دەستی خۆی
ـ خۆی لە خۆیدا = زاراوە
واتا : ناتەواوە
ـ خۆم خۆم لەبیر چۆتەوە ـ خۆمان خۆمان لەبیر چۆتەوە خۆم خۆمم لەبیر چۆتەوە ـ خۆمان خۆمانمان لەبیر چۆتەوە

خۆم خۆم لەبیر خۆم بردۆتەوە
خۆمان خۆمان لەبیر خۆمان بردۆتەوە

خۆم خۆم لەبیر خۆم بردۆتـەوە
خۆمان خۆمانمان لەبیر خۆمان بردۆتەوە (١٧)

خۆمان وامان بە خۆمانکرد
خۆما وامان لە خۆمان کرد ، خۆمان خۆمان والێ کرد (١٨)

خۆمان لە خۆمان بێزارین
خۆمان لە خۆمان ناگەین

**ناوو ئەو ناوانەی لە چاوگو فرمانی هەمە چەشنە دروست دەبن بە یاریدەی ( خۆ )**

بۆ نموونە :ـ

ـ بەختکردن　　خۆ بەختکردن　　خۆ بەختکەر ـ فدائي

ـماڵیکردن　　خۆماڵیکردن　　خۆماڵی ـ محلي (ماڵی ـ الیف)، ئەم پشیلەیە خۆماڵییە ( ماڵی بووە )

ـ کردن　　خۆکردن　　خۆکرد ـ ئەم فەرشە خۆکردە ، ئەم دەسماڵە خۆکردە.

لەسەر خۆ　　لەسەرخۆ برۆ ، قسە بکە. زۆر لەسەر خۆیە = (هێمن)ە

ـ خۆ خواردن　　خۆ خۆر　　تایەفەی خۆخۆرن .

لە چاو خۆت　　لە چاو خۆی عاقلە (ژیرە)
لە چاو خۆتدالە چاو خۆیا هەر باشە

خۆ ئاسایی　　= وەك خۆت
وەك خۆت　　= خۆت ئاسایی
لەبەر خۆی　　لەبەر خۆی ئاگای = هەر خۆی لەبیرە
لەکەس نییە .
لای خۆی عاقڵە !

خۆتو بەختی خۆت
خۆمو خوای خـۆم
خۆ پێگەیاندن ـ خۆ پێگەیێنەر ( عصامي )

کاتی خۆی ــ لە کاتی خۆی‌دا
شوێنی خۆی هەیە ــ لە شوێنی خۆی‌دا
کات‌و شوێنی خۆی ــ لە کات‌و شوێنی خۆی‌دا

ــ سەبارەت بە خۆم
ــ دەرهەق بە خۆم
هتد ...

لەخۆ ، بە خۆ ــ و ــ ئەوانەی یەکسەر دوابەدوای یەك دێن بەو شێوەیەو بە تەنیا دەبن بە وشەی لێکدراو هەر وەك ــ خۆ + ڕاناوی کەسی = وشە ــ یان ــ ڕاناوی لێکدراو .

## خۆ

### لەگەڵ ئامرازی جیاوازدا

#### ١ ــ لەگەڵ ئامرازی ( لە )دا

| | | |
|---|---|---|
| ١ ــ ترسان | لە خۆ ترسان | ( لە خۆ |
| ٢ ــ گەیشتن | لە خۆ گەیشتن | ( لە خۆ |
| ٣ ــ دەرچوون | لە خۆ دەرچوون | ( لە خۆ |
| ٤ ــ بیرکردنەوە | بیر لە خۆکردنەوە | |
| ٥ ــ بایی بوون | لە خۆ بایی بوون | |

#### ٢ ــ لەگەڵ ئامرازی ( بۆ )دا

بۆ نموونە :

( زاراوە ) خێری بۆ خۆشی نی‌یە . بۆ خۆ
( زاراوە ) بۆ خۆی سەری نایەوە
بۆ خۆی زۆر وریایە
بۆ خۆی با هەر بڕیسێ
باش بۆ خۆی تووش بوو

کاتی خۆی ـ لە کاتی خۆیدا
شوێنی خۆی هەیە ـ لە شوێنی خۆیدا
کات و شوێنی خۆی ـ لە کات و شوێنی خۆیدا
ـ سەبارەت بە خۆم
ـ دەرهەق بە خۆم
هتد ...

لەخۆ ، بە خۆ ـ و ـ ئەوانەی یەکسەر دوابەدوای یەك دێن بەو شێوەیەو بە تەنیا دەبن بە وشەی لێکدراو هەر وەك ـ خۆ + ڕاناوی کەسی = وشە ـ یان ـ ڕاناوی لێکدراو .

## خـۆ

### لەگەڵ ئـامرازی جیاوازدا

**١ ـ لەگەڵ ئامرازی ( لە )دا**

١ ـ ترسان  لە خۆ ترسان  ( لە خۆ
٢ ـ گەیشتن  لە خۆ گەیشتن  ( لە خۆ
٣ ـ دەرچوون  لە خۆ دەرچوون  ( لە خۆ
٤ ـ بیرکردنەوە  بیر لە خۆکردنەوە
٥ ـ بایی بوون  لە خۆ بایی بوون

**٢ ـ لەگەڵ ئامرازی ( بۆ )دا**

بۆ نموونە :

( زاراوە )  خێری بۆ خۆشی نی‌یە  بۆ خۆ
( زاراوە )  بۆ خۆی سەری نایەوە
بۆ خۆی زۆر وریایە
بۆ خۆی با هەر بڕیسێ
باش بۆ خۆی تووش بوو

## ( خــۆ )

**لە دارِشتنی وشەی نوێی هەمەچەشنەداو دروستبوونی واتای نوێو زیاتر لە واتـایەك تا دەگاتە ئیدیەم دروستکردن**

کەوتن ـ نەخۆش کەوتن  خۆ نەخۆش خستن

نەخۆش **خستن**

پەسەندکردن  خۆ پەسەندکردن ( لە خۆڕازی بوون )

کۆکردنەوە  خۆ کۆکردنەوە ـ خۆ ئامادەکردن

ئامادەکردن  خۆ ئامادەکردن ( خۆ حازر کردن )

ڕەحەتکردن  خۆ ڕەحەتکردن = خۆ حەساندنەوە

خۆ نارەحەتکردن = خۆت نارەحەت مەکە ناهێنێ •

ماندوو بوون ـ خۆ ماندووکردن ـ بەخوتو خۆڕایی خۆی ماندوو

ماندووکردن  ـ دەکات

مەشغوول بوون  خۆ مەشغوولکردن = بۆ بێتاقەتی خۆم مەشغووڵ دەکەم

مەشغوولکردن  بەخوتو خۆڕایی خۆی مەشغووڵ کردووە • بێسوود

بـادان  خۆ بادان ـ هەر خەریکی خۆ گۆڕینو خۆ بادانە

واتا هیچ ئیشێکی تری نیـیە ، یان ـ لە دەستنایەت •

لەناو بردن  خۆ لەناوبردن ـ سەبەبکاری خۆی خۆی بوو

دەرمانکردن  خۆ دەرمانکردن (*)

هتد •••

(*) وەك پێشتر وتمان ـ هەر یەکە زۆری لە بارا هەیە ئەگەر لێکیان بدەنەوە، بۆ درێژە پێنەدانی ئەم لایەنانەو لایەنی تریشیمان لـە وتارێـکی تـری سەربەخۆدا کۆکردۆتەوە ، لەم گۆڤـارە یان لە شوێنێـکی دی بڵاوی دەکەینەوە •

دەرمان خواردن    خۆ دەرمان خوارد کردن    خۆ
دەرمان خواردکردن
فێرکردن    خۆ فێرکردن    خۆ
کوێرکردن    خۆ کوێرکردن    خۆ
تەکاندن =
تەکان‌دان    تە کان دانە خۆ    خۆ
کڕکردن    خۆ کڕکردن ( خۆ بێ دەنگ کردن )    خۆ
بە خۆ زانین    من بە خۆ زانی = خۆم زانیم
بە خۆم زانی    (هەستم‌کرد)
بە خۆ دەزانم

بە خۆم دەزانم (کاتێك بە خۆم زانی کە کار لە کار ترازابوو)•

ئەگەر سەرنجی واتا کانیان بدەین‌و لە جیاوازی‌یان بگەین‌و لێکیان بدەینەوە لەگەڵ نموونەی وەك خۆیان‌و جودا لە خۆیان •

لەو نموونانە :

ناسین    ناسیم
ناسیمەوە
خۆم ناسی
خۆم ناسییەوە

با بە وردی سەرنجێك لە ڕووالەت‌و واتای : خۆ ، ئاخۆ ، یاخۆ بدەین لەم نموونانەی خوارەوەدا •

ئەم (خۆ) یە — لێرەدا زۆر تایبەتی‌یە لە بەکارهێنان‌و واتا گەیاندن‌و دەوری لە زمان‌دا ، دەکەوێتە سەرەتای ڕستەوە بۆ دەست بەقسەکردن ، سەرنج ڕاکێشان ، هۆشیارکردنەوە هتد ، چۆتە زمانی عەرەبی‌و تورکی‌یەوەو لە زمانی فارسیش‌دا بۆ هەمان مەبەست بەکاردێت •

هەندێك وێنەی ئەو نموونانە :

ــ خۆ تۆ بە ڕەشکەو سپیەکەتدا ڕووانی ![19]

ــ خۆ من هەر بە خۆم نەزانی !

ــ خۆ لە کەس ناپرسێتەوە !

ــ خۆ کەس ناوێرێت توخنی کەوێت !

ــ خۆ شتەکە ناشاردرێتەوە •

ــ خۆ ئەگەر ناتوانیت بۆ دەی کەیت ؟!

سەرنجی ــ ئامرازی ــ نەرێ ــ ( نەفی ) ــ نا ــ بدەن •

ــ خۆ کفرمان نەکرد •

ــ خۆ عاجز نەبوویت •

سەرنجی ــ ئامرازی نەرێ ــ (نەفی) ــ نە ــ بدەن ــ کە بۆرابوردووە لەگەڵ فرمانەکە ــ کە دووبارە بۆ ڕابوردووە ــ نە پێچەوانەی فرمانەکانی سەرەوە ــ کە بۆ ئێستاو داهاتووە •

ــ خۆ خۆم نەپرسمەوە کەس ناپرسێتەوە •

ــ خۆم خۆم نەیکەم کەس نایکات •

بڕواننە دووبارە بوونەوەی ( خۆ )و دووبارە بوونەوەی هەردوو ئامرازی نەرێ ( نە ، نا ) •

ــ خۆ ئەڵێی لەگەڵ ئەویشت نییە •

ــ خۆ پێت ناخۆش نییە •

ڕستەی (ناوی)ی نەفیکراو :

ئاخۆ کەی بەیەك شاد دەبینەوە ؟...

ئاخۆ چەند بەردەوام دەکات ؟

ئاخۆ بە چ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من •

یاخۆ بە چ داخێکەوە سووتاوە دڵی من ؟

بۆ پرسیارو لە شێوەی پرسیاردا •

دەوری ( خۆ ) لە گۆڕینی واتـادا •

بۆ نموونە :

کەڕ بوون ــ تێنەپەڕ

کەڕ کردن ــ تێپەڕ

خۆ کەڕ کردن ــ (زاراوە) یە •

کوێر بوون ــ ا ــ بە ڕاستی کوێر بوون ــ یا چاو کول بوون

خۆ کوێر کردن ــ ب ــ (زاراوە) یە •

خۆ لە نموونەی هەمە چەشنەدا •

ــ دەستی لە خۆی شتووە ــ ئیدیەم (زاراوە) •

ــ پڕ بە پێستی خۆیەتی ــ ئیدیەم (زاراوە) •

ــ گوێی خۆی بۆ شل کردووە ــ ئیدیەم (زاراوە) •

ــ تف هەڵ دەیت ڕووی خۆت دەگرێتەوە ــ پەند •

ــ ماڵی خۆ نەخۆر بۆ چەکمەبۆر ــ پەندی پێشینان •

ــ خۆا بە دڵی خۆی لەگەڵ بکا ــ دووعای خێر •

ــ لە خۆی تێکدا ــ قەدری عافێتی نەزانی •

ــ پێی نا بە جەرگی خۆیدا ــ زۆری لە خۆی کرد ، لە حەد بەدەر ــ •

ــ سەری خۆی خوات ــ دووعا •

**ئەنجامو هەندێك لە تایبەتییەکانی ( خۆ )**

لە ئەنجامدا دەڵێین پێویست ناکات گشت ئەو تایبەتییانە دوو بـارە بکەینەوە بە دوورو درێژیو نموونەی زۆرەوە ــ گەڕانەوە بۆ باسەکەو وردبوونەوە لەو تایبەتییانە بەسە بۆ گەیشتن بـەم مەبەستە بۆیـە لێرەدا تەنیا هەندێکیان دەژمێرین بە نموونەیەکەوە بۆ دانی (وێنەیەك)ی گشتی بۆ (خۆ) •

١ ــ وەرگرتنی ڕاناوی کۆمەڵی دووەم (م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان)و بوونی بە ڕاناوێکی لێکدراو لەگەڵیدا •

٢ ــ بەکارهێنانی لەگەڵ فرمانی تێنەپەڕو تێپەڕدا بە پێی پێویست ــ چونکە خۆی بۆ (تەوکید) (چەسپاندن)و سەرنج ڕاکێشانو لادانی گومانە، هەر لەبەر ئەمەش :

ا ــ لەگەڵ هەردوو کۆمەڵی ڕاناوە کەسی‌یە لکاوەکاندا لە ڕستەو دەربڕیندا بەرچاو دەکەوێتو پێکەوە دێن •

ب ــ (کۆمەڵە ڕاناوە کەسی‌یەکان)ی (م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان) دووبارە دەبێتەوە ئەگەر فرمانەکە تێپەڕ بوو •

٣ ــ دەورێکی باڵای هەیە لە ڕێزماندا بە تایبەتی کە (بکەرو بەرکار) یەك دەخات بە مەرجێك فرمانەکە تێپەڕ بێت ، بۆ نموونە •

کوشتن ــ (خۆ کوشتن ــ) ــ (کوژەرو کوژراو) هەمان کەسە •

٤ ــ دروستکردنی دەیەها واتای نوێ کوشتن (انتحار) (قتل) ــ خۆ کوشتن •

زیاتر لە واتایەك دەگەیێنێت بە یاریدەی (وە) •

ناسین ــ خۆ ناسین

ناسینەوە ــ خۆ ناسینەوە

دروست کردنی هاو واتا (المترادفات)

فرۆشتن ــ خۆ فرۆشتن ــ خۆ دۆڕاندن •

دروست کردنی : دژواتا (الکلمات المتضادة)

خۆ فرۆشتن × خۆ کڕینەوە •

٥ ــ دەورێکی باڵای هەیە بە دووبارە بۆونەوەی (خۆ) خۆی ــ لە وێنەی جووتە وشەدا :

خۆی خۆی والیّ‌کرد ، هەر خۆی بە خۆی بێت •

٦ ــ دەوری لە دروست بوونی دەیەها (ئیدیەم)و پەندو نموونەی هەمەچەشنەدا هەیە • (بگەڕێنەوە) بۆ نموونەکان •

٧ ــ دەورێکی باڵای هەیە لە دەوڵەمەندکردنی ئەم زمانەو فەرهەنگی ئەم

زمانەدا کە هەر خۆی بەتەنیا ( فەرهەنگۆکێك )ی تایبەتیی دەوێت (ئامادەمان کردووە بۆ باسێکی تری سەربە خۆ) وەك گوتمان •

٨ ــ هەر (خۆ)ی ئەنجامی کۆنیو توانای گەلێك مەبەستی تر دەگەیێنێت کە ئەم مەبەستانەو گەلێك لایەنی تریشمان لەم وتارە لادا لەبەر دوورو درێژی بۆ بلاو کردنەوەی لە باسێکی سەربە خۆی تردا •

بۆ نموونە :

١ ــ (خۆ) بە خەیالیشیا نایێت ، کە لە تورکیو عەرەبیش‌دا بەکاردێت (چۆتە ئەو زمانانەوە ــ بگەڕێوە بۆ نموونەکانی باسەکەو سەرنج لە قسەی خۆتان بدەن •

٢ ــ (ئاخۆ)و (یاخۆ) = (ئایا) •

٩ ــ بەکارهاتنی لەگەل (مۆرفیم)ی (ش ، یش) (خۆم : خۆشم ، خۆمیش) بە هەردوو شێوە بێگومان جێگەیەکی باشی بۆ خۆی کردۆتەوە لەم زمانەدا لەپاڵ تایبەتیەکانی تریش‌دا کە جێی سەرنجدانە •

١٠ ــ دەوری لە ڕستەی (ناوی)دا خۆی بەتەنیا باسێکی سەربەخۆیە • کێیە : منم خۆمم ــ لە خۆتانم، وەك خۆتانم خۆیەتی، خۆییم، هتد•• هی کێیە ؟ هی خۆمە ــ

بۆ کێیە ؟ بۆ خۆمە •

١١ــ لادانی ڕاناوی کەسیی جوداو دانانی (خۆ) لە شوێنی یان بە پێچەوانە ــ بەلگەی فراوانیو توانای زمان دەخاتە ڕوو ، سەرەڕای جیاوازیی مەبەست کاتی بەکارهێنان • بگەڕێتەوە بۆ باسەکە ••

١٢ــ هاتنەوەی لە جیاتی بارێك ، یان دوو جار ، سێ جار ــ دووبارە بۆ مەبەستێکی جیاوازە لەوانی کە • (مەبەست) دووبارە بوونەوەی (خۆ)و (سێ جار ڕاناوی کەسیی لکاو) ــ خۆمان خۆمانمان •••

هتد •••

## پەراوێزەکان :

(١) واتا : ناو ، ئاوەڵناو ، ڕاناو ، کار ، ئاوەڵکار ، ناوی ژمارە ، ئـامراز .
(٢) لێرەدا مەبەست لە ( جێناو ) ( ڕاناوە ) .
(٣) ڕاناو + ڕاناو = ڕاناوی لێکدراو ، واتا :ـ
ڕاناوی خۆیی + ڕاناوە کەسیی لکاو = ڕاناوی لێکدراو ، وەك : خۆم ، خۆمان هتد .
(٤) پشڕوانە ـ قواعد اللغة الكردية ـ توفيق وهبي ، بەغدا ج١ ـ ب٢ ، ١٩٥٦ ، ل ٨١ .
(٥) د . ئەوڕەحمان حاجی مارف ڕاناوە لکاوەکانی (م ، ت ، ی ، مان ، تان، یان) بە کۆمەڵی یەکەم دادەنێت لە کاتێکدا ئێمە ئەم کۆمەڵە بە کۆمەڵی دووەم دەزانین ، چونکە ئەم کۆمەڵە تەنیا لەگەڵ فرمـانی (تێپەڕ) کـە ڕابوردوودا بەکاردێت ، کە دەبێتە هۆی جوداکردنەوەو نـاسینەوەی فرمانی تێپەڕو تێنەپەڕ لە ڕابوردوودا ، لە کاتێکدا کۆمـەڵە ڕانـاوی (م ، ێت ، ـ ، ێت ، ین ، ن ، ن) لەگەڵ فرمانی تێنەپەڕ لە ڕابوردوودا‌و تێپەڕو تێنەپەڕ لە ئێستاو داهاتوودا بەکاردێت ، بڕوانە وتـارەکەی د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ڕۆشنبیری نوێ (گۆڤار) ، ساڵی ١٩٨٦، بەغدا، ژمارە ـ ١١١ ، ل ١٦١ ـ ١٦٢ .
(٦) بڕوانە :ـ دەستووری زمانی کوردی ، تۆفیق وەهبی ، ١٩٢٩ ـ بەغدا ، ل ١١٢ ، ف ٣٢٢ ، کە بە لێکدراوی داناوە نەك بە تەنیا بەڵکو لەگـەڵ ڕاناوی کەسیدا ، واتا خۆیی بە تەنیا بە سادە داناوە .
(٧) بڕوانە : نووری عەلی ئەمین ، ڕێزمانی کوردی ، ١٩٦٠ ل ٩٥ ـ ٩٦ .
(٨) هەروەها بڕوانە ، قواعد اللغة الكردية ـ توفيق وهبی ، بەغدا ، ١٩٥٦ ، ج٢ ـ ل ٨١ .
(٩) ئەگەر لیستەی ڕاناوەکان یەك بەیەك بەرانبەر وێنەی شێوەی ژوورو بەکار بێنین ، یان ( خۆ ) لادەین‌و ڕاناوی کەسیی جودا بخەینە جێی ، یان هەردووك پێکەوە ، یان هەر نموونەیە بۆ گشت کەسەکان بە (تاك)و ( کۆ )وە بەکاربێنین ، نەك تەنیا یەك دوو نموونـەو بـەس بە ( نەفی )و ( مثبت )ەوەو (نەرێ)و (ئەرێ) ، لەگەڵ شێوەی کرمانجیی ژووروشی بخەینەپاڵ بە کاتی داهاتووەو ئینجا تێکڕاو یەکە یەکە لەگەڵ (مۆڕفیم)ی (ش) (یش)دا ئینجا بەراوردیکردن لەگەڵ هەندێك زمانی دوورو نزیك وەك : عەرەبی ، تورکی ، ئینجا ـ فارسی ، ڕووسی ، ئنگلیزی ، چ باسێك دەگرێتەوەو چ ڕووناکی‌یەك دەخاتە سەر (خۆ) ؟! گشت ئەمانەو تێبینیی دی کەرەسە باسێکی تایبەتی‌و ئامادەکراوە بۆ بڵاوکردنەوە .
(١٠) بە تایبەتی بگەڕێوە بۆ باسەکەی د. ئەوڕەحمان ( ڕاناوی خۆیی لە زمانی

کوردیدا ) .

(١١) بەرانبەر بە (خۆ) لە عەرەبیدا (نفس ، عـین) لەگەڵ ڕانـاوی کەسیی لکاودا ، لە ئنگلیزیدا ــ ( self ) = نفس بەڵام لەگەڵ ڕانـاوی جودا ــ خۆم My self ــ وەك شێوەی کرمانجیی ژووروو بـەڵام لەگەڵ ئامرازی (بە) ( ب ) بەخۆی بخۆ = خۆم ، واتا لە کوردیدا ــ لە هەردوو جۆر ، لە ڕووسیدا = Cama = نفس Self لەگەڵ ڕاناوی کەسیی جودادا ، وەك ئنگلیزی .

(١٢) باشترین باس کە تا ئێستا بەرچاوم کەوتبێت دەربارەی (ڕاناوی خۆیی)و چۆنێتی بەکارهێنانی لەگەڵ هەردوو کۆمەڵەی ڕاناوە کەسییە لکاوەکاندا، باسە بە نرخەکەی دوکتۆر ( ئەوڕەحمانی حـاجی مـارف )ە بڕوانـە : سەرچاوەی ناوبراو پێشتر .

(١٣) ناوی دوو کۆمەڵە ڕاناوەکان لەگەڵ د. ئەوڕەحمان بە پێچەوانەی یەکدی ناومان ناونو ئەمەمان ڕوون کردۆتەوە بـۆچیو لەبـەرچی ، بگەڕێوە بـۆی .

(١٤) لەبەر ئەوەی د. ئەوڕەحان خۆتو خۆمان ــ خۆتان ــ ی بەکارهێنـاوە لەگەڵ (ین) دەبوو ڕوونی بکاتەوە کەیو بۆ . . . هتد . بگەڕێوە بۆ باری ناوبراو .

(١٥) دەستەی یەکەمو دووەم لە هەندێك شوێن تێـکەڵکراوە ، (هیخـۆمن) جیاوازە لە ( لە + خۆمن ) ، (لە + هی + خـۆمن) ، وەك + خـۆمن ) بۆ + خۆمن هتد . لە ڕووی واتاو ناوەرۆکەوە . . .

(١٦) بۆ بەڵگە بڕواننە نموونەکانی باسەکەو بەراوردیان بکەن لەگەڵ یەکدا .

(١٧) هەوڵبدەن ڕاناوی خۆیی بگۆڕنەوە بە ڕاناوی کەسیی جوداو لێکیـان بدەنەوە ، لەگەڵ هەموویاندا .

(١٨) خۆمان خۆمان وا تێ کرد دەتوانین بڵێین :
ئێمە خۆمان وا لێ کرد ــ نەك : خۆمان وامان لە ئێمە کرد . خۆمان لـە خۆمان بێزارین . ناتوانین بڵێین : ئێمە لە ئێمە بێزارین ، بەڵام دەڵێین : ئێمە لە خۆمان بێزارین ، ئەمە بۆ نموونە ، جا بگەڕێوە بۆ لیستەکانو نموونەکانو تاقییان بکەنەوە بە ئاڵوگۆڕکردن .

(١٩) سعید کابان ــ لە کتێبی (مختصر صرف ونحوی کوردی)دا ١٩٢٨ ــ بەم خۆیە دەڵێت ــ بۆ ــ تكدیر ــ ە ــ بڕوانە : سەرچاوەی ناوبراو ــ کـە نموونەکەشمان وەك خۆی وەرگرتووەو تاقە نموونەشە . ل ٦٩ .

(٢٠) لاپەڕەیەکی زۆرمان لەم باسە هێنایە دەرەوە لەبەر درێژیی باسەکە ــ کە دەیەها نموونەی تێدایە لەگەڵ (خۆ)و ئامرازەکان تەنیا یان بە یەکەوەو بە پاشو پێشکەوتنیانو هاتنیان لە سەرەتاو ناوڕاستو کۆتایی ، ئەو نموونە هەمەچەشنانە ، کە لە باسێکی سەرخۆی تردا بڵاوی دەکەینەوە لە ژێـر

ناوی (فەرهەنگۆکی ـ خۆ ـ لە زمانی ـ کوردیدا) لەگەڵ لایەنی تریش کە لەوانەیە ببێتە باسی سێیەم لە بارەی (خۆ)وە کە لێکدانەوەی واتاکانە لەگەڵ بەراوردی کردنی لەگەڵ خۆیانداو لەگەڵ چەند زمانێکی تری دوورو نزیك لەم زمانەوە خوا یار بێت . (نووسەر) .

## سەرچاوەکان :


١ ـ تۆفیق وەهبی ـ دەستووری زمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٢٩ .
٢ ـ تۆفیق وەهبی ـ (قواعد اللغة الكردية) بەغدا ، ج١ ، ج٢ ، ١٩٥٦ .
٣ ـ سەعید سدقی کابان (مختصر صرف و نحوی کوردی) ، ١٩٢٨ .
٤ ـ شێخ محمدی خاڵ ، فەرهەنگی خاڵ ، بەرگی یەکەم .
٥ ـ شێخ محمدی خاڵ ، فەرهەنگی خاڵ ، بەرگی دووەم .
٦ ـ شێخ محمدی خاڵ ، پەندی پێشینان .
٧ ـ دوکتۆر ئەورەحمان حاجی مارف ، ڕاناوی خۆ ، گۆڤاری ( ڕۆشنبیری نوێ) ، ژمارە (١١١) ، لاپەڕە (١٦١ ـ ١٦٨) .
٨ ـ نووری عەلی ئەمین ، ڕێزمانی کوردی ، ١٩٥٦ .
٩ ـ دوکتۆر نەسرین فەخری ، دوکتۆرانامە ، بە زمانی ڕووسی .
١٠ ـ دوکتۆر نەسرین فەخری ، (المصطلحات والكنايات) في اللغة الكردية مع مقارنتها باللغة العربية ـ بە زمانی عەرەبی (٢٢) ئەڵقە ـ ڕۆژنامەی عیراق ، ساڵ ١٩٨٢ ـ ١٩٨٣ .
١١ ـ دوکتۆر نەسرین فەخری (جووتە وشە) لە زمانی کوردیدا (١٢) ئەڵقە ، ڕۆژنامەی عیراق ، ساڵ ١٩٨٢ ـ ١٩٨٣ .
١٢ ـ (خۆ)و (فەرهەنگۆکی خۆ) لە تەرازووی بەراوردی کردندا ، وتارێکی ئامادەکراوە بۆ بڵاوکردنەوە .
١٣ ـ پەرەسەندنی مێژوویی واتای (خۆ)و دەوری لە دەوڵەمەندکردنی زماندا ئەلقەیەکی ئامادەکراوە بۆ بڵاوکردنەوە . (لێکسیکۆلۆژیا) .

الملخص العربي

# لـ : (خۆ)

## في ميزان اللغة الكردية

الدكتورة نسرين فخري

كلية التربية الأولى ـ جامعة بغداد

(١٩٨٨ ـ ١٩٨٩)

«خۆ» ككلمة تنتمي الى أقسام الكلام وكضمير (للتأكيد) الى مجموعة الضمائر، يقابل (نفس، عين، ذات) في العربية.

بحكم هذا الموقع لهذه الكلمة فاستعمالها شائع وتداولها مألوف، وحضورها دائم في شتى ميادين اللغة، وفي مختلف التعابير التي بحاجة الى التاكيد، وازالة الشك، أو الى بيان ووضوح يعبر عن سلامة الأسلوب وسلامة التعبير كما يجول في الخاطر.

اذن فكلمة (خۆ) متعددة الأدوار، متنوعة الخصائص، فاذا ألقينا نظرة على البحث وتابعناه في الشرح والنقاط التي هي موءشرات لما تلعبها من دور في اللغة شكلا ومضموناً وما تفرز من معان ومفاهيم ومدلولات عبر الصيغ المختلفة مع غيرها من الكلمات، زدنا يقيناً بأنها بحق كلمة جديرة بوقفة واعية شأن أية كلمة وكل كلمة متميزة في العطاء والتداول بحكم خصائص اختصت بها دون سواها.

والغريب في اهمالها انها ليست بكلمة ضيقة المجال او محدودة الاستعمال حتى تغيب عن ذهن الدارسين والمختصين هذا الغياب، ولا هي من الكلمات التي عفا عليها الزمن فأنحسرت هنا وهناك بحكم تطور اللغة التي هي مرآة المجتمع الصادقة، فتخلفت عن مسايرة ذلك التطور، بل كلمة نشطة، حية، دوارة مع اللغة وعلى السن الجميع سواء بسواء.

لذا آل الباحث على نفسه ، ان يقف عندها ومعها هذه الوقفة لعلها تلقي عليها من الضوء مايكفي لجلب انظار الذين عليهم اعادة النظر في ما اجـل ، وما غبن حقها في ميدان البحث والدراسة .

ولطول البحث وتعدد جوانبه ، رأى الباحث ان يسلط الضوء عليهـا من جانبين :

الجانب الأول : اسماً وضميراً في ميدان اللغة وقواعدها .

الجانب الثاني : مكانتها في التراث اللغوي والأدبي كدليل ساطع على اهميتها التي تنعكس في عشرات الكنايات والمصطلحات وفي عشرات المعاني والمفاهيم والمدلولات والاضداد والمترافات التي ماكانت لولاها على الاقل ، اوليس من السهل اختيار بديل يغني عنها ولو في بعض جوانبها ..

وقد فضل الباحث اختيار الجانب الأول أولا بشكل مفصل كمدخل سهل للجانب الثاني ، وترك الجانب الثاني لبحث آخر تجنباً للاطالة والمداخلة التي تبعدنا عن جوهر الموضوع وتحقيق الغرض المنشود من البحث .

والامثلة كثيرة حولها وانتشارها في عشرات الامثلة اليوميـة تغني عن التفكير في الاتيان بهذا المثال وذلك كبديل عليها .. فهي تنتشر انتشار الدم في شرايين اللغة في صور شتى ، مضيفة الى ذلك قدرتها البينة في التوافق والانسجام مع غيرها من الكلمات لتكوين الصيغ والمفاهيم الجديدة ..

فحيثما تستمع تطرق (خۆ) سمعك .

وفيما تحدثت . كان (خۆ) على لسانك .

فهي كلمة تثري اللغة قواعداً وقاموساً وادبا وتراثا وان دل ذلك على شيء فانما يدل على تاريخ وتواصل هذه الكلمة مع اللغة عبر مسيرتهـا وتاريخهـا الطويل .

# فۆنەتیك‌و فۆنۆلۆجی

**وریا عمر امین**

بەشی کوردی ـ زانکۆی بەغداد

کولێجی پەروەردە

زۆربەی ئەوانەی باسی دەنگەکانی زمانی کوردی‌یان کردووە فۆنەتیك‌و فۆنۆلۆجی‌یان لێك جیا نەکردۆتەوە • بابەتەکانی فۆنۆلۆجی بە فۆنەتیکی ناودەبەن‌و ناوی فۆنۆلۆجی ناهێنن[1] •

فۆنەتیك‌و فۆنۆلۆجی دوو بواری زۆر جیاوازن • هەر یەکە باسی لایەنێکی زمان دەکات‌و هەر یەکە ئامانج‌و پەیڕەوی تایبەتیی خۆی لە شی‌کردنەوەدا هەیە • هەر باسێکی زمانەوانی لە دەنگەکانی زمان بکۆڵێتەوەو ئەم دوو لایەنە جیا نەکاتەوە تێکەڵ‌وپێکەڵ دەردەچێ‌و بەر پەیڕەوی زانستی ناکەوێ •

ئەم باسە هەوڵدانە بۆ ڕوون کردنەوەی هەندێ جیاوازی لە نێوان ئەم دوو لقەی زانستی زمان •[2]

کە یەکێ قسە دەکات زانیاری (کە لە مێشکی‌یا پارێزراوە) دەخاتە ناو قالبی ڕیزە دەنگێکەوە، کە بە ئەندامانی ئاخاوتن دروستیان دەکات • دەنگەکان بە هۆی شەپۆلەکان لە هەوادا دەگوێزرێنەوە • گوێ وەریان دەگرێ‌و هەواڵەی مێشکیان دەکات • مێشك شی‌یان دەکاتەوە دەیانپارێزێ ـ واتا : قسە بە لای کەمی سێ قۆناغی هەیە •



فۆنەتیك ئەو لقەی زانستی زمانە کە لە دروست کردنو گواستنەوە وەرگرتنی دەنگەکانی زمان دەکۆڵێتەوە وەك دیاردەیێکی گشتی • واتا دەنگەکانی زمان دەشێ بەلای کەمی لە سێ سووچەوە سەیریان بکرێو لێیان بکۆڵرێتەوە :

١ ـ لەڕووی دروست کردنەوە Articulatory phonetics ئەمە میکانیزمیەتی ئەندامانی ئاخاوتن دەگرێتەوە •

٢ ـ لە ڕووی چۆنیەتیی گواستنەوەی دەنگەکان لە هەوادا بە هۆی ئەو شەپۆلانەی بە هێزی ڕەوتی بای لە سیەکانەوە هاتووو جوولانەوەی ئەندامانی ئاخاوتنەوە دروست دەبن Acoustic phonetics .

٣ ـ لە ڕووی وەرگرتنی ئەم دەنگانەوە بە گوێو شی کردنەوەو پاراستنیان لە مێشکا Auditory phonetics ئەمەیان میکانیزمیەتیو فسیۆلوجیەتی گوێو مێشك دەگرێتەوە •

لەبەر چەن هۆیێك کە پەیوەندییان بە سروشتی ئامانجەکانی زانستی زمانەوە هەیە •• زانستی زمان لە بواری وەسفیدا بە شێوەیێکی گشتی بایەخ هەر بە لقی یەکەم دەدا • دوو لقەکەی تر بواری تریان لێ بۆتەوە •، پەیوەندییان زیاتر بە لقەکانی تری زانستەوەی وەك فیزیاو کۆمپیوتەر ••• هتد هەیە یا وەك بابەتی سەربەخۆ لە ناو چوارچێوەی زانستی زمانی گشتیدا باس دەکرێن • ئێمەش لەم باسەدا بە کورتی لە چەمکی فۆنەتیك لە ڕوانگەی دروست کردنەوە دەدوێین • ئنجا لەگەڵ فۆنۆلۆجیا بەراووردیان دەکەینو جیاوازیی نێوانیان ڕوون دەکەینەوە •

فۆنەتیك ئەو لقەی زانستی زمانە کە لە کەرەسە هەرە خاوەکانی زمان دەکۆڵێتەوەو شییان دەکاتەوە • کەرەسە خاوەکانی زمانی ئەو تاکە دەنگانەن کە بە هێزی ڕەوتی بای لە سیەکانەوە هاتووو(٣) لە ئەنجامی کۆمەڵە

جوولانەوەیێك كە لە پەردەی ناوپنچكەوە دەستپێ دەكاتو سۆرێنچاكو قورگو بەشەكانی زارو لووت بەشداری دەكەن ، دروست دەكرێن •




ئەندامانی
ئاخاوتن

١ ــ لێوەکان
٢ ــ ددانەکان
٣ ــ پووك
٤ ــ ڕەقەمەڵاشوو
٥ ــ نەرمەمەڵاشوو
٦ ــ زمانۆکە
٧ ــ ڕۆخی زمان
٨ ــ پێشەوەی زمان
٩ ــ دواوەی زمان
١٠ــ گەروو
١١ــ لەهات
١٢ــ ژێیەکانی دەنگ
١٣ــ سەری زمان

فۆنەتیك ڕوونی دەکاتەوە چۆن هەر تاکە دەنگەی زمان دروست دەکرێت •• لە چ بەشێکی زاردا •• هەڵوێستی ئەندامانی ئاخاوتن لە کاتی دروستکردنیان چۆنە ، تایبەتیەتیو سیماکانی هەر دەنگە چیەو چۆن لە دەنگەکانی تر جیا دەکرێتەوە ••• هتد

بۆ نموونە فۆنەتیك بەم جۆرە ڕوونی دەکاتەوە چۆن دەنگی (ك) دروست دەکرێت ، ناوەڕاستی زمان بەرز دەبێتەوەو خۆی لە نەرمە مەڵاشوو دەدات •• ڕێی بای لە سیەکانەوە هاتوو دەگرێو تەوژمێ دروست دەبێ• لەپڕ زمان نزم دەبێتەوە • دەنگی ( ك ) دروست دەبێ ••



گەر لە کاتی دروست کردنی ئەم دەنگە (ژێ(٤))کان لەرینەوە دەنگەکە

دەبێتە (ك) • واتا (ك) و (گ) لە هەمان شوێنا لە زاردا دروست دەکرێن ئەوەی ئەم دوو دەنگە هاوشوێنە لێك جیا دەکاتەوە هەڵوێستی (ژێ)کانە• لە کاتی دروست کردنی (ك)دا نالەرنەوەو لە (گ) دەلەرنەوە •

بۆ دروست کردنی دەنگی (س) • بەشی پێشەوەی زمان نزیك بەشی پێشەوەی مەڵاشوو دەبێتەوەو کەلێنێ پێك دەهێنێ • بای لە سییەکانەوە هاتوو بەم کەلێنەدا تێدەپەڕێ دەنگی (س) دێتە بەرهەم •



گەر لە کاتی دروست کردنی ئەم دەنگە ژێکـان لەرینەوە دەنگەکـە دەبێتە (ز) •

کە دواوەی زمان بەرەو نەرمەمەڵاشوو بـەرز کرایـەوە دەنگەکـە دەبێتە (ص) •

[س] ، [ز] و [ص] هاوشوێنن • ئەوەی لێکیان جیا دەکاتەوە هەڵوێستی ژێکانو زمانە •

بۆ دروست کردنی دەنگی [پ] لێوی خوارەوەو سەرەوە دێنەیـەكو ڕێی بای لە سییەکانەوە هاتوو دەگرن • تەوژمێ پەیا دەبێ لێوی خوارەوە لەپڕ نزم دەبێتەوە وەك تەقینەوەیێك دەنگی [ پ ] دێتە بەرهەم •



گەر لە کاتی وتنی ئەم دەنگە ژێکان لەرینەوە دەنگەکە دەبێتە [ب] •
گەر بای لە سیەکانەوە هاتوو لە لووتەوە دەرهێنرا دەبێتە [ م ] •



لەوەی ڕابورد دەردەکەوێ کە هەر چەن دەنگێك لە هەمان شوێن لە زاردا دروست دەکرێن • ئەم دەنگانە ناو دەنێین (هاوشوێن) • بۆ نموونە : [ ب ، پ ، م ] هاوشوێنن هەموو بە لێکدانی لێوی سەرەوەو خوارەوە دروست دەبن • پێیان دەووترێ ( لێوی ) bilabial .

لە [ ت• د• ن ] سەری زمان خۆی لە ددانەکانی سەرەوە دەدات • پێیان دەوترێ ( ددانی ) dental .

لە [ف ، ڤ]دا لێوی خوارەوە خۆی لە ددانەکانی سەرەوە دەدات پێیان دەوترێ لێودانی labio - dental .

له [ ك ، گ ]دا ناوەڕانی زمان خۆی له مه‌لاشـوو ده‌دات ، پێیـان ده‌ووترێ ( مه‌لاشوویی ) platal . ئیدی به‌م جۆره •

ئـه‌وه‌ی ده‌نـگه هاوشـوێنه‌كانی لێك‌جیـاده‌كاته‌وه هه‌ڵوێسـته . manne of articulation

ئه‌و هه‌ڵوێستانه‌ی ناومان هێنان ئه‌مانه بوون •

١ ــ هه‌ڵوێستی ژێـكانی ده‌نگ له كاتی دروسـت كردنی ده‌نـگه‌كان • ( له‌رینه‌وه ــ نه‌له‌رینه‌وه ) •

ئه‌و ده‌نگانه‌ی كه له كاتی دروست‌كردنیان ژێكان له‌رینه‌وه به (ژێدار) voiced ناوده‌برێن وه‌ك [ ب ــ ز ــ گ ــ ڤ ــ د ] ••

ئه‌و ده‌نگانه‌ی كه له كاتی دروست كردنیان ژێكان نه‌له‌رینـه‌وه بـه ناوده‌برێن وه‌ك [ پ ــ س ــ ك ــ ف ــ ت ]• به (بێ‌ژێ) voicless

٢ ــ هه‌ڵوێستی [ زار ] به‌رامبه‌ر [ لووت ] ئه‌و ده‌نگانه له كاتی دروسـت كردنیان گه‌ر بای له‌سی‌یه‌كانه‌وه هاتوو له زاره‌وه ده‌رچێ به (زاری) oral نـاو ده‌برێن • وه‌ك [ت • ڤ • ش ، خ•••] گه‌ر بایه‌كه له لووته‌وه ده‌رچێ به (لووتی) nasal نـاو ده‌برێـن وه‌ك [ م•ن ]•

٣ ــ هه‌ڵوێستی دواوه‌ی زمان [به‌رزی] به‌رامبه‌ر [نزمی] • ئه‌و ده‌نگانه‌ی له كاتی دروست كردنیان دواوه‌ی زمان به‌ره‌و نه‌رمه مه‌لاشوو بـه‌رز ده‌بێتـه‌وه به ( مه‌لاشـوێنراو ) palatized نـاو ده‌برێـن وه‌ك [ ڵ ــ ط ــ ص ] •

واتا هه‌ر دانه ده‌نگه‌ی زمان به دوو لایه‌ن ده‌ست‌نیشان ده‌كرێت •

١ ــ شوێنی دروست كردن Place of articulation .

٢ ــ هه‌ڵوێستی دروست كردن Manner of articulation . ئـه‌م

لایەنانە سیماکانی فۆنێتیکی Phonetic features دەنگەکان.
واتا : هەر دەنگەی چەن سیمایەکی هەیە . وەك :

سیماکانی [ب] ئەمانەن
١ ــ لێوی bilabial
٢ ــ ژێدار voiced
٣ ــ زاری oral

سیماکانی [پ] ئەمانەن
١ ــ لێوی bilabial
٢ ــ بێ‌ژێ voicless
٣ ــ زاری oral

سیماکانی [م] ئەمانەن
١ ــ لێوی bilabial
٢ ــ ژێدار voiced
٣ ــ لووتی nasal

جیاوازیی نێوان ئەم سێ دەنگە هاوشوێنە لەم نەخشەیەدا ڕوون کراوەتەوە .

| لێوی | | |
|---|---|---|
| | زاری | لووتی |
| ژێدار | ب | م |
| بێ‌ژێ | پ | — |

بنکەی ژین

سیماکانی [ڤ] ئەمانەن

١ ــ لێوددانی labio - dental

٢ ــ بێژێ voicless

سیماکانی [ڤ] ئەمانەن

١ ــ لێو ددانی labio - dental

٢ ــ ژێدار voiced

| | لێوددانی |
| --- | --- |
| ژێدار | ڤ |
| بێژێ | ف |

دەنگەکانی هەر زمانێ دەشێ بەم پەیڕەوە پۆلێن بکرێ و هەموو لە یەک نەخشەدا کۆبکرێتەوە • بۆ نموونە دەنگەکانی زمانی کوردی بەم جۆرە پۆلێن کراوە(٥) :

دەنگەکانی زمان لە ڕووەکی تر دەبنە کپ Consonants و بزوێن Vowels •. لەڕووی چۆنیەتی دروست کردنیان فۆنەتیک بەم جۆرە جیایان دەکاتەوە •

گەر لە کاتی دروست کردنی دەنگ دوو بەشی زار پێک کەوتن ئەوە (کپ)ە • گەر پێک نەکەوتن ئەوە (بزوێن)ە •

| | تەقیو | خشەدار | شەکاوە | کەپوویی | لارمانی | هەڵوەژاو | شێوەی بزوێن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژێیی | | ه | | | | | |
| گەروویی | | ح ع | | | | | |
| زمانۆکەیی | | غ خ | | | | | |
| نەرمە ــ مەلاشوویی | گ ک | | | | | | |
| پووکە ــ مەلاشوویی | | ش ژ | | | | | ی (Y) |
| پووکی | | س ز | ڕ ر | | ل ڵ | ر ر | |
| ددانی | ت د | | | ن | | | |
| لێوددانی | | ف ڤ | | | | | |
| لێوی | پ ب | | | م | | | و (W) |

[ت] دەنگێکی کپە چونکە لە دروست کردنیا پێشەوەی زمان خۆی لە ددانەکانی سەرەوە دەدات • [گ] کپە ، چونکە ناوەڕاستی زمان خۆی لە نەرمە مەلاشوو دەدات • بەلام (ا ــ ە ــ ۆ ــ وو ــ و ــ ی ــ ێ ••) هەموو بزوێنن چونکە لە کاتی دروست کردنیان هیچ بەشێکی زار بە هیچ بەشێکی تر ناکەوێ و بای لە سی‌یەکانەوە هاتوو بێ تەگەرە بە زارا تێدەپەڕێ •

دەنگە بزوێنەکانیش بە هۆی چەن سیمایێك لێك جیادەکرێنەوەو پۆلێن دەکرێن • سیماکانی بزوێنەکان ئەمانەن :

١ ــ هەلوێستی زمان چۆنە • واتا چ بەشێکی بەرز دەبێتەوەو چ بەشێکی نزم دەبێتەوە • بۆ ئەمە زمان کراوەتە سێ بەش •

١ ــ پێشەوەی زمان

٢ ــ هەلوێستی لێوەکان ( خڕن )

٣ ــ دواوەی زمان

٢ ــ هەلوێستی لێوەکان ( خڕن ) **rounded** یا بەش‌بوونەتەوە spread .

٣ ــ درێژو کورتی دەنگەکە ••

بۆ نموونە لە دروست کردنی دەنگی [و]دا دواوەی زمان بەرەو نەرمە مەلاشوو بەرز دەبێتەوە • لێوەکان شێوەی ( خڕ ) دەگرنە خۆ وەك لەم وێنەیەدا ڕوون کراوەتەوە •



[وو] [و]

ئەگەر دەنگەکە درێژکرایەوە دەبێتە [ وو ] •

بۆ دروستکردنی دەنگی [ی] ناوەڕاستی زمان بەرەو نەرمەمەلاشوو بەرزدەبێتەوە • لێوەکان لە باری ئاسایی‌دا دەمێنێنەوە ••

گەر دەنگەکە کورتکرایەوە دەبێتە [ i ]•



[i] [ی]

فۆنەتیك هەر لەو دەنگانە ناکۆڵێتـەوە کە لە نووسـینا بـە تیـپ

دەردەبڕین • کەرەسەی ( دەنگی )ی تر هەن کە زۆر گرنگن لە زمانـا ، بەڵام لە نووسینی ئاسایی‌دا هیچ نیشانەیێکیان بۆ نی‌یە • وەك :

١ ــ هێز stress وزەیێکی زیـاترە ( بە گوێرەی بەشـەکانی‌تر ) دەخرێتە سەر یەکێ لە بڕگەکانی وشە یا دەستەواژە • بۆ نموونە لە وشەی [ ئازاد ]دا هێز کەوتۆتە سەر دوابڕگە • لە وشەی [ چونکە ] هێز کەوتۆتـە سەر بڕگەی یەکەم • لە وشەی [ نوستن ]دا هێز دەکەوێتە سەر بڕگـەی یەکەم گەر مەبەست (ئەوان نوستن) بوو ، دەکەوێتە سەر بڕگەی دووەم گەر مەبەست بابڵێین (نووستن خۆشە) بوو •

٢ ــ ئاوازە intonation . • گوڕینی ئاوازی ڕستەیە بۆ گەیاندنی مەبەستی جیاواز • هەر ڕستەیێك دەیان مانا دەگەیەنێ بە پێی ئاوازەکەی • وەك لەم ڕستەیەدا :

ئازاد دوێنێ دوو کتێبی چاکی بۆ هێنام •

ڕستەکە بکەرە وەڵامی ئەم پرسـیارانە ، دەردەکەوێ بـۆ هەر یەکە ئاوازێکی هەیە جیاواز لەوانی تر • [ کێ ، کەی ، چەن ، چی ، چۆن ] •

٣ ــ تـۆن ton . • ئاوازی بڕگە یا وشەیە • لە هەندێ زمانـا بە گۆڕینی ئاوازی بڕگە یا وشە مانای وشەکە دەگۆڕێ ، وەك زمانی بورمی‌و تایلاندی •

فۆنەتیك لەو کەرەسانە هەموو دەکۆڵێتەوە وەك کەرەسـەی زمـان بە گشتی •

هەر زمانێك دەستەیێك یاسای تایبەتی بە خۆیەوەی هەیە :

١ ــ فۆنیمەکانی [ لە دەنگەکانی‌یەوە ] دەست‌نیشان‌دەکات •

٢ ـ له ناو قالّبی برگەی فۆنەتیـکی ئەم فۆنیمـانە لێكدەدات بـڕگەی فۆنۆلۆجی پێك دەهێنێ •

٣ ـ له ئەنجامی لێکدانی فۆنیمەکان • دەنـگ هەیە دەگۆڕێ • هەیـە دەتوێتەوە • هی تازە پەیا دەبێ ••• هتد •

ئەو یاسایانەی ئەو ئەرکانە جێبەجێ‌دەکەن بە یاسـاکانی فۆنۆلـۆجی ناودەبرێن •

واتا : فۆنۆلۆجی شتێکی تایبەتی‌یە بە پێچەوانەی فۆنەتیك کە گشتی‌یە• بۆ جیاکردنەوەی جیـاوازیی نێوان فۆنەتیـكو فۆنۆلـۆجی ئـەم بەراووردی‌یە دەخەینە ڕوو :

زمانی کوردیو عەرەبی(٦) لەم شەش دەنگە بەشدارن • [ ر ـ ڕ ـ س ـ ص ـ ل ـ ڵ ] وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێ •

| دەنگ | کوردی | عەرەبی |
|---|---|---|
| ر | پەری | برد ( سەرما ) |
| ڕ | کڕین | حر ( گەرما ) |
| س | سەوز | سماء ( ئاسمان ) |
| ص | صاڵ | صباح ( بەیانی ) |
| ل | لانك | لیل ( شەو ) |
| ڵ | گوڵ | الله ( خوا ) |

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە لە نووسینی زمانی کوردیدا ( ر )و ( ڕ ) جیاکراونەتەوە کەچی لە هی عەرەبی‌یا جیانەکراونەتەوەو بە دووان یەك نیشانەیان هەیە • هۆی ئەمە ئەوەیە لە زمانی کوردی ( ر )و ( ڕ ) دوو شتی جیان ، وەك : چۆن (س)و (ل) یا (س)و (ب) جیان ، چونکە ئـەم دوو دەنگە واتا (ر)و (ڕ) دەتوانن لە هەمان بیئەدا دەرکەونو مانابگۆڕن

وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێ •

| | |
|---|---|
| برین | بڕین |
| کەر | کەڕ |
| وەرین | وەڕین |
| پەری | پەڕی |

••• هتد .•

لە زمانی عەرەبی‌یا ئەم دوو دەنگە جیاوازە یەك نرخیان هەیە • چونکە هیچ وشەیێك لەم زمانەدا نادۆزرێتەوە تیایا ( ر )و ( ڕ ) ئاڵو گۆڕ بکرێ کار لە مانا بکات • هۆی جیاوازیی کارتێکردنی ئەو بیئە جیاوازانەیە کە تیایا دەردەکەون • بەم جۆرە ( ر )و ( ڕ ) لە زمانی کوردی‌دا دوو فۆنیمی جیان لە زمانی عرەبی‌دا سەر هەمان فۆنیمن •

| فۆنیم | عەرەبی | | | کوردی | | فۆنیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| / ر / | برد | — | [ ر ] | — برین | — | / ر / |
| | حـر | — | [ ڕ ] | — بڕین | — | / ڕ / |

[ ] نیشانەیە بۆ دەنگ

/ / نیشانەیە بۆ فۆنیم

بە پێچەوانەوە • دوو دەنگی [ س ]و [ ص ] لە زمانی کوردی‌یا دوو شێوەی جیای هەمان فۆنیمن جیاوازیی نێوانیان لە ئەنجامی ئـەو بیئـە جیاوازانەیە کە تیایا دەردەکەون •• لە زمـانی کوردی‌یا هیچ وشەیێك نی‌یە تیایا [ س ]و [ ص ] ئاڵو گۆڕ بکرێو کار لە مانا بکات کەچی لە زمـانی عەرەبی‌دا دەتوانن لە هەمان بیئەدا دەرکەونو کار لە مانا بکەن ، بۆیـە لـە زمانی عەرەبی‌دا [ س ]و [ ص ] دوو فۆنیمی جیان •

سلب ــ صلب

سـار ــ صار

عسـير ــ عصير

عسى ــ عصـا

سهر ــ صهر

فسيح ــ فصيح

مس ــ مص ... الخ

به هەمان پەیڕەو (ل)و (ڵ) له زمانی عەرەبیدا دوو شێوەی جیـای هەمـان فۆنیمن . دەرکەوتنیـان له بیئەی جیـاوازدا ئەم جیـاوازی‌یەی پێ‌بەخشین . کەچی له زمانی کوردی‌دا دوو فۆنیمی جیان چونکه دەتوانن له هەمان بیئەدا دەرکەون‌و کار له مانا بکەن وەك له :

چل ــ چڵ

گەل ــ گەڵ

گول ــ گوڵ

پەله ــ پەڵـه ... هتد .

به بەراووردکردنی زمانی کوردی‌و عەرەبی له ئـاستی فۆنەتیـکی‌و فۆنۆلۆجی لەم شەش دەنگەدا ئەم ئەنجامەمان دەستدەکەوێ :

| فۆنۆلۆجی | دەنگ | | | فۆنۆلۆجی |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| فۆنیم | کوردی | فۆنەتیك | عەرەبی | فۆنیم |
| / ر / | پەری | [ ر ] | برد | / ر / |
| / ڕ / | پەڕی | [ ڕ ] | حر | |
| | ساڵ | [ ص ] | صهر | / ص / |
| / س / | سەوز | [ س ] | سهر | / س / |

/ل/ — چل — [ل] — علم /ل/

/ڵ/ — چڵ — [ڵ] — الله /ڵ/

٥ ٦ ٤

واتا ئەم شەش دەنگە هاوبەشە پێنج (فۆنیم) لە زمانی کوردیداو چوار فۆنیم لە زمانی عەرەبیدا پێك دەهێنن .

ئەم دەنگانە چ لە زمانی کوردیدا بن چ لە زمانی عەرەبیدا ، چ لـە هەر زمـانێکی تردا بن بـە هەمـان جـۆرو پەیڕەو دروسـت دەکرێن . ئەمە لایەنە گشتییەکەیەو ئەرکی فۆنەتیـکە ڕوونیکاتەوە چـۆن دروست دەکرێن ، بەڵام وەك دەرکەوت هەر زمانەی جۆرە نرخێـك بەو دەنـگانە دەدات . ئەمە لایەنە تایبەتییەکەیەو ئەرکی فۆنۆلۆجییە .

بۆ دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی هەر زمانێ ئەو جووتـە وشـانە بەراوورد دەکرێن کە بە تەواوی وەك یەك وان لە تاکە دەنگێ نەبێو ئـەم جیـاوازییە کار لـە مانا دەکات وەك [ بیر — پیر — سیر — تیر — میر — شیر — ژیر — لیر ] .. هتد[٧]

جۆری دووەمی یاسا فۆنۆلۆجییەکان ئەوانەن کە لە ناو قالبی بڕگەی فۆنەتیك‌دا فۆنیمەکان لە یەك دەدەنو بڕگەی فۆنۆلۆجی پێك دەهێنن .

تا ئێستا هیچ قوتابخانەیێکی زانستی زمان نەیتوانیوە پێناسینێکی بێ کەلەبەری بڕگە پێشکەش بکات . بە شێوەیێکی گشتی دوو جـۆری لێجیاکردۆتەوە :

یەکەم بڕگەی فۆنەتیکی : ئەم جۆرەیان گشتییە . واتا هەموو زمانانی جیهان تیایا بەشدارن . پەیوەندی بە فسیۆلۆجییەتی هەناسەوەرگـرتنو چۆنیەتی کار کردنی ئەندامانی ئاخاوتنەوە هەیە . لە ناو چوارچێوەی ئـەم

قاڵبه گشتی‌یه‌دا زمانه‌كان جیاوازی پێشان ده‌ده‌ن له چۆنیه‌تی لێكدانی فۆنیمه‌كان • واتا : هه‌ر زمانه‌ی یاسای تایبه‌تیی خۆی هه‌یه بۆ لێكدانی فۆنیمه‌كانی له ناو قاڵبی بڕگه‌دا • ئه‌م له‌یه‌كدانه تایبه‌تی‌یه بڕگه‌ی فۆتۆلۆجی پێك ده‌هێنێ • دووه‌م ــ بڕگه‌ی فۆتۆلۆجی :

له هه‌موو زمانێكا بزوێن ناووكی بڕگه پێك ده‌هێنێ • له‌گه‌ڵ ئه‌م بزوێنه‌دا ده‌شێ چه‌ن فۆنیمێكی كپ ده‌ركه‌وێ • ژماره‌ی ئه‌و كپانه‌و سروشتی ڕیز بوون‌و ده‌ركه‌وتنیان پێكه‌وه له زمانه‌كانا جیاوازه • بۆ نموونه : فۆنیمی ( r — p — s ) له زمانی كوردی‌و ئینگلیزی‌یا هه‌ن ئه‌م سێ فۆنیمه ده‌توانن له زمانی ئینگلیزی‌دا ( هێشو )یێك cluster له ناو قاڵبی بڕگه‌دا پێك بهێنن ، وه‌ك له بڕگه‌ی ( spring ) دا •• ئه‌لم سێ ده‌نگه هه‌رگیز ناتوانن به‌م شێوه‌یه له زمانی كوردی‌دا ده‌ركه‌ون • واتا له زمانی ئینگلیزی‌دا یاسایێكی فۆتۆلۆجی هه‌یه به هۆیه‌وه ئه‌م سێ فۆنیمه یه‌ك ده‌گرن‌و هێشو پێك ده‌هێنن • له زمانی كوردی‌دا ئه‌م یاسایه نی‌یه ••

له زمانی عه‌ره‌بی‌یا هه‌رگیز دوو كپ (بێ بزوێن له نێوانیانا) له سه‌ره‌تای بڕگه‌دا ده‌رناكه‌وێ •

كه‌چی له زمانی كوردی‌یا بۆی هه‌یه دوو كپ له سه‌ره‌تای بڕگه پێكه‌وه هێشو دروست بكه‌ن وه‌ك له [ برا ــ درا ــ خوا ــ جوان•• هتد ] ••

له هه‌ندێ فۆنیم هه‌رگیز پێكه‌وه ده‌رناكه‌ون یا هه‌رگیز یه‌كێكیان پێش ئه‌وی‌تر ناكه‌وێ ••• ئه‌و یاسایانه‌ی سروشتی ڕیز بوونی فۆنیمه‌كان له ناو قاڵبی بڕگه‌دا ده‌ست‌نیشان ده‌كه‌ن • یاسای فۆتۆلۆجین •

جۆری سێ‌یه‌می یاسا فۆتۆلۆجی‌یه‌كان ئه‌وانه‌ن كه به هۆیانه‌وه له ئه‌نجامی له یه‌كدانی فۆنیمه‌كان ( له هه‌ندێ حاڵه‌ت‌دا ) ده‌نگ هه‌یه ده‌توێته‌وه وه‌ك توانه‌وه‌ی ( ه )ی ئامرازی پێناسین (ه‌كه) كه (ان)ی كۆی ده‌چێته سه‌ر :

(٣) زۆر زمان هەیە هەندێ دەنگیان تیا بە هێزی بای لەسی‌یەکانەوە هـاتوو دروست‌ناکرێن ئەمانە سێ جۆرن ( clicks ) ( ejective ) ( implosion )
بۆ ئەم جۆرە زمانانە سەیری سەرچاوە ژمارە (٥) بکە ل (٩٦) .
(٤) ژێکان دوو پارچە گۆشتی سروشت لاستیکین ئەرکی بایۆلۆجی‌یان ئەوەیە ناهێڵن خواردن بچێتە ناو بۆڕیی هەناسەوە لە قسەکردنا ، کە دێنـە یەك ، بە هێزی بای لەسی‌یەکانەوە هاتوو دەلەرنەوەو سیمای ژێـداری دەدەنە دەنگەکە . گەر لێك دوورکەوتنەوە با بێ تەگەرە لە نێوانیـانا تێدەپەڕێ .




(٥) ئەم نەخشەیە لە ل٢١ی سەرچاوە ژمارە(٢)وە وەرگیراوە،کە بەم جۆرەیە: لیژنەی زمان لە کوڕی زانیاری عیراق ــ دەستەی کورد زاراوەکانی کردۆتە کوردی .

| | Bi-labial | Labio-dental | Dental | Alveolar | Palatal-alveolar | Palatal | Velar | Uvular | Pharyngal | Glottal |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Plosive | p b | | t d | | | | k g | q | | |
| Fricative | | f v | | s z | š ž | | | x ɣ | ḥ ʕ | h |
| Affricate | | | | | č j | | | | | |
| Nasal | m | | n | | | | ŋ | | | |
| Lateral | | | | l ɫ | | | | | | |
| Rolled | | | | r r̄ | | | | | | |
| Semi-vowel | w | | | | | y | | | | |

(٦) دەشێ هەردوو زمان بۆ ئەم جۆرە بەراووردی‌یە هەڵبژێردرێ . ئێمـە زمانی عەرەبیمان هەڵبژارد چونکە زۆربەمان شارەزای ئەم زمانەین .
(٧) بۆ چۆنیەتی دەست‌نیشان‌کردنی فۆنیمەکانی زمـانی کوردی سـەیری سەرچاوە ژمارە (٨) بکە .

# علم الصـوت وعلم نظم الصـوت

**وريـا عمر امـين**
استاذ علم اللغة المساعد
جامعة بغداد ـ كلية التربية
قسم اللغة الكرديـة

معظم الباحثين واللغويـين في الدراسات الكردية لايميزون بين علم الصوت Phonetics وعلم نظم الصـوت Phonology . فهما مجالان مختلفان تمامـا ، لهما طرقهما واهدافهما الخاصة في التحليل . كل دراسة لغويـة لاتأخذ بنظر الاعتبـار هذا الاختلاف تعوزه المنهجية واسس البحث العلمي .

علم الصوت هو تحليل الاصوات اللغوية كظـاهرة عامة وتحديد عناصرها من حيث تولدها وانتقالها واستقبالها . اما علم نظم الصوت فيحدد القوانـين والانظمة التي بموجبها تتحدد القيم الصوتيـة ( الفونيمات ) وكيفيـة اتحـاد الفونيمات ضمن المقطع والقوانين التي بموجبها تتأثر الاصوات ببعضها .

يحاول الباحث تعريف كل فر عوتحديد وظيفتها ثم يحلل بعض جوانب اللغـة الكرديـة على ضوئها .

## سەرچـاوەکان

1 — Abercrobie. D. (1967) Elements of general phonetics. Edinbrgh.

2 — Amin, Waria Omar (1979) Aspects of the verbal construction in Kurdish.
Thesis presented to the University of London.

3 — From Kin. V. and Rodman. R. (1978) An introduction to language.

4 — Fudge. E. C. ( 1970 ) Phonology, in New Horizons in linguistics. ( ed. ) J. Lyons .
Fatah. M. Maruf. (1981) on stress in Kurdish. Zanko

5 — Cleason. H. A. (1965) An introduction to descriptive Linguistics. Holt.

6 — Robins. R. H. (1971) General Linguistics, Longman.

٧ ـ وريا عمر امين (١٩٨٤) فۆنۆلۆجی ـ گۆڤاری کاروان ژمارە (٢٠) .

٨ ـ وريا عمر امين (١٩٨٢) ئیملای کوردیو چەن تێبینییەك گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق ـ دەستەی کورد . ژمارە (٩) .

# بەیتی لاس‌و خەزاڵ

خوێنەری بەڕێز ئەمەی دەی خوێنی‌یەوە بەشێکی ترە لەو کۆمەڵە فۆلکلۆرەی کە وەختی خۆی کۆڕی زانیاری کورد ، کە ئێستا لەگەڵ کۆڕی زانیاری عیراق یەکخراوەو بووە بە دەستەی کورد بە یارمەتیی چەند کوردێکی دڵسۆزەوە کۆی‌کردۆتەوە .

ئەم بەشە فۆلکلۆرە بە ناوی « بەیتی لاس‌و خەزاڵ »وەیەو ئەمیش نوسخەیێکی دیکەی ئەو بەیتە بە ناوبانگەیەو کاك عوسمان مەولود عەبدوڵڵا هەمەوەندی گوتوویەو کاك مەحموود زامدار سەرپەرشتی‌کردووە . بەیتەکە لەناوچەی کەرکوك کۆکراوەتەوە . ئەم بەیتە مام هێمنی موکریانی وکاك جەلالی ڕەحمەتی لەسەر شریتیان ڕاگوێزتۆتە سەر ڕووپەڕان .

## لاس‌و خەزاڵ (١)

### بەشی دووەم

**عبداللطیف عبدالمجید گلی**

بۆ لەچاپدانی ئامادەکردووە

ئەمان دەوری‌یەو عەسعەسان‌و تەتەران‌و خوڵامان چاویان دەکەت بە ڕەشایەتی‌یە . دەیانگوت ئەو ڕەشایەتیە چی‌یە ؟ خانزادە خاتوونیان گازدەکرد دەیانگوت دەنگی ژنانە دەنگی پیاوان نی‌یە . چونکی خەزاڵیش دڵی بە غەمە، کراسەکی شینکەی ڕەشی بەسەر ئەو جلکە جوانەی‌دا هێشتی‌یە .

خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبی‌یە ، حەیفە لۆ لاسی ئەحمەد بەگی‌یە ، لە دەشتی هەریرێ لە توو دیار نی‌یە ، ئەتوو ببینی ئەوهالە بە غەریبی‌یە .

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، ئەو ڕۆیشتنە سێ سەعاتی ڕابواردی‌یە ، ئەو ڕۆیشتنە بە سێ سەعاتی لەسەر تێ‌پەڕی‌یە . دەگەیشتە بن قەسری

خانزادێ دەیگۆ ناوم خەزاڵە کیژێ مەلانەبی‌یە • ئەمن لە ماڵێ بابێ خـۆم هەڵاتیمە بەڵاَن ئەو قسەی ناکەم لەکن خانزادێ نەبی لەکن چ کەسی دی‌یە •

خانزادیش دەیگۆت ئەوە خەزاڵە دەزانم کیژێ مەلانەبی‌یە • بابی وی قەدیمەلقەدیم هەر لە کنە مە بووەو مەڕداری مەیەو سەرکاری مەیەو ئەمـان ئەمن بیستیتم خەزاڵیش مارەکرایە لەجیاتی تۆ خینان لە وەیسی‌یە • گەلی خزمەتکارو تەتەرو عەسعەسینە لەنگۆ مەعلووم‌بی خەزاڵ هەڵاتی‌یە ، هەڵاتنی بە خۆرایی نی‌یە • دەبا بیبەمە هۆدەیێ سەری‌یە ، چار قسەی لێ بپرسم بـە تەنیایی‌یە ، پیاوم لە کن نەمینێ بزانم مەخسەدو مرازی دڵی خەزاڵە شۆڕێ چی‌یە یان چ نی‌یـە •

شەو تاریکە براینە برادەرینە ئەوی دەوری خۆ کارەبا نی‌یە • فانۆس‌و چرای ئەگەر پێ کردی‌یە ، مەجلیسی خانزادێ هەمووی دانیشتی‌یە • نیوەی شەرعە ، نیوەی خولامە ، نیوەی خزمە تکارە ، نیوەی عەسعەسە ، نیوەی تەتەرە ، نیوەی تەگبیر کەرە ، نیوەی مەلاو قورعـان خینی دینداری‌یـە • خانزادە خاتوونم ئەو ئیشەی بیکردایە دەیکرد بە عەمری شەرعی‌یە •

گەلی براینە برادەرینـە مەجلیسی هەموو چـۆل کردی‌یـە ، دەیبردە هۆدەکی بە تاقی تەنێ خەزاڵی دای‌دەنا لە بەرامبەری خـۆی قسەی گەلەك زۆری لێ پرسی‌یە •

دەیگۆ سەر شینێ سەر بەتاڵێ بزانم بەو شەوەی کارت چی‌یە ؟

دەیگۆ خانزادێ هەریرو هەریر بەگی‌یە ، بەو خوایەی نامری لە ژۆری سەری‌یە ، بەو قورعانەی سەر ڕانی مەلا نەبی‌یە ، بە قەبری سلێمان بەگی‌یە، بە چاوی لاسی ئەحمەدبەگی‌یە • دەیگۆ سەر شینێ سەر بـە تاڵێ دنیـام هەمووی دیتی‌یە ، سوڵتان‌و پاشازادەم ناو هەموو بیستی‌یە ، ناوی کاکە لاسم ئەو جارە نەبی لە تو نەزانی‌یە •

دەیگۆ خانزادێ هەریرو هەریر بەگی یە ، روحی خەزالێت ببی بە قوربانی یە، ئەگەر چاوت بکەوی بە لاسی ئەحمەد بەگی یە ، بەجێ دێلی تەختێ هەریرو هەریر بەگی یە. دلت ڕاناوەستی لە بۆ کاکە لاسی یە. بە ژنی داری سووسنی یە ، گەردەنی ڕێحانی کۆسرەتی یە ، سمێلی سۆری خورمەیی یە ، لێوی قەیتانە ڕوومەتی گــوڵ گوڵی یە . سینگی ڕۆستەمی یــە ، دەستو بـازووی ئەسکەندەری یە ، سەرو مێزەری قەپلانی یــە . شـانو ڕکێفی سلێمان بەگی یە . شۆڕە وا لە دنیایێ هێشتان چاوت پێ نەکەتی یە .

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، وەکی خەزالە شۆڕی مەلا نەبی یە ، ئەو قسەی دەگۆتە خانزادێ هەریرو هەریربەگی یە ، خانزاد دەیگۆتە خــەزالێ کیژێ مەلا نەبی یە ، سەرو بابانت لە کوینێدا ڕەش کردی یە . خۆ ئەتوویــان لەوەیسی وسووکاسکیان مارە کردی یە . عەگیــدەکو ڕەشــیدەکی وەکی وەیسی لە ناو خەیلانیان دا نی یە . ئەتوو لوچی هەڵخەڵەتای بە قسەی هەتیمەکی کوردی شارەزووری یە ؟

بەڵان قەرار وابی ئەتوو، نە دەمە دەست وەیسی یە، ئەگەر بڵێی وەیسی ڕادەکێشم ئێرە پەتی دەکەم بە زەبرێ سواری یە . مەلا نەبیش قۆڵ بەست دەکەم دەیهینم دەیهاوێمە زیندانێ هەتا دەمری سەری دەچتە بن خــاکی یە ، مادام ئەتوو دەخالاتت بە من کردی یە ، حەزت لە کەکە لاسی ئەحمەدبەگی کردی یە . خۆزیا بمزانیبوایە ئەو لاسە چی یە ؟

خەزاڵ دەلێ خاتوون خانزادێ هەریرو هەریربەگی یە ، ئەو روحــەت ببی بە قوربانی یە . خەزالت دابنشی لە کن بە کارەکەری یە . ئەگەر چاوت بکەوی بە لاسی ئەحمەدبەگی یە ، تەختی هەریــرێی لەبۆ بە جی دێلی بــە تەواوەتی یە ، ئەتووش دادەنیشی لە کنی بە کارەکەری یە .

وەکی خانزاد ئەو قسەی لە خەزالێ بیستی یە ، خۆی لە خەزالێ تووڕە

کردی‌یه • ده‌یگۆت سه‌ر شینێ سه‌ر به‌تاڵێ ، وه‌فا قه‌ت له‌ گن ژنان نی‌یه •
ئه‌من ته‌ختی هه‌ریرێ ته‌ختی سوله‌یمان‌به‌گی سۆران به‌ جێ نایێلم له‌ بۆ لاسی ئه‌حمه‌دبه‌گی‌یه • ئه‌من ماڵو مێردم له‌ خۆم حه‌رام کردی‌یه ، پاشی کوشتنی کاکم سوله‌یمان‌به‌گی ڕه‌حمه‌تی‌یه •

گه‌لی براینه‌ به‌ جێ بێلم خه‌زاڵه‌ شۆڕێ مه‌لا نه‌بی له‌ خزمه‌ت خانزادێ هه‌ریرو هه‌ریر به‌گی‌یه • کاکه‌ لاسیش به‌ جی دێلم له‌ ڕاوێ حه‌ف شه‌وو حه‌ف ڕۆژی‌یه • ده‌چمه‌وه‌ دوو کاکه‌ وه‌یسی وسووکاسکی‌یه •

هه‌تا نوێژی عیشایێ له‌ ماڵێ مه‌لا نه‌بی ده‌بوه‌ سه‌رو سۆراغه • ئه‌مان ده‌ڵێن خه‌زاڵه‌ شۆڕی بابان وێران له‌ ماڵێ چ ده‌سته‌ خوشکانی دیار نی‌یه • هه‌ر حه‌فسه‌ت ماڵی عێلو عێله‌ساتی خه‌یلانی‌یان کردی‌یه ، به‌ڵان براینه‌ براده‌رینه‌ خه‌زاڵه‌ شۆڕیان چاو پێ نه‌که‌تی‌یه •

گه‌لی براینه‌ گه‌لی براده‌رینه‌ ، کابرایه‌ك ده‌هاته‌وه‌ ناوی حه‌مه‌ده‌ ، له‌ ڕێی‌هه‌ریرێ دوو مه‌ڕی له‌ مێگه‌لی بزر کردی‌یه • ئه‌و کابرایه‌ ناوی حه‌مه‌د بوو له‌ عێلو خزمی مه‌لا نه‌بی‌یه • دوو مه‌ڕی له‌ مێگه‌لی به‌جی ده‌ما ده‌چوو مه‌ڕه‌کانی بینته‌وه‌ له‌ کانیێ سۆراوان له‌ گۆڕێ توwان له‌ ترسی گورگی‌یه • ده‌یگۆ گه‌لی براینه‌ گه‌لی براده‌رینه‌ ئه‌نگۆ مه‌یکه‌نه‌ هاوارو ڕۆڕۆ له‌ ناو قه‌ومی‌یه • ئه‌من ڕه‌شایه‌تیه‌کم چاو پێ‌که‌تی‌یه ، پاشی نوێژی مه‌غریبێ ، به‌ڵان ڕووی خۆی کردبۆوه‌ ده‌شتێ هه‌ریربه‌گی‌یه • ئه‌و ڕه‌شایه‌تیه‌م باش نه‌ناسی‌یه • ڕووی خۆی کردیته‌وه‌ ده‌شتێ هه‌ریرو هه‌ریربه‌گی‌یه • ئه‌من ئه‌گه‌ر بزانم ئه‌و ڕه‌شایه‌تیه‌ خه‌زاڵه‌ هه‌ڵاتیه‌ کیژێ مه‌لانه‌بی‌یه •

قسه‌ هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ بکه‌ویته‌ زاره‌کی ده‌که‌ویته‌ شاره‌کی • ئه‌و قسانه‌ ده‌گاته‌وه‌ ، دووزمان گه‌له‌ك زۆرن ئه‌و قسه‌یان ده‌گه‌یانده‌ خزمه‌ت وه‌یسی‌یه •

وەیسی غەزەبی هەڵگرتی‌یە ، شیری شامسری لە کالانی دەردەهینا ڕایدەگرت بە ڕووتی‌یە • ڕمی هەژدە گەی گورگانی لە عەرزی چەقاندیە• گازی چاوشووشەو چڵکن چاوڕەشی مامی کردی‌یە • دەیگۆ سوارەکم لۆسوارکەن بە گورجی‌یە ، بگاتەوە کن ماڵێ مەلانەبی‌یە ، بزانی ئەو قسەیە ڕاستە یان درۆ نی‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، قاسیدەکیان سواردەکرد ناوی ئەحمەدە پیاوی کاکەوەیسی‌یە • وەکی دەهات بەربووك لە ماڵێ دانیشتی‌یەو ماڵێ مەلا نەبی کەس قسەناکا ، قەومو خزمو کەسی مەلانەبی دەورەیان لە مەلانەبی دایە هەمووی دانیشتن بە بێدەنگی‌یە •

دەیگۆ ئەمن هاتیمە کاکە وەیسی ئەمنی هەناردی‌یە جوابەکی بەڕاستیم بدەنێ بەبێ دەنگی‌یە • شایی‌و سەیرانی تێك‌بدەم یان سبەینێ دوو سەت سواران بنێرم لە دوو خەزاڵێ مەلانەبی‌یە ؟

مەلانەبی دەیگۆتە ئەحمەدی پیاوی وەیسی‌یە ، بڕۆ سەلامەکی بکە لە وەیسی‌یە • سێ ڕۆژان مۆڵەتم بدا سەبرم لێ‌بگری بێ‌قەیدی‌یە • خەزالە شۆڕ دلم عێجز کردی‌یە ، نازانم ڕووی لە کێندەرێ کردی‌یە • ئەگەر شایی‌و لۆغانیش تێك‌دەدا ، ئەوەش پرسیارەکی دی‌یە • ئەگەر شایی‌و سەیران تێك‌دەدا ،ئەوەش کەیفی خۆیتی ، ئیشی من نی‌یە ئیشی وی‌یە •

قاسیدیش بەربووکی لەگەڵ خۆی هەڵگرتی‌یە • خەنەیان لەناو ئاوێ ڕێشتی‌یە • شایی‌و سەیرانی وەیسی بەتاڵ کردی‌یە • غەزەبی گرتی‌یە لە ڕکانو لە خەفەتان هەر دوو لێوی خۆی کرۆشتی‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی خزمینە گەلی دۆستینە ، لە خەفەتان وەیسی لێوی خۆی کرۆشتی‌یە • بەلانەکینێ گازی چڵکن چاوڕەشی مامی کردی‌یە • بەسەردار عەشیرەتو هۆزانی گۆتی‌یە ، خەزاڵ گەلەك نەخۆشە ،

ئەو شایی‌و سەیرانەی هەڵدەگرین لەبۆ حەفتەکی دی‌یە • دیارە خەزاڵ گەلەك نەساخە ، دیارە خەزاڵ گەلەك نەخۆش‌و نەساخە ، بەڵان دڵتان چ نەکا لـە تەرەفی وەیسی‌یە •

شایی‌و بەزم‌و سەیرانیان تێك دەدا ، کاکە وەیسی ڕۆژ لە کۆسرەتی هەڵاتی‌یە سبەینێ لەگەڵ نوێژی سبیانێ ئەسپی چارپەلسپی زین کردی‌یە • ئەحمەدو چاوشووشەو چڵکن چاوڕەشی لەگەڵ خۆی هەڵگرتی‌یە • سـەر مەیدانەشی لەگەڵ مەلانەبی گرتی‌یە • دەیگۆ یان شەڕە دوو بەرەکی‌یە ، یـان خەزاڵم دەوێ هەتا سێ‌ڕۆژی دی‌یە • بێتە بەر ماڵێ ببیتە ژنو هاوسـەرم بـە حەڵاڵی‌یە • ئەو ئاین‌و ئۆیننانە لە کنە من نی‌یە ، ئەو جارە سەرت دەکەم بە قوربانی شیرێ شامسری‌یە •

ئەو کابرایەی ناوی حەمەدە دوو مەڕی بزرکردی‌یە ، باشی لە مەلانەبی گەیاندی‌یە • دەیگۆ خەزاڵ دەست بوخچەکی پێ‌بوو ، تازە باشم نـاسی ، ئەمان تاریکاتی گەیشتبوو سەر عەردی‌یە ، شەرمم کرد گاسی‌کەم خەزاڵێ مەلانەبی‌یە ، ڕێت لە چ لایێکی‌یەو ڕووت لە کێندەرێ کردی‌یە • مەعلوومت بی خەزاڵە شۆڕێ کیژت ڕووی لە کن خانزادێ خوشکی سولەیمان‌بـەگی کردی‌یـە •

ئەوجار مەلانەبی هەنگینێ تێی گەیشتی‌یە زانی قسەی کەرکانە کەچەڵی ڕاستەو درۆ نی‌یە • لاسی ئەحمەدبەگی هاتی‌یە ، پەیمانی لەگەڵ بەستی‌یە ، شەرت‌و قراری لەگەڵ گرتی‌یە ، بیست‌و یەك ڕۆژی دیکە بێتن ببیا بە زەبرێ شیری شامسری‌یە • سەری وەیسـیش ببڕێتن وەکی کاری‌یە • خـەزاڵە شۆڕێش بباتن مارەی بکاتن بە شەرعێ محەممەدی‌و بە حەڵاڵی‌یە •

ئەگەر مەلانەبی سێ ڕۆژی ڕوخسـەت لە کاکە وەیسی خواستی‌یە ، تەگبیرەکی دەکا لەگەڵ ئیختیـارێ هۆزو عێلی‌یە • دەیـگۆ بە چ ڕووەکی

بچمه کن خانزادێ هەریر بەگی‌یە • سیلاحم دەشکێنی ناموسم دەبا ، ئابڕووم دەبا لەناو عێل و عێلەساتی خەیلانی‌یە •

بەلآن خەزالە شۆڕ ئەوێ شەوێی خەو لە چاوی نەکەتی‌یە • سبەینێ ڕۆژ هەلآت گەلەك دلی عێجز بوو دەکەتە سێ‌ودووە • دەیگۆتە خانزادێ دەچمە سەر کانیێ ، دلم گەلەك عێجزە دەلم گەلەك ماندی‌یە •

دەیگۆ کیژێ بابان وێران ئەوشۆ لە خەفەتی لاسی خەوت لێ نەکەتی‌یە• داخوا چ هەتیمەکی دەوڕووتەی کوردی شارەزووری‌یە •• ئەتوو لۆ نایەی بتدەمە وەیسی‌یە ، عێلەکی لەبن دەستی‌یە حەف سەت مالی خەیلانی‌یە • ڕم وەشێنە شیروەشینە عەگیدە لەناو چاردە عەشیرەتان تاکی نی‌یە •

دەیگۆ ڕاستیت پێ‌بلێم بە دۆغری‌یە ، دلم لەسەر کاکە وەیسی ڕەشەو دلم قەراری لەگەل وی نی‌یە • شەرت‌و قەراری لەگەل نابەستم قەت نابینە حەلآل‌و هاوسەری‌یە • هەستی دلی من کاکە لاسی گرتی‌یە ، دلی کاکە لاسیش ئەمنی گرتی‌یە • شەرت‌و قەرارم لەگەلی بەستی‌یە ، هەتا ئەوێ ڕۆژێ سەرم دەچیتە بن خاکی‌یە ، یان ئەمن دەمرم یان خەزالیش لەبۆ کاکە لاسیی‌یە •

لەخۆم دل کولێ ، لەخۆم دل بەبرینێ ، لەخۆم مەجبووری • خاتوونە خانزاد ئاگات لە دلی من نی‌یە ، کەس نی‌یە جوابەکی پێدا بنێرم بە شەرت‌و پەیمان هەبی لەبۆ دەشتی شارەزووری •

بەلآن خانزادێ لەسەر کورسی خۆی دانیشتی‌یە • حوکمی خۆی دەگێڕاو حوکمی وەرگرتی‌یە • گوێی لە دادو لە شەرع‌و لە فیغانێ ڕاگرتی‌یە• خەزالیش دەیگۆتە خانزادێ هەریر بەگی‌یە ، دەچمەوە سەر کانیێ عەیشێ حوسێن بەگێ بە جارەکی بە تەمامی‌یە • ئەو کانی عەیشێ حوسێن بەگی سولەیمان بەگ لەبۆ عەیشێ حوسێن بەگی خۆشی کردی‌یە • هەموو کەس ناچتە سەر ئەوێ کانیێ ، ئەوەی نەبیتە مێوانی خانزادێ هەریر بەگی‌یە •

دەورەیان گوڵو ڕێحانیان لێچەقاندی‌یە ، چەند تـاتە بەردیـان لۆ نوێژێ خۆش کردی‌یە • ئەو کانیە ئاوی لە چیای هەریرێ دێتە خوارێ بـە عەینی دەڵێی چاوی قرژاڵەو چاوی ماری‌یە •

سێبەری داران فێنکی بوهاران ، گوڵی ئەشرەفی ، حاجیلەو تێرگزو بەیبوونو دەزی‌دانەو شلێرو گوڵەمێلاقە سێبەری لەو کانیەی کردی‌یە •

ئەمان دڵی گەلەك گەلەك عێجزە خاتوونە خەزاڵم ڕووی خۆی دەداوە سەر کانی‌یە • ئەمان زۆر دوور نی‌یە لە قەڵاتی خانزادێ ، نەیزانی ئـەوێ ڕۆژێش مەلانەبی دوو سواری لەگەڵ خۆی هەڵگرتی‌یە ، دێ دەخالەت دەکا بە خـانزادێ هەریرو هەریر بەگی‌یە • نە خەزاڵ بـابی دیتی‌یە ، نە بابیشی مەلانەبی چاوی لەو دەمی بە خەزاڵێ کەتی‌یە •

خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبی‌یە ، لەبەر عێجزی دڵی‌یە ، دەهات دادەنیشت لەسەر کانی‌یە • تێر بە هەردوو چاوان فرمێسکی باراندی‌یە • فەقێ‌یەکی ناو محەمەدی چاو پێ‌کەتی‌یە ، دەوری دەکردەوە لە دەورەو پشتێ کانی‌یە •

دەیگۆ کاکە فەقێ ناوت چی‌یە ؟

دەیگۆ خاتوون ناوم محەمەدە ، دەخوینم کتێبێ شەرعی‌یە •

دەیگۆ ئەو ڕوحەت ببی بە قوربانی‌یە ، وەرە کاغەزەکم لۆ بنووسە ، بکە لە ڕاهی خـوای‌و پێغـەمبەری‌یە ، لـۆ دەشتی شـارەزووری لـۆ خۆشەویستەکەی من کاکە لاسی ئەحمەد بەگی شارەزووری‌یە • بەگزادەیێ جافی‌یە ، کوڕی خەجیج‌خانی عارەبی‌یە •

فەقێ دەیگۆت بەسەر چاوان ، هیچ قیمەتی نی‌یە • ئەوە ئیشەکە ئیشی شەڕ نی‌یە دیارە ئیشی خێری‌یە • ئەمان ناوت نازانم نازدار ناوت چی‌یە ؟

گۆتی ناوم خەزاڵە کیژێ مەلا نەبی‌یە •

گۆتی چ بنووسم ئەی نازدارە چاو بەنگی‌یە ؟

خەزاڵ دەڵێ بنووسە سەلام بێ لە کاکە لاسی‌یە • ئەو ڕوحەی ببی بە قوربانی‌یە • سەری بیستو یەك ڕۆژانە لە من تێ‌پەڕی‌یە • ئەمنی لەبیرکردی‌یە • شایی‌و لۆغانم بە وەیسی بەتاڵ‌کردی‌یە • خەنەی بووکێنیم لە ئاوێ کردی‌یە ، بە بەربووکم ئەو خەنە ڕێشتی‌یە • دوو شەوو ڕۆژە ئەمن کەتیمە بەکارەکەری‌یە لە کن خانزادێ هەریربەگی‌یە • زۆر لەبۆ وی ناپیاوەتی یەو بێ‌شەرتی لەگەڵ من کردی‌یە • هەوای شارەزووریی لەسەری دایە لەپێش چاوی ناکەوی تەختی پاشایەتی‌یە • ئەدی ئەوێ ڕۆژێی بە بیر نایێ وەکی سینگ‌و مەمکی منی گۆواندی‌یە بە پەنجەی شمشاڵی‌یە • وەکی سینگێ خۆم لۆ کردبۆ باژێری مەلاتی‌یە ، بە پەنجەی نەرم‌و شلی دەستی خۆی دەگێڕا لەسەر جۆتە سێوی تەورێزی‌یە •

ئەدی ئەوێ شەوێی بەبیر نایێ وەکێ دامدەپۆشت بە بیست‌و چار گەزی‌یە ، سەرمای بوهارێ کاری لە قەلبی نەکردی‌یە ؟

ئەدی ئەوی دەمی بەبیر نایێ وەکی دەوی خۆ دەهاویشتە سەر ناسکەی ڕوومەتێ ، بیست‌و چار ماچی لە ڕوومەتێ گوڵ‌گوڵی کردی‌یە ؟

ئەدی ئەوی سەعاتی بەبیر نایی وەکی دەستی خۆی دەهاوێشتمە سەر هەر دوو ملی‌یە ، بۆنی دەکرد خاڵ‌وخومری گەردەنێ ، چاوی خۆم هەردوك دەهاوێشتە سەر یەکدی‌یە • ئەنگوستیلەی زیوم بە دیاری لە دەستی دیتی‌یە • پەرچەمی تاوسیمی بۆن‌کردی‌یە • مابەینی من‌و وی عالەم پێی زانی‌یە • حەف سەت ماڵی خەیلانی‌یە • وەیسی وسووکاسکی‌یە دەستی بە شەڕێ کردی‌یە لەگەڵ بابی‌یە • ئەمان نازانم دەردی دڵداری من‌و تو تەگبیری چی‌یە ؟

ئەگەر نێ‌یە دووم ئەمن نەینیە دەرێ لەو گەرداوەی ، دیارە مووی پیاوان لە توو نەهاتی‌یە • شەرت‌و پەیمانت هەمووی درۆیە هیچیشت ڕاست نی‌یە •

زۆر عەیب‌و زۆر مخابنە لۆ کاکە لاسی ئەحمەد بەگی‌یە ، ئەمنی لەبن

قەرە ڕەشماڵێ لەبیر کردی‌یە • ئەمنی لەبن قەرە ڕەشماڵێ مەلانەبی لەبیر کردی‌یە • ئەمنی کردە دوژمن لەگەڵ باب‌و برایان لەگەڵ وەیسی‌یە •

خانزادیش لەو کارەساتەی مە تێ‌گەیشتی‌یە • بەڵاْن خانزاد ئەتووی نەدیتی‌یە • قەشمەری بە قسەی من دێ دەڵێ کاکە لاس هەتیمەکی کوردی شارەزووری‌یەو خوێڕی‌یە •

ئەگەر هاتی وەرە بە تەدارەکی سواری‌و شەڕی‌یە • خانزادی سۆران بەشکو ئەتوو ببینی لە دڵی نابیتە دیدار عەزرەتی‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی خزمینە ، ئەو ناو محەممەدە قاغەزی تەواوکردی‌یە • لە ترسان بە گورجی ڕۆیشتی‌یە • وەی‌زانی خانزاد لۆ کن خەزاڵێ هاتی‌یە • چونکی عالەم ترسی لە خانزادێ گەلەك پەیا کردی‌یە • لەو ڕۆژەی خانزاد وەکی لەشکری کوشتی‌یە ، قەتعی‌یەن بلێی ویژدانی لە کن نەمایە ، ڕەحمی لەسەری ڕۆیشتی‌یە • گەلەك بێ بەختە ، ئەمان ئەو ئیشەی بکا خانزاد دەیکا بە ئەمری شەرعی‌یە •

خشپەی پێی دەهات وەیزانی خانزادە لۆ کن خەزاڵێ هاتی‌یە ، نەیدەزانی کابرایەکە بارگینەکی بزرکردی‌یە • دوو بارگینی هەبوو ، یەکی هەڵاتی‌یە بزری کردی‌یە • ئەو دوو بارگینەی لەبن جۆتی‌یە ، جۆتی ڕاوەستایە • دەگەڕێ لە دەوجۆگەی هەرێڕێ ، دەیزانی کانیە عەیشێ خوسێن بەگی‌یە • خەزاڵ لەسەر کانیە دانیشتی‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، خەزاڵ دەیگۆتە ئەو ئەختیارەی مامە بە قووربانت بم ناوێ توو چی‌یە ؟

دەیگۆ خوشکێ برای کەسی بابی ناوی من کەریمی سوورچی‌یە • ئەو ڕۆ دوو ڕۆژە بارگینەکم بزرکردی‌یە • هەرچەندی لێی دەگەڕێم لە من دیار نی‌یە •

تەماشای یەکدی یان کردی یە • شەڕ بە تفەنگان نی یە ، شەڕ بە شیران نی یە ، شەڕ بە تیروکەوانی یەو بەبێ دەنگی یە •

مەڕو مالاّتی وان نایێتە گۆڕێ تووان ، مەڕو مالاّتی مالێ مەلانەبیش ناچیتەوە بن گردی سپی یە • شەڕ لەسەر خەزاڵێ چاوبەلەکە ، کاکە لاسیش لەمەیدانێ دیار نی یە •

ئەگەر قاسیدیش ناوی کەریمی سوورچی یە • ئەو کاغەزەی گەلەك گەلەك چاك هەلگرتی یە • چونکی گفتی پێدایە لە کاغەزی نووسی یە ئەوی ئەو کاغەزەت لۆ بینی بە تەواوەتی یە ، دەبی خەلاّتی بکەی بیدەیە مایینەکی لە نەتەوەی شێخەزاڵی بە جوانی یە • دەبی بێ یە دوو جەواب و سوابێ خەزالە شۆڕێ ، سەری سێ ڕۆژانە لەکن خانزادی هەریرێ بە کارەکەری کەتی یە • باسی ئاشقی من و تو و دنیا پێی زانی یە ، عێل و عاشیرەتان زانی یە • ئەمان خانزادی هەریرێ لەو کارەساتەش ئاگاداری هەیەو ئاگای لێ بی یە • خانزادی هەریرێ لەئیش و من و تو و باش تێ گەیشتی یە •

گەلی براینە گەلی برادەینە گەلی دۆستینە گەلی خزمینە ، کەریمی سوورچی یە گەلەك ماندی یە ، گەلەك شەقی یە ، گەلەکی کێو و دەشت و چوڵ و بیابان بڕی یە • ڕووی دەکردەوە قەلاّتی شارەزوورێ ، دیوەخانی کاکە لاسی ئەحمەد بەگی یە • سەیری دەکرد دیوەخان چۆلە تێی دایە سەعیدی قاوەچی یە• سەلامەکی سەرسەلامانی لێ کردی یە •

دەیگۆ چاوم بە کاکە لاسی نەکەتی یە ، نازانم ڕەنگی کاکە لاسی کووە، بەگزادەیە ، میرە ، پاشایە • دەیگۆ نازانم کاکە لاس بەگزادەیە ، میرە ، پاشایە ، عەگیدە ، میرێ جافی یە ؟

بەلاّن سەعیدی قاوەچی یە دەیگۆ قاسید ناوت چی یە ؟

دەیگۆ ناوم کەریمی سوورچی‌یە •

دەیگۆ جێ‌و ڕێت کێندەرێ‌یە؟ دەیگۆ مەملەکەتی هەریرو هەریربەگی‌یە •

دەیگۆ دەزانم قاسیدی ، قاسیدی خەزاڵێ کیژی مەلانەبی‌یە •

کەریمی سوورچی دەیگۆ عافەریم کاکی قاوەچی‌یە • باشت زانی‌یە • بەلاّن پیشانم‌بدە کاکە لاسم ، بەژنو بالاّی کووەو ڕەنگی چی‌یە ؟

دەیگۆ بابەکەی بابم کاکە لاسم ئەورۆ لە ڕاوو شکارێ‌یە ، سبەینێ ڕاوی حەف شەوو حەف ڕۆژەی تەواو دەبی دێتەوە بە سەلامەتی‌یە •

سەعیدی قاوەچی‌یە دەیگۆتە کەریمی سوورچی‌یە ، ئەگەر بچیەوە دەشتی بەکراوەی ، سەری قەشانێ ، بان قەلاّی کویستانی مەریوانێ ، کاکەلاس لەوێ‌یە • حەف سەت سوارو پێنسەت نۆکەرو شەش سەت خولاّمی لەگەڵ خۆی بردی‌یە • خیوەتی ڕەنگاوڕەنگ‌و نانو خواردەمەنی حەف شەوو حەف ڕۆژی لەگەڵ خۆی هەڵگرتی‌یە • نە ئاگای لە مەحموودی بێ‌زەواڵە ، خەزاڵە شۆڕی مەلا نەبیانی لەبیر کردی‌یە •

کەریم دەڵێ کاکە لاس ڕەنگی کووە ؟

:

گۆتی بەژنی باریکە داری حەیزەرانی‌یە • سمێڵی زەردی سووسنی‌یە • پەنجەی لۆ قەڵەم‌و قەڵەم‌بازی‌یە • شاڵی کرمانی لە پشتی‌یە ، سەڵتەی ماهووتی لەبەری‌یە • سوخمەی تەورێزی لەبنی‌یە • ئەنگوچکی سپی مسقاڵ‌بەگی‌یە ، دوازدە قەف لەسەر عەردی‌یە • شەرواڵی پیی شفتەلی‌یە ماهووتی‌یە • عەگالەکی بە سیمی چارقوڕنەی تەلەعفەری لەسەری‌یە • لەبن ئەو عەگالەکی زەردی ئاوریشمی دیاربەکری‌یە • چەکمەکی زەردی عامو‌ودی لەپێی خۆی کردی‌یە • لەبەری‌دایە زرێ‌یە داودی‌یە ، دووربینی شاری ورمێی لەمل کردی‌یە • شیری شامسری حەمایل کردی‌یە ، دەسکی ئەو

شیرەی لە زێڕی‌یە • ڕمی هەژدەگەی گورگانی‌یە • خەنجەری نێرۆیی لەبەر پشتی‌یە ، ئەو خەنجەرە تۆ گۆی لە زێڕی زەمانی‌یە • جاحێلەکی گەلەك بە شەوکەتە هێشتان بای سەر دنیایەی بە تالی پێ نەکەتی‌یە • بەلاّن مەعلوومە ئاشقی بەژنی خەزالێ مەلانەبی‌یە • بەلاّن ئەوەنـدەی ماندیـەتی دیتی‌یە ، تۆشەوو تۆ ڕۆژان بە دەروێشی هاتی‌یە ، خەزالی بابانوێرانی ئەوڕۆکە لەبیر کردی‌یە •

گۆتی ئەو ڕۆحەت ببی بە قوربانی‌یە ، ڕێی دەشتی بەکراوەو سـەری قەشانو بنەبنەی مەریوانیم پێ نیشانبدە لە چ عەردی‌یە • کاغەزم گەلـەك بە تالووکەیە ، ئەگەر نەیدەمە دەست کاکە لاسی نایدەمە دەست چ عەبدەکی سەر عەردی‌یە •

سەعیدی قاوەچی‌یە بە دلەکی گەلەك بەغەم ڕێی ڕاوی کاکە لاسـی نیشان دەدا بە کەریمی سوورچی‌یە •

کەریمی سوورچی غاری دەدا دەتکۆ کلاّوی بابردی‌یە • هەتا دەگەیشتە دەشتی بەکراوەی ، چونکی کاکە لاس ڕۆژی حەفتەم بوو بەرەو شارەزوور دەهاتەوە بەبێ قەیدی‌یە •

چاوی پێ کەت بە دەشتی بەکراوەی ، بوهـارە گیـا لە عەردی‌یە • سووسنی سەرقەلاّو مەریوانێ پشکووتی‌یە • نەسریـنو گـوڵو گولزاری کانیان سەری خۆیان بەدەر پێخستی‌یە • کیژو کالّی مامەشـانو جافـانو عاشیرەتانو بەگزادان دەشتو کێویان داگیر کردی‌یە •

کاکە لاسیشم سوارو سەرکردەو خولاّمو خزمەتکاری پەرتو بلاّوەی پێ کردی‌یە • نوێژی نیوڕانێ‌یە مەلا زاهیری کردی‌یە • هەندەکی نانخۆرە ، هەندەکی نوێژکەرە ، هەندەکیش نوستی‌یە • خولاّمەکی ڕاوەستایە ئـەو خولاّمە ڕمەکی درێژی بە دەستەوە گرتی‌یە • لە قاسیدی خوڕی‌یە : کوڕە

کابرای گەرمێنی کارت بێرە چی یە ؟ لە بەرگ و ئەلبیسەو ئەسپابت دیارە زمانت هەریری یە • دیارە ئیشت بە کاکە لاسی ئەحمەدبەگی هەیە ، قاسیدی کێی پێم بڵێ بە ڕاستی یە • کاکە لاس سەعاتەکە خەوی لێ کەتی یە ، ڕەزامەندی لەسەر نی یە کەس قسەی لەگەڵ بکا هەتا لە خەوێ هەڵنەستێتن بە بێ دەنگی یە •

دەڵێ کەریمی سوورچی یە دەیگۆتە عەگیدی کاکە لاسی یە • بکە بۆ خاتری خوای و پێغەمبەری ئاخری زەمانی یە • دەیگۆتە ئەو عەگیدەی کاکە لاسی یە ، بکە لۆ خاتری خوای و پێغەمبەری ئاخری زەمانی یە • ماڵو منداڵم چەند ڕۆژە بەجی هێشتی یە • بارگینەکم بزر کردی یە • لەسەر کاتێی هەریرێ خەزاڵێ مەلا نەبی یان ئەو کاغەزەی بە مـن سپاردی یە • ئەو کاغەزەش نادەمە دەست چ عەبدەکی لەسەر ڕووی عەردی یە ، ئەگەر نەیدەمە کاکە لاسی ئەحمەد بەگی یە • هەڵی بستێنە بڵێ ناوی ئەو قاسیدەی کەریمی سوورچی یە • کاغەزی خەزاڵێی بۆ هێنای لە هەریرێ کیژی مەلانەبی یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی دۆستینە گەلی خزمینە ، وەکی کاکە لاسی ماڵوێرانی لە خەوێ هەڵستاندی یە ، کاکە لاس هەردوو چاوی لەبەر خەوێ سۆر بووە ، دەماری دەسووڕا بە بێ قەیدی یە • ناوی خەزاڵێی دەهاتە گوێی بە دەو لێی بیستی یە •

دەیگۆ قاسید بە قوربانت بم ناوت چی یـە ؟

دەیگۆ ناوم کەریمی سوورچی یە ، کاغەزی خەزاڵە شۆڕێم لۆت هێنایە کیژی مەلا نەبی یە •

کاکە لاس دەیکێشا بە سەری خۆی دا بە هەر دوو دەستان دەیدا لـە تەوقی سەری یە • تەزی یەکی لە بن پێی هاتە دەرێ دەچوە دەرێ لە کەللەی

سەری‌یە • هیچ فکرو هۆشی لەکن نەدەما لەبن خێوەتی ڕەنگاو ڕەنگ دەکەت بە بێ هۆشی‌یە • خولاموو خزمەتکار دەورەیان گرتی‌یە ، بۆسۆیان دەداوە بەر کەپۆی بەخۆی دەهاتەوە دەیگۆ گەلی خولامینە گەلی دەفتەردارینە گەلی ئەمیندارینە ، ئەمن هۆشم لە کنە خۆم نی‌یە • بەلان توخوا بدەنە ئەو قاسیدەی ماینەکی لە نەتەوەی شێخەزالی بە جوانی‌یە • ڕاوو شکاریش بە تاڵ بکەن چی‌دیکە ڕاوو شکار نی‌یە • کاغەزی خەزالە شۆڕێم لۆ هاتی‌یە کیژێ مەلا نەبی‌یە • قاسید ئەتوو بڕۆ سوار بە لە شێخەزالی خەبەری بدێ بە درەنگی‌یە ، بلێ کاکە لاس ئەگەر لایەکی ڕدێنی تاشیبی لایەکی دیکەی هێلابی بە بێ قەیدی‌یە ، شەرت بی بیسگەمێ لە مەملەکەتی هەریر بەگی‌یە • ئەگەر نەم‌هێنا بە زەبرێ شیری‌یە بە زەبرێ ماڵی‌یە ، بزانی کاکە لاس غیرەتی نی‌یە مووی پیاوانی لێ نەهاتی‌یە •

ئەمان بێ شەرت‌و بێ وەفا دەرچوویمە لەگەڵ خەزالێی مەلا نەبی‌یە • ئەو وەعدەی دایتم ئەو ڕۆ نۆ ڕۆژە لە وەعدەی تێ‌پەڕی‌یە •

بەلان برا توخوا پێم بلێ خەزالە شۆڕت دیتبوو لە کێندەرێت بەجێ هێشتی‌یە •

گۆتی میری گرانم کاکە لاسی ئەحمەد بەگی‌یە ، لە سەر کانیە عەیشێ خوسێن بەگان لە هەریرێ لە خزمەت خانزادێم بەجێ هێشتی‌یە •

کاکە لاس دەڵێ مادام ئەوهایە ، سەفەری من لە بۆ هەریرێ‌یە لۆ کن خانزادێ هەریر بەگی‌یە • ئەمان دەچم بە بەرگی شەڕی‌یە • پرسیاریش دەکەم لە دایکم بزانم لەگەڵ خۆم خزمەتکارو خولاموو نۆکەران ببەم ، یانەوەکینێ بڕۆم بە تاقە سوا ری‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە وەکی کاغەزی تەمەشا کردی‌یە ، ناوی خەزالێی چاو پێ کەتی‌یە • دەیگۆ سەلامەکی سەر سەلامان بی لە کاکە

لاسی‌یە ، ئەو ڕوحەی منی ببی بە قوربانی‌یە • لۆ چی ئەوەندە بێ شەرت‌و بێ پەیمانە دەرچوو ئەمنی لە بیر کردی‌یە ؟ ئەوێ ڕۆژێی بە بیر نایێ وەکی لە بن ڕەشمالێ ئەمنی لە باوشی دەکرد بیست‌و چار ماچی لە گەردەنی زەردی من وەرگرتی‌یە ، سەری مەلا نەبی‌و وەیسیم دەکرد بە قوربانی سەری‌یە ؟ ئەوێ ڕۆژێی لە بیر چوو وەکی دامدەپۆشی بە بیست‌و چار کەزی‌یە ؟ ئەوێ ڕۆژێی بە بیر نایێ وەکی گەردەنی خۆم پێشکێش کردی‌یە ، دەیمژی وەکی شەکرێ لە شاری‌یە ! ئەوێ ڕۆژێی بە بیر نایێ ئەوێ شەوێ وەکی دەستی خۆی لە ناو سینگ‌و مەمکی من دەگێڕا ، سینگم دەکردە باژێڕی هەولێرە ، مەمکیشم لە بۆ وی دەکردە سێوی خەلاتی ؟ ئەوێ ڕۆژێی بە بیر نایێ وەکی هەر دوو دەستی دەهاویشتە سەر شاملێ بە کەزی‌یە ، وەکی حەلاڵ‌و هاوسەری‌یە ، هەتا ئەجری بەیانی ئەمنی لە باوشی خۆی گەوزاندی‌یە ؟

ئەلعانیش ئابڕو‌و ناموس‌و حەیای منی بردی‌یە ، لە ناو عێلەساتی خەیلانیان هیچ ڕووم نی‌یە • قسەم لەگەڵ کەس پێ ناکرێ ، هەتا لەگەڵ کارەکەران بەبێ قەیدی‌یە • وەیسیش بەزم‌و ڕەزمی شەڕی دامەزراندی‌یە لەگەڵ مەلا نەبی بابی‌یە • ئەمنیش ئەلعان لە کن خانزادێمە کەتیمە هەر بە کارەکەری‌یە • لەو کارەساتەو دڵداریەی من‌و تو‌و کاکە لاس لە تو‌و مەعلووم بێ خانزادیش تێ گەیشتی‌یە • ئەگەر نەیە دوو نەمبەی بە حەلاڵی‌یە ، مووی پیاوان لە تو‌و نەهاتی‌یە ، قەرار وایە دیارە ئەتوو هیچ غیرەتت نی‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی خزمینە گەلی دۆستینە ، وەکی کاکە لاس قاغەزی ئەو سەرەو سەر پێ کردی‌یە ، بەلاّن لە پشتی کاغەزێی بە دوایی نووسی‌یە ، کاکە لاس سەلامەت لێ‌بی ڕوحی منت ببی بە قوربانی‌یە • سەری وەیسی‌و مەلا نەبیت دەکەم بە قوربانێ سەری‌یە • هەر دوو لێوە سۆرەکانت ماچ دەکەم بە کەیفێ دڵی‌یە • ئەمان توخوا بدە ئەو قاسیدەی ماینەکی لە

نەتەوەی شێخەزالیٚ بە جوانی‌یە • ناوی ئەو قاسیدەش مەعلوومە بزانە ، ناوی کەریمی سوورچی‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی خزمینە گەلی دۆستینە ، کاکە لاسی ئەحمەد بەگی‌یە ڕاوو شکاری بەتاڵ کردی‌یە • گاسی ئەمیندارو پیاوانو خولامو خزمەتکارو نۆکەرانی کردی‌یە • دەیگۆ لۆ من زین بکەن شێخەزاڵی‌یە ، بکەومە سەر پشتی‌یە • کاغەزی کچەتیوە خەزالم لۆ هاتی‌یە• ئاگام لە ڕاوو شکاریٚ نی‌یە • ئاگام لە تەختی شارەزووریٚ نی‌یە •

ئەمان خولامەکی گاز دەکرد بە توندی‌یە ، زینی قەزەلی‌یە ، لغاوی مرواری‌یە ڕکیٚفی حەوێزی‌یە، دەیهاویشتە سەر پشتی شینکەی شێخەزاڵی‌یە• کاکە لاسم هۆش‌و فکری لە کنە خۆی نی‌یە • پێی لە ڕکیٚفیٚ دەنا دەچوە سەر خانیٚ زینی‌یە • هەر دوو گویٚ‌و کلکی وەکی یێك ڕاگرتی‌یە • دەتگۆ باڵدارە فڕی‌یە ، دەتگۆ تەیرە لە عاسمانیٚ هاژە هاژی کردی‌یە • شێخەزاڵیش ڕەسەنە لە ماین‌و نەتەوەی ماڵیٚ شێخ حموودی شێخ خەلیفەیە ، بابی خەجیج خانی عارەبی‌یە • شێخ حموود باپیری کاکە لاسی‌یە • شێخ خەلیفەش خاڵی کاکە لاسی‌یە • نەتەوەی ئەو ماینە چاکەی ئەحمەد بەگ لە وەختی خۆی لە وانی بە دەستکەتی‌یە •

ئای لە من غەریبیٚ ، ئای لە من بیٚ تەبیبیٚ ، ئای لە من سەر گەردانیٚ ، کەسەك نی‌یە جوابەکیٚ لە بۆ خەزالە شۆڕیٚ بگەینیتە لایێ دیوانیٚ • بەلیٚ سەری چەند ڕۆژی دیکە شۆڕە سوارەکەی شارەزووری لە بۆ کاکە وەیسی وسووکاسکیان دێتە مەیدانیٚ •

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، کاکە لاس ئەوەندە بە توندی ڕۆیشتی‌یە، کلك‌و هەر دوو گوێی شێخەزاڵی خانەی زینی بزرکردی‌یە • خەجیج خانی عارەبی‌یە ، ئەو دەمی دەهاتە سەر خانی‌یە • دووربینی تەورێزی دەدا بەر چاوی‌یە • دەیگۆ خوایە گەورە نامری ئەبەدی لە ژۆری سەری‌یە ، یا سولتان

عەولای عارەبی یە ، یا دەستێنی غازی یە • یا شێخ عەبدولقادری گەیلانی یە ، یا شێخ جونەیدی بەغدای یە ، یا شێخ مەعرووفی کەرخی یە • یا شێخ گەزنەو شێخ ئەستی یە • هاوار دەکردەوە شێخ هۆمەرو شێخەڵلای بە خۆم مەرقەدم گرتی یە • کاکلاسم چ جاران لە ڕاوو شکاران شێخەزاڵی ئەوەندە ماندی نەکردی یە • ئیشالڵا کاری خێرە ، بەڵان دەزانم کاغەزی ئەو کچەتیمەی لۆ هاتی یە •

هەموو بەدەنی لە بەر خانی و قەلاتێ لەرزی یە • گازی دەکردە سەعیدی قاوەچی یە • دەیگۆ کاکلاسە ، وەرە چاوی خۆت باوێ سەر دارێ دووربینێ شێخەزالی گەلێک گەلەک ماندی کردی یە •

گەلی براینە گەلی ادەرینە گەلی خزمینە گەلی دۆستینە ، وەکی خەجیج خان لەسەر خانی هاتە خوارێ پێشی لە کاکە لاسی گرتی یە • کاکە لاس پێنسەت سوارو شەش سەت عەگیدو چار سەت نۆکەری لە دەشتی بە کراوەی بەجێ هێشتی یە • قاسیدیش کەریمی سوورچی یە ، دەیاندایە ماینەکی بە جوانی لە بەر وەی شێخەزالی یە • دەیگۆ جواب ببەوە لە بۆ خەزالێ مەلانەبی یە ، بلێ کاکە لاس هەر دوو چاوتی ماچ کردی یە • ئەگەر نەمری دەتگاتێ پلی چەند ڕۆژی دیکە لە کن خانزادێ هەریر بەگی یە •

خەجیج خانی عارەبی یە جەڵەوی شێخەزالی بە دەستی خۆی گرتی یە • دەیگۆ ڕۆڵەکەی برنم کاکە لاسی ئەحمەد بەگی یە ، بە گزادەی جافی یە ، چ جاران لە ڕاوو شکاران شێخەزالت ئەوەندە ماندی نەکردی یە •

دەیگۆ دایکی گەورە گرانم خەجیج خانێ عارەبی یە ، ئەتوو نازانی کاغەزی خەزاڵە شرینم لۆ هاتی یە کیژێ مەلا نەبی یە ؟ لە مەملەکەتی هەریرێ لە کن خانزادێ بەرەکەری کەتی یە • ئەگەر نەچمە دووی دەڵێن مووی پیاوان لە کاکە لاس نەهاتی یە • هەتا ڕۆژی مردنێ ئابڕووم دەچی دێتە سەرە من شەرمەزاری یە •

بەلاّن کاکە لاس دەلێ دایکی گەورەو گرانم خەجیج خانی عارەبی‌یە، هێشتان عەگیدو سوارم لە دەشتی بە کراوەی بەڕێ نەکەتی‌یە • چونکی شێخەزالم گەلەك ماندی کردیە، گاز دەکا سەعیدی قاوەچی‌یە • زینی قەزەلی لە سەر پشتی شێخەزالی دابگرە ئارەقەی هیشك بیتەوە، ئیشم گەلەك گەلەك بە درەنگی‌یە •

بەلاّن پێت دەلێم دایکی گەورەو گرانم خەجیج خانی عارەبی‌یە، بەلام پێت دەلێم خەجیج‌خانی عارەبی‌یە، بە خۆم بچم بە تاقە سواری‌یە، یان لەگەڵ خۆم بەم شەش سەعات عەگیدو پێنسەت نۆکەرو چارسەت خولاّمان بە تەواوەتی‌یە ؟

گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی خزمینە گەلی دۆستینە، وەکی خەجیج خانی عارەبی‌یە، ئەو قسەی لە کاکە لاسی بیستی‌یە، هەناوی هەموو لەرزی‌یە • دەیگۆ ڕۆلەکەی شیرنم ئەتوو پاشازادەی، لەگەڵ کیژە خێلەکیانیان نەگۆتی‌یە • بەلاّن بچیەوە ناو عێل‌و عاشیرەتێ خەیلانی‌و سوورچی‌و بۆلی‌و هەرکی‌یە، ئەتوو ناهێلنەوە بە سەلامەتی‌یە • جارەکی دیکە چاوت ناکەوی بە چاوێ داکی‌یە • شایی‌یەکت لۆ دەگێڕم پێنسەت کیژت لۆ هەلدەبژێرم لە پێکەی بەگزادەی جافان‌و مامەشان‌و گەردی‌یە • هەر کیژەکی دەستی لە سەر دابنێی لۆتوو بکێشم بە زەبری زێڕی‌یە • هەر کیژەکی کەیفت بینی دەیکێشم بەلاّن هەر بە زێڕی زەمانی‌یە• بەلاّن وەرە شەیتانی بە لەعنەت‌کە مەچۆ مەملەکەتێ هەریرو هەریربەگی‌یە •. کوڕەکەی شیرنم ئەمن خەونم دیتی‌یە، دەزانم نایەوە کن داکی خۆت بە سەلامەتی‌یە •

کاکە لاسی دەیگۆتە داکی خەجیج خانی عارەبی‌یە، بابی ئەو قسەی لە لاسی هەر نەکری‌یە • دەیگۆ لاسە شێتە ئاقلی نی‌یە • با چاوم پێ نەکەوی جارەکی دی‌یە •

بەلاّن کاکە لاس دەڵێتە خەجیج خانی عارەبی‌یە ، دایکەکەی شیرنم ، ئەتوو دایتتە من شیری سپی‌یە • نە شایی دابمەزرێنە نە کەسیش ماندی بکە لە مەنگوڕو مامەشانو لە بڵباسانو لە گەردی‌یە ، لە عێلو بەگزادەیێ جافی‌یە ، لە هەمەوەندو ئیسماعیل عوزێری‌یە • بەلاّنەکینێ ئەمن گفتم دایە لەگەڵ خەزاڵێ کیژی مەلا نەبی‌یە • ئەتوو مەچوە ناو عێلو عاشیرەتی هەمەوەندو ئیسماعیل عوزێری‌یە ، بڵباسو مەنگوڕو مامەشو گەردی‌یە • مەچۆوە ناو عێلو عێلەساتی مەنگوڕو جافی‌یە ، هەرکیژەکی توو دەستی لە سەر دابنێی وا دەزانم خوشکە لە داكو لە بابی‌یە • بە غەیری خەزاڵێی مەلا نەبی ، مارەیی چ شتاقە کیژان لە لاسی نەهاتی‌یە •

هەرچەندی خەجیج خانێ عارەبی لە بۆ کاکە لاسی گۆتی‌یە ، کاکە لاسی ماڵوێرانم لۆ داکی نەسەلماندی‌یە •

وەی بابە وەی بابە ، دەرمانی عاشقان مەستی شەرابە •

خەجیج دەڵێ ڕۆڵەکەی شیرنم ، بێ تۆ لە دەشتی شارەزووریێ جەرگم کەبابە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، هەرچەندی خەجیج خانی عارەبی لە بۆ کاکە لاسی گۆتی‌یە ، کاکە لاس نەی‌سەلماندی‌یە • گازی دەکردەوە سەعیدی قاوەچی‌یە هەتا ئەوەندە گفتوگۆیەیان کردی‌یە ، خولاّمو خزمەتکارو نۆکەران پێش دیوەخانەیان داگیرکردی‌یە • هەمووی لە ئەسپی کەحێلەو شێخەزاڵ دادەبەزینە عەردی‌یە • دەستیان لە ملی کاکە لاسی کردی‌یە • بەلاّن کاکە لاس نەیدەسەلماند ، قسەی هیچیانی نەدەچوە گوێو باوڕی بە کەس نەکردی‌یە • ئەو کاغەزەی خەزاڵێی سێ جار ماچ کردی‌یە ، دایدەنا سەر هەردوو چاوی‌یە • دڵداری ئەو وەختی گەلەك بە سۆز بووە ، وەکی دڵداری ئەو وەختەی نی‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، کاکە لاس گــازی دەکرد سەعیـدی قاوەچی‌یە ، ئەتوو لۆ من لی‌بنێ قاوەی قەندەهاری‌یە • سێ فنجانان نـۆش بکەم بە یەکجاری‌یە •

گاسی دەکردەوە خولامەکی‌یە ، شێخەزالم لە بۆ زین بکە بە زینێ قەزەلی‌یە • باوێ سەر پشتی زینەکی قەزەلی‌یە ، بە سەری بێخە ساموتـەو لغاوی مرواری ، جۆتەکی ڕکێبی زیوی حەوێزی‌یە • ئەمان چ بکەمێ ، بە سەری بێخە لغاوی مرواری‌یە ، جۆتەکی ڕکێبی زیوی حەوێزی‌یە • ئەمـان چ‌بکەمێ ، بە سەری بێخە لغاوی مرواری‌یە ، جۆتەکا ڕکێبی حەوێزی‌یە• چار ئاوێنەی مەڕمەڕی سابلاغیی لە هەر چار کناری زینێ قەیم کردی‌یە ، لۆ ئەوەی بزانی کێ لە پشتی دەڕواو کێ پێشی هاتی‌یە• ڕمی هەژدەگەی گورگانی بە هەزارو حەف سەت قرانی لە شاری تاڕانێ لۆ هاتی‌یە • خەنجەری تێرۆیی نۆپشکەی لە زێڕی‌یە ، ئایەتی قورعـانێ لێ تەرتیب کـردی‌یە • شیرێ شامسری‌یە ، دەسکی لە زێڕی ماردینی‌یە • چەکمەیێ شارێ عاموودی‌یە • کراسی سپی کتانی میسقاڵ بەگی‌یە • تۆپەکی شالی حەلەبێ لە پشتی خۆی بەستی‌یە • سەڵتەکی شینی ئاوریشمی‌یە ، لە بن ئەو سەڵتەی سوخمـەی تەبرێزی‌یە • گەلی براینە عەگالەکی بە سیمی مەرەزی تەلەعفەری چارقوڕنەی لە سەری خۆی داگرتی‌یە • بەتیەکی زەردی شێخانی لەبن ئەو عەگـالەی قەیم کردی‌یە • لەسەر ئەو هەموو شمـەکەی زرێی ڕەشی وەستـاداودی داڕێژتی‌یە • دووربینی شاری ورمێی لە ملە خۆی کردی‌یە • هەگبەکی لـە زێڕو لە مەجیدی داگرتی‌یە ، لۆ ئەوەی نەکو لێی بقەومێ پێی‌بی موحتاجی‌یە•

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، دیسان دەیگۆتە خەجیج خانی داکی‌یە، ئەو ڕوحەت ببی بە قوربانی‌یە ، گەردەنی کاکە لاسی ئازا بکـە ، ئەتـوو گەلەکت داتە من شیرێ سپی‌یە • بەلان بڕۆم بە خۆم بە تاقە سواری‌یە ، لۆ سەر ماڵێ وەیسی وسوو کاسکی‌یە • بە شەڕ دێم لەگەڵ وەیسی‌یە ، لە

سەر چاوی خەزاڵێ مەلا نەبی‌یە • ژوانی من‌و وەیسی مەیدانە ، مەعلوومە بن گردێ سپی‌یە • هەر دوو عاشیرەتان دێنە مەیدانێ ڕادەوەستن تەمەشـا دەکەن لە شیروەشانی من‌و وەیسی‌یە •

بەڵان دایکی گەورەو گرانم هەر بە خۆم بڕۆم بەتاقە سواری‌یە ، بـە کەرەستەی شەڕی‌یە ، یان لەگەڵ خۆم ببەم پێنسەت سـوارو شـەش‌سەت خوڵام‌و چارسەت نۆکەری‌یە ؟

خەجیج خانێ عارەبی‌یە زانی کاکە لاس چـارەی نی‌یە • هـەر دەڕوا ئاشقی خەزاڵی‌یە کیژێ مەلا نەبی‌یە • دەیـگۆ ڕۆڵەکەی شـیرنم گەردەنت ئازابی لە شیری سپی‌یە ، لەو مەمکەی خواردیتت لەبەر دایکی‌یە • بـەڵان ئەگەر بڕۆی بە تاقە سواری‌یە ، دەڵێن کاکە لاس مەردە لە ئەحمەد بەگو لە خەجیج خانی بە پاش کەتی‌یە • ئەگەر لەگەڵ خۆت ببەی پێنسەت سوارو شەش‌سەت خوڵام‌و چارسەت نۆکەران داخوا دەڵێن خەجیج خانی عـارەبی وەختی خۆی فاڵی لە چ وەلەکەکی خواردی‌یە • کاکە لاس بیژی‌یە ، مەعلوومە لە ئەحمەد بەگی بەپاش نەکەتی‌یە • ئەگەر هەر دەڕۆی ئاگری قسەی داکی خۆت خەجیج خانی عارەبی‌یە ، دەتوو بڕۆ خوا ئاگادارت بی سوڵتان عەولای عارەبی‌یە • هەر بڕۆ کوڕەکەی شیرنم بە تاقە سواری‌یە • ئاگری قودرەتێ جەرگی خەجیج خانێ بڕی‌یە • ئەو دوو ڕوومەتە ناسکەی هەموو برینندار کردی‌یە • ئەمان ئەحمەد بەگ لە ماڵێ لە دەست‌و پێی خۆی کەتی‌یە • وەکی خەبەرێ لاسیان دەدایێ بڕوا بۆ سەر ماڵێ وەیسی وسوو کاسکی‌یە ، بـە یەکجاری دەست‌و پێی دەشکا • دەیـگوت گەلی خزمینـە گەلی نۆکەرو خوڵامینە ، ئەو کوڕەی من منداڵەو شێتەو عەقڵی نی‌یە • هەزار کیژی پێکە پێکەم لێرە لۆ بژاردی‌یە ، لە بەگزادەیێ مـامەش‌و مەنگوڕو جـافی‌یە • ئەلعانەکینێ ئەو کوڕەی من حەزی لە چەتیوەکی کارەکەری خەیلانی کردی‌یە •

ئەو چەتیوەش سەری گەلەك بە گێچەڵە ، دەڵێن مارە کرایە لە جیاتی نـۆ خینان لە وەیسی وسوو کاسکیبە • ئەوە دەچیتە مەیدانێ ، خوا دەزانی دێتەوە یان لەوێ سەفەرێ نایێتەوە بە ڕاستییە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، کاکە لاسی ئەحمەد بەگییە ، گەردەنی خۆی بە هەموان ئازا کردییە • چوو لە بۆ دەست ماچ کردنی بابییە ، بابی دەری کردییە • ئەمان دەستی خۆی داوێشتە سەر ملی خەجیـج خـانێ داکییە ، داکی هەر دوو فرمێسکی لە چاوی بارییە • هەر دوو ڕوومـەتی کاکە لاسی ماچ کردییە • دەیگۆ ڕۆڵەی شیرنم بە گزادەیێ جافییە ، خەونم دیتییە دەزانم لەو سەفەرەی ناگەرێیەوە بە سەلامەتییە •

ئـای لە من بابان وێرانێ ، ئای لە من خـانە گەردانێ ، کەسـم نییە ئەوڕۆکە ببیتەوە میرێ جافان دابنیشی لە سەر تەختی دیوانێ • دەبـا سەری خۆم بنێم لە حەفت کووپێ دەخمخانێ ، بچینە لایێ تەویلەخانێ ، سوار ببی ڕۆڵە شیرنەکەم لە شێخەزاڵی لە بۆ وەیسی کاسکیان بچیتە بەر مەیدانێ •

ئای لە من بێ کەسێ ، ئای لە من غەریبێ ئای لە من غەمدارێ • کاکە لاس دەڵێ هەتا مردنێ دەبمە خولامی چاوی خەزاڵێ ، وەکی گوارەو غەزێم دەبوونەوە جیران لەگەڵ سێ ڕێزەی گوارێ • وەکی خەزێمو یـاقووت دەبوونەوە جیران لەگەڵ شۆڕابەیێ گوارێ • هەنگینێ دوو ماچم دەکردەوە، یێکی سبیانان یێکی وەعدەی ئێوارێ •

کاکە لاسی ماڵوێرانم سێقاوە لە سەر پشتی شێخەزاڵی نۆش کردییە• ئەو قاوەیەی لێنایە سەعیدی قاوەچییە ، لە قاوەی قەندەهارییە • لـە فنجانی زێڕی کردییە ، لە سەر سینی زیو دایمەزراندییە • گەردەنی خۆی بە سەعیدی قاوەچی ئازا کردییە • بە خولامو خزمەتکاران قبوولی نەکردیە

کاکه لاسم یەك سوار بە ڕێی بکا هەتا بچتە دەرێ لە دەشتێ شارەزووری یە •

گوڕی دنیایەی خەجیج خان دایدەنا لە سەر سەری یە • هاوارو ڕۆ ڕۆیەکی زۆری کردی یە • دەیگۆ ماڵم وێران بی بە وجاخ کوڕی دەچمەوە بن خاکی یە • کاکە لاسیش لێم یەقینە ناگەڕێتەوە مەملەکەتێ شارەزووری یە• لەوێ دەیکوژن قەومی کاسکی یە • عەشیرەتێ بۆلی یانو باڵەکیانو خەیلانیو سوور چی یە •

بەڵان کاکە لاسی ماڵوێرانم بە توندی دەچوە سەر خانەی زینی یە • دادو ڕۆ ڕۆ لە کۆشكو باڵەخانەو دیوانی شارەزوورێ پەیدا دەبوو ، خەجیج خان هاواری کردی یە • دەیگۆ بڕۆ ئاگادارت بی خودای لە ژۆری سەری یە ، سوڵتان عەبدوڵلای عارەبی یە ، حوسێنی لە غازی یە •

ئەمان کاکە لاسم ئاوزەنگی دەداوە لە شێخەزاڵی یە • پشتی دەکردەوە قەڵاتی شارەزوورێ ، تەختی جەواهێربەندی بەجێ هێشتی یە • سەراو پەردەو لاوو دیوەخانی بابی لە کنە وی قیمەتی نی یە • بەژنو باڵای خەزاڵە شۆڕێ لە کنە وی ماڵی دنیایە دەینی لە بۆ وی هەر باقی یە • لە دڵی خۆیدا دەڵێ سەری وەیسی دەبڕم وەکی کاری یە • بەژنی خەزاڵێ دادەنێم لە سەر سێزدە هەزار ماڵێ شارەزوورو جافی یە •

ئای لە من غەمدارێ ، ئای لە من غەمخوارێ ، ئای لە من دڵ بریندارێ• مەردەك نی یە ئەوڕۆ ئێوارێ جوابەکێ بگەینیتە خزمەت خەزاڵێ• بڵێ لاسی ئەحمەد بەگی شارەزووری یە بە گزادەیێ جافی یە ، سبەینێ دەکەونە مەیدانێ لەگەڵ وەیسی یە • ژوانو قەراریان دەکەوێتەوە بن گردی سپی یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، کاکە لاسم ئەوەندە بە توندیو بە تیژی ڕۆیشتی یە ، شێخەزاڵی ماندی کردی یە • گەلی براینە گەلی برادەرینە ،

دەشتی شارەزووریی بەجێهێشتی‌یە • لە سەرای سوبحانـاغەی لە ئـاوی زەڵمی لە قەڵاتی بابانیان تێ پەڕی‌یە • لە قەمچووغەی موبارەك لە چیایەکەی پیرەمەگروونێ بەسـەرکەتی‌یە • لە قەسرۆك‌و قەمتـەران شـەوو ڕۆژەکی وەستانی نەکردی‌یە • لە زورگی ناڵەشـکێنی کاکە لاسم لە وێنـدەرێ شێخەزاڵی لە دەستی ڕاستەی دەشەلی‌یە • ئەمان لە دەستی ڕاستەی دشەلی‌و دەلەنگی‌یە • یەك شەوو یەك ڕۆژی بە توندی ڕۆیشتی‌یە ، ڕێی سێ‌شەوو سێ ڕۆژی بە شەوو ڕۆژەکی بڕی‌یە •

قەسرۆك‌و قەمتـەرانی بەجێ هێشتی‌یـە • لە زورگی ناڵەشـکێنی شێخەزاڵی هەڵوەستە پێ کردی‌یە • کاکە لاس دادەبەزی لە شێخەزاڵی‌یە ، دەیگۆ خوایە هاوارە سوڵتان عەبدوڵلای عارەبی‌یە ، شێخەزاڵی من لە چ ڕاوو شکاران نەشەلی‌یە نەلەنگی‌یە • ئینشاڵلا کاری خێرە ، دەستی ڕاستەی بلند کردی‌یە ، ناڵی فڕێ‌دایە • شەلینی شێخەزاڵی ماینی کاکە لاسی ئیشی ئەو ناڵەیە ، لۆیە لە دەستی ڕاستەی لەنگی‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، کاکە لاس شارەزایی بەو مەملەکەتەی گەلەك زۆر نی‌یە • لە بنە بنەی هەیبە سوڵتانی لە بن چیایەکەی هەیبە سوڵتانی بەحوکمی دووربینێ شوانەکی دیتی‌یە • دەچۆوە کن شوانی دەیگۆ مـاندی نەبی مامە شوان بە ئەسڵت کێندەری‌یە ؟

دەیگۆ بە ئەسڵم خەڵکی دەشتێ کۆیی‌یە • شان‌و شـەپیلکت سـەرو سواریت وەها دیارە مام سواری ئەو مەملەکەتەی نی‌یە ؟ دیارە سەرو سواری بەرگ‌و نیشانت خەڵکی ئەو وڵاتەی نی‌یە ، شارەزاییشت زۆر بەو مەملەکەتەی نی‌یە ؟

دەیگۆ ناوم لاسە کوڕی ئەحمـەد بەگی شارەزووری‌یە • قـاسیدم قاسیدی بەژنی خەزاڵێ کیژی مەلا نەبی‌یە • بەڵان بە من ناڵێی شـارەکەی کۆیێ لێرانە دوورە یان گەلەك نێزیکە بە بێ قەیدی‌یە ؟ ئەمان لێشت مەعلووم

بی مام شوان ئەمن ئەورۆ دوو شەوو دوو ڕۆژە نانم نەخواردیە . ئەمن دەزانم شوانەکی گەلەك گەلەك ئینسانی ، کاکە لاسی تووش گەلەکی برسیە . دەستی لە ناو هەگبەی ڕاکردیە ، دەیدا شوانی سێ مەجیدی زەمانیە . دەیگۆ لۆ خۆت بکڕە کورتەکەکی غەزەل مەیدانیە .

شوانی ماڵوێران چاوی بە سێ مەجیدی کاکە لاسی ئەحمەد بەگی کەتیە . لە خۆشیان گەلەك گەلەك پێکەنیە . دەستی کاکە لاسی ماچ کردیە . دەیگۆ گەلەك زەحمەت نیە . لە هەیبە سوڵتانی شۆڕ بەوە شارەکەی کۆیێ لە توو بە دیار دەکەوی بەبێ قەیدیە . ناڵبەندەی گەلەك گەلەك باشی لێیە . ناوی ئەو ناڵبەندەی مەشوورە وەستا عەباسی سەردەشتیە .

ئەوجار مامە شوان دەچوو کۆتکەکی دەست دەدایێ شیری مەڕێ ڕەشی لە بۆ کاکە لاسی دۆشیە . سێ نانی گەنمی دەردەهیناو دایدەنا لۆ کاکە لاسیە ، کاکە لاس تێری خواردیە . دوعابوونی لە مامە شوانی خواستیە . بە چیایەکەی هەیبەسوڵتانی هەڵدەگەڕا ڕووی دەکردەوە شارەکەی کۆیێ . ئەو شاری کۆیێ ڕەنگین لە کاکە لاسی بە دیار کەتیە . مەعلوومە چ جاری دیکەش کاکە لاس شارەکەی کۆیەی بە چاوی خۆی نەدیتیە .

گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی خزمینە گەلی دۆستینە ، کاکە لاس لە شێخەزاڵی وەکی دابەزیە ، جەڵەوی شێخەزاڵی گرتیە ، پرسیارەکی کردیە لە عامیێ کۆییە . دەیگۆ دوکانی وەستا عەباسی ڕووی لە چیە؟

دەیانگۆ وەستا عەباس پاڵەوانە عەگیدە ڕەشیدە ناڵبەندەکی چاکە ، بە قەدیمەلقەدیم سەردەشتیە . ئاگات لە خۆبی کاکی گەرمێنیە ، وەستا عەباس لە عەردیت نەدا گەلەك بە قووەتە بە شانو بە بازیە .

کاکە لاس دەیگۆ مەخسەدی من سەرمەیدانو ڕەشیداتیو ڕمبازی نیە ، مەخسەدی من ئەوەیە نالەکیبدا لـە شێخەزاڵی • شێخـەزاڵم پێی پێخواسە ، ئیشم گەلەك هەیە بە درەنگییە •

چاوی بە وەستا عەباسی کەتیە ، لەبەر دوکانێ دانیشتیە • ڕۆستەمەکە لە مازەندەرانێ هاتیە • سەلامەکی لێ کردیە •

دەیگۆ بە خێربێی سەر چـاوی مـامیە • ناوت نیشـانت ئەسڵت کێندەریە ؟

دەیگۆ ناوم لاسە کوڕی ئەحمـەد بەگی شـارەزووریە ، ڕەئیس عەشیرەتێ جافیە • قاسیدم قاسیدێ خەزاڵێ کیژی مەلا نەبیە • دەچمەوە گۆڕێ تووان کانیێ سۆراوان ، عێلو عێلە ساتێ خەیلانیە •

بەڵان دەیگۆ ئیشم گەلەك بە درەنگیە • مام وەستا ناوی توو چیە؟
دەیگۆ ناوم وەستا عەباسی سەردەشتیە • ئەمن جۆتە نـالەکت لـۆ لێدەم لە شێخەزاڵی لەو نالانەی کە ڕات لێ بی ئێرانیە •

بەڵان وەستا عەباس دەیگۆ کاکە لاسێ ئەحمەد بەگیە ، ئەو ماینەت ئەتوو گەلەك خۆش ویستیە • ئەگەر ئەو ماینەت خۆش نەویستایێ سواری پشتی دەبووی بە پێخواسیە •

کاکە لاس دەڵێتە وەستا عەباسی سەردەشتیە ، ئەو مـاینە ڕەسەنە ، لە ڕەسەنی شێخەزاڵیە • لە شێخی عەرەبـان لە چۆمی چەنعـانی لە ماڵێ باپیرم ، ئەحمەد بەگی بابم بە دەستی کەتیە • جۆتە نالەکم لـۆ لێدە ئیشم گەلەك بە درەنگیە • ئینشاڵلا دڵی تووش دەکەم ڕازیە •

وەستا عەباس هەگبەکی ناڵ لۆ دەهینا لە پێشی ڕۆکردیە •
کاکە لاس دەستی دەگەیاندە هەر نالەکی بە دوو پەنجان ئەو نالـەی

دەشکاند ، دەیگۆ وەستا عەباس تەنەکەیە ناڵ نی‌یە • لە بۆ شێخەزاڵی ئەو ناڵەی لێ مەدە قیمەتی نی‌یە • هەتا چل جۆتە ناڵی لە وەستا عەباسی خەسار کردی‌یە ، هەمووی فڕێ دەدا بەبێ قەیدی‌یە •

وەستا عەباس دەیگۆ کاکە لاس جۆتە ناڵێکم مایە • ئەویشت لۆ دینم ساف لە پۆڵای دروستم کردی‌یە • هەر ئەو جۆتە ناڵەشم مایە بەوەی کەمە بە ڕەببی‌یە ، خالق لە ژۆری سەری‌یە •

ئەو جار کاکە لاس دەستی دەگەیاندە ئەو ناڵەی ، گەلەك بە جەمو مەحکەم بوو پێی نەشکا • گۆتی وەستا ئەوەش گەلەك باش نی‌یە ، ئەمان لە شێخە زاڵی بدە لە هەر دوو دەستی ، ئیشی منیش بە تالووکەیە گەلەك گەلەك بە درەنگی‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، جۆتە ناڵی لۆ دەڕازاندەوە لەسەر بزماری زیوی‌یە • هەر دوو دەستی جوان ناڵ کردی‌یە • کاکە لاسیش هەگبەی مەجیدی لە پێش وەستا عەباسی ڕووکردی‌یە • وەستا عەباسیش ئەوەندە بە قووەت مەجیدی کوشی‌یە ، توڕڕەو مۆرو زنجیرەی بردی‌یە • دەیگۆ کاکە لاس ئەو پوولە سوورکەیە لە شاری کۆیە ڕەواجی نی‌یە •

دەستی دەگەیاندە هەر مەجیدی‌یەکی ، نووسین‌و مۆرو توڕڕەو زنجیرەی بردی‌یە • دەیگۆت ئەو پوولە سوورکەیە ئەو پارەیە لە شاری کۆیەش قەت ڕەواجی نی‌یە • هەتا چار سەت مەجیدی لێ خەسار کردی‌یە •

ئەوجار کاکە لاس دەیگۆتە وەستا عەباسی ، با یەکدی نەکەین ماندی‌یە •
کاکە لاس وەستا عەباسی خەڵات دەکرد دەیدایێ پێنجا زێڕی زەمانی‌یە •

ئای دەکەم دادێ ، ئای دەکەم فیغانێ ، دەکەم هاوارێ ، دەکەم دادێ •

لە خۆم بێ کەسێ ، لە خۆم بێ مرادێ • ئەوڕۆ کەسەك نی‌یە قاسیدەکی بە بەقاو بە بتمان بێ ، جوابەکی بیساتە هەریێ لە بۆ خزمەتی خاتوونە خانزادێ •

بەڵان براینە برادەرینە ، کەسەکی بە بەقانی‌یە جوابەکی لاسی بباتە خزمەت خاتوونە خانزادێ • گەلی براینە کاکە لاسم دوعابوونی لە دەست عەباسی خواستی‌یە • پێی لە شای ڕکێبێ قەیم کردی‌یە ، دەکەتە ناو خانەی زینی‌یە • دەگەڕاوە لە چیای هەیبە سوڵتانی تێپەڕی‌یە • لە قەسرۆکو قەمتەران بەسەرکەتی‌یە • لە زورگی ناڵەشکێنی دابەزی‌یە • لە لیسی خەرتەلان تێپەری‌یە • لە کۆسرەتی شاڵەبەگیان بەدەرکەتی‌یە • لە سپی‌ڕێزێ خەیلانیان خۆی دەربازکردی‌یە • دەشتی خەلیفانێی ڕەچاو کردی‌یە • شۆڕدەبووە بە سەر گەلی عەلی بەگی‌یە • لە زینەتیرێ ، لە سپیلکێ براینە هەڵوەستەی کردی‌یە • دووربینی دەدا بەر چاوی‌یە • چاوی بە جۆتە سواران کەتی‌یە • نەیدەزانی ئەو جۆتە سوارە سواری خانزادێ هەریر بەگی‌یە • سەرێ چەند ڕۆژانە قاسیدن ، قاسیدن لە بۆ کاکە لاسی کوڕی ئەحمەد بەگی‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، کاکە لاسی ماڵوێران چاوی خۆی داوێشتە سەر دارێ دووربینێ ، تەماشای دەکردەوە لە بۆ خڕێو لە بۆ مەکران ، لە بۆ گردێ سپی ، لە بۆ گۆڕێ تووان ، لە بۆ کانێی سۆرئاوان ، فکرەکی لێ کردی‌یە • سێ سەعات ڕێ دوورە لە شارێ هەریرێ بە تەمامەتی‌یە • پرسیاری لە شوانو لە گاوانو لە بەرخەوانان کردی‌یە • دەیانگۆ ئاقە سوارێ سووسنی‌یە ، سێ سەعات ڕێ دوورە هێشتان لەبۆ گۆڕێ تووانو لەبۆ گردێ سپی‌یە • ئەمان ئەوە قەڵاتی خانزادە خاتوونێ‌یە بڕۆی لە بۆ خزمەتی خەزاڵێ مەلا نەبی‌یە • ئەوانە سواری خانزادێنە ، خوشکێ سلێمان بەگی‌یە • لێشت مەعلووم بی ئەو دوو سوارە ناهێڵن ئەتوو سەری چەند ڕۆژانە لەمە دەپرسی ئەگەر سوارەك بێتن تێپەڕی لەو حاڵەی لەو ڕەنگی‌یە ، ناوی ئەو سوارەی لاسە کوڕی ئەحمەد بەگی‌یە ، لە کانیێ سۆراوان ، عێلو هەوارگەی مەلا نەبی‌یە ؟

کاکە لاسیش دەیگۆت ئەمن زۆر مەخسوودمە بپرسم لە جۆتە سوارێ

خانزادی‌یه ، بزانم خەزاڵ لە کن خانزادێ مایە ، یان چوویتەوە گۆڕێ تووان، بەگزادەیێ جافی‌یە • قاسیدی بەژنێ خەزاڵێ کیژێ مەلا نەبی‌یە •

ئەگەر گفتو گۆی لەگەڵ شوانان خەلاس کردی‌یە ، کاکە لاس گەلەك ماندی‌یە ، شێخەزاڵ گەلەك ئارەقەی کردی‌یە •

جۆتە سوار ماندی بوونیان لە لاسی کردی‌یە • دەیانگۆت یاخوا بە خێر بێی کاکێ گەرمێنی‌یە • سەفەرت گەلەك دوورە ، سەرو سیمات عەگیدەو پاشازادەیە هیچ درۆی تێدا نی‌یە •

ئای لە من بێ دادێ ، ئەی لە من بێ مرادێ ، کە سەکم بە دەست ناکەوی ، قاسیدەکی بە بڕوا بچیتەوە خزمەت خانزادێ •

گەلی براینە گەلی برادەرینە ، جۆتە سوارێ خانزادێ هەریرو هەریر بەگی‌یە ، وەکی تەماشای کاکە لاسیان کردی‌یە ، سەرو سیمای ئەو هایان قەت نەدیتی‌یە • دەیانگۆت یاخوا بە خێر بێی سەر چاوی مە کاکە سوارێ گەرمێنی‌یە • بەژنو بالات بە عەگیدان دەچی ، سەرو سواری ئەو ئەوهامان قەت نەدیتی‌یە •

یەکیان دەیگۆت ئەوە یووسفی برایماغەیە هاتیە لەبۆ مێوانەتی‌یە ، یەکیان دەڵێ عەلی بەگی داسنی‌یە هاتیە لەبۆ تۆڵەی لە شکری‌یە • یەکیان دەڵێ ڕۆستەمە تازە لەمازەندەرانێ هاتی‌یە • یەکیشیان دەڵێ ئەسکەندەر خانی تەورێزی‌یە • یەکیشیان دەڵێ ئەوە لاسی ئەحمەد بەگی‌یە ، ئەگەر نایناسی قاسیدێ خەزاڵە شۆڕێ کیژێ مەلا نەبی‌یە •

هەردوو سواری بە پێش خۆی ێخستی‌یە • هەتا دەگەیشتنە بن قەلاتێ خانزادێ هەریرو هەریر بەگی‌یە •

خانزادێ هەریرو هەریر بەگی‌یە لەسەر بالەخانەی دووربینی دەدا بەر چاوی‌یە • لە قەلاتی ڕەنگین کە هەوارگەی هەتا ئەورۆ مایە لەسەر چیایەکەی

هەریرێ بە تەواوەتی‌یە ، ئەو دووربینەی دەدا بەر چاوی‌یە • ئەو سەرو سیمایەی چاو پێ کەتی‌یە • خانزادی بابان وێران دڵی بە جارەك لەرزی‌یە • دەیگۆ ئەو ڕوحەت ببی بە قوربانی‌یە • شەرت بی دڵت لە خەزاڵێ وەربگێڕم، شەرتو قەرار وابی خەزاڵت لەبەر چاوی بێخم ، دەبی خانزادێ مارە بکەی بە ئەمرێ کتێبو شەرعی‌یە • دەبی خەزاڵە شۆڕت لەبەر چاوی بێخم ، دەڵێم ئەوە ڕەوەندەو باڵەکی‌یە ، لینگ تیرۆکانی‌یە ، هیچ کەڵکی نی‌یە • سواڵکەرە ئیشو کاری وان خزمەتکاری‌یە • ئەتوو پاشازادەی وەرە پاشازادە بخوازە بـە حەلاڵی‌یـە •

کاکە لاسی ئحمەد بەگی‌یە ، وەکی چاوی بە سەڵتەنەتی خانزادێ کەتی‌یە ، کۆشكو باڵەخانەی لە دووررا دیتی‌یە • خانزادیش لە بەرە خۆی دادەکەناند جلکی پیاوەتی‌یە • ئەوێ دەمێ دەچۆوە ژۆرێ کراسەکی لەبەردەکرد لەو کراسێ ماردینی‌یە • چەفتەو تالانەی بەستی‌یە • کەمبەرەی زێڕی لە پشتی قەیم کردی‌یە • جۆتەکی مەحسی‌چنی بە سەر پێی خۆی ڕۆ کردی‌یە • شیرێ شامسری لە زێڕی حەمایل کردی‌یە • چەفتەو تالانەی هەموو بە زێڕی نەخشابوو ، لە سەری خۆی ئالاندی‌یە • هەردوو شابسکێ خۆی بەدەرێخستی‌یە .• ئەو جۆتە لیمۆیەی گەیشتی‌یە ، لە بن سوخمەی تەبرێزی بڕەکی لادەدا لە کاکە لاسی دەکردەوە دیاری‌یە •

ئەو عالەمە هەمووی سەرسام دەبوو لە خانزادێ هەریر بەگی‌یە • دەیانگۆت دە ساڵە خانزاد هێشتان ڕۆژێك خۆی نەگۆڕی‌یە • ئەو جلکەی پیاوانی لەبەرە خۆی کردی‌یە • ئەو کاڵكو پێتاوەی لە پیستەی گامێشی‌یە لە پێی خۆی کردی‌یە • ئەلعان مەحسی‌چنی سۆلی زەردی زلۆقی بە سەر پێ‌یەوە کردی‌یە • ئەو شاڵێ کرمانێ تەنکی لەبەرە خۆی کردی‌یە • ئەو سوخمەی تەبرێزی گۆڵ گۆڵی زەردی لەبەرە خۆی کردی‌یە • خۆی هینایەوە عومری بیست ساڵی‌یە • هەر دوو ڕوومەتی دەڵێی گوڵی ئەشرەفی‌یە • بەژنی دەڵێی ڕەشە ڕێحانەی کۆسرەتی‌یە • سینگی دەڵێی

مافووریٚ تەوریٚزی‌یە • ئەو دەستو پەنجەی ئەوەندە نەرمە ، قابیل بە گوشینی دەستی کاکە لاسی ئەحمەد بەگی‌یە • بەلاٚن ئەمن بزانم قەت فایدەی نی‌یە ، کاکە لاس ئەشقی دلٚداری لەگەلٚ خەزالٚیی گرتی‌یە • هەزاری وەکی خانزادیٚ لە کن کاکە لاسی چ قیمەتی نی‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی خزمینە گەلی دۆستینە ، خانزادیٚ هەریرو هەریر بەگی‌یە ، لە سەر کورسیەکی حەیزەران خۆی راگرتی‌یە • دوو خولاٚمیش شیٚخەزالٚیـان لە کاکە لاسی ئەحمەد بـەگی وەرگرتی‌یە ، دەیانبردە تەویلەخانەی دایانمەزراندی‌یە • هەگبەی زیٚرو مەجیدی هەر لە سەر پشتی‌یە • شیریٚ شـامسری ، ڕمیٚ هەژدە گـەی گورگـانی بەجیٚ هیشتی‌یە ، بەلاٚن خەنجەری نیٚرۆیی لە بەر پشتی‌یە • ئەو عەگالی بەسیمی مەرەزی تەلەعفـەری لە سەر سەری‌یە • لەبنی دایـە چەفیـەی زەردی عەنتابی‌یە • سمیٚلی زەردی سووسنی‌یە ، ددانی سپی سەدەفی‌یە • گەردەنی سووسنی کۆسرەتی‌یە • باسکو بازووی ڕۆستەمی‌یە • هەیکەلو شـانی ئەسکەندەرخانی‌یە • قسە کردنی شازادەیی‌یە • شانو ڕکیٚبی سلیٚمـان بەگی‌یە •

خانزاد لە دوور چاوی پیٚ کەتی‌یە ، فرمیٚسکی لە هەر دوو چاوە ڕەشو جوانەکانی باری‌یە • تەمەشای شانو ڕکیٚبی کردی‌یە ، فرمیٚسک لە چاوی باری‌یە •

دەیگۆ گەلی خزمینە گەلی ئاقلیٚنە گەلی ئەختیارینە ، شانو ڕکیٚبی دەچی بەشانو ڕکیٚبو سەرو سواری کاکم سلیٚمان بەگی ڕەحمەتی‌یـە • خانزادی سۆران دەلیٚ لە دلی خـۆی‌دا ، ئەگەر لاس ببیتـە بە حـەلاٚلو هاوسەری‌یە ، دەشتی سۆرانی دەدەمیٚ هەتا دەگاتە چیایەکەی مەقلووبو ژەنگـاریٚ ، مەملەکـەتی بشیریانو ئالیانو قەرەچووغو قـەرەبۆتو قەرەبیٚتکان ، قەلاٚتی فەرعانی دەدەمیٚ بە تەواوەتی‌یە • ڕەواندزو ڕایەتو

شەقڵاوەو دیانەو هەتا دەگاتەوە سەری خانەو زینویّو خەلان یەکجاری‌یە• خوکمی خۆی باژوا لەسەر هەریرو شارەزووری‌یە • ئەو ببیتە میرو ئەمنیش دەبمە ئەمیرە بە یەکجاری‌یە •

گەلی براینە گەلی برادەرینە گەلی دۆستینە گەلی خزمینە ، وەکی کاکە لاسی ئەحمەد بەگی‌یە ، براینە برادەرینە کاکە لاسی ئەحمەد بەگی‌یە وەکی لە قالدرمان وەسەر کەتی‌یە ، خانزادی سۆران بە دەستی ناسك دەستی کاکە لاسی کوشی‌یە • دەستی چۆپەی دەنا ناو دەستی‌یە ، بە دەستی ڕاستەی داوێشتە سەرشانی‌یە • ئابڕووو حەیاو شەرمی نەدەما لە پێش هەموو ئەختیارو مەلاو عالمو ئاقلی گوندی‌یە • ئەمان مەجلیسی چۆل کردی‌یە • پازدە ساڵە ئەو هۆدەی سلێمان بەگی برای لێی دانیشتو حوکمی لێ کردی‌یە هێشتان تەیر نەیدیتی‌یە • ئەو هۆدەی لۆ کردەوە ، هۆدە چ هۆدە ؟ کاکە لاسی ماڵوێران سەری لێ بلند کردی‌یە • بە داریّوە کرایە شیریّ شامسری‌یە ، ڕمێ هەژدە گەی گورگانی‌یە ، زرێی داودی‌یە • ئەمان بە داریّوە کرایە چەند چەکمەیێ عامودی‌یە ، چەند زرێیە داودی‌یە ، چەند تیروکەوانی زەمانی‌یە • چەند بابە براینە ، کورتەك و شەلواری سەلیم خانی‌یە ، شالێ کرمانی‌یە ، دووربینێ دیارەکری‌یە ، هەرچەند زینێ قەزەلی‌یە ، هەمووی لەبۆ ئاغا سولەیمان بەگی بە دیاری هاتی‌یە •

ئای لە منێ ، ئای لە منێ ، ئای لە منێ ، مەعلوومت بی خانزادێ سۆران ، کاکە لاس نابیتە دلداری توو ، سەر حەیف دووسەت مخابنێ •

بەڵان براینە برادەرینە گەلی دۆستینە گەلی خزمینە وەکی خانزادی سۆران گەلەك بە گورجی بە خێرهاتنی کاکە لاس کردی‌یە ، دەستی چۆپەی کوشی‌یە ، دەستی ڕاستەی داوێتە سەر ملی‌یە • دایدەنا لەسەر تەختی جەواهێربەندی سلێمان بەگی کاکی‌یە • دەیگۆ بە خێر بێی سەر سەردوو

چاوی خانزادی‌یە ، هەر لە شارەزووری هەتا دەشتی سۆرانو هەریر بەگی‌یە.
ئەمن نەمدەزانی ئەتوو ئەو نەوعە کوڕەی کە خانزادی سۆران لــۆ تــوو
شێتو شەیدابی بە تەواوی‌یە . ئەمان چ بکەمێ وەرە واز بینە لە دەرسی
شەیتانی بە یەکجاری‌یە ، ئەمن مارەبکە بە حەڵاڵی‌یە . حوکمی خۆت باژۆ
لەسەر هەریرو شارەزووری‌یە . وازیش لە خەزاڵێ بینە ، واز لە خــەزاڵێ
مەلانەبی‌یان بینە ، بێکەکی لینگ تیروکانی باریکانی‌یە ، هەزار مەشــکە
دۆی بەسەر لاقو لەتەری داڕشایە ، کەس نازانی نە خەیلانی‌یەو نە باڵەکی‌و
نە خێڵەکی‌یە . ئەتوو وەرە ڕاست بکە ئەمن مارە بکە بە ئەمرێ شەرعی‌یە.
خوکمی خۆت باژۆ لەسەر مەملەکەتی سۆرانو دەشتێ شــارەزووری‌یە .
ئەتوو ببە ئەمیرو ئەمنیش ببمە ئەمیرە هەتا مردنێ بە سەلامەتی‌یە . داشت
دەتیم لەسەر کورسی سلێمان بەگی‌یە ، دوو هەزار سوارت دە خزمەتدا
بی بە هەموو وەختێ لەبۆ ڕۆیشتنی سەفەرێ لە ئۆغری‌یە .

ئەوساڵ پازدە ساڵە ڕگی ژنانم لە خۆم حەرام کردی‌یە . ئــەوڕۆ
چاوم بە چاوە جوانەکانی توو کەتی‌یە دەڵێی کارمامزی بنەی مەخمووری‌یە.
لێوت دەڵێی ئەتلەسی قوبای‌یە . پەنجەت دەڵێی قەڵەمو قەڵەمبازی‌یــە .
قەدت لەبۆ شــاڵی خوا دروستی کردی‌یە . ددانت سپی سەدەفی مرواری‌یە.
سمێلت زەردی سووسنی‌یە . ڕوومەتت سۆری گوڵگوڵی‌یە . ماچی من
لە تەو حەڵاڵە ئەگەر مارە بکەی بە ئەمری شەرعی‌یە . ئەگــەر مــارەم
نەکەی، قەت لەگەڵ توو ناکەم ئیشی بێ‌شەرعی‌یە .

لاس، دەڵێ خانزادێ هەریرو هەریر بەگی‌یە ، بەو خالقەی لە ژۆری
سەری‌یە ، بەو محەمەدەی نەبی‌یە قورعانی لۆ بە خەڵات هاتی‌یە . بــەو
خوسێنی غازی‌یە ، بەو سلتان عەبدوڵلای عابەبی‌یە ، بە چاوی خەزاڵــە
شۆڕێ مەلا نەبی‌یە . ئەو نسانەی ئەتوو فەرمووت خۆ ڕاست هیچی درۆی
تێدا نی‌یە ، بەڵام ئابڕووو ناموسو حەیای لەسەرە من ڕۆیشتی‌یە . ئەگەر